
CFS

وەرزنامەی

# ئێرانناسی

ژمارە (١٥) ساڵی چوارەم، تەمووزی، ٢٠٢٥. سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی وەرزانە دەریدەکات





- کۆماری ئیسلامی لە نێوان دارِمان و ڕووخاندا
- ئێران - ئەمریکا لەبەردەم ڕێککەوتندا
- شەڕی ١٢ ڕۆژەی ئێران و ئیسرائیل
- کاریگەرییە ئابوورییەکانی جەنگی ئیسرائیل-ئێران
- ڕوانینی ئێران لە پرۆسەی ئاشتی نێوان پەکەکە و تورکیا
- عەلی شەمخانی؛ لە نێوان ئایدۆلۆجیا و پراگماتیزمدا
- وزەی ناوەکیی ئێران

وەرزنامەی
# ئێرانناسی

CFS
Center for Future Studies

گۆڤارێکە گرنگی بە توێژینەوەی ستراتیژی و ئایندەیی سەبارەت
بە ئێران دەدات، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی دەریدەکات

ژمارە (١٥) ساڵی چوارەم، تەمووزی ٢٠٢٥

خاوەنی ئیمتیاز: سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی

سەرنووسەر: بارام مەجیدخان

بەڕێوەبەری نووسین: د. هەورامان فەریق کەریم

بۆردی ڕاوێژکاران:

د. یوسف گۆران
د. عابد خالد رسول
د. ئومێد رفیق فتاح
د. هەردی مەهدی میکە

هەڵەبڕ: هاشم خدر

دیزاین: ڕەوشت محەمەد

شوێن: عێراق: هەرێمی کوردستان، سلێمانی،
کۆمەڵگەی زانکۆ، باڵەخانەی K، نهۆمی G, شووقەی (4)

Address: Iraq, Kurdistan, Slemani

Tel: (+964) 0773 836 3758 - (+964) 0751 833 9135

ناونیشانی ئەلیکترۆنی:

www.centerfs.org

Facebook: Center.of.Future.Studies

Instagram: centerfs

Email: info@centerfs.org

ئێراناسی
وەرزنامەی

وەرزنامەی ئێرانناسی؛ گرنگی بە توێژینەوەی سراتیجی و ئایندەیی سەبارەت بە ئێران دەدات و سێ مانگ جارێک سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی بڵاویدەکاتەوە. ئامانجی گرنگیدانە بە لێکۆڵینەوە ستراتیجی و سیاسییەکانی ئێران و کارلێکە هەرێمایەتی و جیهانییەکان و کاریگەریان لەســـەر هەرێمی کوردستان و ناوچەکە. مەودای کاری گۆڤاری ئێرانناسی بریتی دەبێت لە توێژینەوە لە سیاسەتی کورتمەودا و دوورمەودای ئێران و شرۆڤەی سیاسی و ستراتیجیی ئێران و ناوچەکە و توانای ئابووری، سەربازی، سیاسی و کولتووریی پەیوەست بە ئێران. مەرجە بابەتەکانی لەخۆگری دیدگای ئایندەی و ستراتیژی بن و سیناریۆکان و ئەگەرەکان بخەنەڕوو، لە پێناو سیاسەترێژیکردنی پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و ئێران. هەوڵێکە لە پێناو هاوکاریکردنی پرۆسەی سیاسەترێژی و سیاسەتی پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و ئێران.

# ناوەرۆک


**سەروتار**

شەڕ، شەڕ تا سەرکەوتن، (هاوسەنگی هێز لە نێوان ئێران و ئیسرائیل) | بارام مەجیدخان ........................ ٤

**توێژینەوە**

کۆماری ئیسلامی لە نێوان دارمان و ڕووخاندا | ئارمان حوسێنی ........................................ ٨

ئێران – ئەمریکا لەبەردەم ڕێککەوتندا (شیکارییەک بۆ دانوستاندنەکانی تاران و واشنتۆن) | تەحسین وسو عەبدوڵلا ٢٠

**توێژینەوەی وەرگێڕدراو**

ئایندەی پرۆگرامی ئەتۆمی ئێران | و.گۆران سەلام محەمەد ........................................ ٣٩

هەڵاواردنی فرەتوێ: تێگەیشتنی کوردە سوننەکانی ئێران لە پرسی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی | و: ئارما موڕادی ...... ٦٥

**شرۆڤە**

شەڕی ١٢ ڕۆژەی ئێران و ئیسرائیل: گواستنەوەی گۆڕەپانی شەڕ بۆ تاران | مەیسەم موڕادی ................ ٩٦

کاریگەرییە ئابوورییەکانی جەنگی ئیسرائیل - ئێران | فەیسەڵ عەلی ........................................ ١٠٢

ڕوانینی ئێران لە پرۆسەی ئاشتی نێوان پەکەکە و تورکیا | ئامادەکردن : ئێراننامی ........................................ ١٠٧

ڕووبەڕووبوونەوەی ئیسرائیل و ئێران؛ گۆڕانی ڕێساکانی ڕووبەڕووبوونەوە و
هاوسەنگیی خۆپاراستنی نوێ | ن. نورە ئەلبورەیکی | و: بارام سوبحی ........................................ ١١٧

کارەساتی ئێران | ن. مایکڵ ڕۆبەرتز | و: ئارام مەحمود ئەحمەد ........................................ ١٢٦

**کەسایەتی**

عەلی شەمخانی؛ لە نێوان ئایدۆلۆجیا و پراگماتیزمدا | ژیلوان لطیف یارأحمد ........................................ ١٣٥


**کتێبناسی**

ئێران و ئاسیای ناوەڕاست: مێژوو، کولتوور و سیاسەت | تەحسین وسو ........................................ ١٤٤

**چەمکناسی**

وزەی ناوەکی | هەورامان فەریق ........................................ ١٥٠

بارام
مەجیدخان



# شەڕ، شەڕ تا سەرکەوتن
## (هاوسەنگی هێز لە نێوان ئێران و ئیسرائیل)

دوو هەڵەی ستراتیژی ئاگری جەنگی لە نێوان ئیسرائیل و ئێران لە لایەک و ئێران و ئەمریکا لە لایەکی تر داگیرساند. هەڵەی یەکەم: حەوتی ئۆکتۆبەر کە خاڵی وەرچەرخان بوو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. ڕووداوەکانی دواتر، ڕاستەوخۆ پاشگری ئەو ڕووداوەن. هەر لە سەرەتاوە ئێران وەک تۆمەتبار و ڕێکخەری ڕووداوەکان کەوتە بەر دید و تانەی سیاسی و ئەمنی. هەڵەی دووەم: ئێران پێیوابوو کە هێرشی دەرەکی ناکرێتە سەر ئێران. لە زاری بەرپرسانی باڵای ئێرانەوە ئەم ئەگەرە بە دوور دەزانرا. جەختکردنەوەی ئێران لە سەر سیاسەتی ناوخۆ بوو. سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا بە پڕوپاگەندەی ئیعلامی لێک دەدرایەوە. سێکوچکەی هێزی ئێران لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست یەک لە دوای یەک بە ئامانج گیران.

• بریکارەکانی ئێران لە ناوچەکە: ئیسرائیل لە لایەن ئێرانەوە گەمارۆ درابوو بە هێزی میلیشیایی و گرووپی چەکداری، کە ڕاستەوخۆ لە لایەن ئێرانەوە پشتیوانی مادی و سەربازیی لۆجستیکی و ئایدۆلۆژی دەکران. ئەم گەمارۆدانە لە لایەن ئیسرائیلەوە بە گەمارۆی خەفەکردنی ئیسرائیل ناوزەد دەکرا. بە لێدانی حەماس و حیزبووڵڵا و یەمەن و پاشان ڕووداوەکانی سووریا و گوشار خستنەسەر حەشدی شەعبی، لە عێراق تا ڕادەیەکی زۆر توانیان کە بازوی ئێران لە هیلالی شیعی و میحوەری موقاوەمە لاواز بکەن. هیلالی شیعی لە پڕۆژەیەکی مەزهەبییەوە وەرچەرخانی بەسەر هات بۆ پڕۆژیەکی سەربازیی. ئەوەش هۆکاری سەرەکی بوو کە، نەک ئیسرائیل بەڵکو بەشێکی زۆری وڵاتانی ناوچەکە و وڵاتە عەرەبییەکان بخاتە گومانێکی قورسەوە. پڕۆژەی بەرەی خۆڕاگری (مقاومت)

کاری لەسەر لە پەلوپۆخستنی شادەمارەکانی ئەو وڵاتانە دەکرد کە ئەو بریکارانەی تێیدا دامەزرابوو. ئەوەش تێزی دەوڵەتی لاواز و دەستەمۆی بەرهەم هێنا کە توانای بەرگری کردنییان لە خۆیان نەبوو. تۆڕی جاڵجاڵۆکەیی بریکارەکانی ئێران لە ناوچەکە بە ڕادەیەکی زۆر ئازاری سیستەمی نێودەوڵەتی و وڵاتانی ناوچەکەشی دا. بەتایبەت لە سووریا و لوبنان و فەڵەستین و عێراق و یەمەن.

• سیاسەتی ئەتۆمی ئێران: ئەوەی شارەزایی وردی لە مەلەفی ئەتۆمی ئێران هەبێ لەوە بە باشی تێدەگات کە ئێران خوازیار بوو کە پیتاندنی یۆرانیۆم وەک چەکێکی سیاسی بەرامبەر ئەمریکا و وڵاتانی ڕۆژئاوا بەکار بهێنێت. مەودا وەرگرتن لە چاودێرەکانی ئاژانسی وزە و پەیوەندی خراپی ئێران لە گەڵ ترۆیکای ئەورووپی، ئاڕاستەی ڕووداوەکان، بە ئاڕاستەیەکی دژ بە ئێران وەرگێڕایەوە. لە لایەک هەڕەشەی ئەورووپا بۆ سەر ئێران دوبارە چالاک کردنەوەی «میکانیزمی ماشە» بوو کە مەترسییەکی گەورە بوو بۆ سەر ئێران. هەموو بڕیارەکانی ئەنجومەنی ئاسایش کە لە سەر ئێران دەرچووبوون دوبارە کارا دەکرانەوە. لە لایەکیتر بارودۆخی سیاسی دۆسیەی ئەتۆمی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ تاریکتر دەبوو. بێ متمانەیی نێوان ئێران و وڵاتانی جیهان بە تایبەت ئێران و ئەمریکا لە هەڵکشاندا بوو. مۆڵەتی دوو مانگی سەرۆک کۆماری ئەمریکا و نامەی ڕاستەوخۆی بۆ ڕابەری کۆماری ئیسلامیی ئێران هەڵگری ئەو پەیامە بوو کە ئەمریکا سوورە لە سەر چارەسەرکردنی دۆسیەی ئەتۆمی بە جەنگ یا بە ئاشتی. نێوەندگیری وڵاتانی ناوچەکە و پێنج خولی دانوستانی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی نێوان ئێران و نێردەی تایبەتی سەرۆکی ئەمریکا لە دوا وێستگەی خۆیدا بە هێرشی ئیسرائیل بۆ سەر ئێران لە کاتێکدا کە ئێران هێشا لە دانوستاندا بوو کۆتایی هات. هێرشەکانی ئیسرائیل بۆ سەر بنکە ئەتۆمییەکانی ئێران سەرکەوتوو نەبوون، تا دواجار لە لایەن بۆمب هاوێژەکانی ئەمریکا کرانە ئامانج. ئەو خەونەی کە ئێران لە پەنجاکانی سەدەی ڕابردووەوە ئومێدی لە سەر هەڵچنیبوو بە چەند چرکەیەک کۆتایی پێهات. سەدان ملیار دۆلار و دەیان زانای ئەتۆمی و دەیان فەرماندەی پایەبڵندی ئێران لە ناوچوون. ئەوی بەجێما چەند چاڵێکی ڕەش بوو کە شوێنەوارەی بۆمبەکانی ئەمریکا بوو. ئەو ئەمریکایەی کە یەکەم وڵاتی هاندەری ئێران بوو بۆ بونیاتنانی دامەزراوەی ئەتۆمی لە سەدەی ڕابردوودا.

• موشەکی بالستی و نیشاندانی هێزی سوپای پاسدارانی ئێران. لێدان لە سوپای پاسداران لە دیدگای ئیسرائیلەوە لێدانە لە هەموو توانا سەربازیی و لۆجستییەکانی ئێران. هێرشەکانی ئیسرائیل بۆ سەر ئێران گورزێکی گران بوو لە سوپای ئێران. لە لایەک ستراکچەر و هەیکەلی سەربازی ئێران بە شێوەکی باوەڕپێنەکراو گورزی کوشندەی

بەرکەوت هەم توانای موشەکی و دژە ئاسمانی ئێران بە ڕادەیەکی زۆر زیانی بەرکەوت. بەڵام هیچ وڵاتێک توانای ئەوەی نییە، کە بەر بە گەشەکردنی توانای درۆنی و سارۆخی ئێران بگرێت. تەکنەلۆژیای تازەی جیهان زەمینەسازی ئەو گەشە کردنەیە. بە بڕوای من قسە کردن لە سەر ڕاوەستاندنی ئێران لەو بوارە کارێکی نەکردەیە.

بەڵێنی سادقی٣، ئەو ناونیشانە بوو کە ئێران لە وەڵامی هێرشەکانی ئیسرائیل بەکاری هێنا. بەڵام ئایا ئێران بۆ شەڕی ڕانەگەیاند؟ لە کاتێکدا ڕاگەیاندنی شەڕ و ئاشتی لە دەسەڵاتەکانی ڕابەری کۆمارە. ئایا ئێران وەک پێکدادان و ئۆپەراسیۆنێکی سنووردار مامەڵەی لە گەڵ ئەم ڕووداوانەدا کردووە؟ یاخود دۆخی لە ناکاوی ڕووداوەکان ئەو کارەی بە دەستی فەرامۆشی سپارد؟ پێشتر ڕابەری کۆماری ئیسلامیی ئێران ڕایگەیاندبوو کە نە بە شەڕی سەپێنراو و نە ئاشتی سەپێنراو ڕازی نابیین؟ بەڵام هەم دەستپێکی شەڕ و هەم ئاگربەستی بێ مەرج و ئاشتی ئەو گۆمانە بە کراوەی دەهێڵێتەوە کە لە هەر ئانوساتێکدا ئەگەری دوبارە کڵپە سەندنەوەی ئەو ئاگرەی ژێر خۆڵەمێش لە ئارادایە. شێواوی دۆخی دیپلۆماسی لەم هەلومەرجەی ئێستادا لە نێوان لێدوانە دژبەیەکەکانی سەرۆکی ئەمریکا و نەفەسگیربوونی دۆخی ئێرانی دوای ئەو هێرشانە سەنگی محەکن بۆ داهاتووی ئێران و ناوچەکە. مۆراکامی نووسەری گەورەی یابانی دەڵێت: کاتێک گەردەلول هەڵدەکات، هەوڵ دەدەیت کە تۆ و گەردەلولەکە، یەرکتر تێپەڕێنن. تۆ ئەو تێدەپەڕێنی و ئەویش تۆ تێدەپەڕێنێ. بەڵام پاش گەردەلولەکە تۆ گۆڕاوی! تۆ ئەوکەسەی پێش گەردەلولەکە نیت! ئێرانی دوای شەڕە، ئێرانی پێش شەڕ نابێت. کاریگەری بە سەر سیاسەتی ناوخۆی وڵاتەوە جێدەهێڵێت. یەکەم هەنگاوی ئێران ڕیشەکێش کردنی پاشماوەکانی دەزگاکانی سیخوڕیین لە وڵاتەکەیدا. کە ئەگەر وەک چەکێک بەرمبەر نەیارە ناوخۆییەکانی بەکاری بهێنێت ئەوا دەرنجامی ترسناکی لێدەکەوێتەوە.

هەنگاوی دووەم کە لە لێدوانەکانی بەرپرسانی توندئاژۆ دەبیسترێن ئەوەیە کە ئێران کۆڵ نادات لە پرۆگرامە ئەتۆمییەکەی. لێدوانەکانی لەو چەشنە دەستی ئەمریکا و ئیسرائیل بە کراوەیی دەهێڵێتەوە بۆ هێرشی دوبارە. بەڵام ئەگەر ئێران دەرفەتەکانی بەردەمی بقۆزێتەوە بۆ دوبارە بونیاتنانەوەی وڵات ئەوا بە ئاڕاستەیەکی دروست هەنگاو دەنێت.

ئیرانناسی لەم ژمارەیەیدا بە کۆمەڵێک بابەتی بە پێز تیشک دەخاتە سەر کۆی ئەم ڕووداوانە. لەگەڵ ئەوەی کە کاری لێکۆڵینەوەی ورد و ئەکادیمی لەم ڕووداوانە پێویستی بە کاری درێژ خایەنە بۆ لێکۆڵیار. بەڵام ئەو بابەتانەی کە هەنوکەیی و گەرمن لە بەشێکی جیاواز جێگەیان کراوەتەوە.

توێژینەوە

ئێرانناسی



# کۆماری ئیسلامی لە نێوان
# داڕمان و ڕووخاندا

توێژەر: ئارمان حوسێنی



## بەرایی

باسی ڕووخان (سرنگونی = Overthrow) یان داڕمانی (فروپاشی = Cpllapse) دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیی ئێران، یەکێک لە بابەتە گرنگ و لە هەمانکاتدا ئاڵۆزەکانی ئۆپۆزسیۆنی نێوخۆ و دەرەوەی ئێرانە. بە جۆرێک کە ئەم بابەتە بۆتە هۆی جۆرێک لە دابەشکاری لە نێو لایەنە جیاوازەکاندا. ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە شێواز و فۆرمی تێپەڕبوون لەو دەسەڵاتە تا ڕادەیەکی زۆر پێکهاتە و نێوەڕۆکی دەسەڵاتی داهاتووی ئێران دیاری دەکات. بەشێکی زۆر لە شارەزایان و پسپۆڕانی سیاسی پێیان وایە کە ئەگەر کۆماری ئیسلامیی بڕووخێت، ئەوە شانسی کورد و نەتەوە بندەستەکانی تری ئێران زیاتر دەبێ بۆ ئەوەی پشکی خۆیان بەدەست بێنن تا ئاستێک کە تەنانەت چارەنووسی خۆیان بەدەستی خۆیان دیاری بکەن. ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە لە پرۆسەی ڕووخاندا پێکهاتەی دەسەڵات تاڕادەیەکی زۆر هەڵدەوەشێتەوە و ژێرخانە ئەمنی، هەواڵگری و سەربازییەکان لە نێو دەچن. بۆیە بۆشاییەک دروست دەبێت کە تێیدا کورد، بەلووچ، عەرەب، تورکمان و ...هتد، دەتوانن وەک لایەنێکی بەهێزی گەمەی گۆڕەپانی سیاسی داهاتوو خۆیان دەربخەن. بەڵام لە ئەگەری داڕمانی کۆماری ئیسلامییدا دەشێت پاشماوەی هێزی دەسەڵاتی ناوەندی، ژێرخانێکی پتەو بێت بۆ سەرلەنوێ بونیاتنانەوەی حکومەتێک کە درێژەدەری دەسەڵاتە یەک لە دوای یەکەکانی لانیکەم سەد ساڵی ڕابردووی ناوەند لەو وڵاتەدا بێت.

بەپێی ئەزموونی دەوڵەت - نەتەوەی ئێران، فارسەکان بە دیموکراسیخواز و سەڵتەنەتخوازەکانیانەوە وەک یەکێک لە نەتەوەکانی نێو جوگرافیای ئێران لە ساڵانی ڕابردوودا هەوڵیان داوە کە لەسەر داڕمان بۆ هێشتنەوە و درێژکردنەوەی تەمەنی دەسەڵاتداری خۆیان، وەکو پرۆژەیەکی ستراتیژیک کار بکەن. بۆ نموونە ئەم جۆرە لە تێپەڕین (Transition) لە دەسەڵاتی قاجارەوە بۆ پەهلەوی و لە پەهلەوییەوە بۆ کۆماری ئیسلامیی ئەزموون کراوە. بە جۆرێک کە پاشماوەی هەر دەسەڵاتێکی داڕماو بووەتە بنچینە بۆ سەر لە نوێ دروستکردنی دەسەڵاتێکی نوێ. بەڵام لە بەرامبەردا نەتەوە بندەستەکان لە سەرووی هەموویانەوە کورد هەنگاوی پێچەوانەی ناوەندگەراکانیان هەڵگرتووە تاکو پرۆسەی تێپەڕین لە دەسەڵاتی ناوەند نەک داڕمان، بەڵکو بە ڕووخان کۆتایی بێت. بەم واتایە کە ژێرخان و جومگەکانی دەسەڵات لە ئابوورییەوە تاکوو فەرهەنگی تێک بشکێندرێ. لەم حاڵەتەدایە کە بۆشایی هێز دروست دەبێ و

بونیاتنانەوەی دەسەڵاتی نوێ پێویستی بە ڕەزامەندی و بەشداری نەتەوەکان و کەمینە ئایینییەکان دەبێت. بەتایبەتی ڕۆڵی کورد لەو ڕووەوە گرنگە کە خاوەن ئەزموونێکی دوور و درێژە لە بەرەنگاری، ڕێکخستن و کولتووری ڕێکخراوەیی کە ئەم ئەزموونە دەکرێ بگوازرێتەوە و ببێتە بنەما بۆ پێکهاتەکانی وڵاتی ئێران. دەرئەنجامی ئەم حاڵەتەش فۆرمگرتن و جومگەبەندییەکی گەورە و شوێندانەرە بۆ داهاتوو کە تاڕادەیەکی زۆر دەوری یەکلاکەرەوەبوون لە نەتەوەی فارس دەستێنێتەوە. بۆیە دەکرێ بڵێین ململانێی سەرەکی بۆ داهاتووی ئێران بریتییە لە بەریەککەوتنی دوو نەخشەڕێگەی ڕووخان یان داڕمانی دەسەڵات لەو وڵاتەدا. هەروەها فاکتەر و هێزی دەرەکیش کاریگەری ڕاستەوخۆیان لەسەر لایەنەکانی هەڵگری ئەم دوو ستراتیژییە دەبێت. ئەم کاریگەرییە دەتوانێ هەریەک لەم دوو ستراتیژییە بەرەو ئاڕاستەی بەهێزی یان لاوازی ببات.

بە لەبەرچاوگرتنی شۆڕشی ١٩٧٩ی ئێران ئەو مەترسییە زۆر جدیە کە دەسەڵاتێکی تۆتالیتار جارێکی تر دەسەڵات بە دەستەوە بگرێ. ئەمەش لەخۆیدا ئەگەری دیموکراتیزاسیۆن، دابەشکردنی دەسەڵات و دادپەروەری کۆمەڵایەتی و کولتووری و نەتەوەیی بەرەو ڕووی هەڕەشەی گەورە دەکاتەوە کە پریشکەکانی وڵاتانی دەوروبەر و ناوچەکەش دەگرێتەوە. بۆیە لە ئێستادا مشتومڕێکی توند لەو بارەوە لە ئارادایە. ئێمە هەوڵ دەدەین لەم وتارەدا جیاوازی خاڵە جەوهەرییەکانی داڕمان و ڕووخان بخەینە بەر باس. هەروەها بە هێنانەوەی نموونە و لێدوان لە کەسایەتییە دیار و بەناوبانگەکان ئەم بابەتە ڕوون بکەینەوە کە چۆن پرۆسە و ڕەوتی تێپەڕبوون لە کۆماری ئیسلامیی دەتوانێت لەسەر پێکهاتە نەتەوەیی و کەمینە ئایینییەکان نێوخۆی ئێران و وڵاتانی دراوسێ، کاریگەری قووڵ و درێژخایەن بەجێبهێڵێت.

### ١. گریمانەکان بۆ داهاتووی ئێران

لێرەدا ئێمە دەپەرژێینە سەر چوار گریمانە کە پێمان وایە سیناریۆی سەرەکی دەبن بۆ داهاتووی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیی ئێران. بەپێی ئەو پێناسەیەی کە لە سەرەتادا سەبارەت بە داڕمان یان ڕووخانی دەسەڵات لە ئێراندا باس کرا، دەکرێ هەر سیناریۆ یان گریمانەیەک بەپێی فاکتەرە کارتێکەرەکانی، بە شێوازی تایبەت بە خۆی بە داڕمان یان ڕووخان کۆتایی پێ بێت. بە واتایەکی تر ئەوە پرۆسەی لەنێوچوونی دەسەڵاتە کە داهاتووی سیاسی دیاری دەکات.

### ١-١ گریمانەی یەکەم: کودەتای سەربازی

کۆماری ئیسلامیی زیاتر لە ١٦ دامەزراوەی هاوتەریبی ئەمنی¬یە (١). بۆیە پێشتر زۆێک لە شارەزایان و پسپۆڕان پێیان وابوو کە لەبەر ئەم تۆڕە گەورە و گشتگیرە، ئەگەری کودەتای سەربازی لە ئێراندا زۆر بەهێز نییە (١). بەڵام لەم دواییانەدا بەهۆی لاوازبوونی پێگەی سوپای قودس (لقی دەرەکی سوپای پاسدارن) کە تایبەتە بە هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامیی و دەستێوەردانی کۆماری ئیسلامیی لە کاروباری وڵاتانی ناوچە، هەروەها لەرزۆکبوونی پێگەی بازنەی داخراوی دەسەڵات (خامنەیی و دەورووبەرەکانی)،کە لە هەڵوێستی سەرۆک کۆمار پزیشکیان و عەباس عەراقچی، وەزیری دەرەوەی ئێران، بابەتی وتوویژ لەگەڵ ڕۆژاوا لە پاش هێرشەکانی ئیسرائیل و ئەمریکا بۆسەر بنکە ناوەکییەکانی کۆماری ئیسلامیی و دژایەتی سەعید جەلیلی وەکو کەسایەتی دیاری نێو بازنەی بناژۆخوازەکان، هەروەها فەرماندە باڵاکانی سوپای پاسداران ئەم ئەگەرە بەهێزتر بووەتەوە و بە یەکێک لە سیناریۆ بەهێزەکان دێتە ئەژمار. بە چاوخشاندێک بە پرۆسەی لەنێوچوونی یەکێتی سۆڤیەت ئەم ڕاستییەمان بۆ دەردەکەوێ کە لاوازبوونی پێگەی هەژموونخوازی دەرەکی، سەرەتایەکە بۆ لاوازبوونی پێگەی نێوخۆیی. چونکە ڕاستەوخۆ لەسەر هەیمەنەی دەسەڵاتی سیاسی - ئایدۆلۆژیک کاریگەری قووڵ دادەنێت. ئەم ڕەوتە لە یەکێتی سۆڤییەتدا بە جۆرێک بوو کە بازنەی دەسەڵات (Territory) بۆ نێو سنوورەکانی ڕووسیای ئێستا کەم کرایە و بەرەبەرە دروستبوونی وڵاتانی جیاواز هێز و بڕشتی ئایدۆلۆژیکی حیزبی کۆمۆنیستی کەم کردەوە و بوو بەهۆی ڕیفۆرمەکانی گۆرباچۆف و کۆتایی هێنان بە تەمەنی ئەو دەسەڵاتە.

لە پاش هێرشی (٧)ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٣ حەماس بۆ سەر ئیسرائیل، کە دواتر بەڵگەکان سەلماندیان بە فەرمانی خامنەیی ئەنجام درا (٢)، هەڵمەتێک لەلایەن ئیسرائیل بە پاڵپشتی ئەمریکا دەستپێکرد، کە بوو بەهۆی لێدانی حەماس، حیزبوڵڵا و پراکسییەکانی تری سەر بە کۆماری ئیسلامیی و لە کۆتاییدا پاشەکشەی ناوچەی بەرتاو یان نفووزی تارانی لە ناوچەکەدا لێ کەوتەوە. ئەمەش لای پسپۆڕان بە جۆرێک دوبارەبوونەوەی چارەنووسی یەکێتیی سۆڤیەت بوو. بۆیە لە ئێستادا دەکرێ بڵێین لانیکەم لە ڕووی هێز و دەسەڵات، سوپای پاسداران وەکو کۆڵەکەی سەرەکی کۆماری ئیسلامیی لاواز بووە. ئەم پاشەکشە شەقڵێکی گەورەی خستووەتە نێو پەیکەرەی سوپای پاسداران بە جۆرێک کە بەشێکی

پێی وایە دەبێت درێژە بە دەستێوەردانەکانی ناوچە بدەن تەنانەت ئەگەر نرخی ئەم دەستێوەردانە تێکهەڵچوونی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئیسرائیل بێت. لە بەرامبەردا بەشێکی تر پێی وایە دەبێ بگەڕێنەوە نێوخۆ و واز لە سیاسەتی پێشوو بهێنن. ئەمە لەو ڕووەوە گرنگە کە لە کاتێکی قەیراناویدا دەتوانێ ڕێخۆشکەر بێ بۆ کودەتای لایەنێک بەسەر دەسەڵات لەنێو حکومەتدا بەتایبەتی ئەگەر پشتگیریی وڵاتێکی هەبێ. بۆیە لە ئێستادا بەشێک لە ئۆپۆزیسیۆنی ناوەندگەرا بەدوای ئەوەدایە کە سەرنجی بەشێک لە پلەدارانی سوپای پاسداران بۆ لای خۆی ڕابکێشێ. ئەم هەوڵە ئەوەندە جدیە کە کوڕی شای پێشووی ئێران (ڕەزا پەهلەوی) لە چەند لێدوانێکدا بە ڕاشکاوی باسی لەوە کردووە کە دەبێت ئەندامانی ئەو هێزە چەکدارە (سوپا) بکەونە بەر فەرمانی لێخۆشبوون (٣). لە سێپتەمبەری ٢٠٢٣دا ) ئەمیری تاهێری( کە بە یەکێک لە کەسە ناسراوەکانی پاشایی-خوازەکانە (سلطنت¬طلبان) لە دیمانەیەکدا لەگەڵ کەناڵی یەک، دەڵێت: ئەو سەردەمە کە بریگارد (پاشماوەی هێزی سەربازی دەسەڵاتی قاجاڕ) بە تۆپخانە مەجلیسی (پاڕلمان) ئێرانی کردە ئامانج، مەشرووتە¬خوازەکان بێ ئەوەی ئەم کارە بە کردەوەیەکی تێرۆریستی بزانن، بڕیاریان دا کە فەرماندەی ئەو هێزە، ڤلادمیر لیاخۆف خانەنشین بکەن و ڕەوانەی وڵاتی خۆی واتە ڕووسیا بکەن و ڕەزاخان بە پاشماوەی ئەو هێزە ئەرتەشی (سوپا) حکومەتی نوێی دامەزراند. بۆیە لە ئێستاشدا سوپای پاسداران نابێت هەڵبوەشێتەوە یان گەمارۆی لەسەر دابنرێ یان بە تێرۆریست بناسێندرێت. ئەمە لە کاتێکدایە کە بەشێک لە دیموکراسیخوازان ئەم لێدوان و هەڵوێستە بۆسەر داهاتووی دیموکراسی و سەقامگیری بە مەترسی دەزانن. جگە لەمەش دەکرێت بەشێک لەو ڕیفۆرمخوازانەی کە لەلایەن خامنەییەوە وەلا نراون، بە هاودەستی باڵێک لە سوپا بۆ کودەتایەکی سەربازی هەنگاوی کردەیی هەڵبگرن. لە هەر دوو حاڵەتدا کودەتای سەربازی بەتایبەتی ئەگەر دەستێکی دەرەکی لە پشت بێ، بە ئەگەری زۆرەوە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیی دادەڕمێ. بەو واتەیە کە بەشێک لە سیستەمی ئابووری، سەربازی و سیاسی و ... بە تۆزێک گۆڕانکارییەوە وەک خۆیان دەمێننەوە و ئەمەش لە بەرژەوەندی لایەنێک تەواو دەبێ کە پاڵپشتی ستراتیژی داڕمانە. ئەم لایەنە دەتوانێ بە یارمەتی پاشماوەکانی حکومەتی پێشوو دەسەڵاتی خۆی بونیات بنێ کە بێ ئەملاو ئەولا دەسەڵاتێکی پاوانخواز، سەرەڕۆ و توندوتیژ دەبێ دەرهەق بە خەڵک بەتایبەتی نەتەوە بندەستەکانی وەکو کورد.

### ٢-١ گریمانەی هێرشی دەرەکی

هێرشی دەرەکی یەکێک لەو ئەگەرانەیە کە دەکرێت ببێتە هۆی لەنێوچوونی یەکجاری یان لانیکەم لاوازبوونی دەسەڵاتی تاران. ئەم گریمانەیە پاش هێرشی ئەمریکا بۆسەر عێراق و ئەفغانستان بەهێزتر بوو، دواتر لەبەر ناڕەزایەتی ڕای گشتی کۆمەڵگەی ئەمریکی، تێچووی زۆری دارایی و کوژرانی چەند هەزار سەربازی وەکو بژاردەیەکی جدی وەلانرا. بەڵام پێش لە ڕێکەوتنی ناوکی ٢٠١٥ لەنێوان وڵاتانی پنج کۆ یەک (٥+١) و ئێران (JCPOA) باراک ئۆباما، سەرۆکی ئەوکاتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هۆشداری دا ئەگەر کۆماری ئیسلامیی ئامادە نەبێت لەگەڵ وڵاتانی پێنج کۆ یەک (٥+١) ڕێکەوتن بکات، ئەوە بژاردەی هێرشی سەربازی جێبەجێ دەکرێت. هەروەها لە ئێستاشدا هاوکات لەگەڵ دانیشتنەکانی نێوان کۆماری ئیسلامیی ئێران و ئەمریکا، دۆناڵد ترامپ، سەرۆکی ئەمریکا هەڕەشە دەکات ئەگەر تاران خواستەکانی واشینگتۆن قبووڵ نەکات و هەوڵ بدات بۆ بەرهەمهێنانی چەکی ناوکی، ئەوا فەرمانی هێرش دژی تاران دەردەکات وەک ئەوەی بینیمان کە چلۆن بە هەماهەنگی لەگەڵ ئیسرائیل بنکە ئەتۆمییەکانی فۆردۆ، نەتەنز و ئەسفەهانیان کردە ئامانج و بە وتەی سەرۆک ترامپ لەنێویان برد. جگە لەمەش وڵاتی ئیسرائیل لەبەرئەوەی ئێران بە مەترسییەکی جدی لەسەر مانەوەی خۆی دەزانێ، هەوڵ دەدا کە خۆی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەیەکی سەربازی تەیار بکات. ئەگەرچی تەلئەڤیف پێی باشە کە ئێران لە ڕێگەی ڕێکەوتنێکی پتەووە کۆنترۆڵ بکرێت، بەڵام لەبەر ئەوەی کە کۆماری ئیسلامیی بەردەوام هەڕەشەی سڕینەوەی ئیسرائیلی کردووە، هیچ ڕێکەوتنێک بۆ هەتاهەتایە بە گەرەنتییەکی دڵنیاکەرەوە نازانن. بۆیە لە دوکتورینی بەرگری خۆیاندا بەردەوام باسی هێرشی سەربازی وەکو بژاردەیەکی بەردەست ڕادەگرن. لە ئەگەری هێرشی ئیسرائیل یان ئەمریکا و هاوپەیمانانی، دوو سیناریۆی سەرەکیمان دەبێ کە لێرە باسیان لێوە دەکەین.

یەکەم، هێرشێک هاوشێوەی شەڕی یەکەمی کەنداو کە دەسەڵاتی حکومەتی بەعسی عێراقی بە تەواوەتی لاواز کرد. لەو هێرشەدا زەبری قورس لە ژێرخانە ئابووری، هەواڵگری و سەربازییەکانی عێراق درا. لە ئاکامی ئەم لاوازبوونەی دەسەڵاتی بەعس، دەرفەتێک بۆ کوردستانی باشوور وەکو پێکهاتەی سەرەکیی ئەو وڵاتە هاتە پێش و بەهۆی ڕاپەڕینێکی جەماوەرییەوە بەشێکی بەرچاوی خاکی باشووری کوردستان لەژێر

دەستی بەعس ڕزگار بوو کە دواتر بوو بەم یەکە سیاسی، جوگرافی و کۆمەڵاتییەی کە لە ئێستادا بە هەرێمی کوردستان دەناسرێ.

دووەم، هێرشی هاوشێوەی گورزی سەربازی ئەمریکا لە ئەفغانستان کە لە ساڵی ٢٠٠١ ڕووی دا، لەم هێرشەدا بەیەکجاری تێکڕای سیستەم و پێکهاتەی دەسەڵات کرایە ئامانج و هەڵوەشایەوە و دەسەڵاتێکی نوێ بە پشتگیری ئەمریکا لەو وڵاتە بونیات نرا، ئەگەرچی ئەو حکومەتە نوێیەی ئەفغانستان هەتا کاتی ڕووخانی هەر بە لەرزۆکی مایەوە. ئەوەش لەبەرئەوەبوو کە دەسەڵاتەکە زیاتر لەوەی کە هەڵقوڵاوی خواستی جەماوەری ئەو وڵاتە بێ، بەرهەمی ویستی ئەمریکا و ئەندازیاری پێنتاگۆن بوو. هەرچەند ئەمە بۆخۆی جێی مشتومڕە، بەڵام لێرەدا مەبەستی ئێمە لێکەوتەی هێرشە سەربازییەکەیە کە بووە هۆی ڕووخانی دەسەڵاتی ئەوکاتەی ئەفغانستان.

لە ئەگەری ڕوودانی هەریەک لەم دوو حاڵەتە لە ئێراندا ڕێگەی جیاواز دەکەوێتە بەردەم خەڵک. ئەگەرچی ئەمە تا ڕادەیەکی زۆر گرێدراوی ئامانج و پلانی ئەمریکایە، بەڵام پێکهاتەی دەسەڵات و زەمینەکانی گۆڕانکاری لە ئێران کاریگەری تایبەتی خۆی دەبێ. هەر جۆر بێ لە ئەگەری هێرشدا، دوو نەتەوەی سەرەکی کە خاوەنی حیزب و ڕێکخراون وەکو کورد و بەلووچ دەتوانن دوو هاوپەیمان و پشتیوانی سەرەکی بن بۆ وڵاتی هێرشبەر. ئەوەش بەهۆی ئەوەیە کە ئەو دوو نەتەوە خاوەن ڕێکخستن و هێزی چەکدارن. ئەم توانستە وەکو ئەوەی کە ساڵی ١٩٩١ لە باشووری کوردستان بینیمان دەتوانێ جۆری دەسەڵاتی داهاتوو دیاری بکات. بێگومان ئەم سیناریۆیە بە لای نەتەوەی فارسەوە، وەکو ناسنامەی باڵادەستی ئێرانی مودێرن بژاردەیەکی دڵخواز نییە، چونکە بەدڵنیاییەوە دەبێتە هۆی دابەشکردنی هێز و تێکشکاندنی مۆنۆپۆلی دەسەڵات لە تاران. بۆیە لایەنگرانی دەسەڵاتی ناوەندی کە بەزۆری فارسەکانن، دژی هێرشی سەربازین و زیاتر جۆرێک لە دەستاودەستکردنی دەسەڵات لە تارانیان پێ باشترە کە هەیمەنە و هەژموونی خۆیان وەکو نەتەوەی سەردەست بهێڵێتەوە نەک بڕووخێ و دەسەڵات لە دەستیان دەربێت یان تووشی شەڕێکی نێوخۆیی بن. بۆیە بژاردەی پەسەند و باش لای فارسەکان وەکو بەشێک لە ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامیی بە تایبەتی ڕەزا پەهلەوی، کوڕی شای پێشووی ئێران دارمانی دەسەڵاتە نەک ڕووخانی و بە ڕاشکاوی خوازیاری دارمانی کۆنترۆڵکراوە (فروپاشی کنترل شده) (٤).

### ٣-١ گریمانەی ڕاپەڕینی جەماوەری

حکومەتە تۆتالیتەرەکان لەبەرئەوەی تۆڕێکی گەورەی سیخوڕی بەسەر دامەزراوەکانی خۆیان و هاوڵاتییانەوە دروست دەکەن، دەتوانن تا ڕادەیەکی زۆر پێشگیری بکەن لە شێوەگرتنی بزووتنەوە و ڕێکخستنە کۆمەڵایەتییەکان و دەوترێت لە یەک سەدەی ڕابردوودا لەنێوچوونی هەموو حکومەتە تۆتالیتەرەکان یان بە هێرشی دەرەکی یان بە دارمان ڕووی داوە. واتە جەماوەر نەیانتوانیوە ئەم دەسەڵاتانە بڕووخێنێت. وەکو یەکێتیی سۆڤیەت کە تووشی دارمان بوو، هەروەها دەسەڵاتی پێشووی تاڵیبان کە لە ئاکامی هێرشی دەرەکی لەنێو چوو. ئەگەر وای دابنێین کە کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش حکومەتێکی تۆتالیتەرە ئەوە بەپێی تیۆری ئەم حکومەتە دەتوانێ بەرامبەر بە خرۆشە جەماوەریەکان خۆی ڕابگرێ. بوونی ڕێکخستن و بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی ئەگەرچی لەسەر کاغەز ناتوانێ ڕاستەوخۆ ببێتە هۆی لەنێو بردنی دەسەڵاتی تۆتالیتەر، بەڵام دەتوانێ گوشارێکی گەورە و ئامادەییەکی پێشوەختە بێ بۆ ئەوەی هاوڵاتیان بتوانن لە ئەگەری دروستبوونی کەلێنێکی گەورە لەنێو پەیکەرەی دەسەڵات یان هەر هۆکارێکی تر گۆڕانکاری گەورە بە ئاڕاستەی دڵخوازی خۆیان دروست بکەن با ئەو گۆڕانکارییەش شۆڕش (Revolution) نەبێ.

بۆ نموونە بزووتنەوەی (ژن، ژیان، ئازادی) کە ساڵی ٢٠٢٢ لە زۆربەی شار و ناوچەکانی ئێران ڕووی دا، تا ڕادەیەکی زۆر ڕەوایی دەسەڵاتی بردە ژێر پرسیار و بە پشتبەستن بە درووشمی سەرەکی خۆی (ژن، ژیان، ئازادی) بەهایەکی دژ بە بەها داسەپاوەکانی دەسەڵات لە سەرتاسەری ناوچە جیاوازەکانی ئێران بەرجەستە کردەوە. ئەمە سەرەتایەک بوو بۆ ئەوەی دەسەڵات لە سەنگەری حیجابی زۆرەملێ پاشەکشەی پێ بکرێت و لە ئێستادا دەبینین لە شەقامەکانی زۆربەی شارە گەورەکان ژنان بە جلوبەرگی دڵخوازی خۆیانەوە دەردەکەون. تەنانەت ئەو ژنانەی کە سەرپۆشیشیان هەیە هەریەک بە شێوازێ پاڵپشتی ژنانی تر دەکەن و نەبوونی حیجاب بە مافێکی حاشاهەڵنەگر دەزانن. ئەگەرچی ئەم هەنگاوە دەستبەجێ و ڕاستەوخۆ نابێتە هۆی دروستبوونی مەترسی ڕووخان بۆ دەسەڵات، بەڵام بە جۆرێک متمانە بەخۆبوون، هەستی هاوپێوەندی و یەکگرتوویی لەنێو جەماوەری خەڵک دروست دەکات. ئەمەش لەخۆیدا بۆ حکومەتێکی تۆتالیتەر کە بەدوای ئەتۆمیزەکردن و لەیەکدابڕاندنی هاوڵاتییانە، وەکو هەڕەشەیەک

دێتە ئەژمار. هەروەها دەتوانێ ڕێگەخۆشکەر بێت بۆ قووڵبوونەوەی ململانێی نێوخۆیی و لە ئەنجامدا داڕمانی دەسەڵات. بە واتەیەکی تر باڵێک لە دەسەڵات کە خوازیاری سەرکوتی داخوازی هاوڵاتییانە لەگەڵ باڵێکی تری دەسەڵات کە ڕێفۆرم و چاکسازی پێ باشترە، دەکەونە ململانێی توند و ئەمە سیستەمی بەڕێوەبەری و کاربەڕێکردن پەک پێ دەخات. هەروەها لە هەندێک حاڵەتدا وەکو ئەوەی لە سووریا ڕووی دا، دەسەڵات لەگەڵ ئەوەی کە پێی کرا ڕاپەڕینێکی جەماوەری کە لە ساڵی ٢٠١١ ڕووی دا سەرکوت بکات، بەڵام هەر ئەو ڕاپەڕینە بوو بەهۆی لاوازبوون و شەڕێکی نێوخۆیی کە بە پشتگیری دەرەکی لە ماوەی چەند ڕۆژدا کۆتایی بە دەسەڵاتی ئەسەد هێنا. واتە دەکرێ چەندێک لەم فاکتەرانە پێکەوە کۆ ببنەوە یان یەک لە دوای یەک کاریگەری تایبەتی خۆیان لەسەر تێکەوەهەڵپێچانی دەسەڵات هەبێت.

### ٤-١ ناکارامەیی و داڕمانی نێوخۆیی دەسەڵات

بەپێی ڕاپۆرتی ساڵانەی ڕێکخراوی شەفافیەتی نێودەوڵەتی (Transparency International)، ساڵی ٢٠٢٤، کۆماری ئیسلامیی ئێران لە بواری گەندەڵییەوە لەنێوان ١٨١ وڵاتی جیهان لە پلەی ١٥١دا جێی گرت و تا ئێستاش بە یەکێک لە گەندەڵترین وڵاتانی دونیا دێتە ئەژمار (٥). هەروەها بەپێی ڕاپۆرتی سندووقی نێودەوڵەتی دراو ئابووری ئێران لەو ساڵانەی دواییدا هەڵاوسانی چل لە سەدی تێپەڕاندووە. لە لایەکی ترەوە هەڵاوسانی خۆراک لە ساڵەکانی ٢٠٢٢ و ٢٠١٨دا تا چل و حەوت لە سەد هەڵکشا

ئەمە دەتوانێ نیشانەیەک بێت بۆ داڕمانی باری ئابووری کە دەکرێ سەرەتایەک بێ بۆ داڕمانی کۆی پێکهاتەی دەسەڵات. بە بچووکبوونەوەی ئابووری وڵات و کەمبوونەوەی داهات و لە ئاکامدا دابەزینی ڕێژەی ڕانت ململانێی نێوخۆیی لەنێو بازنەی دەسەڵات قووڵتر و بەریەککەوتن زیاتر دەبێت. وەک دەزانین لە یەک ساڵی ڕابردوودا ڕێفۆرمخوازەکان (چاکسازیخوازەکان) لە ئاستی میدیاکاندا دژ بە ڕەوتی بناژۆخواز بە دەربڕینێکی توندتر لە جاران هەڵوێستیان گرتووە، ئەمەش لەبەرئەوەبوو کە ڕێژەی بەشداری پێکردنیان لە دەسەڵات کەمتر لە هەمیشە بوو. عەلی خامنەیی، ڕێبەری باڵای کۆماری ئیسلامیی ئەم جۆرە لێدوانانە بە هەڵکردنی گڵۆپی سەوز بۆ وڵاتانی دژبەری کۆماری ئیسلامیی دەزانێ و زۆر جار بۆخۆی لەبەرامبەریدا

وەستاوەتەوە. ئەمە بە جۆرێک بووە کە خامنەیی کاریگەری پێشووی خۆی وەکو لەمپەری ڕاگری ململانێی نێوخۆیی دەسەڵات لەدەستداوە و زیاتر وەکو سەرکردەی باڵی بناژۆخواز دەرکەوتووە و ئەمەش کاردانەوەی کەسانێ وەکو ڕەفسەنجانی سەرۆک کۆماری پێشووی کۆماری ئیسلامیی لێ کەوتووەتەوە کە بەشێوەی گوماناوی گیانی لەدەستدا. قووڵبوونەی ئەم ململانێیە لەسەر پشکی ئابووری و حکومەت دەتوانێت ئەو دەسەڵاتە بەرەو دارمانی یەکجاری ستراکتۆر ببات.

## دەرئەنجام

لە ئێستادا بەشێک لە خەڵک بەتایبەتی چینەکانی خوارەوەی کۆمەڵگە کە زۆربەی خەڵکی نەتەوە بندەستەکان دەگرێتەوە و لە ئاکامی سیاسەتە پێشێلکارانەکان و هەڵاواردنی سیستماتیکی کۆماری ئیسلامییدا لە دۆخێکی دژواری ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی بەسەر دەبەن، خوازیاری ڕووخانی دەسەڵاتن، چونکە تەنیا لەو حاڵەتەدایە کە دەرفەتێکی گونجاو دێتە پێش بۆ گۆڕانکاریی بنەڕەتی لە ژیانیاندا. کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ کە پێکهاتوو لە بەشێکی بەرچاوی حیزب و لایەنە سیاسییەکانی نەتەوە نافارسەکانی ئێرانە و وەکو ئەڵتەرناتیڤێکی دیار نوێنەرایەتی ویست و خواستی نەتەوە بندەستەکان دەکات لە ڕاگەیەندراوێکدا داوا لە خەڵکی وەزاڵەهاتوو دەکات تاکو ڕووخانی یەکجاری دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیی لە خۆپیشاندان و نارەزایی مەوەستن (٦). بەپێی دوایین ڕاپۆرتی مای ساتۆ، ڕێپۆرتێری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری مافی مرۆڤ لە ئێران لە نێوان ساڵەکانی (٢٠١٠ بۆ ٢٠٢٣)، (٤٩٪) لە سەدی زیندانیانی سیاسی ئیعدام کراو لە ئێران، کورد، (٢٩٪) بەلووچ و (١٦٪) لە سەد هاوڵاتیانی عەرەب و (٦٪) لە سەدیش لە کەمینە نەتەوەییەکانی دیکە بوون. مای ساتۆ لە ڕاپۆرتێکی دیکەدا دەڵێ، ڕێژەی لەسێدارەدان بەپێی حەشیمەت لە ٢٠١٥ بەملاوە بە بەراورد بە ڕابردوو، بەرزترین ئاستی تۆمار کردووە. بە جۆرێک کە دەسەڵاتی وڵاتی ئێران زۆرترین سزای ئیعدامی بەپێی حەشیمەت جێبەجێ کردووە. هەروەها بەپێی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی هەنگاو لە خۆپێشاندانەکانی بزووتنەوەی ژن، ژیان، ئازادی لە کۆی ٥٤٠ کوژراو، ١٤٢ کەسیان کورد بوون. هەر لە ڕەوتی خۆپەشاندانەکانی ژن، ژیان، ئازادیدا و تەنیا لە یەک ڕۆژدا

لە ڕێکەوتی ٣٠ سێپتەمبەری ٢٠٢٢ کە بە هەینی خوێناوی زاهیدان ناسراوە، زیاتر لە سەد هاوڵاتی بەلووچ درانە بەر دەسڕێژی ڕاستەوخۆی گولە و گیانیان لەسەد دا و ٣٠٠ کەسیش بریندار بوون. ئەمە دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە نەتەوە بندەستەکان زیاتر لە گۆڕەپانی بەرەنگاریدان و بۆ ڕووخانی ئەو دەسەڵاتە کە پێشێلکەر مافەکانیانە بە هەموو شێوەیەک سەرکوت دەکرێن و قوربانی دەدەن.

ئەمە لە حاڵێکدایە کە کۆمەڵگەی فارس وەکو نەتەوەی باڵادەست لە گەورە شارەکانی وەکو تاران، ئەسفەهان، مەشهەد و قوم بەشدارییەکی ئەوتۆی خۆپێشاندانەکانیان نەکرد. ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگر لێرەدا خۆی دەردەخات کە فارسەکان وەکو نەتەوەی باڵادەست کە هەڵگری ناسنامەی دەسەڵاتن، کەمترین بەشدارییان لەو ناڕەزایەتییانە کردووە کە بە مەبەستی ڕووخاندنی دەسەڵات هەڵگیرسابوون. هۆی سەرەکی بەشداری نەکردنی فارسەکان لەو جۆرە ناڕەزایەتییانە کە خۆپیشەندەران خوازیاری ڕووخانی حکومەتن بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بناغەی دەوڵەت - نەتەوەی ئێران لەسەر ناسنامە و بەرژەوەندی و کەرامەتی فارسەکان دامەزراوە و ئەو دەسەڵاتیشە خۆی بە نوێنەری ئەوان دەزانێ. بۆیە دەبینین کە کاتێک بزووتنەوەی سەوز بۆ ناڕەزایەتی دەربڕین لە چۆنیەتی هەڵبژاردنی سەرکۆماریی ئێران لە تاران دەستی پێکرد و دواتر شارە فارسەکانی دیکەی وەکو ئەسفەهان، مەشهەد و شیرازی گرتەوە، خەڵکی کوردستان، بەلووچستان و عەرەبی ئێران نەهاتنە سەر شەقامەکان و بەشدارییان تێدا نەکرد. هۆکاری سەرەکیش دەگەڕایەوە بۆ خواستی خۆپیشاندەران و ڕێبەرانی کە خوازیاری ڕیفۆرم بوون. ئەم ناڕەزایەتییانە لە کۆتاییدا بەرفراوانتر بوو و خەڵکێکی زۆر تێیدا بوونە قوربانی، بەڵام هێشتا درووشمی دارمانی دەسەڵاتیان دەدا. بۆیە نەتەوە بندەستەکان هیچ جۆرە مافێکیان لە ئامانج و دروشمەکانی ئەو بزووتنەوەیەدا بۆخۆیان بەدی نەکرد وبڕیاریان دا و تێکەڵ بەو خۆپیشاندانانە نەبوون.

هەروەک چۆن خەڵک بەپێی ناسنامە و چینی کۆمەڵایەتی بەشێوەی جیاواز و لە ناڕەزایەتی تایبەت بەخۆی بەشداری دەکات، لایەنە سیاسییەکانیش کە هەڵگری باس و خواستی جیاوازن، ئەجێندا و بەرنامەی تایبەتی خۆیان بۆ ئەگەر و پێشهاتەکان هەیە. بۆ نموونە لە ژن، ژیان، ئازادیدا پاوشایی-خوازەکان کە فارسەکان بەتایبەت و چینی مامناوەند و سەرەوەی ئەم نەتەوەیە نووێنەرایەتی دەکەن، هەوڵیاندا درووشمەکان

بگۆڕن و دژی بنەما هزری و ئامانجەکانی کورد و نەتەوە بندەستەکانی دیکە بوەستنەوە. بۆ نموونە ئەوان هەوڵیان دا بۆ گۆڕینی درووشمی سەرەکیی بزووتنەوەی ژینا کە ژن، ژیان، ئازادی بوو و بەجێگەی ئەو دروشمە ڕستەی بێ واتای؛ پیاو، نیشتمان، ئاوەدانی-یان بەرزکردەوە. هەروەها بە بڵاوکردنەوەی زانیاری ناڕاست لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان هەنگاویان نا بۆ تێکدانی یەکگرتوویی و ئاڕاستەی شۆڕشەکە. لە بەرامبەردا ئۆپۆزیسیۆنی کورد و بەلووچ و تا ڕادەیەک گیلەکەکان هەموو هێزی خۆیان خستە گەڕ بۆ ئەوەی کە ئەم بزووتنەوەیە پێش بخەن. بەریەککەوتنی ئەم دوو بەرە سیاسی و ئایدیۆلۆژیکە دەرخەری ململانێی نەتەوە بندەستەکان و نەتەوەی سەردەستە.

ئەم ململانێیەی نێوان نەتەوە بندەستەکان کە خوازیاری ڕووخانی دەسەڵاتی ناوەندین لەگەڵ خواستی ئۆپۆزیسیۆن و نارازییە فارسەکان لە دەسەڵات، کە خوازیاری دارمانن هەروا درێژەی هەیە و بووەتە دەرفەتێک بۆ هەناسەدانی کۆماری ئیسلامیی. ئەگەرێک کە بەردەوام لە ئارادا بووە و هەیە دەستێوەردان و گوشاری دەرەکییە کە ئەم فاکتەرە دەتوانێ کۆی هاوکێشە و لێکدانەوەکان بگۆڕێ و واقعێکی نوێ بخاتە بەردەم خەڵک و لایەنە سیاسییەکان.

## سەرچاوەکان:

1- Iran Intelligence Revelations: How Khamenei Wields Powe, iranwire, https://web.archive.org/web/20141025084454/http://en.iranwire.com/features/6081/

٢: اسناد جدید نشان می‌دهد جمهوری اسلامی فعالانه در جریان حملات ٧ اکتبر بوده است، ایران انترناشنال، https://www.iranintl.com/202503182627

3- Iran Intelligence Revelations: How Khamenei Wields Powe, iranwire, https://web.archive.org/web/20141025084454/http://en.iranwire.com/features/6081/

٤- شاهزاده رضا پهلوی: با فروپاشی کنترل شده کسی از سوریه شدن ایران پس از جمهوری اسلامی نمی‌ترسد html.٥٢٤٧١٠٧/https://ir.voanews.com/a/iran-pahlavi

٥- جایگاه نامطلوب ایران در گزارش شاخص ادراک فساد جهانی، .https://persianepochtimes /com/irans-unfavorable-ranking-in-the-global-corruption-perception-index-report

٦- کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ: هەتا گۆڕینی یەکجاری ڕژیم لە خۆپێشاندان مەوەستن، https://avatoday.net/node/7687



# ئێران - ئەمریکا لەبەردەم ڕێککەوتندا

## (شیکارییەک بۆ دانوستاندنەکانی تاران و واشنتۆن)

توێژەر: تەحسین وسو عەبدوڵڵا

مامۆستای زانکۆ و قوتابی دکتۆرا لە زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر



## بەرایی

لێدوانی فەرمی و میدیایی دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکا، سەبارەت بە سروشتی پەیوەندیی لەگەڵ ئێران و ئاسۆی دەستپێکردنی خولەکانی دانوستانەکانی نێوان هەردوو وڵات دەستی پێکرد، هەروەها خستنەڕووی هەڵوێستەکانی لە چوارچێوەی نامەکەی بۆ عەلی خامنەیی، ڕێبەری باڵای شۆڕشی ئیسلامیی ئێران، دووپاتی لەسەر کراوەتەوە. ترەمپ زیاتر ڕوون و وردتر بوو لە پێناسەکردنی ئەو چەمکە بنەڕەتییانەی کە ئیدارەی ئەمریکا هەوڵی بەدەستهێنانی دەدات، بە پشتبەستن بە داتاکان لە خولی یەکەم و دووەمی دانوستانەکانەوە سەر هەڵدەدات.

هەموو ئەو تێبینییانەی لەسەر ژمارەیەکی زۆر لە دەزگا فەرمی و میدیاییەکان خراونەتە ڕوو، هەروەها لێدوانەکانی کۆشکی سپی و وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا، هەڵوێستی ڕاستەقینەی ئەمریکایان لە بەرامبەر بەرنامەی ئەتۆمیی ئێران و پێویستیی کارکردن بۆ هەڵوەشاندنەوەی، یان سنووردارکردنی کاریگەرییەکەی دووپات کردەوە، بەمەش ڕێگری لە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامیی دەکات، کە بگات بە بەرهەمهێنانی بۆمبی ئەتۆمی. هەروەها جەخت لەسەر پێویستیی دۆزینەوەی ئەو ئامرازانە کراوەتەوە، کە دەستەبەری مەرجە بنەڕەتییەکان دەکات، لە چوارچێوەی تاوتوێکردنی بەرنامەکانی مووشەک، فڕۆکەی بێفڕۆکەوان، لەگەڵ پرۆژە ستراتیژییە ناوچەییەکان، کە خۆی لە پاڵپشتیی میلیشیا چەکدارەکان دەبینێتەوە.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەم ڕاستییە چەسپێنراوانە و سەرەڕای کۆتاییهاتنی دوو خولی دانوستانەکان کە فۆرمولەیەکی نوێی پەسەند کرد کە لایەنی ئەمریکی و ئێرانی لەسەری ڕێکەوتبوون، بۆ پێکهێنانی لێژنەی تەکنیکیی هاوبەش بۆ لێکۆڵینەوە لە ئامرازەکانی گەیشتن بە فۆرمێکی پەسەندکراو بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ چالاکییە ئەتۆمییەکانی ئێران، کە گرنگییەکی ستراتیژی پێکدەهێنێت بۆ ئامانجەکانی ئەمریکا لە ئەنجامدانی دیالۆگ و کۆبوونەوەی هاوبەش.

لایەنی ئێرانی بەردەوامە لە پشتبەستن بە سیاسەتی درێژکردنەوەی کات و دۆزینەوەی بیانوو بۆ درێژەدان بە دیالۆگ و هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی گەرەنتیی ئەمریکی بۆ پاراستنی سیستەمی سیاسی لە تاران و هەڵگرتنی سزا ئابوورییەکان، کە نیگەرانییەکی گەورە بۆ دانوستانکاری ئێران پێکدەهێنن کە وەک ئامانجێکی ستراتیژی

دەزانێت، کە شایستەی ئیمتیازاتی سیاسی و ڕاگرتنی کاریگەریی ڕیاکتۆری ئەتۆمییە.

بە لەبەرچاوگرتنی سروشتی ئەو قەیرانە گەورانەی کە کۆمەڵگەی ئێران بەدەستییانەوە دەناڵێنێت و بارگرانییەکی قورس بۆ سەرکردایەتیی ئێران پێکدەهێنن، کە ترسی ئەوەی هەیە دۆخەکە بەرەو هەڵکشان بچێت و چڕیی ناڕەزایی و خۆپیشاندانە جەماوەرییەکان مانەوە و بەردەوامیی دەسەڵاتی ئێستا بخاتە بەردەم هەڕەشەی جدی. لەسەر ئاستی ناوخۆدا، لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا ئەم حاڵەتە زۆر بەدیاریکراوی بەدی کراوە، بە جۆرێک، هەندێک جار ناڕەزاییەکان تەنگیان بە کۆماری ئیسلامیی هەڵچنیوە.

ئیدارەی ئەمریکا زۆر بەوردی و لەنزیکەوە چاودێریی بارودۆخی ناوخۆی ئێران دەکات و بەوردی لێکۆڵینەوە لە دەرەنجامەکانی و ئەو ڕووداو و ڕاستییانە دەکات، کە سەر هەڵدەدەن و ئەمەش کاریگەریی (ڕاستەوخۆ/ ناڕاستەوخۆ) دەخاتە سەر سروشتی دانوستانە بەردەوامەکانی نێوان هەردوو وڵات.

دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، لە ڕێگەی چاوپێکەوتنەکەیەوە لەگەڵ گۆڤاری (تایم)، ئامادەیی خۆی بۆ دیدار لەگەڵ مەسعود پزیشکیان، یان عەلی خامنەیی، ڕێبەری باڵای ئێران دەربڕیوە، بە ئامانجی گەیشتن بە ڕێگایەکی پێشکەوتوو لە دانوستانی ڕاستەوخۆ، بە مەبەستی دەستەبەرکردنی ئامانجەکانی.

کەواتە، بە شێوەیەکی گشتی، بۆ چاودێران لەسەر ئاستی ناوچەیی و نێودەوڵەتی ڕوون بووەتەوە، کە ئیدی واشتنۆن، بەتایبەتیش ئیدارەی ترەمپ لەگەڵ تاران نیازی ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆ (سەربازی)ی نییە، بەڵکو بەپێچەوانەوە، بەدوای ئەو ئامرازانەدا دەگەڕێ کە گرەنتیی چارەسەری سیاسی و دبلۆماسی دەکەن، بۆ گەیشتن بە ڕێکەوتنێکی هەمیشەیی، نەک کاتی، کە ڕێگریی لە ئێران بکات لە دەستکەوتنی چەکی ئەتۆمی.

لە هەمانکاتیشدا، کۆتایی بە ڕۆڵی سیاسیی کاریگەرانەی ناوچەیی تاران بێنێت، یانیش بازنەی فراوانی کاریگەرییەکانی تاران لەسەر ئاستی ناوچەکە زۆر سنووردار بکات. ئەو گوشارە جۆراوجۆرانەی ئەمریکا لەپێناو دوو ئامانجی سەرەکییدا جێگەیان دەبێتەوە لە کاتی ئێستادا، ئەوانیش؛ یەکەم: ڕاگرتنی پشتیوانییەکانی تاران بۆ میلیشیا چەکدارەکان، دووەم ڕاگرتنی یان سنووردارکردنی بەرنامەی ئەتۆمی. لە بەرامبەردا

ئامانجی سەرەکیی تاران لە قۆناغی ئێستای دانوستانەکان ئەوەیە، کە گەمارۆ ئابوورییەکانی سەری هەڵبگیرێت، یان تەواو سووک بکرێن، بۆ ئەوەی تاران بگەڕێتەوە نێو بازاڕە جیهانییەکان، بەتایبەتی لە بواری نەوت و غازدا.

لەم لێکۆڵینەوە شیکارییەدا ئاڵنگاریی و دەرفەتەکانی بەردەم واشتنتۆن و تارانە لە پرسی ڕێکەوتنی نێوانیان خراوەتەڕوو، بۆ ئەم مەبەستەش سەرەتا لە تەرەوی یەکەم باگکراوەندێکی مێژوویی پەیوەندییەکان باسکراوە بۆ زانینی ئەزموونی چل و شەش ساڵی ڕابردووی پەیوەندییەکان، لە تەوەری دووەمدا گەڕی دانوستاندنەکان، لە تەوەری سێیەمدا ڕوانگەی توندی واشنتۆن ئاڕاستەی بەرەو ڕێکەوتن قورس دەکات و لە تەوەری چوارەمدا نا دڵنیایی و ترسی تاران لە ئەمریکا خراوەتە ڕوو، لە کۆتایشدا شیکارییەکە بەو دەرەنجامێکی ناڕوون گەیشتووە سەبارەت بە گەیشتن بە ڕێکەوتنی کۆتایی نێوان واشنتۆن و تاران.

## تەوەری یەکەم: باگکراوندی خێرای مێژوویی پەیوەندییەکان دوای شۆڕشی ئیسلامیی

شۆڕشی ئێران لە ساڵی ١٩٧٩ گۆڕانکاریی چۆنایەتی لە پەیوەندییەکان لەگەڵ ئەمریکادا هێنایە ئاراوە، لەگەڵ هەڵکشانی سەربەخۆیی و دوژمنایەتی بەرامبەر نفوزی ئەمریکا. چەند پرسێک ڕۆڵێکی بەرچاویان هەبوو لە گەیاندنی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵات بۆ ئاستی پچڕانی و تەواوەتی کۆتایی هێنان بە پەیوەندییەکان.(١)

لە ١١ی شوباتی ١٩٧٩دا ڕژێمی شا کە هاوپەیمانێکی سەرەکی ئەمریکا بوو، ڕووخا. ئیدارەی کارتەر هەوڵیدا پەیوەندی لەگەڵ ڕژێمی نوێ دروست بکات، بەڵام ئەم هەوڵانە لە ٤ی تشرینی دووەمی ١٩٧٩دا تووشی پاشەکشەی بەرچاو بوو، دوای ئەوەی خوێندکارانی ئێران باڵیۆزخانەی ئەمریکایان لە ئێران داگیرکرد و ٦٦ دیپلۆماتکاری ئەمریکییان بە بارمتە گرت بۆ ماوەی (٤٤٤) ڕۆژ. بە پێی ڕێکەوتنی جەزائیر لە ٢٠ی ژانویەی ١٩٨١ ئازاد کران، لە ٧ی نیسانی ١٩٨٠ پەیوەندییەکانی ئێران و ئەمریکا پچڕا، ئەمەش دوای دوو هەفتە لە هەوڵێکی سەربازیی شکستخواردوو بۆ ئازادکردنی بارمتە ئەمریکییەکان.(٢) هەر لەبەر ئەمەشە کە پەیوەندییەکانی ئەمریکا و ئێران بە دوژمنکارانە وەسف کرا. لەو قۆناغەدا هەر لایەنێک ئەوی دیکەیان بە سیۆنسەرکردنی

هێزەکانی خراپەکاری و تیرۆر تۆمەتبار دەکرد. گوتاری سیاسی ئێران، ئەمریکای وەک شەیتانی گەورە، لە پشت هەموو خراپەکارییەکانی جیهانەوە وێنا دەکرد و قوربانییەکانی ئەو گەلە ستەملێکراوانە بوون کە کۆماری ئیسلامیی بەرگرییان لێدەکات. هاوکات گوتاری سیاسی ئەمریکا ئێرانی خستە سەرووی لیستی ئەو دەوڵەتانەی کە پشتیوانی تیرۆر دەکەن و کار بۆ زیانگەیاندن بە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لە سەرانسەری جیهاندا دەکەن.

ئەمریکا لە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامییەوە توانی زلهێز و دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان ڕازی بکات کە ئێران بخەنە ژێر گەمارۆی ئابوورییەوە. لە ئەنجامدا گەلی ئێران بەدەست کەمبوونەوەی سەرچاوەکان و بەربەستەکانی گەشەسەندنیانەوە دەناڵێنێت و توانای ئێران بۆ کاریگەری لەسەر بەرژەوەندییەکانی ستەملێکراوانی سەر زەوی لاواز کرد کە شۆڕشی ئیسلامیی وەک بنەما و پەیامێکی سەرەکی پەیڕەوی دەکرد.[٣]

بۆیە پەیوەندی لەگەڵ ئەمریکا کێشەیەکی ڕاستەقینەی بۆ سیاسەتی دەرەوەی ئێران دروست کرد، بەتایبەتی دوای ساڵی ١٩٧٩، ئێران سوودی لە ئایدۆلۆژیای موعتەزیلی وەرگرت بۆ پەرەپێدانی ستراتیژی خۆی بۆ پەیوەندییەکەی لەگەڵ ئەمریکا، بەتایبەتی بە دانانی بکەری گوناهێکی گەورە لە پێگەیەکدا لە نێوان دوو هەڵوێستدا: باوەڕ و بێباوەڕی. چونکە لەگەڵ پرەنسیپی ئیسلامیی جێنشینی و ڕەتکردنەوە (یان دڵسۆزی و ڕەتکردنەوە) یەکدەگرێتەوە، و بنەمای نە ڕۆژهەڵات و نە ڕۆژئاوا، کە سیاسەتی دەرەوەی ئێران لەسەری بنیات نراوە و جێبەجێکردنیشی دەبێتە هۆی فراوانبوون لە بازنەی پەیوەندییەکانی ئێراندا، بەو پێیەی پەیوەندی لەگەڵ ئەمریکا بە پێی ئەوەی کە بەرژەوەندی هاوبەش دیاریی دەکات فراوانتر و بچوک دەبێتەوە، و بنەمای تەقیەی سیاسیش دەتوانێت ڕۆڵێکی کاریگەر بگێڕێت چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی کە لەوانەیە لە نێوان هەردوو لایەنی خاوەن بەرژەوەندیدا سەرهەڵبدەن.[٤]

تەنانەت دوای قەیرانی بارمتەگرتنی ئەمریکییەکان لە باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە ئێران و بلۆک کردنی سەروەت و سامانی ئێران لە بانکەکانی ئەمریکا و سەپاندنی سزا بەسەر ئێران، پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانی نێوان دوو وڵات تا شەش مانگ دوای دەستبەسەرداگرتنی باڵیۆزخانەی ئەمریکا بە تەواوی نەپچڕان بوون، بەڵکو لە واشنتۆن لە ترسی چوونە پاڵ بلۆکی ڕۆژهەڵاتی / یەکێتی سۆڤیەت پێشوو دەرگای بە ڕووی

ڕژێمی نوێی ئێراندا بە کراوەیی هێشتبوویەوە. [٥]

پەیوەندی دیپلۆماسی نێوان ئێران و ئەمریکا لە ٧ی نیسانی ١٩٨٠ پچڕا، حکومەتی سویسرا لە ٢٤ی نیسانی ١٩٨١ەوە بەرپرسیارێتی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکای لە ئێران لە ئەستۆ گرت و پاکستانیش بەرپرسیارێتی بەرژەوەندییەکانی ئێرانی لە ئەمریکا لە ئەستۆ گرت. ئەم بڕیارە بەپێی ڕێکەوتنی جەزائیر لە ساڵی ١٩٨١ دەستبەردار بوو، کە لە ئەنجامدا بارمتە ئەمریکییەکان ئازادکران. بەڵام ئەمە نەبووە هۆی ڕێگری لە سەپاندنی سزا نوێیەکانی ئەمریکا بەسەر ئێران لە ساڵی ١٩٨٤.[٦]

لە ئەنجامدا نیگەرانییەکانی ئەمریکا سەبارەت بە بەدواداچوونی ئێران بۆ چەکی ئەتۆمی دوای شۆڕشی ئیسلامی زیاتر بوو، ئەمەش لە ژێر ڕۆشنایی پلانە ڕاگەیەندراوەکانی بۆ درێژەدان بە بەرنامە ئەتۆمییەکەی بەڵام بە بەدەستهێنانی ڕیاکتۆری ئەتۆمی بچوکتر لەوەی پێشتر خاوەنی بوو. ئەمەش وایکرد ئیدارەی سەرۆک ڕۆناڵد ڕیگان سیاسەتێکی خۆپارێزی لەسەر بنەمای ڕێگریکردن لە گواستنەوەی تەکنەلۆژیای ئەتۆمی بۆ ئێران جێبەجێ بکات و بڕیارنامەیەک دەرچوو. لە مانگی ئەیلولی ساڵی ١٩٨٢ بڕیارێک درا بۆ سەپاندنی سنووردارکردن بۆ هەناردەکردنی ئەتۆمی دوو بەکارهێنان لە ئەمریکاوە بۆ ژمارەیەک وڵات، دیارترینیان ئێران بوو، هەروەها داوای لە وڵاتانی هاوپەیمان و دۆست بکرێت کە ڕێگری لەو وڵاتانە بکەن، کە تەکنەلۆژیای ئەتۆمی پێشکەوتوویان پێ بگات. ساڵی ١٩٩١ هەوڵی ئێران بۆ گواستنەوەی کەرەستەی ئەتۆمی لە ئەمریکاوە بۆ ئێران دۆزرایەوە. [٧]

پەیوەندی ئێران لەگەڵ ئەمریکا دوای شۆڕشی ئیسلامیی لە چوارچێوەی سێ قوتابخانەی فیکری لەناو سیستەمی سیاسی ئێران لێکدانەوەی بۆ کراوە: [٨]

قوتابخانەی یەکەم: ئەم قوتابخانەیە پێی وایە ئەمریکا ناتوانێت دەستبەرداری سیاسەتی هەژموونی خۆی بێت. لە ئاکامدا کۆماری ئیسلامیی ئێران ئەم هەژموونە ئەمریکییە ڕەتدەکاتەوە و ئامانجی ستراتژیکی ئەمریکا ڕووخاندنی ڕژێمی هەنووکەیی لە ئێرانە. ئەم قوتابخانەیە گومانی هەیە لە هەر هەوڵێکی ئاشتەوایی کە لەلایەن ئەمریکاوە سپۆنسەر دەکرێت، بەڵام بە توندی توانەوەی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵات ڕەت ناکاتەوە.

قوتابخانەی دووەم: ئەم قوتابخانەیە پێی وایە دوژمنایەتییەکی سروشتی لەنێوان

ئێرانی ئیسلامیی و ڕۆژئاوادا هەیە، ڕێگەکەش بەرخۆدان و خۆڕاگرییە تا ئەمریکا دان بە ئێراندا بنێت. دانوستان لەگەڵ ئەمریکا واتە قبووڵکردنی شکست، هێڵی سوور.

قوتابخانەی سێیەم: پێیان وایە کە ئەمریکا هەوڵی گۆڕینی نیزام لە ئێران دەدات ئەگەر بتوانێت، بەڵام ئەوان پێیان وایە بەرژەوەندی هاوبەش زۆرن. تیرۆر و توندڕەوی نوێنەرایەتی دوژمنێکی هاوبەش و مەترسیدار بۆ هەردوو ئێران و ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لە ناوچەکەدا دەکەن. ئەم قوتابخانەیە جەخت لەوە دەکاتەوە کە مەترسییەکانی بەردەم هەردوولا ناچاریان دەکات هاوکاری بکەن.

## تەوەری دووەم: خولی دانوستانەکان

خولی یەکەمی دانوستانەکان لە مەسقەت لەسەر دیاریکردنی ڕێڕەو و فۆرمی دانوستانەکان بوو،[٩] لە کاتێکدا خولی دووەم لە ڕۆما سەرنجی لەسەر دانانی چوارچێوەیەک بوو بۆ چۆنیەتی بەردەوامبوونی دانوستانەکان. بە گوتەی وەزیری دەرەوەی ئێران عەباس عێراقچی، هەردوولا ڕێکەوتن لەسەر دەستپێکردنی پەرەپێدانی چوارچێوەیەک بۆ ڕێکەوتنێکی ئەتۆمی ئەگەری و بەرپرسێکی ئەمریکیش دانوستانەکانی بە «پێشکەوتنی زۆر باش» وەسف کرد.[١٠] لە ٢٣ی نیساندا، کۆبوونەوەیەکی ئاستی پسپۆڕان لە مەسقەت لە نێوان هەردوو وڵات بەڕێوەچوو، کە بەرپرسێکی ئێرانی بە «سەخت و ئاڵۆز » وەسفی دانوستاندنەکانی کرد. لە ٢٦ی نیساندا جارێکی دیکە خولی سێیەم لە شاری مەسقەت بەڕێوەچوو، کە بە گوتەی عێراقچی، هەردوولا خاڵی نووسراویان ئاڵوگۆڕ کرد و بەشداری «گفتوگۆی قووڵتر و وردتر»یان کرد. بەرپرسێکی باڵای ئیدارەی ئەمریکا گفتوگۆکانی بە «ئەرێنی و بنیاتنەر» وەسف کرد.(١١) هەرچەندە هەردوولا ڕێکەوتن لەسەر ئەنجامدانی خولی چوارەمی دانوستانەکان لە ڕۆما لە ٣ی ئایاری ٢٠٢٥، بەڵام بە هۆکاری لۆجستی دواخرا. پێدەچێت دواخستنی سزاکە بەهۆی ئەو سزا نوێیانەوە بووبێت کە لە ٣٠ی نیساندا لەلایەن وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکاوە دژی ئەو کۆمپانیایانە ڕاگەیەندرا کە بە وتەی خۆی پەیوەندییان بە تارانەوە هەیە و تێوەگلاون لە بازرگانی نایاسایی نەوت و پترۆکیمیایی ئێران.[١٢] دواتر پێش خولی چوارەمی دانوستانەکان، پیت هێگسێس وەزیری بەرگری ئەمریکا هەڕەشەی لە ئێران کرد بەهۆی پشتیوانیکردنی لە حوسییەکان لە یەمەن. [١٣] بەڵام ئەم دواخستن و

پەرەسەندنە نەبووە هۆی دارِمانی دانوستانەکان، چونکە هەردوولا هەوڵدەدەن خۆیان بەدوور بگرن بۆ رووبەرِوو بوونەوەی راستەوخۆ.

چوارەمین خولی دانوستانەکانی نێوان ئێران و ئەمریکا سەبارەت بە بەرنامەی ئەتۆمی ئێران لە مەسقەتی پایتەختی عومان لە ١١ی ئایاری ٢٠٢٥ بەرِێوەچوو. بەدر ئەلبوسەیدی، وەزیری دەرەوەی عومان لە پۆستێکدا لە پلاتفۆرمی تویتەر رایگەیاند، «ئەمرِۆ (٢٠٢٥/٥/١١) خولێکی دیکەی دانوستانەکانی نێوان ئێران و ئەمریکا لە شاری مەسقەت کۆتایی پێهات. گفتوگۆکان بیرۆکەی بەنرخ و داهێنەرانەیان لەخۆگرتبوو کە رەنگدانەوەی خواستی هاوبەشە بۆ گەیشتن بە رێکەوتنێکی هاوسەنگ و گونجاو». دانوستانەکان زیاتر لە سێ کاتژمێری خایاندووە و بەهۆی هەندێک جیاوازی دیدگاکانەوە، بەتایبەتی سەبارەت بە بەرنامە ئەتۆمییەکەی ئێران. شرۆڤەکارێکی سیاسی عومان بە ئاژانسی هەواڵی شینخوای چینی راگەیاند، «ئەم خولەی دانوستانەکانی نێوان ئەمریکا و ئێران گرنگ و چارەنووسسازە، بەو پێیەی پێشبینی دەکرێت چارەسەری ئەو پرسانە بکات کە پەیوەندییان بە قووڵایی ناکۆکییەکانەوە هەیە. (١٣)

پێنجەمین خولی دانوستانی نارِاستەوخۆی ئێران و ئەمریکا سەبارەت بە بەرنامەی ئەتۆمی ئێران بە نێوەندگیری سوڵتانییەتی عومان رۆژی هەینی لە رۆما کۆتایی هات. قۆناغی یەکەم لە ١٢ی نیسان لە شاری مەسقەت دەستی پێکرد.

بەدر ئەلبوسەیدی، وەزیری دەرەوەی عومان رایگەیاند، «ئەمرِۆ لە رۆما، قۆناغی پێنجەمی دانوستانەکانی ئێران و ئەمریکامان کۆتایی پێهێنا. هەندێک پێشکەوتنمان بەدەستهێنا، هەرچەندە بێ ئەنجام بێت. هیوادارین لە چەند رۆژی داهاتوودا ئەو پرسانەی کە ماون روون بکەینەوە، رێگە بە پێشکەوتن بەرەو رێکەوتنێکی بەردەوام بدات». دوای تەواوبوونی گفتوگۆکان وەزارەتی دەرەوەی ئێران رایگەیاند؛ دانوستانەکان لە کەشێکی ئارامدا بەرِێوەچوون. پێشتر ئاژانسی هەواڵی تەسنیم بڵاویکردەوە، خولی پێنجەمی دانوستانەکان لە رۆما بە سەرۆکایەتی عەباس عێراقچی، وەزیری دەرەوەی ئێران و ستیڤ ویتکۆف، نێردەی تایبەتی ئەمریکا لە رۆژهەڵاتی ناوەرِاست دەستپێکردووە و عومان نێوەندگیری کردووە. (١٤)

شەشەمین گەرِی دانوستانەکان وا بریار بوو رۆژی یەکشەممە ١٥ی حوزەیرانی ٢٠٢٥ بەرِێوەبچێت بەڵام شەرِی ئیسرائیل و کۆماری ئیسلامیی ئێران ئەم گەرِەی

دانوستانەکانی نەک تەنها پەکخست، بەڵکو ئەم جەنگە لەوانەیە ببێتە هۆی گۆڕانکاری زۆر گەورە لەسەر ئاستی ناوچەکەدا. وەزیری کاروباری دەرەوەی عومان بەدر ئەلبوسەعیدی ۆژێک بەر لە وادەی بەڕێوەچوونی دانوستانەکان (١٤ی حوزەیران) ڕایگەیاند کە گەڕی شەشەمی دانوستانەکان بەڕێوەناچن. (١٥) ئەمەش دوای ئەوە هات کە ڕۆژی هەینی ١٣ی حوزەیران ئیسرائیل زۆر بە چڕی هێرشی کردە سەر ئێران. ئەم جەنگە دۆخی دانوستانەکانی بە تەواوی گۆڕی. لێکدانەوەکان لەم بارەوە دوو ئاڕاستەن، یەکێکیان پێیوایە ئەم جەنگە مەبەستی سەرەکی بۆ ئەوەیە کە ئێران بە تەواوی ڕازی بێت بە مەرجەکانی ئەمریکا و ڕاگرتنی پیتاندنی یۆرانیۆم کە ئیسرائیل بەردەوام جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە کە تاران تەنها یاری لەگەڵ کات دەکات بۆ ئەوەی بەرنامە ئەتۆمییەکەی تەواو بکات، بە تایبەتی سەربازی کۆماری ئیسلامیی ئێران کە زۆر توند بوون لەم بارەوە. ئاڕاستەیەکی دیکەش هەیە شرۆڤەکاران وای بۆ دەچن کە ئیدی ئەم جەنگە تەنها جەنگی نێوان ئێران و ئیسرائیل نییە، بەڵکو بەشێک لە دەوڵەتانی عەرەبیش لەگەڵ ئەوەن کە ئێران لاواز بکرێت لە ڕێگەی گورزی سەربازییەوە. ئەمەش لەڕووی ستراتیژییەوە خزمەت بە بەرژوەندی ئەو دەوڵەتە عەرەبیانە دەکات کە بەردەوام ئێران مەترسی لەسەر خۆیان دەبینن.

### تەوەری سێیەم: ڕوانگەی توندی واشنتۆن ئاڕاستەی بەرەو ڕێکەوتن قورس دەکات!

ئامانج ستراتیژیی گشتی ئەمریکا ئەوەیە، کە ئایا ئیدارەی ئەمریکا بە سەرۆکایەتی دۆناڵد ترەمپ ئەوە قبووڵ دەکات کە  ئێران بگاتە ئاستی پیتاندنی یۆرانیۆم، کە ئەمەش شایستەی بەرهەمهێنانی چەکی ئەتۆمی دەبێت ئەگەر بڕیاریدا بێت.(١٦) ئەم سیناریۆیە لە ڕێکەوتنە ئەتۆمییەکەی ساڵی ٢٠١٥ لەگەڵ ئێراندا ئامادەبوو، دواتریش کاتێک ترەمپ لێی کشایەوە. ڕێکەوتنەکە ڕێگەی بە ئێران دا کە ژێرخانی ئەتۆمی و دامەزراوە ئەتۆمییەکانی و سەنتەرفیوژەکانی بپارێزێت. لەم ڕوانگەیەوە بەشێک لە بەرپرسانی ئیدارەی ترامپ دەڵێن کە دەبێت بەرنامەی ئەتۆمی ئێران بە تەواوی هەڵبوەشێنرێتەوە. هەروەها سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل بنیامین ناتانیاهۆ داوای ئەمە دەکات و پێداگری لەسەر ئەوە دەکات کە تاکە ڕێکەوتنێک کە ئیسرائیل قبووڵی دەکات

هەڵوەشاندنەوەی ئەو بەرنامەیە، هاوشێوەی ئەوەی لە ساڵی ٢٠٠٣ لە لیبیا ڕوویدا، «لەژێر چاودێری و جێبەجێکردنی ئەمریکادا». ئەگەر ئەمە ڕوونەدات، ئەوا پەنابردنە بەر «بژاردەی سەربازی» کراوە دەبێت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئێران.[١٧] لە لایەکی تریشەوە لە ئیدارەی ترەمپ کەسانێک هەن کە پێیان وایە ئەم بژاردەیە ناواقیعییە و ئێران ناتوانێت قبووڵی بکات. ئەگەر واشنتۆن لەسەر ئەم مەرجە پێداگری بکات، ترەمپ ناچار دەبێت شەڕ لەگەڵ ئێران بکات، بەو پێیەی زیاتر لە جارێک هەڕەشەی کردووە. بەباشی دەزانرێت کە گفتوگۆکانی ناو ئیدارەی ترەمپ سەبارەت بە ئێران هێشتا بەردەوامن.

ڕوانگەی یەکەم کە باوەڕی بە ئەولەویەتی چارەسەری دیپلۆماسی هەیە، تەنانەت ئەگەر ئەمە پاراستنی ژێرخانی ئەتۆمی ئێرانی سنووردار و چاودێری توندی ئێرانیش لەخۆ بگرێت، جێگری سەرۆک کۆمار ج. ویتکۆف بەرپرسانی ئیدارەی ترەمپی ئاگادار کردەوە کە پێداگری لەسەر هەڵوەشاندنەوەی تەواوەتی بەرنامە ئەتۆمییەکەی ئێران بە مانای هیچ ڕێکەوتنێک نایەت و هەربۆیە بەدیلەکە لێدانی دامەزراوە ئەتۆمییەکانی ئێرانە، لەگەڵ کاردانەوەی ئەمنی و سیاسی و ئابووری کە ئەمە بۆ بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا بەدوای خۆیدا دەهێنێت.[١٨]

ڕوانگەی دووەم کە داوای هەڵوەشاندنەوەی تەواوەتی بەرنامە ئەتۆمییەکەی ئێران دەکات، بریتین لە مارکۆ ڕوبیو وەزیری دەرەوە، مایک واڵتز، ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانی (بەم دواییە لەلایەن ترەمپەوە لە کارەکەی دوورخرایەوە) و سیناتۆر لیندسی گراهام کە هاوپەیمانێکی نزیکی ترەمپە. ئەم گرووپە پێیان وایە کە پاراستنی بەرنامە و دامەزراوە ئەتۆمییەکانی ئێران، ترەمپ بەرەوڕووی ڕەخنەی بەرچاو دەبنەوە، بەو پێیەی کە «هەڵەی» ئیدارەی باراک ئۆباما دوبارە دەکاتەوە، کە پێشتر ترەمپ بە «کارەسات» وەسفی کردووە.[١٩] ئەم گرووپە هەروەها دەڵێن ئێران لە هەموو کاتێک لاوازترە بەهۆی ئەو زیانانەی کە ئیسرائیل بە توانای هاوپەیمانەکانی (بەتایبەت حزبوڵڵای لوبنانی) گەیاندووە، کەوتنی ڕژێمی بەشار ئەسەد لە سووریا، و ئەو لێدانانەی کە حوسییەکانی یەمەن دەکەنە ئامانج. ئەوان پێیان وایە کە ئێران ئەمڕۆ لە هەموو کاتێک زیاتر لاوازە بەهۆی ئەو سزا ئابوورییە توندانەی ئەمریکا بەسەریدا سەپێنراوە، زیادبوونی ئامادەیی سەربازیی ئەمریکا لە ناوچەکە و سەرکەوتنی ئیسرائیل لە ئۆکتۆبەری ٢٠٢٤

لە تێکدانی بەرگرییە ئاسمانییە ستراتیژییەکانی تاران لە ڕێگەی هێرشەکانیەوە. ئەمەش بەو مانایەیە کە شوێنە ئەتۆمی و سەربازییە هەستیارەکان بە ئەگەری زۆر بەرەوڕووی هێرشەکانی داهاتوو دەبنەوە.

ویتکۆف بە ئاماژەدان بە ناکۆکییەکانی ناو ئیدارەی ترەمپ لەسەر ئەم پرسە، لە ١٤ی نیساندا، دوای خولی یەکەمی دانوستانەکان، ڕایگەیاند کە ڕێگە بە ئێران نادەن کە بەردەوام بێت لە پیتاندنی یۆرانیۆم تا ئەو ئاستەی کەپێویستە بۆ بەرنامەیەکی ئاشتیانەی وزەی ئەتۆمی، بە مەرجێک دڵنیا بێت کە مووشەکی بالیستیک پەرەپێنادات کە توانای گەیاندنی چەکی ئەتۆمی هەبێت یان تریگەر بەرهەم بهێنێت کە بتوانێت تەقاندنەوەی بۆمبی ئەتۆمی. بەڵام ڕۆژێک دواتر لێدوانەکەی پاشگەز بوویەوە و جەختی لەوە کردەوە کە «ئێران دەبێت بەرنامەی پیتاندن و چەکی ئەتۆمی خۆی بوەستێنێت و نەهێڵێت»[٢٠]، بانگەشەیەک کە ئێران بە توندی ڕەتیدەکاتەوە. ڕوبیۆ تەنانەت لەوەش زیاتر دەڕوات و جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئێران دەبێت بەپێی هەر ڕێکەوتنێک لەگەڵ ئەمریکا پیتاندنی یۆرانیۆم ڕابگرێت و تەنها ڕێگەی پێدەدرێت «ئەو شتانە هاوردە بکات کە پێویستی پێیەتی بۆ بەرنامەیەکی ئەتۆمی مەدەنی.»[٢١]

### تەوەری چوارەم: نا دڵنیایی و ترسی تاران لە ئەمریکا

عەلی خامنەیی ڕێبەری شۆڕشی ئیسلامیی ئێران لە ڕێوڕەسمی یادی یەکەمین ساڵوەگەڕی تیرۆرکردنی ئیبراهیم ڕەئیسی، سەرۆک کۆماری پێشووی ئێران لە ١٩ی گوڵانی ٢٠٢٤ لە تارانی پایتەختی ئێران بەڕێوەچوو، ژمارەیەک لە ڕێبەرانی سیاسی، سەربازی و ئەمنی و هەروەها زانایانی ئایینی ئامادەبوون. ناوبراو لە سەر چەند تەوەرێکی پەیوەست بە مەیدانی و پێشهاتە سیاسییەکانی گۆڕەپانی ئێران قسەی کرد، دیارترینیان دانوستانی هاوبەشی ئەمریکا و ئێران بوو کە هاوکات لەگەڵ بەڕێوەچوونی خولی پێنجەمی دانوستانەکان. ئەم دانوستانانە سەرنج و بەدواداچوونی وردی هەموو بازنەکانی نێودەوڵەتی و ناوچەیی بەخۆیەوە سەرقاڵ کردووە، چاوەڕوانی ئەنجام و کاریگەرییەکانیانن بۆ سەر گشت ئەو پرس و ڕووداوانەی کە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهانی عەرەبیدا ڕوودەدەن و کاریگەری و ئاسۆی داهاتوویان لە هەموو ئاستەکاندا کە پەیوەندییان بە بەرژەوەندییە باڵاکانی چەندین وڵاتی جیهانیی و ناوچەیی و

عەرەبییەوە هەیە. ڕێبەری ئیسلامیی ئێران قسەی کرد و هەڵوێستی سیاسی سەبارەت بە ڕەوتی ئەو دیالۆگانەی کە لە خولەکانی دانوستانەکاندا شاهیدی بوون ڕوونکردەوە و وتی: قسەکردن لەسەر ڕێگەنەدان بە ئێران بۆ پیتاندنی یۆرانیۆم هەڵەیەکی گەورەیە و تاران چاوەڕێی مۆڵەتی هیچ کەسێک ناکات.[٢٢]

ئەمەش هەڵکشانێکی توندی ڕیتۆریکی ئێرانە لە بەرزترین ئاستی سیاسی وڵاتەوە، ئاماژەیە بۆ دۆخی ناکۆکی لەگەڵ مەرجەکانی ئەمریکا و ئەوەی لە پەیامەکەی دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکا بۆ سەرکردایەتی ئێران سەبارەت بە بەرنامەی ئەتۆمی ئێران و پێویستی کارکردن بۆ واژۆکردنی ڕێکەوتنێکی هەمیشەیی کە گەرەنتی ڕاگرتنی پیتاندنی یۆرانیۆم لەلایەن ئێرانەوە و فرێدانی ئەو ئاستانەی کە پێی گەیشتووە لە ژێر چاودێریی ئێراندا هاتبوو پشکنەرانی ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەی ئەتۆمی یان ناردنی بۆ یەکێک لە وڵاتانی هاوپەیمانی ئێران و سوود وەرگرتن لە پەیوەندی لەگەڵ ئەمریکا

هەڵوێستی ئێران ڕەنگدانەوەی سروشتی ئەو سیاسەتەیە کە عەلی خامنەیی گرتویەتیەبەر، بەو پێیەی سەرپەرشتی و بەرپرسیارە لە نەگۆڕەکانی سیاسەتی دەرەوە و پەیوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتانی جیهان، هەروەها لە گرتنەبەری فۆرمولە و ئامرازە بەردەستەکان بۆ پاراستنیان بە شێوەیەک کە ئێران بتوانێت بەرژەوەندییەکانی بپارێزێت و بەرگری لە سیستەمی سیاسی خۆی بکات. هەر بۆیە بەیاننامەکەی عەباس عێراقچی وەزیری دەرەوەی ئێران لەگەڵ پێشنیارەکانی ڕێبەری ئیسلامیدا هاوڕابوو و پابەند بوو بە بەرگریکردن و پەسەندکردنی لە هەر خولێکی دانوستاندنەکانی داهاتوودا، ئاماژەی بەوەدا کە «ئێران لە کاتی دانوستانە ئەتۆمییەکان ڕووبەڕووی هەڵوێستی تەواو نالۆژیکی ئەمریکی دەبێتەوە، هەروەها پیتاندنی یۆرانیۆم لەلایەن تارانەوە بۆ دانوستان نییە». ئەمەش بەو مانایەیە کە هیچ ڕێسا و بناغەیەکی تۆکمە نییە کە دانوستانەکان بکاتە فاکتەری سەرەکی و بڕێکی هاوبەش بۆ گەیشتن بە ئەولەویەتەکانی جێگیر کە بەشدارن لە بەهێزکردنی دۆخی کۆدەنگی سیاسی نێوان واشنتۆن و تاران. وەسفکردنی سیاسیی خامنەیی بۆ بارودۆخی ئەمریکا، بە زیادەڕەوی و تووڕەیی سەیرکردنی، سەبارەت بە وەستانی پیتاندنی یۆرانیۆم و جەختکردنەوە لەسەر ئەوەی کە درێژەدان بەو بارودۆخە جگە لە بێمانایی و لێدوانی پووچ هیچی تر نییە، دۆخی پشێوی و لێکنەگەیشتن لە نێوان ئیدارەی ئەمریکا و بەرپرسانی ئێران

پشتڕاست دەکاتەوە. هەروەها ئاماژەیە بۆ داهاتوویەکی نادیار سەبارەت بە درێژەی دانوستانەکان و گۆڕانکارییەکی ڕوون لە پێگەی سیاسی ئێران، کە پێشتر لەلایەن عەلی شەمخانی ڕاوێژکاری سیاسی ڕێبەری ئیسلامی ئێرانەوە ڕاگەیەندرابوو، کە وتی: ئێران بەڵێن دەدات کە چەکی ئەتۆمی دروست نەکات و کەڵەکەبووەکەی لە یۆرانیۆمی زۆر پیتێنراو فڕێ بدات و ڕازی دەبێت لەسەر پیتاندنی یۆرانیۆم تەنها بە کەمترین ئاستی پێویست بۆ بواری مەدەنی و خزمەتگوزارییەکان، و ڕێگە بە پشکنەرە نێودەوڵەتییەکان دەدات سەرپەرشتی پرۆسەکە بکەن.» [٢٣]

هاوکات لەگەڵ هەڵگرتنی گەمارۆ ئابوورییەکان و ئازادکردنی سەرووەت و سامانە بلۆک کراوەکان و هاوسەنگکردنەوەی پەیوەندییە سیاسییەکانی ئێران لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و ناوچەیی. پێداگری ئێران لەسەر سیاسەتی ناپاکیی خۆی، گەڕانەوەی بۆ سەرەتای ناکۆکی لەگەڵ ئەمریکا، و ڕوون نەبوونەوەی لە پشتیوانیکردنی ئەو دۆخە ئەرێنییەی کە دانوستانەکان پێیەوە دەستیپێکردووە، و پەسەندکردنی فۆرمول و ئامرازە بەردەستەکان بۆ تاوتوێکردنی پرسەکانی پەیوەست بە بەرنامەی ئەتۆمی ئێران و پرسەکانی دیکەی پەیوەست بە هەڵسوکەوتی سیاسی ناوچەیی ئێران، پشتیوانیکردنی لە لایەنە چەکدارەکان و میلیشیاکانی پەیوەست بە سپای پاسدارانی شۆڕشی ئێران، و ئەو وڵاتە بەرنامەی مووشەکی بالیستی و فڕۆکەی بێفڕۆکەوان، بە واتای کردنەوەی ڕێڕەوی نوێ دێت کە ئیدارەی ئەمریکا دەگەڕێنێتەوە بۆ کردەوەی سەربازی هەڕەشەئامێز و ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆ. سیاسەتی ناپاکی و دواخستنی ئێران هێشتا لە سەر وادەی نوێی دانوستان لەگەڵ واشنتۆن ڕازی نەبووە . خامنەیی هەوڵ دەدات هەڵوێستی نەگۆڕی دانوستانکاری ئێرانی و پابەندبوونی بە مافەکانی ئێران بۆ پاراستنی ڕێژەی سنووورداری پیتاندنی یۆرانیۆم و هەڵگرتنی سەنتەرفیوجی کارامە کە لە بەرهەمهێنانی مادەی شکاو بۆ چەکی ئەتۆمی کەڵک وەرگرێت و بۆ خەڵکی ئێران نیشان بدات. بۆیە ئەو خولە بەردەوامەکانی دانوستانەکان بە «ناسەرکەوتوو» دەزانێت و کاتێکی گونجاو دێت بۆ ئاشکراکردنی هۆکارەکان لە داهاتوودا. ئەو ڕەتیدەکاتەوە کە ڕێکەوتنێکی هەمیشەیی لەسەر بەرنامەی ئەتۆمی و پرسەکانی دیکە کە سروشتی سیاسی و ئەمنییان هەیە.[٢٤]

ئیدارەی ئەمریکا بەردەوامە لە داواکردنی ئێران پیتاندنی یۆرانیۆم ڕابگرێت، کە بە وتەی خۆی ڕێگەیەکی پۆتانسێلە بۆ دروستکردنی بۆمبی ئەتۆمی. ڕێگە بە ئێران نادات تەنانەت ١٪یش بپیتێنێت، هەر ڕێکەوتنێکی ئەگەری لەگەڵ ئێراندا دەبێت ڕاگرتنی پیتاندنی یۆرانیۆم لەخۆ بگرێت. ئەمەش لەلایەن مارکۆ ڕوبیۆ وەزیری دەرەوەی ئەمریکا لە چاوپێکەوتنێکی تەلەفزیۆنیدا لە ١٧ی ئایاری ٢٠٢٥ پشتڕاستکرایەوە، کاتێک وتی، ئێران هەرگیز ناتوانێت خاوەنی چەکی ئەتۆمی بێت و هیوادارین لە ڕێگەی دیپلۆماسییەوە لەگەڵیدا بگەینە ڕێکەوتن، ئێمەش پابەندین بەوەوە. پەرەسەندنی ڕیتۆریکی ئێران کە لە لایەن ڕێبەری ئیسلامیی ئێرانەوە دەربڕدراوە، ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە تاران هێشتا پابەندە بە سیاسەتی نیشاندانی هێز و ڕەتکردنەوەی جێبەجێکردنی مەرجەکانی، کە خامنەیی بە وتنی "ئەوە بێ ئەدەبیی لە ڕادەبەدەر"ی دەربڕیوە و ئێران سیاسەت و ڕێبازی تایبەتی خۆی هەیە. ئەمەش پاڵ بە ئیدارەی ترامپەوە دەنێت بۆ چڕکردنەوەی گفتوگۆکان و بەکارهێنانی سیاسەتی زۆرترین فشار، کە ڕێگری لە گەیشتن بە ئامانجەکانی ئێران دەکات کە بریتین لە هەڵگرتنی گەمارۆ ئابوورییەکان و کەمکردنەوەی ئەو بارگرانییە ئابووری و کۆمەڵایەتییانەی کە بەدەستیەوە دەناڵێنن، کە مەترسی لەسەر بوون و مانەوەی سیستمە سیاسیەکەی دروست دەکەن.[٢٥]

ئێران بەردەوامە لە پاراستنی هەڵوێستی خۆی بەوەی هەوڵ نادات خاوەنی چەکی ئەتۆمی بێت چونکە قەدەغەیە. بەڵام دەستی کردووە بە گۆڕینی تۆن و ڕێبازی خۆی سەبارەت بە بەرنامە ئەتۆمییەکەی، هەڕەشەی کشانەوەی لە پەیمانی قەدەغەکردنی بڵاوبوونەوەی چەکی ئەتۆمی دەکات لە وەڵامی هەر هەڵوێست و کردارێکی ئەورووپی یان ئەمریکی. ئێران بیرۆکەی هەڵوەشاندنەوەی بەرنامە ئەتۆمییەکەی ڕەتدەکاتەوە، چونکە بە هێڵی سووری دەزانێت کە دەستبەرداری نابێت. دانوستانە بەردەوامەکان هەڵوێستی واشنتۆن پشتڕاست دەکەنەوە کە پیتاندنی یۆرانیۆمی قەدەغەیە جگە لەوەی کە بە ڕێگەی ئاشتیانە ڕێگەی پێدراوە. ئەگەرنا مەترسی کردەوەی سەربازی ئەو ڕێباز و میتۆدە دەبێت کە دەتوانرێت وەک فاکتەری فشاری سیاسی بەکاربهێنرێت بۆ گەیشتن بە ڕێکەوتنێکی ئەتۆمی هەمیشەیی.

**دەرەنجامێکی ناڕوون!**

لە دەرەنجامدا، دوای کۆتاییهاتنی خولی پێنجەمی دانوستانی ناڕاستەوخۆی نێوان ئەمریکا و ئێران لە ڕۆمای پایەتەختی ئیتالیا، جارێکی دیکە سەرنجەکان دەچنە سەر هەوڵەکانی سەڵتەنەتی عومان بۆ لێکنزیککردنەوەی دیدگاکان و داوای خولێکی نوێ بە ئامانجی گەیشتن بە ڕێکەوتنی ئەتۆمی. بەڵام بە گوتەی شارەزایانی ئێرانی، بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ئاستەنگە بنەڕەتییانەی کە ڕێگری لە لێکتێگەیشتن لە نێوان تاران و واشنتۆن دەکەن، ئاماژەکان ئاماژەیەکی باش نییە بۆ ڕێکەوتنێکی نزیک.

بەپێی سەرچاوەیەکی نزیک لە تیمی دانوستانکاری ئەتۆمی ئێران بۆ ئاژانسەکانی هەواڵ ئاشکرای کردووە کە لێدوانەکانی دۆناڵد ترەمپ سەرۆکی ئەمریکا سەبارەت بە نزیکبوونەوەی ڕێکەوتن لەگەڵ ئێران «ناڕوون و سەرلێشێواون، و هیچ مانایەکی لۆژیکی بۆ ڕێکەوتنێکی ڕاستەقینە هەڵناگرن». بەگوێرەی ئەو سەرچاوەیە، «ترەمپ باسی لە ئەگەری ڕێکەوتنی لەگەڵ ئێران کردووە، بەڵام ڕایگەیاندووە، بەڵگەنامەیەکی زۆر بەهێزی دەوێت، لەگەڵ پشکنینی توند، ئاماژەی بەوەشکردووە، متمانەی بە کەس نییە و توانای هێنانی پشکنەری هەیە و هەرچی بیەوێت بیبات و هەرچی بیەوێت بیتەقێنێتەوە، بە مەرجێک کەس نەکوژرێت! ئێمە دەتوانین بۆ نموونە تاقیگەیەک بتەقێنینەوە بە مەرجێک کەس لەناوەوە نەبێت». سەرچاوەکە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات بەم ڕێبازە، ترەمپ تەنیا چاودێران بەلاڕێدا نابات، بەڵکو شرۆڤەکارانیش سەرلێشێواو دەکات، هەمووان لە حاڵەتێکی تێنەگەیشتنێکی تەواو لە مانای لێدوانەکانیدا جێدەهێڵێت.

ئەو سەرچاوەیە وای زانی کە لێدوانەکانی ئەم دواییەی ترامپ سەرلێشێواوییەکی ڕوون لە نێوان چارەسەرە دیپلۆماسییەکان و هەڕەشە سەربازییەکان ئاشکرا دەکات و جدیەتی ئەمریکای لە گەڕانەوە بۆ دانوستانە ڕاستەقینەکان دەخاتە ژێر پرسیارەوە ئەگەر قسە و باسە سیاسییەکان بەو شێوەیە ناهاوسەنگ بمێننەوە.

بەدەر لە هەموو ناڕوونییەکان جا چ لەلایەن هەڵوێستی ئەمریکاوە یان ئێرانەوە بێت، هێرشەکانی ئیسرائیل بۆ سەر ئێران و دەستپێکردنی جەنگ لە نێوان هەردوولا

ئاڕاستەی دانوستانەکانی بە تەواوی گۆڕی، ئەمەش بووە هۆی وەستاندنی گەڕی دانوستانەکان و بەڕێوەنەچوونی خولی شەشەم. تاران ئەمریکا بە یارمەتیدەر و پاڵپشتیکاری ئیسرائیل لە قەڵەم دەدات و جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ئەگەر یارمەتی ئەمریکا نەبێت ئیسرائیل ناتوانێت بەو جۆرە هێرش بکات، ئەمە بە فەرمی لەسەر زاری وەزیری دەرەوەی ئێران ڕاگەیەنراوە.

سەرباری وەستاندنی دانوستانەکان، بەڵام لەسەر ئاستی باڵا لەلایەن کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە ئەو خواستە بەدیدەکرێت کە جارێکی دیکە لەگەڵ ئەمریکا بگەڕێنەوە سەر مێزی دانوستانەکانەوە بەڵام دۆناڵد ترامپ چەند جارێک ڕایگەیاندووە کە ئەوان دەرفەتی باشیان بە تاران دابوو بۆ ئەوەی بگەنە ڕێکەوتن، بەڵام تاران خواستی جدی نەبوو. ئەمە لە کۆبوونەوەی وڵاتانی جی حەوت (G٧) دا لەلایەن ترامپەوە جەختی لەسەر کرایەوە کە لە ڕۆژی ١٦ی حوزەیرانی ٢٠٢٥ لە کەنەدا بەڕێوەچوو. ترامپ لە تویتێکدا لە تۆڕی کۆمەڵایەتی ئێکس ڕایگەیاند کە ئێران داوای ڕێکەوتنی کردووە، بەڵام ئێستا کاتەکەی درەنگ کەوتووە. لەسەر ئاستی وڵاتانی جیهانیش لەوانە تورکیا، ڕووسیا، چەندین وڵاتی دیکەش ڕایانگەیاندووە کە ئەوان ئامادەن بۆ نێوەندگیری نێوان ئێران و ئیسرائیل بە مەبەستی وەستاندنی جەنگ.(٢٦)

## سەرچاوەکان

(١) فاطمة الصمادي. (٢٠١٥). العلاقات الإيرانية - الأمريكية: قطيعة لا تمنع الصفقات، في محمد الأحمري (مقدماً)، العلاقات العربية ـ الإيرانية في منطقة الخليج، منتدى العلاقات العربية والدولية، قطر، ط الأولى، ص١٢٥.

(2)Iran: Internal Politics and U.S Policy and Options, Congressional Research Service, March 6, 2019. p20.

(٣) أمل حمادة. (٢٠١٤). الصراع المقيد: الشرق الأوسط في التفاعلات الإيرانية – الأمريكية، مجلة السياسة الدولية، العدد ١٩٦، مركز الأهرام للدراسات السياسية والاستراتيجية، القاهرة، ص٨٨.

(٤) محمد السعيد عبد المؤمن. (٢٠١٢). العلاقات مع أمريكا بين خامنئي ورفسنجاني، مجلة مختارات إيرانية، العدد ١٤٢، مركز الأهرام للدراسات السياسية والاستراتيجية، القاهرة، ص٦١.

(٥) أحمد الباز. (٢٠١٨). الثورة والحرب تشكيل العلاقات الإيرانية ـ الخليجية، العربي للنشر والتوزيع، القاهرة، ط الأولى، ص١٤٤ : ١٤٥.

(٦) أحمد الباز. المرجع السابق، ص١٤٦.

(٧) أحمد إبراهيم محمود. (٢٠٠٥). البرنامج النووي الإيراني.. آفاق الأزمة بين التسوية الصعبة ومخاطر التصعيد، مركز الأهرام للدراسات السياسية والاستراتيجية، القاهرة، ص٨٧ : ٩٠.

(٨) ياسر عبد الحسين. (٢٠٢٥).السياسة الخارجية الإيرانية, مستقبل السياسة في عهد الرئيس حسن روحاني، شركة المطبوعات للتوزيع والنشر، بيروت، ط الأولى، ص ٢٠٨ : ٢١٠.

(9) Barak Ravid. (19/4/2025). "U.S.-Iran Nuclear Talks Held in Rome as Trump Backs Diplomacy over Strike," AXIOS, accessed on 31/5/2025, at: https://acr.ps/1L9zSfJ

(10) Parisa Hafezi. (19/4/2025). "Iran, US Task Experts with Framework for a Nuclear Deal after ‹Progress› in Talks," Reuters, accessed on 31/5/2025, at: https://acr.ps/1L9zSot

(11) Jon Gambrell. (27/4/2025). "Iran and the US Hold Hours of Expert Talks in Oman over Tehran's Rapidly Advancing Nuclear Program," Associated Press, accessed on 5/5/2025, at: https://acr.ps/1L9zRr7

(12) Maximum Pressure Sanctions on Illicit Traders of Iranian Petroleum and Petrochemical Products," U.S. Department of State, 30/4/2025, accessed on

1/6/2025, at: https://acr.ps/1L9zSpt

(١٣) عربي نيوز. (٢٠٢٥). تقرير إخباري: اختتام الجولة الرابعة من المحادثات الإيرانية - الأمريكية مع رغبة في التوصل لاتفاق مشرف، ٢٠٢٥-٠٥-١٢ ، arabic.news.cn، accessed on ٢٠٢٥/٦/١, at: https://shorturl.at/zOF٦٣

(١٤) الجزيرة نت. (٢٠٢٥). تفاؤل إيراني بجولة المحادثات الخامسة مع واشنطن في روما، ٢٠٢٥/٥/٢٣، accessed on https://shorturl.at/JXHzm ٢٠٢٥/٦/١, at:

(١٥) ايران انترناشنال. (٢٠٢٥). وزير خارجية عُمان يعلن إلغاء الجولة السادسة من المفاوضات بين طهران وواشنطن، ٢٠٢٥/٦/١٤. https://rb.gy/accessed on ٦aivwz ٢٠٢٥/٦/١٦, at:

(16) David E. Sanger, Farnaz Fassihi & Lara Jakes. (19/4/2025). "In Iran Talks, Trump Is Edging Toward Reviving an Old Deal," The New York Times, accessed on 1/6/2025, at: https://acr.ps/1L9zRCc

(17) Ron Crissy. (9/4/025). "Nuclear Deal with Iran Only if Follows Libyan Example, PM Says," Ynet News, accessed on 31/5/2025, at: https://acr.ps/1L9zRWu

(18) Sanger, Fassihi & Jakes. Ibid.

(19) Ibid.

(20) Lazar Berman & Jacob Magid & ToI Staff. (28/4/2025). "Netanyahu: Bad Iran Deal is 'Worse than no Deal'; Trump: A deal is 'going to happen,'" Time of Israel, accessed on 29/5/2025, at: https://acr.ps/1L9zS9j

(21) Ibid.

(٢٢) رسول الحائي . (٢٩,٥,٢٠٢٥). المرشد وأميركا.. قراءة في خطابات خامنئي حيال المفاوضات النووية، جزيرة نت، accessed on https://shorturl.at/Lh٩xR ٢٠٢٥/٥/٢٩, at:

(٢٣) RT العربية. (٢٠٢٥/٣/٢١). خامنئي يحذر أمريكا من التلاعب بإيران، https://shorturl.at/ICcYz accessed on ٢٠٢٥/٥/٣١, at:

(٢٤) قناة التغيير. (٢٠٢٥). حقيقة خوف ايران من أمريكا .. الخفايا الكاملة يكشفها خبير للتغيير، https://www.youtube.com/watch?v=F-٣٤٦٩FCCk٨ accessed on ٢٠٢٥/٥/٣١, at:

(٢٥) كردستان ٢٤. (١٦,٥,٢٠٢٥). وزير الخارجية الامريكية: ايران على أعتاب امتلاك سلاح نووي ولن نسمح بذلك، https://shorturl.at/accessed on ٨qobb ٢٠٢٥/٥/٣٠, at:

(٢٦) جزيرة نت. (٢٠٢٥). انطلاق قمة السبع وترامب يرفض بيانا يدعو إيران وإسرائيل لخفض التصعيد، ٢٠٢٥/٦/١٦. accessed on https://rb.gy/i٦٣٥٢a ٢٠٢٥/٦/١٦, at:

توێژینەوەی وەرگێڕدراو

ئێراناسی

# ئایندەی پرۆگرامی ئەتۆمی ئێران

## ڕۆڵی ئەورووپا و گۆڕانکارییەکانی سیاسەتی دۆناڵد ترەمپ[١]

وەرگێڕان: گۆران سەلام محەمەد



١. ئەم توێژینەوەیە لە ماڵپەڕی المركز الأوروبي لدراسات مكافحة الإرهاب والاستخبارات، بە زمانی عەرەبی و بە ناونیشانی مستقبل البرنامج النووي الإيراني، الدور الأوروبي وتحولات سياسات ترامب بڵاو کراوەتەوە.

١- ئایندەی پرۆگرامی ئەتۆمی ئێران لە سەردەمی ئیدارەی نوێی ئەمریکادا

ستراتیژی ئیدارەی ئەمریکا بەرامبەر ئێران گۆڕانکارییەکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە، دۆناڵد ترەمپ لە خولی یەکەمی سەرۆکایەتییەکەیدا سیاسەتی: (سزا و هەڕەشەی سەربازیی) بەکارهێنا، بەڵام لە خولی دووەمیدا ئیدارەکەی ئاماژە بەوە دەکەن کە سیاسەتی: (زیندووکردنەوەی دانوستانە ئەتۆمییەکان بۆ سنووردارکردنی بەرنامەی پیتاندنی یۆرانیۆم بەڕێگەی دیبلۆماسی) دەگرنەبەر، ئەم ستراتیژە گوزارشت لە هەوڵی ئیدارەی ترەمپ دەکات بۆ هاوسەنگکردنی هاوپەیمانێتییە ناوچەییەکان، بەتایبەت لەگەڵ وڵاتانی کەنداو و ئیسرائیل، بەنێوەندگیریی زلهێزە جیهانییەکانی وەک (ڕووسیا - چین) لە دانوستانەکان و کەمبوونەوەی ڕۆڵی ئەورووپییەکان لە پرسەکەدا.

## بۆچی سیاسەتی دۆناڵد ترەمپ بەرامبەر ئێران گۆڕاوە؟

دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا لەبری زیندووکردنەوەی ئەو سیاسەتەی (زۆرترین فشار) کە لە خولی یەکەمیدا پەیڕەوی کردبوو، گڵۆپی سەوزی بۆ تیمەکەی بۆ نوێکردنەوەی دیپلۆماسی لەگەڵ ئێران هەڵکردووە، تەنانەت سەرەتا خواستی ئیسرائیلی بۆ هێرشی سەربازی بۆ سەر تاران ڕەتکردەوە. ستیڤ ویتکۆف، نوێنەری تایبەتی ئەمریکا بۆ کاروباری دەرەوە ڕوونی کردەوە کە «بەرنامەی پیتاندنی یۆرانیۆم لەلایەن ئێرانەوە هێڵی سوورە بۆ ئەمریکا». ویتکۆف ئاماژەی بە ئەگەری ڕێگەدان بە ئێران بۆ پیتاندنی یۆرانیۆم تا ئاستێکی نزم کرد، بەڵام لە هەمانکاتدا دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکا هەڕەشەی لە ئێران کرد ئەگەر نەگەیشتە ڕێکەوتن، ڕێکاری سەربازی دەکات.

سینا تووسی لە ناوەندی سیاسەتی نێودەوڵەتی گوتی: وتارەکەی ترەمپ لە ڕیاز نوێنەرایەتی گۆڕانکارییەکی ڕوون و بەرچاو دەکات لە سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. ئاماژەی بەوەشکردووە، «بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە لە ساڵی ٢٠١٨دا ترەمپ بە شێوەیەکی تاکلایەنە لە ڕێکەوتنی فرەلایەنە

لەگەڵ ئێران کشایەوە، کە لە سەردەمی سەرۆکایەتی ئۆبامادا دانوستانیان لەسەر کرا و سنووردارکردنی بەسەر بەرنامە ئەتۆمییەکەی ئێراندا سەپاند لە بەرامبەر هەڵگرتنی سزاکان». «لەبری ئەوە ترەمپ پەنای بۆ سیاسەتێک بردووە کە بریتیبووە لە توندکردنەوەی گەمارۆی ئابووریی لەسەر ئێران لەڕێگەی زیادکردنی سزاکانەوە، لە هەمانکاتدا هەڕەشەی سەربازیی ناڕاستەوخۆی دەرکردووە. بەڵام ئەم ڕێبازە نەیتوانیوە بەرنامە ئەتۆمییەکەی ئێران ڕابگرێت».

## دۆناڵد ترەمپ ڕووبەڕووی چ فشارێکی ناوخۆیی دەبێتەوە؟

پەرەسەندنی گرژییەکانی نێوان ئەمریکا و ئێران لەسەر پیتاندنی یۆرانیۆم، دانوستانە ئەتۆمییەکانی خستۆتە ژێر گومانەوە. لە نێو ئەو بەربەستانەی کە ماونەتەوە، تاران ڕەتیدەکاتەوە یۆرانیۆمی بەهەمهێنراو ڕادەستی کۆمەڵگەی نێودوەڵەتی بکات، یان ئامادەی گفتوگۆ بێت لەسەر بەرنامەی مووشەکی بالیستیکی خۆی. لە لەلایەکی دیکەوە ڕاپرسییەکی مانگی شوباتی ٢٠٢٥ ئاماژەی بەوە کردووە کە ٧٢٪ی دەنگدەرانی دیموکراتەکان و ٨٢٪ی کۆمارییەکان پشتیوانی لە «لەناوبردنی دامەزراوە ئەتۆمییەکانی ئێران» دەکەن.

جێفری فیلدز، مامۆستای پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە زانکۆی کالیفۆرنیا، پێی وایە کە ترەمپ دەرفەتێکی ناوازەی هەیە نەک تەنیا بۆ گەڕاندنەوەی ڕێکەوتنێکی ئەتۆمی هاوشێوەی ئەو ڕێکەوتنەی کە ڕەتیکردەوە، بەڵکو ڕێکەوتنێکی گشتگیرتر بەرێتەپێش، ئەمەش پەرەپێدانی پەیوەندی باشتری لەگەڵ ئێران لێدەکەوێتەوە. فیلدز پێی وایە «هەندێک ئاماژە هەن بۆ ئەوەی ڕێکەوتن ئەنجام بدرێت، بەڵام ئەگەرەکانی ڕێنەکەوتن گەورەترن». ناوبراو ئاماژە بەوە دەکات کە «هەر پێشکەوتنێک بەرەو ڕێکەوتن بەرەوڕووی تەحەدا دەبێتەوە، دیارترینیان بریتین لە: دووبەرەکی ناوخۆیی و دژایەتی لەناو ئیدارەی ترەمپ و هەندێک گومان لە ئێران».

## ئەگەری ڕێکەوتنی ئەتۆمی نوێ چەندە؟

دانوستانکارانی ئێران و ئەمریکا لە ٢٣ی ئایاری ٢٠٢٥ لە ڕۆما بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکی لەسەر خواستە ئەتۆمییەکانی ئێران دەستیان بە دانوستانەکان کردەوە، سەرەڕای هۆشداریی ئێران کە ڕەنگە ڕێکەوتنی نوێ لە نێوان هێڵە سوورە ناکۆکەکاندا مەحاڵ بێت. ئێران دەیەوێت لە گەمارۆی ئابووریی وابەستە بە نەوت ڕزگاری بێت. بەگوێرەی زانیارییەکان، ئێران ئامادەیە هەندێک سنووردارکردن بۆ پیتاندنی یۆرانیۆم قبوڵ بکات، کە پێداگری دەکات و دەڵێت وزەی ئەتۆمی تەنها بۆ مەبەستی خزمەتگوزاریی بەکاردەهێنێت، بەڵام پێویستی بە گەرەنتییەکی پتەو هەیە کە واشنتۆن پاشەکشە نەکات لە ڕێکەوتنی ئەتۆمی داهاتوو.

مەسعود پزیشکیان سەرۆک کۆماری ئێران بەهۆی تێکچوونی ئابووری ئێران و دابەزینی نرخی تمەن و بێکاریی زۆری گەنجان و پچڕانی کارەبا لەژێر فشاری ناوخۆیی تونددایە. دکتۆر سەنام وەکیل لە دامەزراوەی بیرکردنەوەی چاتام هاوس لە لەندەن دووپاتی دەکاتەوە کە «لەناوخۆی ئێران ڕەوت و گرووپ هەن، کە لایەنگری دانوستانن، گرووپیش هەن کە چەکی ئەتۆمی بە باشترین دەرفەتی ئێران بۆ پاراستنی ئاسایشی ئێران دەزانن». لای سەرانی ئێران متمانە بە ئیدارەی ترەمپ زۆر کەم بووەتەوە. چونکە ئەوان مامەڵە ناڕێکەکەی ترەمپیان لەگەڵ ڤلادیمیر زیلینسکی سەرۆکی ئۆکرانیا و پێشنیارە ناڕێکەکانی سەبارەت بە غەززە بینیوە و نایانەوێت مامەڵەی لەو جۆرەیان لەگەڵ بکرێت.

## مۆسکۆ چۆن سوودمەند دەبێت لە بەشداریکردنی لە دانوستانەکاندا؟

لە مانگی ئایاری ٢٠٢٥، ڤلادیمێر پوتین، سەرۆک کۆماری ڕووسیا، لەگەڵ مەسعود پزیشکیان، هاوتا ئێرانییەکەی، پەیوەندییە دوو قۆڵییەکان و گەڕاندنەوەی ڕێکەوتنی ئەتۆمی ئێرانی تاوتوێ کرد. پوتین ئامادەیی ڕووسیای بۆ ئاسانکاریی پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و ئەمریکا بە ئامانجی گەیشتن بە ڕێکەوتنێکی دادپەروەرانە لەسەر بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتی دووپاتکردەوە.

ڕووسیا سوودمەندە لە بەشداریکردنی لە دانوستانەکانی بەرنامەی ئەتۆمی ئێران، لە کاتێکدا مۆسکۆ دەبێتە یاریزانێکی چالاک و جەوهەری لە گەیشتن بە ڕێکەوتنێکی نوێ. یەکێک لە سوودە هەرە گرنگەکان بۆ ڕووسیا بەشداریکردن دەبێت لە بەڕێوەبردن یان چاودێریکردنی کۆگاکانی ئێران لە یۆرانیۆمی پیتێنراو. نوێنەرانی ئەمریکا ڕێکخستنێکی ئەگەرییان پێشنیاز کردووە کە بەمەبەستی دانانی عەمبارکردنی یۆرانیۆمی ئێران لە وڵاتی سێیەمی وەک ڕووسیا، بەمەش هەژموونی مۆسکۆ زیاتر دەبێت.

## ڕۆڵی چین لە دانوستانەکاندا چییە؟

لە مانگی نیسانی ساڵی ٢٠٢٥، وانگ یی، وەزیری دەرەوەی چین بۆ عەباس عێراقچی، هاوتا ئێرانییەکەی پشتڕاستکردەوە کە: «چین پاڵپشتی ئێران دەکات لە ئەنجامدانی دانوستان لەسەر بەرنامە ئەتۆمییەکەی لەگەڵ ئەمریکا و دژایەتی بەکارهێنانی هێز و سزا تاکلایەنە نایاساییەکان دەکات»، وانگ یی لە میانەی وتووێژەکانی پایتەختی چین لەگەڵ هاوتا ئێرانییەکەی وتی: پەکین ئامادەیە بۆ بەهێزکردنی هەماهەنگی و هاوکاری لەگەڵ تاران لە کاروباری نێودەوڵەتی و ناوچەییدا.

ئامانجی (چین) لە دەستوەردان لە دانوستانە ئەتۆمییەکانی ئێران بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی و فراوانکردنی کاریگەرییە ناوچەییەکانی و بەرزکردنەوەی هەژموونییەتی، چونکە خۆی وەک هێزێکی جیهانی و هاوبەشێکی متمانەپێکراو دەبینێت.

## ئایا ترەمپ ڕێگە بە ئیسرائیل دەدات هێرش بکاتە سەر دامەزراوە ئەتۆمییەکانی ئێران؟

ڕاپۆرتێکی هەواڵگری لە ٢٠ی ئایاری ٢٠٢٥، ئاماژەی بەوە کردووە کە: «واشنتۆن زانیاریی پێگەیشتووە کە ئیسرائیل خۆی بۆ لێدانی دامەزراوە ئەتۆمییەکانی ئێران ئامادە دەکات»، ئەمەش هاوکاتە لەگەڵ بەدواداچوونی ئیدارەی ترەمپ بۆ ڕێکەوتنێکی دیپلۆماسی لەگەڵ تاران. بەرپرسان هۆشداری

دەدەن لەوەی هێشتا دیار نییە سەرکردەکانی ئیسرائیل بڕیاری کۆتاییان داوە یان نا، ناکۆکییەکی قووڵیش لەناو حکومەتی ئەمریکادا هەیە سەبارەت بە ئەگەری ئەوەی کە ئیسرائیل لە کۆتاییدا بڕیارێک بدات. ڕاپرسییەک لە ٣٠ی نیسانی ٢٠٢٥ دەریخستووە کە ٤٥٪ی ئیسرائیلییەکان پشتیوانی لە هێرشی ئیسرائیل دەکەن بۆ سەر ئێران، لە کاتێکدا ٤١.٥٪ دژایەتی دەکەن. ئەمەش دەبێتە هۆی ململانێیەکی ناوچەیی فراوانتر لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

مەزەندە دەکرێت کە بڕیاری ئیسرائیل بۆ دەستپێکردنی هێرشەکان و چۆنیەتی ئەنجامدانی هێرشەکان، پەیوەستە بە تێڕوانینی ئەو بۆ دانوستانەکانی ئەمریکا لەگەڵ تاران سەبارەت بە بەرنامە ئەتۆمییەکەی. ئێران دووپاتی کردەوە لە ئەگەری هێرشی ئیسرائیل بۆ سەر دامەزراوە ئەتۆمییەکان، تاران بەشێوەیەکی یاسایی ئەمریکا بە هاوبەشی هێرشەکە دەزانێت. جۆناسان پانیکۆف، بەرپرسێکی هەواڵگری تایبەتمەند لە ناوچەکە، دەڵێت: ئیسرائیل لەنێوان دووڕیانیکی سەختدا گیری خواردووە، بەو پێیەی بنیامین ناتانیاهۆ، لەلایەک لە ژێر فشاردایە بۆ ئەوەی دەستوەردان بکات لە ڕێکەوتنی ئەمریکا و ئێران، لەلایەکی دیکەشەوە بە پێویستی دەزانێت پەیوەندییەکانی لەگەڵ ترەمپدا بپارێزێت، کە پێشتر لە پرسە سەرەکییە ئەمنییەکانی ناوچەکەدا جیاوازی لەگەڵیدا هەبووە.

## ئایا وڵاتانی کەنداو پشتیوانی هێرش بۆ سەر دامەزراوە ئەتۆمییەکانی ئێران دەکەن؟

وڵاتانی کەنداو نیگەرانن لەوەی هەر هێرشێک بۆ سەر دامەزراوە ئەتۆمییەکانی ئێران کارەسات لە ناوچەکەدا دروست بکات و بیکێشێتە ناو شەڕێکی فراوانتری ناوچەییەوە. لە هەمانکاتدا وڵاتانی کەنداو پێیان وایە پەرەسەندنی توانای ئێران بۆ بەرهەمهێنانی چەکی ئەتۆمی دەتوانێت پێشبڕکێی چەکی ئەتۆمی ناوچەیی دەستپێبکات. سەرانی کەنداو کەڵک دەبینن لە پەیوەندییە نزیکەکانیان لەگەڵ دۆناڵد ترەمپ بۆ ئەوەی پردێکی دیپلۆماسی لە نێوان ئێران بۆ کۆشکی سپی

دەستەبەربکەن. بەرپرسانی کەنداو دیمەنی ناوچەکە بە دەرفەتێک دەزانن بۆ کەمکردنەوەی گرژییەکان لەگەڵ ئێران و باشترکردنی پەیوەندییەکان، پێداگری دەکەن کە نایانەوێت بەشێک بن لە هیچ ڕووبەڕووبوونەوەیەکی ئەمریکا یان ئیسرائیل لەگەڵ ئێران.

٢- هەڵوێستی ترۆیکای ئەوروپایی لەبارەی بەرنامەی ئەتۆمی ئێران

ساڵانێکە وڵاتانی ئەورووپایی، بەتایبەتی ئەندامانی ترۆیکا (بەریتانیا، فەرەنسا و ئەڵمانیا) ڕۆڵێکی چارەنووسسازیان لە هەوڵە دیپلۆماسییەکان بۆ ڕێکخستنی بەرنامەی ئەتۆمی ئێران گێڕاوە، لە هەوڵی ڕاستەوخۆدان بۆ زیندووکردنەوەی ڕێکەوتنی ئەتۆمی نێوان ئێران و ئەمریکا، ئەمەش ڕۆڵی ئەورووپا لە ئایندەی وتووێژەکان لەم دیمەنە دیپلۆماسییە نوێیەدا زیاتر دەکات.

## ترۆیکا: نێوەندگیری و دوورکەوتنەوە لە پەرەسەندن

ئەورووپا بە نوێنەرایەتی وڵاتانی ترۆیکا: بەریتانیا، فەرەنسا و ئەڵمانیا (E٣)، دانوستانکارێکی سەرەکیی ئێران و ئەمریکا بوو لە پێشبڕکێی پلانی هەمەلایەنەی هاوبەشی کارکردن (JCPOA)، داوای گفتوگۆی دەکرد نەک ڕووبەڕووبوونەوە. پێچەوانەی هەندێک هەڵوێستی شەڕانگێزانەی ئەمریکا کەوتنە کار، بۆیە هەوڵیاندا هاوسەنگی لە نێوان نیگەرانییە ئەمنییەکان لەگەڵ چارەسەرە دیپلۆماسییەکان بهێننە کایەوە، ئەمەش بەڵگەی ڕۆڵی پلانی ساڵی ٢٠١٥ی (JCPOA)ە، کە لەلایەن ئەڵمانیا، فەرەنسا، بەریتانیا، ئەمریکا، ڕووسیا و چینەوە واژۆکرا. یەکێتیی ئەورووپا ئەم ڕێکەوتنەی بە هەنگاوێکی چارەنووسساز بۆ ڕێگریکردن لە بڵاوبوونەوەی چەکی ئەتۆمی لە هەمانکاتدا هێشتنەوەی پەیوەندییە ئابووری و سیاسییەکانی لەگەڵ ئێران زانی. بەڵام کشانەوەی ئەمریکا لە ڕێکەوتنەکە لە ساڵی ٢٠١٨، و دواتر خێراکردنی ئێران بۆ پیتاندنی یۆرانیۆم، ئەم هەوڵانەی تێکشکاند و یەکێتیی ئەورووپای خستۆتە دۆخێکی دژوار لە نێوان پاراستنی ڕێبازی دیپلۆماسی خۆی و چارەسەرکردنی نیگەرانییە ئەمنییەکان.

سەرەڕای هەوڵەکانی زلهێزەکانی ئەورووپا، بەتایبەتی فەرەنسا، بۆ

گەڕاندنەوەی ئەمریکا و ئێران بۆ سەر مێزی دانوستان، ئەم هەوڵانە بەهۆی نەبوونی متمانەی نێوان هەردوولا شکستی هێنا. لە پەرچەکرداری سزا توندەکانی ئەمریکا، ئەوروپا میکانیزمی پەیوەندی (ئامرازی پشتیوانی لە ئاڵوگۆڕە بازرگانییەکان)ی دامەزراند بۆ دەربازبوون لە سزاکان، بەڵام ئەم میکانیزمە بەهۆی هاوپەیمانی ئابووری ئەوروپا لەگەڵ ئەمریکا شکستی هێنا.

سەرەڕای ئەم هەوڵانە، ئێران لە ساڵی ٢٠١٩دا بەڵێنەکانی هەڵپەسارد و لەو کاتەوە پشێویی هاتەکایەوە. یەکێتی ئەوروپا لە زیاتر لە جارێک ئاماژەی بەوە کردووە کە ئێران لە ١ی تەمموزی ٢٠١٩ەوە دەستبەرداری بەڵێنەکانی بۆ ڕاگرتنی بەرهەمهێنانی چەکی ناوەکی بووە و دەستیکردەوە بە پیتاندنی یۆرانیۆم لە دامەزراوەی ژێرزەمینیی (فۆردۆ)، شەفافیەتی سەبارەت بە بەرنامە ئەتۆمییەکەی کەمکردەوە بە سنووردارکردنی دەستڕاگەیشتن بە پشکنەرەکان و دەستیکرد بە تاقیکردنەوەکان بۆ پیتاندنی یۆرانیۆم بەبێ پاساو.

دواتر ئیدارەی بایدن ڕاگەیاند ئەمریکا نیازی گەڕانەوە بۆ ڕێکەوتنی ئەتۆمی و هەڵگرتنی سزای لەسەر ئێران هەیە، کە لەلایەن ئیدارەی پێشووەوە سەپێندراوە، دانوستانەکانی نێوان بەشداربووانی JCPOA و ئەمریکا لە ڤیەننا لە مانگی نیسان تا حوزەیرانی ٢٠٢١ و لە تشرینی دووەمی ٢٠٢١ تا ئازاری ٢٠٢٢ بەڕێوەچوو، لەو ماوەیەدا ڕێکەوتنێکی چوارچێوەیی پەرەی پێدرا.

چوارچێوەی ڕێکەوتنێک لەسەر ئەم پرسە گەڵاڵە بوو، بەڵام ئێران لە کۆتاییدا ئەو پاکێجەی ڕەتکردەوە کە لەلایەن دەزگای کاروباریی دەرەوەی ئەوروپا (EEAS) لە مانگەکانی ئازار و ئابی ٢٠٢٢ پێشکەشکرابوون، بە سەرنجدان بە پێشێلکارییە بەرچاو و بەردەوامەکانی ئێران لە سەر یاسای JCPOA، ڕێکخراوی E٣ گەمارۆکانی پەیوەست بە ئەتۆمی لەسەر ئاستی یەکێتی ئەوروپا و بەپێی یاساکانی بەریتانیا لە دژی ئێران کارا کردەوە، هەرچەندە بڕیار بوو لە ڕۆژی گواستنەوەدا، ١٨ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٣ بەپێی یاسای JCPOA هەڵبگیرێن.

لە ئێستادا پەیوەندی دوو قۆڵی نێوان ئێران و وڵاتانی ئەوروپایی وردە وردە بەرەو خراپتر دەچێت. متمانەی یەکتری تێکچووە و دوای شەڕی

ئۆکرانیا گرژیەکان پەرەی سەندووە و تۆمەتبارکردن بەوەی تاران هاوکارییە سەربازییەکان دەگوازێتەوە بۆ پاڵپشتیکردنی ڕووسیا.

**پەرەسەندنی هەڵوێستی ئەورووپا و زیادکردنی گوشارەکان لەسەر ئێران**

نەبوونی متمانە لە نێوان لایەنە ئەورووپایی و ئێرانییەکان کاتێک ڕوون بووەوە کە لە ٢١ی تشرینی دووەمی ٢٠٢٥، وڵاتانی گرووپی سێهەم ڕەزەماندییان لەسەر ناردنی (نێردەی پشکنەری وزەی ئەتۆمی) دەربڕی تاکو ڕاپۆرتێکی گشتگیر سەبارەت بە چالاکییە ئەتۆمییەکانی ئێران ئامادە بکات، تاکو وڵاتانی ئەورووپا بتوانن دوبارە سزاکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بسەپێننەوە.

بەرپرسانی دەزگای هەواڵگری فەڕەنسا و بەریتانیا لە ٣٠ی تشرینی دووەمی ٢٠٢٤ نیگەرانی خۆیان لە بەرنامەی ئەتۆمی ئێران دەربڕی و ڕایانگەیاند کە بەرنامەی ئەتۆمی تاران «هەڕەشە لە هەمموومان دەکات». نیکۆلاس لێرنەر، سەرۆکی دەزگای هەواڵگریی دەرەکی فەڕەنسا ڕایگەیاند، پێشبینی دەکرا مەترسی بەرهەمهێنانی چەکی ئەتۆمی ئێران لە چەند مانگی داهاتوودا «هەڕەشەی هەرە جدی» بێت و ویستە ناوەکییەکانی ڕژێمی ئێران بەردەوامە، لێرەوە زنجیرەیەک هێرش و لێدان لە دژی بریکارەکانی تاران لە سەرانسەری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هاتە کایەوە.

لە کانوونی دووەمی ٢٠٢٤، ئەڵمانیا، بەریتانیا و فەرەنسا بەیاننامەیەکیان بڵاوکردەوە، نیگەرانییەکی زۆریان لە توانای ئێران بۆ پیتاندنی یۆرانیۆم دەربڕی و ڕایانگەیاند: بە توندی داوا لە ئێران دەکەین ئەم هەنگاوانە پێچەوانە بکاتەوە و دەستبەجێ پەرەسەندنی ئەتۆمی خۆی ڕابگرێت. ئەم لێدوانە دوای ئەوە هات کە ڕافائیل گرۆسی سەرۆکی ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەی ئەتۆمی ڕایگەیاند: ئێران لە پیتاندنی یۆرانیۆم گەیشتووە بەڕێژەی٦٠٪ لە ڕێژەی پێویست بۆ دروستکردنی چەکی ناوەکی کە ٩٠٪یە نزیک دەبێتەوە.

ئیمانوێل ماکرۆن سەرۆک کۆماری فەڕەنسا لە مانگی یەکی ٢٠٢٥ ڕایگەیاند کە خێراکردنی بەرنامە ئەتۆمییەکەی ئێران «زۆر نزیکمان دەکاتەوە لە خاڵی

شکاندن»، ئاماژەی بەوەشکرد کە هاوبەشەکانی یەکێتیی ئەورووپا لە ڕێکەوتنە ئەتۆمییەکە پێویستە بیر لە سەپاندنەوەی سزاکان بکەنەوە ئەگەر تاران لە چارەسەرکردنی نیگەرانییەکاندا پێشکەوتنی بەدەست نەهێنا.

ڕاپۆرتی ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەی ناوەکی لە مانگی ئازاری ٢٠٢٥دا ئاماژەی بەوە کردووە کە ئێران کۆگاکانی یۆرانیۆمی زۆر پیتێنراوی بە ڕێژەیەکی مەترسیدار ٥٠٪ زیاد کردووە. جگە لەوەش ئێستا کۆی کۆگای یۆرانیۆمی پیتێنراوی ئێران نزیکەی (٤٠) هێندەی ئەو سنوورەیە کە بەپێی پلانی تۆکمەی هاوبەشی کارکردن لەسەری ڕێکەوتووە.

ژان نۆیل بارۆت وەزیری دەرەوەی فەڕەنسا لە وتاری خۆیدا لە ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ٢٨ی نیسانی ٢٠٢٥وتی: ئەگەر بەرژەوەندییە ئەمنییەکانی ئەورووپا بکەوێتە مەترسییەوە، بۆ ساتێک درێغی ناکەین لە دوبارە سەپاندنی هەموو ئەو سزایانەی کە دە ساڵ لەمەوبەر هەڵگیراون. ئەم لێدوانە لە تاران وەک هۆشدارییەکی توند لێکدرایەوە.

### دانوستانی دوو قۆڵی ئەمریکا و ئێران

لە ئیدارەی نوێی ترەمپدا، ئەمریکا دەستی کرد بە ڕێکەوتنێکی هەمەلایەنە لەگەڵ ئێراندا. ترەمپ هەڕەشەی کرد لە ئەگەری شکستی دیپلۆماسی ئێران، هێرشی سەربازی بۆ سەر شوێنە ئەتۆمییەکانی ئێران ئەنجام دەدات. دانوستانە باڵاکان لە ١٢ی نیسانی ٢٠٢٥، لە عومان دەستیپێکرد. بەڵام هەردوولا بەردوام بوون لە هەڕەشەی بە ئامانجگرتنی شوێنە گرنگە سەربازی و لۆجستییەکانی یەکتر. لە ئەگەری شکستی دیپلۆماسیدا، ترەمپ هەڕەشەی پەردەپۆشکراوی بۆ هێرشی سەربازی ئیسرائیل بۆ سەر شوێنە ئەتۆمییەکانی ئێران لەژێر چاودێری ئەمریکادا بڵاوکردەوە. لەبەرامبەردا تاران بەڵێنیدا وەڵامی بداتەوە، ئەگەر مەترسی لەسەر شوێنە ئەتۆمییەکانی هەبێت، ئەمەش نیگەرانییەکانی وڵاتانی ئەورووپای لێکەوتەوە. بەهۆی سەرقاڵبوونی ئەورووپا بە شەڕی ئۆکرانیا و ئەو باجانەی کە ئەمریکا سەپێنراون، هەر شەڕێکی نوێی ئەگەری لە ڕۆژهەڵاتی

ناوەڕاستدا هەڕەشەکانی وزە و ئەمنی لە سەرانسەری یەکێتی ئەورووپادا زیاد دەکات.

ژان نویل بارۆت، وەزیری دەرەوەی فەڕەنسا لە ٢٩ی نیسانی ٢٠٢٥دا وەڵامی دانوستانە ناڕاستەوخۆکانی عومانی دایەوە و ڕایگەیاند کە فەڕەنسا بە هاوکاری لەگەڵ ئەڵمانیا، بەریتانیا و هاوپەیمانەکانی دیکە، دڵنیای دەدات لەوەی کە هەر ڕێکەوتنێک لە نێوان ئێران و ئەمریکادا لەگەڵ بەرژەوەندییە ستراتیژییەکانی ئەورووپادا یەکدەگرێتەوە، بەتایبەتی سەبارەت بە بەرنامەی ئەتۆمی ئێران. ئاماژەی بەوەشکرد، «چاوەڕوانی ڕاپۆرتی بەڕێوەبەری گشتی دەزگای نێودەوڵەتی وزەی ئەتۆمی دەکەین لە هەفتەکانی داهاتوودا، ڕاپۆرتێک کە بە وردی ئاستی پێشکەوتنەکان ڕوون بکاتەوە کە لەم بەرنامەیەدا بەدەست هاتووە»، هەروەها جەختی لەسەر پێویستی شەفافیەت و چاودێری لەم پرۆسەیەدا کردەوە.

### نیگەرانییەکانی ئەورووپا سەبارەت بە دانوستانەکانی ئەمریکا و ئێران

تاقمی E3 نیگەرانی جدی هەیە سەبارەت بە دانوستانەکانی ئەمریکا و ئێران. لە لایەک ترسیان هەیە کە ڕێکەوتنی ئەتۆمی داهاتوو لە ڕووی تەکنیکییەوە زۆر لاواز بێت. سنووردارکردنی ناڕوون بۆ پیتاندن یان ڕێکارە لاوازەکانی پشتڕاستکردنەوە دەتوانێت ڕێگە بە ئێران بدات کە چەکی ئەتۆمی دروست بکات بەبێ ئەوەی دەستنیشان بکرێت. هەروەها پێیان وایە ڕەنگە ئیدارەی ترەمپ دەرفەتی سەپاندنی کۆنترۆڵ بەسەر چالاکییەکانی دیکەی ئێراندا لەدەست بدات، لەوانەش بەرنامەی مووشەکی ئێران و ڕێگری لە گواستنەوەی چەک بۆ ڕووسیا. بە پێچەوانەوە، ترۆیکای ئەورووپی ترسی ئەوەی هەیە کە ئەم دانوستانانە بەهۆی داواکارییە ناڕوونەکانی ئەمریکا و پەیامە دژبەیەکەکان و کەمی شارەزایی تەکنیکی و کەمبوونەوەی بەرژەوەندییەکانی ترەمپەوە بڕووخێن. ئەمەش دەتوانێت زەمینە بۆ هێرشە سەربازییە هاوبەشەکانی ئیسرائیل و ئەمریکا بۆ سەر ئێران خۆش بکات، کە دەکرێت لێکەوتەی ناسەقامگیریی دروست بکات، وەک لەشکرکێشیی ئەمریکا بۆ سەر عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣دا.

## ترۆیکای ئەورووپی و دەستپێکردنەوەی دانوستان لەگەڵ ئێران

لە نێوان دانوستانە ئەتۆمییە ناڕاستەوخۆکانی نێوان تاران و واشنتۆن، جێگری وەزیرانی دەرەوەی ئێران لە ١٦ی ئایاری ٢٠٢٥ لەگەڵ هاوتا ئەورووپییەکانی لە فەرەنسا، ئەڵمانیا و بەریتانیا لە ئەستەمبوڵ دیداریان ئەمجامدا. گفتوگۆکان لەسەر ئایندەی ڕێکەوتنی ئەتۆمی ٢٠١٥ و دۆخی دانوستانە ناڕاستەوخۆکانی نێوان ئێران و ئەمریکا و هەوڵە بەکۆمەڵەکان بۆ دوورکەوتنەوە لە پەرەسەندنی زیاتر لە ڕێگەی دیپلۆماسییەوە بوو.

هەرچەندە سێ خولی پێشووی ڕاوێژکاری نێوان تاران و ترۆیکای ئەورووپی لە ٢٩ی تشرینی دووەمی ٢٠٢٤، ١٣ی کانونی دووەم و ٢٤ی شوباتی ٢٠٢٥ بەڕێوەچوو، کۆبوونەوەی ئەستەمبوڵ گرنگ بوو، چونکە یەکەم پەیوەندی لە دوای دەستپێکردنەوەی وتووێژی ناڕاستەوخۆی نێوان ئێران و ئەمریکا بوو. یەکێتی ئەورووپا لە پرۆسەی ئاشتی ئۆکرانیادا لایەن واشنتۆنەوە دوورخراوەتەوە. بۆیە نایەوێت ئەم دوورخستنەوەیە لە دانوستانە ئەتۆمییەکانیشدا دوبارە بێتەوە، تەنانەت ئەگەر بە مانای ڕۆڵی تێکدەریش بێت.

لە ناو لوتکەی ئەستەمبوڵدا «میکانیزمی سناپباک» هەیە، کە ئامرازێکە لە ڕێکەوتنە ئەتۆمییەکەدا هاتووە و ڕێگە بە هەر واژۆکارێک دەدات هەموو سزاکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بسەپێنێتەوە کە پێش ڕێکەوتنی ساڵی ٢٠١٥ لە شوێنی خۆیان بوون. ئەم بڕگەیە بۆ ئەوە بوو کە پارێزگارییەک بێت، بەڵام ئێستا بووەتە هەڕەشەیەکی جیۆپۆلەتیکی.

لەگەڵ نزیکبوونەوەی وادەی بەسەرچوونی ڕێکەوتنەکە لە ئۆکتۆبەری ٢٠٢٥، تاران ترسی ئەوەی هەیە کە گرووپە سێ وڵاتییەکەی یەکێتی ئەورووپا ئەم هاوینە میکانیزمەکە دەستپێبکەن، هۆکارەکەی دەگەڕێنێتەوە بۆ پێشێلکردنی ئاستی پیتاندنی ٦٠٪ لەلایەن ئێران و کۆکراوەی کەڵەکەبووی یۆرانیۆمی پیتێنراو.

### سیناریۆی سناپباک

لەگەڵ نزیکبوونەوەی وادەی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٥، ئێران پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەو ئەندامانەی کە ماونەتەوە لە ناو گرووپی ٤+١ خێراتر کردووە کە بریتین لە چین، ڕووسیا، فەرەنسا، بەریتانیا و ئەڵمانیا. کۆبوونەوە سێ قۆڵییەکان لەگەڵ مۆسکۆ و پەکین، ستراتیژی تارانی بۆ بنیاتنانی چەترێکی دیپلۆماسی فرەلایەنە لە بەرامبەر فشارەکانی ئەمریکا و ئەورووپادا بەهێزتر کردووە.

میکانیزمی سناپباک وەک بەهێزترین کارت دەمێنێتەوە کە ترۆیکای ئەورووپی لەبەردەستدایە. بەپێی مادەی ٣٦ی ڕێکەوتنی ئەتۆمی، هەر لایەنێک دەتوانێت ناکۆکی پابەندبوون بە ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان بەرزبکاتەوە بەبێ ئەوەی پێویستی بە دەنگدان یان کۆدەنگی هەبێت، ئەمەش بە شێوەیەکی کاریگەر هەر ڤیتۆیەکی ڕووسیا یان چینی تێپەڕێنێت. ئەگەر میکانیزمەکە کارا بکرێت، هەر حەوت سزای نەتەوە یەکگرتووەکان کە پێشتر هەڵگیرابوو، خۆکارانە دەگەڕێتەوە، سیناریۆیەک کە لێکەوتەی کارەساتبار بۆ ئابووری ئێران و ستراتیجی بەرفراوانی ناوچەکەی دەبێت. بە لەبەرچاوگرتنی کشانەوەی ئەمریکا لە ڕێکەوتنی ئەتۆمی ساڵی ٢٠١٥ لەگەڵ ئێران، ناتوانێت میکانیزمی «سناپباک»، لە ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان دەستپێبکات. ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە ترۆیکای ئەورووپی- بەریتانیا، ئەڵمانیا و فەرەنسا- تاکە وڵاتێک بن کە بەشدارن لە ڕێکەوتنەکەدا کە توانای ئەوەیان هەبێت هەوڵی چالاککردنی ئەم میکانیزمە بدەن.

شرۆڤەکاران پێیان وایە ترۆیکای ئەورووپی هەوڵ دەدات میکانیزمەکە لە مانگی تەمموز یان ئابدا کارا بکات، بە ئامانجی زۆرترین فشاری دیپلۆماسی و دانانی کاریگەریی لەسەر ڕای گشتی نێودەوڵەتی، ئەگەر ئەمە ڕوویدات، پێدەچێت تاران هەڕەشەی کشانەوە لە پەیمانی قەدەغەکردنی چەک جێبەجێ بکات، هەڕەشەیەک کە لە ساڵی ٢٠١٩ەوە دوبارە دەبێتەوە.

٣- بژاردەکانی ئەتۆمی ئێران لەژێر زۆرترین فشاردا چین؟ تەقینەوە یان دانوستان؟

سەرەڕای دەستپێکردنی خولی دانوستانەکان سەبارەت بە پرسی ناوەکی ئێران لە ١٢ی نیسانی ٢٠٢٥، ئێران ڕووبەڕووی فشارێکی بەرچاوی پەیوەندیدار بە بەرەوپێشچوونی ئەم وتووێژانە لەگەڵ ئەمریکا دەبێتەوە کە وا دیارە کراوەیە بۆ گەیشتن بە ڕێکەوتن. بەڵام دانوستانەکانی ئێستا ناتوانرێت لە هۆکارە ناوخۆیی و دەرەکییەکانی دیکە جیابکرێنەوە کە کاریگەرییان لەسەر ئێران و گۆڕەپانی نێودەوڵەتی هەیە. ئەمەش وا دەکات کاتی دانوستانەکان لەگەڵ واشنتۆن لە ئێستادا ئەوەندە خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی تاران نەکات. ئەمەش بژاردەکانی سنووردار دەهێڵێتەوە و دەورە دراوە بە چەندین تەحەدای ئەمنی و سیاسی و ئابووری، لە ژێر ڕۆشنایی ئەو زیانە یەک لە دوای یەکانەی کە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا تووشی بووە، هەروەها هەڕەشەکانی ئیسرائیل بۆ دەستپێکردنی هێرش بۆ سەر دامەزراوە نەوتی و ئەتۆمییەکانی ئەگەرێکی کراوەیە.

**بژاردەکانی وەڵامدانەوەی ئێران لە ئەگەری پەرەسەندنەکانی ئەمریکا چییە؟**

وەڵامێکی سەربازی هاوشێوە

دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، چەندین جار هۆشداریی داوەتە ئێران سەبارەت بەوەی ئەگەر ڕێکەوتن نەکرێت، ڕێوشوێنی سەربازی دژی ئێران دەستپێبکات. ئێران بەڵێنی وەڵامدانەوەی یەکلاکەرەوەی داوە و سوپای پاسدارانی ئێرانیش هۆشداری داوە لە هەر جۆرە حیساباتێکی هەڵە سەبارەت بە ئێران. نوێنەری تاران لە نەتەوە یەکگرتووەکان هۆشداری دایە ئەمریکا و ئیسرائیل لە هەر جۆرە کردەیەکی سەربازی دژ بە وڵاتەکەی.

لە ئەگەری هێرش بۆ سەر تاران لەلایەن ئەمریکاوە، ئەوا ئێران هەڕەشەی کردنە ئامانجی بنکەکانی ئەمریکی و بەریتانی دەکات، عەلی خامنەیی، ڕێبەری

باڵای شۆڕشی ئیسلامیی ئێران بەڵێنی داوە وەڵامی توندی هەڕەشەکانی ئەمریکا بداتەوە و عەلی لاریجانی، ڕاوێژکاری ڕێبەری شۆڕشی ئیسلامیی ئێران ڕایگەیاندووە، ئەگەر وڵاتەکەی بەر هێرشی سەربازی بکەوێت، ڕەنگە هەوڵی بەدەستهێنانی چەکی ئەتۆمی بدات.

## داخستنی گەرووی هورمز

پێش دەستپێکردنی دانوستانەکان لەگەڵ واشنتن، تاران لە مانگی شوبات و ئاداری ٢٠٢٥ هەڕەشەی داخستنی گەرووی هورموزی کرد، فەرماندەی هێزی دەریایی سوپای پاسدارانی ئێران پشتڕاستی کردەوە، کە وڵاتەکەی توانای داخستنی گەرووەکەی هەیە، کە سێیەکی نەوتی جیهان بەو گەروەدا تێدەپەڕێت. دەکەوێتە باشووری کەنداوی عەرەبی، لە ئاوەکانی کەنداوی عومان و دەریای عەرەبی جیای دەکاتەوە. لە باکوورەوە لەگەڵ ئێران و لە باشوورەوە لەگەڵ سوڵتانییەتی عومان هاوسنوورە، ئەمەش وایکردووە کە ببێتە خاڵێکی ستراتیژی لە هەر ململانێیەکی جیۆپۆلەتیکیدا.

## چەکی هەرێمی

ئێران دوابەدوای دابەزینی هەژموونی هەرێمی لە سووریا و لوبنان ناچارە ئامرازی گوشاری بەدیل پەرەپێبدات. ئەمەش وا دەکات حوسییەکان دوا کارتی ئێران و گرنگترین پایەی بوونی ئێران بێت لە ناوچەکەدا، بە لەبەرچاوگرتنی پەرەسەندنی پەیوەندی نێوانیان بۆ هاوبەشییەکی ئۆپەراسیۆنی نەک تەنها پشتیوانی سیاسی و لۆجستیکی. هەرچەندە ئێران ڕەتیدەکاتەوە هیچ پەیوەندییەک بە هەر هێرشێکی حوسییەکانەوە هەبێت لە دەریای سووردا، بەڵام ئەم هێرشانە وەک ئامرازێکی کاریگەر و کەم تێچووی گوشار دەبینێت. ئێران بەمە ڕۆڵی خۆی لە دانوستان لەسەر پرسی ناوەکی بەهێزتر دەکات و پەیامێک بۆ ئەمریکا دەنێرێت کە سەقامگیری ئەم ڕێڕەوە ئاوییانە و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە دەستی ئێراندایە.

## پەیماننامەی قەدەغەکردنی بڵاوبوونەوەی چەک (NPT)

ئێران پێش دانوستانەکان لە ٥ی ئازاری ٢٠٢٥ هەڕەشەی کشانەوەی لە NPT کرد و هاوکات لەگەڵ ڕاپۆرتی ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەی ئەتۆمی سەبارەت بە پێشێلکردنی پابەندییە ئەتۆمییەکانی ئێران، ئەگەر وڵاتانی ڕۆژئاوا لە میکانیزمی «سناپباک» نزیک ببنەوە کە سزاکان دوبارە دەسەپێنێتەوە، یان ئەگەر واشنتۆن هێرش بکاتە سەری. ئەمەش بە تایبەتی بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە ئێران خاوەنی یەکێک لە گەورەترین جبەخانەی مووشەکی بالیستیکییە، واتە پەرەپێدانی بەرنامە ئەتۆمییەکەی و کشانەوە لە پەیماننامەکە ڕێگەی پێدەدات ڕێگرییەکی بەهێزتر لە دژی نەیارەکانی دروست بکات.

## حیساباتی ناوخۆیی و دەرەکی ئێران چین؟

### قەیرانی ئابووری ئێران

ئابووری ئێران لە نێوان سزاکانی ئەمریکا و گوشارە ناوخۆییەکان گیری خواردووە. ڕۆژی ٢ی ئاداری ٢٠٢٥، پەرلەمانی ئێران دەنگیدا بە دوورخستنەوەی عەبدولناسر هێماتی، وەزیری ئابووری و دارایی. ئەمەش دوای ئەوە هات کە تمەنی ئێرانی زیاتر لە ٥٠٪ی بەهای خۆی لەدەست دا و هەڵاوسان بەرزبووەوە و ئابووریی ئێران بە ڕادەیەکی بێ وێنە تێکچوو و بووە هۆی بەرزبوونەوەی نرخی خۆراک و خانووبەرە و دابەزینی کرێی کار.

تاران ترسی هەیە لە شکستی دانوستانەکان و سەپاندنی سزای نوێ و کاردانەوەکانیان لەسەر قەیرانی ئابووری. لە کاتێکدا ئابووریناسان پلانی حکومەتی ئێستا و خراپ بەڕێوەبردن و گەندەڵی بەربڵاو دەخەنە ئەستۆی سیاسەتمەدارانی ئێرانی هۆکاری قەیرانەکە بۆ هەڵمەتی «زۆرترین فشار»ی واشنتۆن دەگەڕێننەوە، کە دەستڕاگەیشتن بە نەوتی ئێران بۆ بازاڕە نێودەوڵەتییەکان سنووردار دەکات و کەشتییە نەوتهەڵگرەکان و دامەزراوە داراییەکانی ئێران دەکاتە ئامانج، بەمەش هەژموونی ئێران لە بازاڕی جیهانیدا سنووردار دەکات. هەروەها ئاڵۆزییەکانی نێوان تاران و تەلئەبیب بووەتە هۆی

دابەزینی وەبەرهێنانی بیانی لە ئێران و ناسەقامگیری ئابووری ئێران.

## دابەشبوونی نێوان لایەنە توندڕەوەکان و ڕیفۆرمخوازەکان

دانوستانەکان لەگەڵ واشنتۆن، ناکۆکی نێوان بەرەی ڕیفۆرمخواز و بەرەی توندڕەو لە ئێران نیشان دەدات. لایەنە توندڕەوەکان ترسیان لەوە هەیە کە ڕێکەوتنە چاوەڕوانکراوەکە لە پلانی کاری تۆکمەی هاوبەش (JCPOA) خراپتر بێت، بە تایبەت کە تاران نایەوێت دەستبەرداری بەرنامە مووشەکییەکەی بێت یان کەمکردنەوەی پیتاندنی یۆرانیۆم. هاوکات بەرەی ڕیفۆرمخواز، دانوستانەکان بە دەرفەتێک دەزانن بۆ باشترکردنی دۆخی ئابووری و هەڵگرتنی وردە سزاکانی سەر وڵاتەکەیان. ئەم بەرەیە بە سەرۆکایەتی حەسەن ڕۆحانی سەرۆک کۆماری پێشووی ئێران بەڕێوەدەچوو، لە ئێستاشدا بە سەرۆکایەتی مەسعود پزیشکیان لە هەوڵی بەدەستهێنانی ئەو پشتیوانییەدایە لە ڕێگەی دەستپێکردنی دانوستان لەگەڵ ئەمریکا بە نوێنەرایەتی (عەباس عەراقچی- وەزیری دەرەوە)، کە جەختی لە سەختی و گرنگی دانوستانەکان کردووەتەوە.

عەلی خامنەیی، ڕێبەری شۆڕشی ئیسلامیی ئێران، پەنای بۆ گوتاری ئایینی بردووە و داوای پێویستی دانوستان بۆ بێدەنگکردنی توندڕەوەکان دەکات. تەنانەت ئەو دابەشکارییە گەیشتووەتە ناو نووسینگەی خامنەیی. ڕۆژنامەی «کەیهان»ی ئێرانی هەڵوێستی دژایەتی دانوستانەکانی گرتەبەر و داوای پەرەسەندنی دانوستانەکان لەدژی ئیدارەی ئەمریکا دەکات. هاوکات سوپای پاسداران، پێداچوونەوەی بە توانا مووشەکییەکانی ئێران کردووە بۆ هێرشکردنە سەر هێزەکانی ئەمریکا.

## سوپای پاسدارانی ئێران

پێدەچێت سوپای پاسدارانی ئێران هەڵوێستی توندڕەوانە بەرامبەر دانوستان و هەڕەشەکانی ئەمریکا بگرێتەبەر. هێزەکە هۆشداری داوە لە هەر جۆرە هێرشێکی لەلایەن ئەمریکا یان ئیسرائیلەوە. محەممەد باقری، سەرۆکی ئەرکانی سوپای ئێران جەختی لەوە کردەوە کە سوپای وڵاتەکەی بە توندی وەڵامی هەر

دەستدرێژییەک دەداتەوە. وتەبێژی سوپای پاسداران لە ساڵیادی ڕزگارکردنی خوڕەمشاردا ڕایگەیاند کە هێزەکانی وڵاتەکەی بوونە بە هێرشبەر، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی تاران خاوەنی توانای وەڵامدانەوەی هەر سیناریۆیەکی پەرەسەندنە.

## سیناریۆکانی پەرەسەندن لە لایەن ئێرانەوە چین؟

ئێران لەبەردەم دوو بژاردەدایە: پەرەسەندن یان دانوستان. بژاردەی یەکەم بە واتای پشتبەستن بە کارتی حوسییەکان و دوبارە دامەزراندنەوەی ئەو وەکیلانەی کە لە ناوچەکەدا ماونەتەوە بۆ دوبارە جێگیرکردنەوەی هەژموونی خۆی لە ناوچەکەدا، ئەمەش دوای لەدەستدانی سەرکردایەتی لە حزبوڵڵای لوبنان و لەدەستدانی هەژموونی لە گۆڕەپانی سیاسی لوبنان و ڕووخانی ڕژێمی بەشار ئەسەد لە سووریا و دابەزینی هەژموونی سوپای پاسداران لە سووریا.

ڕێکەوتنی نێوان حوسییەکان و واشنتۆن بۆ ڕاگرتنی ئۆپەراسیۆنی سەربازیی ئەمریکا دژی ئەوان لە بەرامبەر ڕاگرتنی هێرشەکانی سەر کەشتییە ئەمریکییەکان، ئێران لە سیناریۆی دووەم نزیک دەکاتەوە: کۆنتڕۆڵکردنی پەرەسەندن و دانانی مەرجەکان بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ پرسی ئەتۆمی، لە ترسی ئەوەی کە ببێتە ئامانجێکی ڕاستەوخۆ بۆ هێرشەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل یان دوبارە سەپاندنەوەی سزاکان. بۆیە تاران بەدوای سیاسەتێکدا دەگەڕێت کە خۆی لە پێکدادان لەگەڵ واشنتۆن بەدوور بگرێت و پەیوەندییەکانی لەگەڵ حوسییەکان بپارێزێت، بۆ ئەوەی دوا چەقۆی خۆی لە ناوچەکەدا لە دژی نەیارەکانی لەدەست نەدات و ئاماژە بۆ هاوپەیمانەکانی نەنێرێت کە پێویستە ئێستا دەستبەرداریان بن.

## چانسی هێرشی سەربازی سنووردار بۆ سەر ئێران چییە؟

لە مانگی ئازاری ساڵی ٢٠٢٥، دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەڕەشەی لە عەلی خامنەیی، ڕێبەری شۆڕشی ئیسلامیی ئێران کرد، ئەگەر دانوستانەکان شکستی هێنا، ئەوا هەنگاوی سەربازی دەگرنەبەر. بەرپرسانی ئەمریکا ڕایانگەیاند کە ئێران لە لاوازترین پێگەی سەربازی خۆیدایە

لە ماوەی دەیان ساڵی ڕابردوودا، بۆیە واشنتۆن هەوڵە هەواڵگرییەکانی چڕتر دەکاتەوە بۆ ئامادەکاریی بۆ هەر پێشهاتێک.

قسە و باسەکان ئاماژەیان بەوە کردووە کە ئەمریکا لەگەڵ کردەوەی سەربازی دژی ئێران نییە، هاوکات لەگەڵ هاوکاریکردنی ئیسرائیلیش نییە لە هەمان بابەتدا. سەرچاوەیەکی ئاگادار بە سی ئێن ئێنی ڕاگەیاندووە، ئەگەری زۆرە هێرشی ئیسرائیل ڕێکەوتنەکە لە ڕێڕەوی خۆی دەربهێنێت، ئەگەر ترەمپ ڕێکەوتنێک قبووڵ بکات، ئەوا بە دڵی ئیسرائیل نابێت.

سی ئێن ئێن لە ٢١ی ئایاری ٢٠٢٥ لە زاری بەرپرسانی ئەمریکاوە بڵاویکردەوە: «واشنتۆن زانیاریی هەواڵگری دەستکەوتووە کە ئاماژە بەوە دەکات کە تەلئەبیب ئامادەکاریی دەکات بۆ هێرشکردنە سەر دامەزراوە ئەتۆمییەکانی ئێران».

بەرپرسانی ئەمەریکا ئاماژەیان بەوە کردووە کە ئەو هەنگاوە پەیوەستە بە هەڵوێستی ئیسرائیلەوە سەبارەت بە دانوستانەکان لەسەر بەرنامەی ئەتۆمی، هەروەها نیگەرانییەکان لە چەند مانگی ڕابردوودا سەبارەت بە هێرشێکی لەو شێوەیە پەرەی سەندووە، بەتایبەتی بە لەبەرچاوگرتنی ئەو زانیاریانەی کە لە بەرپرسانی ئیسرائیلەوە دێن و چاودێریکردنی جموجۆڵەکانی تەقەمەنی ئیسرائیل و پەیوەندییە سەربازییەکان. شارەزایان ئەم ئاماژانەیان وەک ئامرازێک بۆ فشارخستنە سەر ئێران سەبارەت بە دانوستانەکان تەماشا کردووە.

لە ٢٨ی ئایاری ٢٠٢٥، ترەمپ ئاماژەی بە ئەگەری گەیشتن بە ڕێکەوتن لەگەڵ ئێران لە ماوەی دوو هەفتەی داهاتوودا کرد و هۆشداریی بە ناتانیاهۆ دا لە پەکخستنی دانوستانە ئەتۆمییەکان لەگەڵ ئێران. واتە لەناوبردنی تەواوەتی بەرنامە ئەتۆمییەکەی ئێران ئەستەم دەبێت، ئەمەش هەر هێرشێکی ئەمریکا بۆ سەر ئێران سەخت دەکات. ئەو مووشەکانەی دیاریکراون بۆ هێرشی سەر ئێران، بەشێکی زیان بە دامەزراوەکانی پیتاندنی یۆرانیۆم و شوێنەکانی سوپای پاسداران و شوێنەکانی بەرهەمهێنانی مووشەک و فڕۆکەی بێفڕۆکەوان دەگەیەنن و ڕێگری لە هەر جۆرە وەڵامدانەوەیەکی ئێران بۆ ئەم هێرشانە دەکات.

## چانسی سەرکەوتنی نێوەندگیری نێودەوڵەتی لەسەر پرسی ئەتۆمی ئێران چییە؟

مەسقەت و ڕۆما میوانداری پێنج خولی دانوستانەکانی تایبەت بە پرسی ئەتۆمی ئێرانیان کرد و پیتاندنی یۆرانیۆم هێشتا وەک خاڵێکی ناکۆک لە دانوستانەکاندا ماوەتەوە. ئێران زۆر هەوڵی داوە تیشک بخاتە سەر ڕووسیا و چین وەک نێوەندگیری. لە ١٧ی نیسانی ٢٠٢٥، لە سەردانەکەی وەزیری دەرەوەی ئێران بۆ مۆسکۆ، پێشوازیی لە هەوڵی ڕێکەوتنی ئەتۆمی نێوان واشنتۆن و تاران کرا. ڕۆژی ٢٣ی نیسانی ٢٠٢٥، وەزیری دەرەوەی ئێران لە سەردانەکەیدا پێشکەوتنی دانوستانەکانی ئێستای سەبارەت بە بەرنامەی ئەتۆمی لە (چین) تاوتوێ کرد.

خولی پێنجەمی دانوستانەکان لە ٢٣ی ئایاری ٢٠٢٥ بەبێ پێشکەوتنی بەرجەستە کۆتایی هات. عومان ڕۆڵی ناوبژیوان دەگێڕێت لە میوانداریکردنی دانوستانەکان و پڕکردنەوەی بۆشایی نێوان لایەنی ئەمریکی و ئێرانی. هەوڵ دەدات ڕێکەوتنێکی نوێ بکرێت لەسەر پرسی ئەتۆمی ئێران و لەگەڵ سووککردنی سزا نێودەوڵەتییەکان. مەسعوود پزیشکیان سەرۆک کۆماری ئێران لە ڕۆژانی ٢٧ و ٢٨ی ئایاری ٢٠٢٥ سەردانی شاری مەسقەتی کرد و تاوتوێی پێشهاتەکانی دانوستانەکانی ئێستای کرد.

لایەنی ئێرانی و ئەمریکی سەبارەت بە پابەندبوونی هەر لایەنێک بە هەڵوێستی خۆیەوە لێدوانیان ئاڵوگۆڕ کرد. لە ٢٢ی ئایاری ٢٠٢٥ واشنتۆن سزای بەسەر کەرتی بیناسازی ئێراندا سەپاند. تاران ڕەخنەی لە گەمارۆکان گرت و عەباس ئاراغچی وەزیری دەرەوەی ئێرانیش ڕایگەیاند کە «گەیشتن بە ڕێکەوتن کارێکی قورس نییە. سفر چەکی ئەتۆمی بە واتای ڕێکەوتنە، هاوکات سفر پیتاندن بە واتای ڕێکەوتن نییە.»

برایان کاتولیس، توێژەر لە ئینستیتیوتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە واشنتۆن، گەڕانەوەی ئیدارەی ئەمریکا بۆ سیاسەتی «زۆرترین فشار» بە ڕێوشوێنی ئابووری و یاسایی بۆ بەرەنگاربوونەوەی چالاکییەکانی ئێران ڕوونکردەوە. گوتی: واشنتۆن لە پێش ساڵی ٢٠١٨ەوە لە هەوڵدایە، ئەمەش گرنگیی نێوەندگیری نوێ بەهێزتر دەکات، چ لە هاوپەیمانەکانی ئێرانەوە بێت یان لە ئەمریکاوە.

**هەڵسەنگاندن و خوێندنەوەی داهاتوو**

• ڕێبازی ترەمپ لەسەر بنەمای ڕێکەوتن بۆ سیاسەتی دەرەوە ڕووبەڕووی تاقیکردنەوەیەکی توند دەبێتەوە، بەتایبەت لە ئامادەکاریی بۆ ڕێکەوتنێک لەگەڵ ئێران سەبارەت بە بەرنامە ئەتۆمییەکەی.

• ئیسرائیل ڕووبەڕووی دووڕیانێکی ستراتیژی دەبێتەوە: یان ڕێکەوتنێکی ئەتۆمی قبووڵ بکات کە نیگەرانییە ئەمنییەکانی تێر نەکات، یان هێرش بۆ سەر ئێران دەستپێبکات، هەڵبژاردنێک کە پڕە لە کاردانەوەی ناوچەیی و دیپلۆماسی، بەتایبەتی بە لەبەرچاوگرتنی پشتیوانی نەکردنی ئیدارەی ئەمریکا بۆ ئەم بژاردەیە.

• دەوڵەتانی کەنداو درک بەوە دەکەن کە هەڵگرتنی چەکی ئەتۆمی لە لایەن تارانەوە دەتوانێت دەرگای پێشبڕکێی چەکی ئەتۆمی ناوچەیی بکاتەوە. پێشبینی دەکرێت دەوڵەتانی کەنداو بەردەوام بن لە ڕۆڵی نێوەندگیری لە نێوان تاران و واشنتۆن بۆ دوورکەوتنەوە لە سیناریۆی پەرەسەندنی سەربازی لە ناوچەکەدا.

• پێدەچێت ڕووسیا و چین وەک ناوبژیوانی سەرەکی نێوان تاران و واشنتۆن ڕۆڵ ببینن، ئەمەش کاریگەریی خۆیان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەک «گەرەنتیکار» بەهێزتر دەکەن، لە کاتێکدا ڕۆڵی ئەورووپا لەم بابەتەدا بەرەو دابەزین دەڕوات.

• ڕەنگە پرسی ئەتۆمی ئێران لەژێر ئیدارەیەکی توندڕەوی ئەمریکادا ئاڵۆزتر بێت و ئەگەری ڕووخانی تەواوەتی ڕێکەوتنە ئەتۆمییەکە زیاتر دەبێت، هەروەها مەترسی خۆخلیسکاندن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئاشکرا، بەتایبەتی ئەگەر ئێران لە «بەربەستی ئەتۆمی» نزیک بێتەوە.

• ترۆیکای ئەورووپی ڕۆڵێکی سەرەکی لە پرسی ئەتۆمی ئێراندا دەگێڕێت وەک لایەنێکی سەرەکی لە پلانی کاری تۆکمەی هاوبەشی ساڵی ٢٠١٥ (JCPOA). سەرەڕای گەمارۆکان و پاشەکشە دیپلۆماسییەکان، سەرەتا بە کشانەوەی ئەمریکا لە ڕێکەوتنەکە لە ساڵی ٢٠١٨ و دواتر خێراترکردنی پیتاندنی یۆرانیۆم لەلایەن ئێرانەوە، یەکێتی ئەورووپا بە دانپێدانانی سەقامگیریی ئێران بۆ بەرژەوەندییە

ئەمنییەکان و ئابوورییەکانی ئەورووپا، بەردەوام بووە لە داوای وتووێژ.

• ترۆیکای ئەورووپی هەوڵ دەدات هاوسەنگی لە نێوان پێشگرتن لە داڕمانی ڕێکەوتنی ئەتۆمی و ڕێگریکردن لە پەرەپێدانی چەکی ئەتۆمی ئێران بپارێزێت. بەڵام هەڵوێستی توندڕەوی واشنتۆن و خۆدزینەوە لە تاران، ئامرازەکانی لاواز دەکات و کاریگەرییەکانی سنووردار دەکات، ئەمەش ئەگەری ئەوە دەکات کە لە داهاتوودا ڕۆڵی ئەو وڵاتە لە بەرژەوەندی میحوەرەکەی ئەمریکا و ئیسرائیلدا کەم ببێتەوە.

• ئیدارەی دووەمی ترەمپ بووە هۆی تەحەدایەک بۆ ئەورووپا سەبارەت بە نیگەرانییە ئەمنییەکانی پەیوەست بە ناتۆ و ئۆکرانیا، هاوکات لە هەمان کاتدا باج بەسەر وڵاتانی ئەورووپادا سەپاند. هەرچەندە ئەورووپا و ئەمریکا نیگەرانی هاوبەشیان هەیە سەبارەت بە شەڕی غەززە و بەرنامەی ئەتۆمی ئێران، بەڵام ترەمپ دانوستانی تاکلایەنەی لەگەڵ ئێران لە دیپلۆماسی فرەلایەنی بە باشتر زانیوە. لەگەڵ ئەوەی سیاسەتەکانی ترەمپ زیاتر ڕەنگدانەوەی ئەولەویەتەکانی بەشداریکردنن، ئەورووپا دەبێت سیاسەتێکی جەختکەرەوەتر و سەربەخۆتر لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بگرێتەبەر.

• لە غیابی پلانی کاری تۆکمەی هاوبەش (JCPOA) و ڕێکەوتنی جێگرەوەی، تاران ڕەنگە بڕیار بدات کە بەردەوام بێت لە بەرنامە ئەتۆمییەکەی. ئەم ئاسۆیە زیاتر لە دوای ساڵێک کە توانای خۆپاراستنی ئێران بە توندی تێکچووە، زیاتر دەردەکەوێت. هێزەکانی «بەرەی مقاوەمە» بە سەرۆکایەتی تاران، وەک حەماس و حیزبوڵڵا، بە هۆی ململانێکانیان لەگەڵ ئیسرائیل بە شێوەیەکی بەرچاو لاواز بوون. ڕژێمی ئەسەدی لایەنگری ئێران لە سووریا داڕما. هێرشەکانی ئیسرائیل لە مانگی نیسان و تشرینی یەکەمی ٢٠٢٤ کە بەرگری ئاسمانی ئێرانیان کردە ئامانج، لاوازیی تارانی نیشان دا. ئیدارەی نوێی ترەمپ گرژییەکانی زیاتر بەرزکردەوە بە دوبارە سەپاندنەوەی سزای (زۆرترین فشار) لە هەفتەکانی یەکەمی سەرۆکایەتیدا. لەلایەکی دیکەوە ئیسرائیل فشاری خستۆتە سەر ئیدارەکەی بۆ پشتیوانی لە هێرشە ڕاستەوخۆکان لەدژی بەرنامە ئەتۆمییەکەی

ئێران و هەڕەشەی هێرشی سەربازیی گەورە دەکات.

• پەراوێزخستنی ئەورووپییەکان لە دانوستانەکانی ئەمریکا و ئێراندا دەتوانێ ببێتە هۆی ڕێکەوتنی دیکە کە بەرژەوەندییەکانی ئەورووپا لەبەرچاو نەگرێت و توانای یەکێتیی ئەورووپا بۆ کاریگەری لەسەر پرسەکانی ئاسایشی ناوچەکە لاواز بکات. بەڵام ئەورووپییەکان دەتوانن ڕۆڵی خۆیان بەدەستبهێننەوە بە بەکارهێنانی هێڵی ئابووری و شەرعیەتی نێودەوڵەتی خۆیان، بە مامەڵەکردنی کاریگەرانە وەک گرووپێکی یەکگرتوو لە هەر یەکلاکردنەوەیەکی داهاتوودا. سەرەڕای ئەو ڕۆڵە تەقلیدییەی کە ئەورووپا و بەتایبەتی ترۆیکای یەکێتی ئەورووپا (فەڕەنسا، ئەڵمانیا و بەریتانیا) لە دانوستانەکانی لەگەڵ ئێران سەبارەت بە بەرنامە ئەتۆمییەکەی، پێشهاتەکانی ئەم دواییە ئاماژەن بۆ پەرەسەندنی پەراوێزخستنی ڕۆڵی ئەورووپا لە هەر دانوستانێکی ئەگەری ئەمریکا و ئێران، بە تایبەت لە سەردەمی ئیدارەی دووەمی دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکا. ڕوون بووەتەوە کە واشنتۆن و تاران ڕێکبکەون.

• ترۆیکای ئەورووپی لە پێشبڕکێی نێوان چارەسەری دیپلۆماسی یان سەپاندنی سزای نوێ بەسەر ئێراندا قفڵ بووە، ئەگەر دانوستانە ئەتۆمییەکانی نێوان تاران و ئەمریکا لە لایەک و ئەورووپییەکان لە لایەکی دیکە، نەگەنە «کۆتاییەکی باش». ئەورووپییەکان هەڕەشەی سەپاندنی سزا دەکەن بەبێ ئەوەی باس لە هیچ کردەیەکی سەربازی بکەن، خۆیان لە واشنتۆن جیا دەکەنەوە کە بەردەوامە لە بەکارهێنانی سیاسەتی سەربەخۆ لەگەڵ تاران.

• لەگەڵ دەستپێکردنەوەی دانوستانەکانی ئەورووپا و ئێران، وڵاتانی ئەورووپا سوورن لەسەر ئەوەی ڕۆڵی مێژوویی خۆیان وەک ناوبژیوانی نێوان ئێران و ئەمریکا دووپات بکەنەوە. بە بنیاتنانی ئەزموونی دەیان ساڵەیان لە مامەڵەکردن لەگەڵ تاران و دۆزینەوەی خاڵی هاوبەش لەگەڵ ئەمریکا، ئەورووپا دەتوانێت دانوستانی نوێ لەسەر ڕێکەوتنێکی نوێ دەستپێبکات. پەیوەندییە بەهێزەکانی لەگەڵ ئیسرائیل و دەوڵەتانی عەرەبی کەنداو دەتوانێت یارمەتیدەر بێت بۆ گەیشتن بە کۆدەنگی ناوچەیی بۆ دوورکەوتنەوە لە تەڵەکانی ڕابردوو و بنیاتنانی

ڕێکەوتنێکی پتەوتر.

• هەموو ئەوانەی سەرەوە ، ساڵی 2025 بۆ بەرنامە ئەتۆمییەکانی ئێران و بۆ ئاسایشی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی دەکاتە ساڵێکی هەرە گرینگ بۆ ئێران بەبێ دەربازبوون، ڕەنگە پەلە بکرێت لە چەککردنی بەرنامە ئەتۆمییەکەی ئێران، یان هێرش بکرێتە سەری، یان هەردووکی.

• هەلومەرجی دانوستانەکانی ئێستای واشنتۆن و تاران ئاڵۆزتر و دژوارترە لە دانوستانەکانی ساڵی ٢٠١٥، بە تایبەت کە کاردانەوەکانی شەڕی غەززە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش کاریگەریی لەسەر هاوپەیمانەکانی تاران لە لوبنان، سووریا و یەمەن هەبووە و دەرفەتی بە ئیسرائیل داوە کە هێرشەکانی دژی ئێران دەستپێبکات و بیخاتە ناو هاوکێشەی هەڵکشانەوە. لەهەمانکاتدا ئێران ڕووبەڕووی دووڕیان دەبێتەوە سەبارەت بە مامەڵەکردنی لەگەڵ حوسییەکان، چونکە ئەوان ئامرازێکی فشارن و تا ئێستاش نوێنەرایەتی هەژموونن بۆی. ئەمەش بەو مانایەیە کە دەستبەرداربوونیان ئەستەمە، نەک ستراتیجی تاران بەهۆی بیروڕای گشتی ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەوە لاواز بێت. هەروەها تاران درک بەو مەترسییە دەکات کە بە ڕوونی پشتبەستن بەوان بۆ فشار لە دانوستانەکاندا، نەک تورەیی واشنتۆن، بەڵکو وڵاتانی دراوسێش لە ئێستادا دەورووژێنێت.

• ئێران تەنیا پشت بە پەرەسەندنی زارەکی دەبەستێت لە وەڵامی هەڕەشەکانی ئەمریکا بۆ سزادان یان هێرش. ئەمەش بەو مانایەیە کە بژاردەکانی بۆ فشارخستنە سەر واشنتۆن سنووردارە. بەوریایی لەگەڵ واشنتۆن مامەڵە دەکات، تاکو هێڵی سوور نەبەزێنێت، پێداگری لەسەر پابەندبوونی خۆی بە پیتاندنی یۆرانیۆم و خواستی کەمکردنەوەی سزاکانی سەپێنراو لەسەری دەکات، بۆ ئەوەی سەپاندنی سزای نوێ لە دوای ئۆکتۆبەری ٢٠٢٥ فراوان نەکات، ئەمەش وا دەکات ئەگەر ڕێکەوتن نەکرێت و دانوستانەکان شکست بهێنێت، بە تەواوی، دۆخی نێوان تاران و واشنتۆن پەرەدەسێنێت.

• دابەشبوونی ناوخۆی ئێران لە خزمەتی دانوستانەکانی بەرنامەی ئەتۆمیدایە، بەڵام تەحەدای ناوخۆیی پەیوەست بە کاریگەریی بەرەی توندڕەویی تاران

دەخاتە بەردەم تاران، کە هەوڵی ئاستەنگ بۆ دانوستانەکان دەدات و هۆکاری گرژیی دانوستانەکانە. بۆیە ئەنجامی وتووێژەکان لەگەڵ واشنتۆن بەهێزی کوتلەی چاکسازیخواز ئاشکرا دەکات، بەتایبەتی کە دەرهاویشتەکان ئاماژەن بۆ ڕێکەوتنێکی چاوەڕوانکراو لە چەند ڕۆژی داهاتوودا. ترەمپ دەیەوێت ئەم پرسە چارەسەر بکات و هەر پەرەسەندنێک کە ئیسرائیل پلانی بۆ داناوە کۆنترۆڵ بکات، بۆ ئەوەی بەڵێنەکانی سەبارەت بە کۆتاییهێنان بە هەموو شەڕەکان و ڕێگریکردن لە پەرەسەندنی هەر ململانێیەکی نوێ جێبەجێ بکات.

• ئێران لە دانوستانەکانی ئێستای نێوان ڕووسیا و ئەمریکا سەبارەت بە شەڕی ئۆکرانیا و گۆڕانی پەیوەندییەکانی ڕووسیا و ئەمریکا دەقۆزێتەوە بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ڕووسیا بخاتە ناو پرۆسەی نێوەندگیرییەوە. هەروەها چین وەک هاوپەیمانێکی دیکە بەکاردەهێنێت بۆ فشارخستنە سەر ئەمریکا لەسەر پرسە دڕکاویەکان لەگەڵ چین، وەک ئابووری و تەکنەلۆژیا و بۆشایی ئاسمان. ئەمەش بە تایبەتی ڕاستە کە ئاستی متمانەی نێوان هەردوولا لە دانوستانەکاندا بە تەواوی نەگەڕاوەتەوە. تاران هەر سێ زلهێزی ئەورووپای ئەڵمانیا، فەڕەنسا و بەریتانیا بە نزیکتر لە واشنتۆن دەزانێت لە لێکتێگەیشتنی سەبارەت بە پرسی ئەتۆمی، چونکە ئەو سێ وڵاتە ستراتیژێکی هاوسەنگی لەگەڵدا دەگرنە بەر، بە پێچەوانەی واشنتۆن

• سەرەڕای نەبوونی ڕێکەوتنێکی ڕاستەقینە لە نێوان ئێران و ئەمریکا بۆ دوورکەوتنەوە لە هێرشە سەربازییەکان، بەڵام هەردوولا بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لەسەر «سیاسەتی ئیمتیازاتی دیپلۆماسی» کە پەیوەندی بە ئاڵوگۆڕی هۆشداری و هەڕەشەوە هەیە، ڕێکدەکەون. ئێران پەنای بردۆتە بەر هەڕەشە بۆ پەرەپێدانی بەرنامەی مووشەکیی خۆی و درێژەدان بە پشتیوانییەکانی بۆ حوسییەکان و دابینکردنی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان بۆ ڕووسیا لە شەڕی دژی ئۆکرانیا، هاوکات ئەمریکا هەڕەشەی گەمارۆ ئابوورییەکانی کردووە و مەرجی دانوستانی بەرزی سەپاندووە بۆ گەیشتن بە ڕێکەوتنێک بەو شێوەیەی کە ئیدارەی ترەمپ ویستویەتی.

https://www.europarabct.com/104838-2/

## Reference

1. Trump reshapes US Mideast policy. Can deals work instead?
https://tinyurl.com/3hduwt4w
2. China backs Iran's nuclear talks with US, opposes 'illegal' sanctions
https://tinyurl.com/3bdp9ar2
3. High stakes as Iran nuclear issue reaches crunch moment
https://tinyurl.com/34x9rsda
4. Israel preparing to strike Iran fast if Trump's nuclear talks break down
https://tinyurl.com/4k7ndz28
5. Recent US-Iran talks on a new nuclear deal
6. https://2u.pw/dUEGh
7. Iran, Europeans hold nuclear talks, agree to more, diplomats say
8. https://2u.pw/l7Cdp
9. Iran, European powers meet amid tensions over nuclear deal
10. https://2u.pw/S8ngX
11. The US and Iran are on the road to escalation. Europe can and should create an off-ramp
12. https://2u.pw/2OqQB
13. How Europe can influence Trump's deal-making with Iran
14. https://2u.pw/P4hnF
15. Iran would view US as 'participant' in any Israeli attack on its nuclear sites
16. https:/linkcuts.org/yhkuank6
17. 'Red lines' stalk fifth round of Iran-US nuclear talks
18. https://shorturl.at/RcMEf
19. Divide over Iran-US negotiations spreads to Khamenei's office
20. https://shorturl.at/Zmh6j
21. Iran's middle class bears brunt of economic crisis
22. https://shorturl.at/nqvfT

# هەڵاواردنی فرەتوێ؛
## تێگەیشتنی کوردە سوننەکانی ئێران
## لە پرسی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی

توێژەران: محەمەد حەیدەری و وەحید قاسمی

وەرگێڕان: ئارما مورادی




1. Multifaceted Discrimination: The Perception of Iranian Sunni Kurds About the Experience of Social Justice, Journal of Ethnic and Cultural Studiesc2025, Vol.12, No. 3, 71-88 http://dx.doi.org/10.29333/ejecs/1974

## پوختە

بەکارهێنانی شێوازی شیکردنەوەی شیمانەیی، تێگەیشتنی کوردە سوننەکانی ئێرانمان لەسەر پرسی ئەزموونی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی تاوتوێ کردووە. بەشداربووانی ئەم توێژینەوەیە، شازدە کەس لە کوردە سوننەکانی ئێران بوون کە بە شێوەیەکی ئامانجدار هەڵبژێردراون. بۆ کۆکردنەوەی زانیارییەکان لە چاوپێکەوتنی نیمچە پێکهاتەیی کەڵک وەرگیراوە. ئەنجامەکان دەریانخست کە بەشداربووان لە چوار ڕەهەندی جۆراوجۆرەوە ڕووبەڕووی هەڵاواردن بوونەتەوە: هەڵاواردنی ئایدۆلۆژیک، هەڵاواردنی پێکهاتەیی، هەڵاواردنی ئاڕاستەکراو و هەڵاواردنی نێوئەتنیکی. ئەزموونی هەڵاواردنی فرەتوێ لەنێوان کوردە سوننەکاندا، ئاماژە بە دابەشکردنی پاوانخوازانەی سەرچاوەکان، دەرفەتەکان و دەسەڵاتی سیاسی دەکات کە لە بەرژەوەندیی تاقمێکی ئەتنیکی تایبەت لە ئێران ڕەچاو دەکرێت. شێوازی پۆلێنبەندیی ئەتنیکی پەیوەندیدار بە کوردە سوننەکان لە ئێران، پیشاندەری هەبوونی ناوەکێکی باڵادەست و دەسەڵاتدار و ئەتنیکێکی پەراوێزخراوە. فاکتەرە کولتووری و سیاسییەکان ڕۆڵێکی گرنگیان لە پەیوەندیی نێوان حکومەتی ناوەندیی و کوردە سوننەکان، لە چوارچێوەی پەیوەندیی ناوەند-پەراوێز هەبووە. هەبوونی کۆمەڵگەی بێ حاکمییەت و خاوەنی حاکمییەت، بەردەوامبوونی هەڵاواردن دژی کوردە سوننەکانی لێکەوتووەتەوە. هەربۆیە، بەردەوامبوونی ئەو هەڵاواردن و نایەکسانییەی کە کوردە سوننەکان ئەزموونی دەکەن، دەگەڕێتەوە بۆ سیاسەتی تواندنەوەی حکومەتی ناوەندی و بە جۆرێک لە جۆرەکان بۆتە هۆی کلۆنیالیزمی ناوخۆیی.

**وشە سەرەکییەکان:**

**دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، کوردە سوننەکان، هەڵاواردنی فرەتوێ، ئێران.**

سەرەڕای هەوڵە مێژووییە بەردەوامەکانی کۆمەڵگە و دەوڵەتەکان بۆ گەیشتن بە دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، یەک لەو بابەتە بنەڕەتییانەی نێو کۆمەڵگە فرەئەتنیکییەکان و ئەو حکومەتانەی لەسەر ئەتنیک دامەزراون، ئەزموونی هەڵاواردنی ئەتنیکییە. وەک کورنێل (١٩٩٥) دەڵێت، یەک لە تایبەتمەندییە هەرە دیارەکانی جیاکاری و هەڵاواردنی ئەتنیکی، بەربڵاوبوونی ئەو دیاردەیە. لە حکومەتێکدا کە لەسەر ئەتنیک دامەزرا بێت، گرووپە ئەتنیکییەکان، بەشە سەرەکی و بنچینەییەکانی سیستەمی سیاسی پێکدێنن و زۆرێک لە مافە شارومەندییەکان تەنیا بۆ ئەندامانی گرووپێکی ئەتنیکیی تایبەت لەئارادان و جێبەجێ دەکرێن (غای، ٢٠١١). کەمینە ئەتنیکییەکان پلەیەکی نزم و لاوازیان لە کۆمەڵگەدا هەیە و زۆرجار لە ئاستی گشتی یان ژیانی تاکەکەسیدا، بەپێی ئایین، بیر و بڕواکان، ڕوانگە سیاسییەکان و یان هەلومەرجی مەدەنیی خۆیان، هەڵاواردنیان بەرامبەر دەکرێ (مەروان، ٢٠١٩). هەر لەسەر ئەم ڕەوتەیش، کەمینە ئەتنیکییەکان لە ئێران بەرامبەر بە حکومەتی ناوەندیی، هەستێکی فراوان بە هەڵاواردن و بێبەشبوون دەکەن (برەدلی، ٢٠٧). ئامانجی ئەم توێژینەوە، تاوتوێکردنی تێگەیشتنی کوردە سوننەکان بووە -وەک یەک لە گرووپە سەرەکییە ئەتنیکییەکانی ئێران- لە ئەزموونکردنی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی.

ئێران پێکهاتووە لە کۆمەڵێکی فرەڕەنگی ئەتنیکی و زمانی (ئاقاجانیان، ١٩٨٣؛ ئەمانوڵڵاهی، ٢٠٠٥، برەدلی، ٢٠٠٧). بەشێوەی مێژوویی، ئەم وڵاتە هەڵگری ئاپوورەیەکی هەمەڕەنگ بووە بە شوناسی جۆراوجۆری زمانی و کولتووریی جۆراوجۆرەوە (ئاقاجانیان، ١٩٨٣) و وەک بوونێکی چەند کولتووری و فرەئەتنیکی هەژمار دەکرێت (حەسەنییان و ئێستەنسفیلد، ٢٠٢٢)، کە تێیدا، شوناسە جۆراوجۆر و چین‌چینەکان لە ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسیی تاکەکاندا دەور دەگێڕن (موفیدی و ئاقاپووری، ٢٠٢٣). هەروەها لەدرێژەی مێژوودا، پێکهاتەی دەوڵەت لە ئێراندا لەسەر بنەمای ئەتنیک بنیات نراوە (برەدلی، ٢٠٠٧). خاڵێک کە پێویستە ئاوڕی لێ بدرێتەوە ئەوەیە کە هەندێک لە حکومەتەکان ناوەندگەرا نەبوونە و لەگەڵ گرووپە ئەتنیکییەکانی دیکە پەیوەندیی دوولایەنەیان پاراستووە. لە حکومەتی لەم چەشنەدا، گرووپە ئەتنیکییەکان چیدی ڕووبەڕووی نایەکسانی و هەڵاواردن نەبوونەتەوە. لەبەرامبەردا، حکومەتەکانی دیکە سیاسەتی ناوەندگەراییان ڕەچاو کردووە و پەیوەندییەکی

یەکلایەنەیان لەگەڵ گرووپە ئەتنیکییەکان دامەزراندووە. لەئەنجامدا نایەکسانی و هەڵاواردن بەرامبەر بەو گرووپانە باو بووە (محەمەدزادە و خانی، ٢٠١٨). هەربۆیە، زمان و ئایین بەردەوام وەک دوو فاکتەری سەرەکیی جیاکەرەوەی ئەتنیکە ئێرانییەکان باس کراون و ئاماژەیان پێدراوە و بوونەتە هۆی نایەکسانی و هەڵاواردنی نێوان گرووپە ئەتنیکییەکان.

لە سەردەمی پێش مودێرنیتەدا، حکومەتی سەفەوییەکان (١٥٠١-١٧٣٦) هەڵاواردن دژی گرووپە ئەتنیکییەکانی لە ڕێگەی پەراوێزخستن و سەپاندنی تواندنەوەی (ئەسیمیلەیشن) ئاینییەوە لەسەر ئەو ئەتنیکانەی ئایینی شیعەیان نەبوو، دەستپێکرد (کۆنەپۆشی، ٢٠٠٤؛ سیراجزادە و ئادهەمی، ٢٠٠٨). نایەکسانی و هەڵاواردنی ئەتنیکی لە سەردەمی مۆدێرندا لەگەڵ حکومەتی ناوەندیی ڕەزاشا گرێ دراوە (ئاقاجانییان، ١٩٨٣؛ ئەمانوڵڵاهی، ٢٠٠٢)؛ سیراجزادە و ئادهەمی، ٢٠٠٨؛ وەلی، ٢٠١١). ئامانجی سەرەکیی ڕەزاشا، بنیاتنانی دەوڵەتێکی مۆدێرن، ناوەندی و یەکپارچە لەژێر حکومەتی ڕەهای خۆیدا بوو (ئەمانوڵڵاهی، ٢٠٠٢). هەربۆیە، لەسەر ئاڕاستەی پەرەپێدانی ناسیۆنالیزم و ئێرانگەرایی، بۆ بووژاندنەوە و زیندووکردنەوەی وڵات، کۆمەڵێک گۆڕانکاریی کولتووریی تایبەتی بەرامبەر بە ئەتنیکە نەفارسەکان و هاوکات لەگەڵ پرۆسەی ناوەندگەرایی جێبەجێکران (ئاقاجانییان، ١٩٨٣). بۆیە حکومەتی پەهلەوی (١٩٢٥-١٩٧٩) یەکەمین حکومەتی ئێران بوو کە سیاسەتی سەرکوتکردن و تواندنەوە بەرامبەر بە نەتەوە-ئەتنیکەکانی نەفارس بەشێوەی ڕەسمی ڕەچاو کرد (محەمەدپوور و سلێمانی، ٢٠٢٠). ساڵی ١٩٧٩ و دوابەدوای سەرکەوتنی کۆماری ئیسلامیی و بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی سیاسیی ئێران و پێکهاتنی پێکهاتە سەرەکییەکانی کۆمەڵگە لەسەر بناغە مەعریفییەکەی ئیسلام –بەتایبەت ئامۆژیاری و یاساکانی ئایینزای شیعە و بەهاکانی نەتەوەی فارس- گرووپە ئەتنیکی و ئایینییە جۆراوجۆرەکان پەراویز خران (ئەلیاسی، ٢٠٢١، ئینتیسار، ١٩٨٩، ییلدیز و تاسی، ٢٠٠٧). بۆیە لەئەنجامدا، لە سەردەمی پێش مۆدێرن، ئایین فاکتەری سەرەکیی هەڵاواردن بوو؛ لە سەردەمی مۆدێرن و لەژێر دەسەڵاتی ڕژێمی پەهلەویدا، هەڵاواردن لەسەر بنەمای زمان پێناسە دەکرا لە کۆماری ئیسلامیی ئێراندا، پێکگەیشتن و هاوکاتبوونی زمان و ئایین توندبوونەوەی هەڵاواردنی ئایینیی لێکەوتووەتەوە.

وەک ئاماژەی پێکرا، ئەم توێژینەوە تەرکیز دەخاتە سەر کوردە سوننەکانی ئێران. کوردستان وەک ئاقارێکی سەرسنوور، بەردەوام لە سنووری جیۆپۆلەتیکی نێوان ئیمپراتۆرییەتەکانی کۆن و دەوڵەتە مۆدێرنەکاندا بووە و بەردەوامبوونی مێژوویی ئەم پەراوێزکەوتنە جیۆپۆلەتیکەیش، فاکتەری سەرەکیی پێکهێنەری سیاسەت و مێژووی کوردەکان بووە (مەتین، ٢٠٢٠). کوردەکان گەورەترین کەمینەی ئایینیی ئێرانن و مێژوویەکی کۆنی زیاتر لە سێ هەزار ساڵەیان هەیە (ڕادپەی و ڕۆز، ٢٠١٧). کورد پاش فارس و ئازەری، سێهەمین گرووپی ئەتنۆسیاسیی گەورەی وڵاتی ئێرانن (ئەلیاسی، ٢٠٢١) و ئاپوورەیان ١٠ بۆ ١٢ ملیۆن کەس -بەرامبەر لەگەڵ ٪ ١٢ تا ١٥ی ئاپووڕەی ئێران- خەمڵێنراوە (حەسەنییان و ستەنسفیلد، ٢٠٢٢). زۆرینەیان لە ناوچەکانی ڕۆژئاوا و باکووری ڕۆژئاوای ئێران نیشتەجێن. کوردەکان، هەروەها وەک زۆر گرووپی ئەتنیکیی دیکە، کۆمەڵێک بنەمای هاوبەشیان پاراستووە و هەر ئەمەش وشیاریی ئەتنیکیی کوردی پیکهێناوە (ئینتیسار، ١٩٨٤). هەربۆیە، بەهۆی تایبەتمەندییە جیاوازییە زمانی، کولتووری و ئایدۆلۆژیکەکانی خۆیانەوە لە ئەتنیکەکانی دیکە جودا دەکرێنەوە (گرەش، ٢٠٠٩؛ حەسەنییان، ٢٠٢١؛ کووهی-کەماڵی، ٢٠٠٣؛ مەک داوڵ، ٢٠٠٤؛ ڕادپەی و ڕۆز، ٢٠١٧). ناوچە کوردنشینەکان لەگەڵ جۆراوجۆربوونی ئایینی و نەریتە ئایینییەکانی خۆیان، پێڕەوی ئایینگەلێکی وەک ئیسلام، مەسیحییەت، ئاسووری، جوو و یارسانیان تێدایە؛ بەڵام بەم حاڵەشەوە، زۆرینەی کوردەکان مسوڵمان و سەر بە ئایینزای شافیعین وەک لقێکی ئایینی سوننە (بۆناین، ٢٠٠٢؛ ئینتیسار، ١٩٨٤، کووهی-کەماڵی، ٢٠٣).

کوردەکان یەک لەو گەلانەی بوونە کە توندترین هەڵسوکەوتیان لەگەڵ کراوە و یەک لە پشتگوێخراوترین گرووپەکانن لە سەدەی بیستویەکەمدا (بۆناین، ٢٠٠٢). لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، یان وەک کەمینە سەیر کراون و یان بوونیان وەک نەتەوەیەک حاشای لێکراوە (ئەلیاسی، ٢٠٢١). لەدرێژەی سەدەی ڕابردوودا، ڕەنج و سەرکوتکرانی بەکۆمەڵی زۆریان بەسەردا سەپێنراوە (محەمەدی و کیانپوور، ٢٠٢٣). ئەگەرچی شارومەندیی فەرمییان هەیە، کوردەکان وەک ئەندامێکی مەشرووعی کۆمەڵگەی ئێران نەناسراون (ئەلیاسی، ٢٠٢١). پەیوەندیی نێوان کوردەکان و دەوڵەتە ئێرانییەکان بەردەوام دژوار و پڕ لە کێشە و مشتومڕ بووە (کووهی-کەماڵی، ٢٠٠٣). لەسەر ڕێگە

و ڕێبازی پتەوکردنەوەی دەسەڵات و ناوەندگەراییدا، پاشاکانی سەفەوی و قاجاڕ، پاشایەتی پەهلەوی و حکومەتی کۆماری ئیسلامیی، هەموویان هەڵویستی هاوشێوە و توندیان بەرامبەر داواکارییە سیاسی، ئابووری-کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکانی کوردەکان هەبووە (مەکداوڵ، ٢٠٠٤؛ کووهی-کەماڵی، ٢٠٠٣، حەسەنییان و ستەنسفیلْد، ٢٠٢٢). لە پێکهاتەی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا، فاکتەرە ئایینییەکان دەورێکی بەرچاویان لە توندکردنەوەی کێشەی نێوان کوردە سوننەکانی ئێران و ڕێبەرایەتی ئایینزای شیعە، گێڕاوە (ئینتیساری، ١٩٨٤). لەنێو کوردەکان، هەم ئەتنیک و هەمیش ئایین تا ڕادەیەکی ئێجگار زۆر سیاسی کراونەتەوە و ناوچە کوردنشینەکان ڕووبەڕووی بێبەشبوونی بەرچاو و پێش‌نەکەوتنی کۆمەڵایەتی و ئابووری بوونەتەوە (ساڵح، ٢٠١٣).

هەلومەرجی سیاسی و ئابووری-کۆمەڵایەتی کوردەکان، پیشاندەری ئەزموونی بەردەوامیانە لە شێوازە جۆراوجۆرەکانی هەڵاواردن و نادادپەروەری؛ هەڵاواردنگەلێک کە ڕەهەندە نەتەوەیی، چینایەتی، ڕەگەزی، ژینگە و بواری پەرەسەندن دەگرنەوە (حەسەنییان و سوهرابی، ٢٠٢٢). چونکە بەرخۆدانی دژەکولۆنیالیزم و شۆڕش بۆ ئۆتۆنۆمی، تەوەری سەرەکیی مێژووی کوردەکان بووە (مەتین، ٢٠٢٠)، شوێنهات و دەرەنجامی ئەم هەڵاواردن و نادادپەروەرییە، پەراوێزخرانی کوردەکان بووە لە بەشداریی چالاک لە گۆڕەپانی گشتیی ئێران، ناڕەزامەندی لە حکومەت و بەهێزبوونی داواکارییەکانیان بۆ ئۆتۆنۆمی (ییلْدز و تایسی، ٢٠٠٧). هەر بەم بۆنەوە لەگەڵ دوو پرس ڕووبەڕووین: یەکەم، دەسەڵاتی حکومەتی ناوەندی و سیاسەتە تێکەڵ هەڵاواردنەکانی بەرامبەر بە کەمینە ئەتنیکییەکان؛ و دووەم، گرووپی ئەتنیکیی کوردی سوننە کە لە ٤٠ ساڵی ڕابردوودا لە کۆماری ئیسلامیی ئێران دەرفەت و سەرچاوەکانیان بەشێوەیەکی سنووردار بەردەستبووە و لەگەڵ جۆرەکانی نایەکسانی، هەڵاواردن و نادادپەروەری ڕووبەڕوو بووەتەوە.

ئەگەرچی توێژینەوەی زۆر لە ئێران دادپەروەری و ڕەهەندە جۆراوجۆرەکانی ئەم پرسەیان لەنێو گرووپە جیاوازەکاندا تاوتوێ کردووە، بەڵام ژمارەیەکی کەمیان پەرژاونەتەوە سەر بابەتی دادپەروەریی ئەتنیکی. بۆ نموونە، یەعقووبی (١٣٨٨) گەیشتووەتە ئەو ئەنجامەی کە لەنێو گرووپە ئەتنیکییەکانی ئێراندا لە باری هەستکردن بە دادپەروەرییەوە جیاوازییەکی بەرچاو نییە؛ هەستی گشتی بەرامبەر بە دادپەروەری لەنێوان هەموو گرووپەکاندا لێکچوون بەدی کراوە. لە سێهەمین شەپۆلی توێژینەوە و

تاوتوێکردنی ڕوانگە و بەهاکانی ئێرانییەکان (١٣٩٥)، وەڵامی پارێزگا کوردنشینەکان بە پرسیارە پەیوەندیدارەکان لەگەڵ پرسی تێگەیشتنیان لە دادپەروەری زیاتر نەرێنی بووە و زیاتر لەسەر ئەو باوەڕە بوون کە نادادپەروەری لەئارادایە. نەوابەخش و گەڕاوەند (١٣٩٠) ئاستی دادپەروەری ئابووری، سیاسی و کولتوورییان لەنێوان شارومەندانی کورددا وەک ئاستێکی نزم خەمڵاندووە. هەروەها تاڵبی و عەلیزادە (١٣٩٦) دەریانخستووە کە خوێندکارە کوردەکان لەگەڵ هەڵاواردن، نایەکسانی و ڕەتکرانەوەی ئەتنیکیی بەرچاو ڕووبەڕوون؛ چ لە ئاقارە فەرمییەکاندا و چ لە ئاقارە نافەرمییە پەیوەندیدارەکان بە زانکۆکان، بەتایبەت لەسەر زمانی کوردی و ئایینی سوننە.

بەم پێیەش، سێ پرسی سەرەکی دەردەکەون: یەکەم، تێگەیشتنێکی ڕوون لە تێگەیشتنی کوردەکان بەرامبەر بە پرسی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی لە ئێران، لەئارادا نییە. دووەم، زۆرینەی ئەو توێژینەوانەی کە پەرژاونەتە سەر دادپەروەریی کۆمەڵایەتی لەسەر خەڵکی کورد، لە ڕوانگەی دەرەکی (چەندایەتی) کەڵکیان وەرگرتووە کە ئەمەش بووەتە هۆی تێگەیشتنێکی سەقەت و ناتەواو لە شرۆڤە و شیکاریی ئەوان لە دادپەروەریی کۆمەڵایەتی. سێیەم، تێگەیشتنی دادپەروەریی ئەتنیکی لە ئێران پێویست بە تێگەیشتنی پەیوەندییەکانی نێوان ناوەند-پەراوێزی نێوان حکومەتی ناوەندی و گرووپە ئەتنیکییەکانە؛ بابەتێک کە لە تیۆریی کۆلۆنیالیزمی ناوخۆییدا باسی کراوە، بەڵام لە توێژینەوەکانی دادپەروەریی ئەتنیکی لە ئێران کەمتر ئاوڕی لێ دراوەتەوە. ئەگەرچی هەندێ توێژینەوە (وەک ئەلیاسی، ٢٠٢١؛ ئینتیسار، ٢٠١٠؛ حەسەنییان، ٢٠٢١؛ حەسەنییان و سوهرابی، ٢٠٢٢؛ محەمەدپوور و سلێمانی، ٢٠٢٠؛ سلێمانی و محەمەدپوور، ٢٠١٩) ئەم تیۆرییەیان بۆ شرۆڤەی پەیوەندییەکانی نێوان حکومەتی ئێران و ناوچەی کوردنشین دەکار هێناوە، بەڵام بۆ ڕوونکردنەوەی ئەزموونی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی لەنێو کوردە سوننەکاندا بەشێوەی ڕاستەوخۆ کەڵکیان وەرنەگرتووە. هەربۆیە، ئەم توێژینەوە لەدرێژەی هەمان توێژینەوەکانی پێشوودا، تەرکیزی خستووەتە سەر پەیوەندییەکانی ناوەند-پەراوێزی نێوان حکومەتی ناوەندیی ئێران و کوردە سوننەکان. ئامانجی سەرەکیی توێژینەوەکەش تێگەیشتنی کوردە سوننەکانی ئێران لە ئەزموونی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی لە ئێران و شرۆڤەی ئەم تێگەیشتنە لەسەر بنەمای تیۆریی کۆلۆنیالیزمی ناوخۆییدایە.

## چوارچێوەی چەمکی

هەڵاواردن دژی کوردەکان لە ئێران دەگەڕێتەوە بۆ سیاسەتەکانی حکومەتی ناوەندی بەرامبەر بە گرووپە ئەتنیکییە کەمینە و پەراوێزخراوەکان. سەرەڕای ئەمە، توێژینەوە پەیوەندیدارەکان بە خەڵکی کوردەوە جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە جۆرێک لە پەیوەندیی ناوەند-پەراوێز لەنێوان حکومەتی ناوەندی و کوردەکان لەسەر بنەمای زمان (یان ئەتنیک) و ئایین لەئارادایە (ئەلیاسی، ٢٠٢١؛ حەسەنییان و سوهرابی، ٢٠٢٢؛ محەمەدزادە و خانی، ١٣٩٧؛ محەمەدپوور و سلێمانی، ١٣٩٩؛ سلێمانی و محەمەدپوور، ١٣٩٨؛ تاڵبی و عەلیزادە، ١٣٩٧).

یەک لە ڕوانگە پڕبایەخەکان لە تاوتوێکردنی ئەم پرسەدا، تیۆریی کۆلۆنیالیزمی ناوخۆییە. هەربۆیە ئەم تیۆرییە وەک چوارچێوەی چەمکیی توێژینەوەی بەردەست هەڵبژێردراوە؛ چونکە بەپێی گووتیێرێز (گووتیێرێز، ٢٠٠٤)، تیۆریی کۆلۆنیالیزمی ناوخۆیی باشتر دەتوانێ گۆشەگیری، پەراوێزکەوتن و دواکەوتوویی ناوچە و گرووپە خۆماڵییەکان شرۆڤە بکات.

چەمکی کۆلۆنیالیزمی ناوخۆیی لەلایەن بەکارهێنەرانی جیاوازەوە بەشێوەی جۆراوجۆر شرۆڤەی بۆ کراوە و لە چوارچێوەی جۆراوجۆردا بەکارهێنراوە کە هەریەکەیان جەختیان لەسەر لایەن و ئامانجی جیاواز هەبووە. لە بەستێنی مەبەستی ئێمەدا، ئەم چەمکە ئاماژە دەداتە پەیوەندیی نایەکسان و تێکەڵ هەڵاواردنی نێوان حکومەتی ناوەندی و کەمینەیەکی ئەتنیکی پەراوێزخراو. وەک واڵتۆن (واڵتۆن، ١٩٧٥) دەڵێت، کۆلۆنیالیزمی ناوخۆیی ئاماژەیە بۆ چەوساندنەوەی نێوان نەتەوەیی لە گرووپە ئەتنیکییە جیاوازەکان (ڕۆجێرسۆن، ١٩٨٠، لاپەڕەی ١٠٧). هەروەها هیند (هیند، ١٩٨٤) دەڵێت کە «لە کۆلۆنیالیزمی ناوخۆییدا، کۆلۆنیالیست و ئەوەی کۆلۆنیزە دەکرێت لە یەک وڵاتدا دەژین، و دەسەڵاتی سیاسی، چەوساندنەوەی ئابووری، دەسەڵاتی کولتووری و کێشە و مشتومڕە ڕەگەزی/ئەتنیکییەکان بەشێوەیەکی بەربڵاو لە کۆلۆنە ناوخۆییەکاندا ڕوو دەدەن» (کورت، ٢٠١٨، ٤). سەرەڕای ئەمەش، کۆلۆنیالیزمی ناوخۆیی ئاماژە دەداتە چۆنێتی هەبوونی نایەکسانییە سیاسی، کولتووری و ئابوورییەکانی نێوان ناوەند و ناوچە جۆراوجۆرەکانی نێو یەک دەوڵەت. ئەم نایەکسانیگەلە بە گشتی لەسەر بنەمای ناکۆکییە ئەتنیکی-زمانی، ڕەگەزی و ئایینییەکان پێکهاتەسازییان بۆ دەکرێت (سلێمانی و محەمەدپوور، ٢٠١٩).

بەپێی وتەی گۆنزالێس-کاسانۆڤا (گۆنزالێس-کاسانۆڤا، ١٩٦٥)، تیۆریی سەرەتایی کۆلۆنیالیزمی ناوخۆیی ئاماژە دەداتە ئەو گرووپە ئەتنیکییە بێبەشانەی کە دەکەونە چوارچێوەی دەوڵەت-نەتەوەکان. توێژەران ئاماژەیان بەوە داوە کە هەلومەرجی کۆلۆنیالیزمی نوێ لەسەر بنەمای نایەکسانییە ئیداری، سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانە لەنێوان کۆمەڵگە دەسەڵاتدار و ژێردەستە کولتوورییە جیاوازەکانی نێو یەکەیەکی جوگرافیایی (توغرول، ٢٠٢٢؛ دیاز، ٢٠٢١). ناوبراو شرۆڤە دەکات کە: «کۆلۆنیالیزمی ناوخۆیی ئاماژە دەداتە پێکهاتەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان کە دەکەونە سەر بنەمای زاڵبوون و چەوساندنەوەی نێوان گرووپە کولتوورییە نایەکسان و جیاوازەکان» (گۆنزالێس-کاسانۆڤا، ١٩٦٥، لاپەڕەی ٣٣).

هەروەها ناوبراو لەسەر فاکتەرە ئەتنیکییەکان لە کۆلۆنیالیزمی ناوخۆییدا جەخت دەکاتەوە. هەربۆیە، فرەکولتووری بەشێکی گرنگ لە پلانی تیۆریکی ناوبراو پێکدێنێت و ناوبراو ئەم چەمکە لە بەستێنی کۆمەڵگە فرەئەتنیکەکان بەکار دەهێنێت. لەکۆتاییدا و لە ڕوانگەی ناوبراوەوە، پەیوەندییەکانی کۆلۆنیالیزمی ناوخۆیی تەنیا بۆ لایەنە ئابوورییەکان سنووردار نابنەوە (لاف، ١٩٨٦، لاپەڕەکانی ٩٠٦ و ٩٠٧).

مایکل هێکتەر (مایکێل هێکتەر، ١٩٧٥) تیۆریی کۆلۆنیالیزمی ناوخۆیی بەربڵاوتر کرد و پەرەی پێدا. ناوبراو دەڵێت کە تەوەری سەرەکیی کۆلۆنیالیزمی ناوخۆیی دەچێتەوە سەر ناکۆکیی سیاسیی نێوان گرووپە ناوەندی و پەراوێزییەکان، کە ئەم ناکۆکییەش لەلایەن حکومەتی ناوەندییەوە ناونچەگەری بۆ دەکرێت. لەم ڕوانگەیەوە، دواکەوتوویی گرووپە پەراوێزخراوەکان تەنیا لە ڕێگەی بەرزکردنەوەی سیستەماتیکی دانوستانەکان لەگەڵ ناوەند توند دەبێتەوە. کۆمەڵگەی پەراوێزخراو لەپێشدا تووشی پەیوەندی لەچەشنی چەوساندنەوەیە لەگەڵ لایەنی ناوەندی، تا ئەو جێگایەی کە دەکرێ وەک کۆلۆنیالیزەکراو سەیر بکرێت. کۆمەڵگەی ناوەندی هەڵاواردن ڕەچاو دەکات لە دژی ئەو خەڵکانەی کە لە باری کولتوورییەوە جیاوازن و تارێندراون بۆ ئەو ناوچانەی دوورەدەستن و بێپیتن (هێکتەر، ١٩٧٥، لاپەڕەی ٣٢).

پێکهاتەی ئەتنیکی لە کۆمەڵگە فرەئەتنیکییەکاندا شێوازی ڕێکخراوەیی جۆراوجۆر پیشان دەدات. شێوازی «ناوەکی باڵادەست و پەراوێزە کۆبووەکان» باشترین وەسفە بۆ هەلومەرجی کوردەکان لە ئێراندا (ئینتیسار، ١٩٨٩). لەم شێوازەدا، «گرووپی

ناوەکی خۆی وەک ئافرێنەری مێژوویی، دامەزراوەیی و سەمبولیکی دەوڵەت دەبینێ و بۆیە خۆی وەک دەسەڵاتداری مەشرووعی دەوڵەت دەزانێت» (ڕۆسشیڵد، ١٩٨١، لاپەڕەی ٧٢). لە ئێراندا، ناوەکی دەسەڵاتدار لە فارسەکانی لاتەبەرزەی ناوەندیی ئێران پێکهاتووە و گرووپی وەک کوردەکان، بەلووچەکان و تورکەمەنەکان پەراوێزی ئەم ناوەکەیان پێکهێناوە (ئینتیسار، ١٩٨٩).

لەلایەکەوە، ستراتیژی پەرەپێدانی ناوەندگەرایانە بووەتە هۆی کەلێنی بەربڵاوی کۆمەڵایەتی-ئابووری لەنێوان ناوەند و پەراوێزەکاندا؛ ئەم کەلێنە لەگەڵ دابەشکردنی نایەکسانی دەسەڵات، سەرچاوە کۆمەڵایەتی-ئابوورییەکان و جێگەوپێگەی کولتووری-کۆمەڵایەتی تێکەڵە (برەدلی، ٢٠٠٧). لەلایەکی دیکەشەوە، لە چوار دەیەی ڕابردوودا، کۆماری ئیسلامیی ئێران ئەتنیکە نافارسەکانی خستووەتە ژێر دەسەڵاتی خۆی و بەشێوەی سیستەماتیک هەوڵی سڕینەوەی نیشانە و سەمبولە کولتوورییەکانی نافارسەکانی داوە. شێوازە بەکارهێنراوەکان لەلایەن حکومەتی ئێرانەوە بەرامبەر بە کەمینە ئەتنیکییەکان، وەک نموونەی بەرچاو و ئاشکرای کۆلۆنیالیزمی ناوخۆیی هەژمار دەکرێن (سلێمانی و محەمەدپوور، ٢٠١٩). کۆلۆنیالیزمی ناوخۆیی لەئێراندا، لە ڕێگەی بێبەشکردنی پێکهاتەیی و بەردەوامی ناوچە نافارس و ناشیعەکان، پەیوەندییە ناوخۆییەکانی ناوەند-پەراوێزیان پێکهێناوە (سلێمانی و محەمەدپوور، ٢٠٢٠).

حکومەتی ناوەندیی ئێران، کەمینە ئەتنیکییەکانی لە بەشداربوون لە کاروباری دابەشکردنی دەسەڵات بێبەشکردووە و ئەوانی خستووەتە پەراوێزەوە (ساڵح، ٢٠١٣). هەربۆیە کۆلۆنیالیزمی ناوخۆیی و سیستەمی سیاسیی تاکەئەتنیکی-تاکەئایینی لە ئێران بووەتە هۆی سەرهەڵدانی «کۆمەڵگە دەسەڵاتدارەکان» لە بەرامبەر «کۆمەڵگە بێدەسەڵاتەکان» (سلێمانی و محەمەدپوور، ٢٠٢٠).

توێژەرانی بواری توێژینەوە کوردییەکان زیاتر ناوچە کوردنشینەکان وەک کۆلۆنییەکی ناوخۆیی لەنێو دەوڵەتی ئێران ئاماژە پێدەدەن. ئەم تایبەتمەندییە پیشاندەری پەیوەندییە نایەکسانەکانی ناوەند-پەراوێز و هەڵاواردنە کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری و کولتوورییە کە کۆمەڵی کوردەواری لەگەڵی ڕووبەڕوون. چەوساندنەوەی سیستەماتیک و لەناوبردنی سەرچاوە مرۆیی و سروشتییەکانی خەڵکی کورد لەلایەن حکومەتی ناوەندییەوە ڕەچاو دەکرێت (ئەلیاسی، ٢٠٢١؛ محەمەدپوور و سلێمانی، ٢٠٢١؛

حەسەنییان و سوهرابی، ٢٠٢٢؛ ئینتیسار، ٢٠١٠؛ سلێمانی و محەمەدپوور، ٢٠١٩).

محەمەدپوور و سلێمانی (٢٠٢٠) پێکهاتەی سیاسیی ئێرانیان دابەشکردووەتە کۆمەڵگە دەسەڵاتدار و بێدەسەڵاتەکان کە کوردەکان دەکەونە بەشی دووەمەوە. کوردەکان لە بواری ئەتنیکی و ئایینییەوە لەگەڵ کۆمەڵگەی فارس-شیعەی دەسەڵاتدار جیاوازییان هەیە. لە ناوچە کوردنشینەکاندا، پێکهاتنی جیاوازیی نێوان کۆمەڵگە دەسەڵاتدار و بێدەسەڵاتەکان، ئەمنیکردنی توند و دواکەوتوویی و پەرەنەسەندنی پێکهاتەیی، بووەتە هۆی پەیوەندییە ناهاوشێوە و نایەکسانە سیاسی، ئابووری و کولتوورییەکان.

حەسەنییان (٢٠٢١) دەڵێت کە کۆلۆنیالیزمی ناوخۆیی چوارچێوەیەکی گونجاوە بۆ تاوتوێکردن و کۆڵینەوەی پەیوەندیی دەسەڵاتدار-ژێردەست لە سەتاسەری کوردستاندا. بە بڕوای ناوبراو هەڵاواردنی سیاسی و کولتووری لەگەڵ بێبەشبوونی ئابووری، وەک تایبەتمەندییە بەرچاوەکانی کۆمەڵگەی کورد لە ئێرانە کە ڕەنگدانەوەیەکە لە کەلەپووری هەرمانی بەمۆدێرنکردنی زۆرەملیی ڕەزاشای پەهلەوی و شکستهێنانی سیاسەتی تواندنەوەی ناوبراو. بێبەشکردنە پێکهاتەییە کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابوورییەکان کە سەپاوەتە سەر کوردەکان و کۆمەڵگە نەتەوەییە کەمینەکانی دیکەی ئێران، پیشاندەری ئەوەن کە حکومەتە جۆراوجۆرەکانی ئێران لەسەر جێبەجێکردنی ئەم سیاسەتگەلە بەردەوام بوونە (حەسەنییان، ٢٠٢١).

وشەی «پەراوێز» سەبارەت بە کوردەکانی ئێران دوو واتای هاوکاتی هەیە: کوردەکان نەک هەر لە بواری جوگرافیایی و ئەو ئاقارەی کە تێیدا کەوتوونەتە پەراوێز، بەڵکو لە پرۆسەکانی بڕیاردان و دابەشکردنی دەسەڵاتیشدا وەلا نراون (حەسەنییان و ستەنسفیلد، ٢٠٢٢). هەربۆیە پەیوەندیی نێوان حکومەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران و کوردەکان لەگەڵ دەسەڵاتی سیاسی، کۆمەڵایەتی و کولتووری، هەروەها چەوساندنەوەی ئابووری دەستنیشان دەکرێت. ئەم دەسەڵات و چەوساندنەوە دەگەڕێتەوە بۆ شوناسی ئایینی-نەتەوەیی پێناسەکراو لەلایەن ناوەندەوە و شوناسی ئەتنیکی-ئایینی پەراوێز کە ڕەنگدانەوەیەکە لە کۆلۆنیالیزمی ناوخۆیی.

**شێواز**

لەم توێژینەوەیەدا ئێمە لە شیکاریی بابەتیانە و شێوازی تۆڕیی بابەتیانە، بۆ تاوتوێکردنی ئەزموونی ژیان لەسەر دادپەروەریی کۆمەڵایەتی لەنێو کوردە سوننەکانی

ئێران کەڵکمان وەرگرتووە. گۆڕەپانی توێژینەوە، ئەو ناوچانەی دەگرێتەوە کە پێگەی کۆمەڵایەتی-کولتوورییان بەرزە و زۆرینەی دانیشتووانیان کوردە سوننەکانن؛ ئەم ناوچەگەلە بریتین لە پارێزگاکانی کوردستان، کرماشان و ئازربایجانی ڕۆژئاوا لە ڕۆژئاوا و باکووری ڕۆژئاوای ئێران. بەشداربووانی ئەم توێژینەوە بەشێوەی ئامانجدار هەڵبژێردراون و بۆ دەستخستنی کەسانی وشیارتر و گەورەکردنی ژمارەی نموونە، لە شێوازی تۆپەڵەبەفریش کەڵک وەرگیراوە. بەگشتی، ژمارەی ١٦ کەس لە کوردە سوننەکانی چالاک لە بوارە جۆراوجۆرەکان لەم توێژینەوەیەدا بەشدارییان کردووە تا جۆراوجۆربوونی ڕوانگەکان وەک ئاڕاستەی ئامانجەکانی توێژینەوە دەستەبەر بکرێت.

## خشتەی ١

تایبەتمەندییە دێمۆگرافیکییەکانی بەشداربووانی توێژینەوە

| ڕیز | ڕەگەز | تەمەن | پلەی خوێندەواری | پارێزگا | کار و پیشە |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | نێر | ٣٧ | دکتۆرا | کرماشان | توێژەر |
| ٢ | مێ | ٣٦ | ماستەر | کوردستان | کابان |
| ٣ | مێ | ٣٤ | بەکالۆریۆس | کوردستان | فەرمانبەر |
| ٤ | نێر | ٣٦ | دکتۆرا | کوردستان | وانەبێژی زانکۆ |
| ٥ | نێر | ٣٥ | دکتۆرا | کرماشان | ئەندامی فاکەڵتی زانکۆ |
| ٦ | مێ | ٣٩ | ماستەر | کرماشان | کار لە ڕێی ئۆنلاینەوە |
| ٧ | نێر | ٣٩ | دکتۆرا | ئازەربایجانی ڕۆژئاوا | توێژەر |
| ٨ | نێر | ٣٧ | ماستەر | کرماشان | مامۆستای قوتابخانە |
| ٩ | نێر | ٣٤ | ماستەر | ئازربایجانی ڕۆژئاوا | فەرمانبەر |
| ١٠ | مێ | ٣٨ | بەکالۆریۆس | کوردستان | مامۆستای قوتابخانە |
| ١١ | نێر | ٣٦ | بەکالۆریۆس | کرماشان | فەرمانبەری کەرتی تایبەت |
| ١٢ | نێر | ٣٦ | ماستەر | کوردستان | نووسەر |
| ١٣ | مێ | ٣٥ | بەکالۆریۆس | ئازەربایجانی ڕۆژئاوا | کابان (خەیات) |
| ١٤ | نێر | ٣١ | بەکالۆریۆس | ئازەربایجانی ڕۆژئاوا | فەرمانبەری شارەوانی |
| ١٥ | مێ | ٣٧ | ماستەر | کوردستان | کابان |
| ١٦ | مێ | ٣٥ | ماستەر | کرماشان | مامۆستای قوتابخانە |

بۆ کۆکردنەوەی زانیارییەکان لە چاوپێکەوتنی نیمچەپێکهاتەیی و قووڵ کەڵک وەرگیراوە و بۆ شیکردنەوەی وتووێژەکان، لە ئامرازی کۆد دانان کەڵک وەرگیراوە. بەپێی ڕێکارنامەی ئەترياد-سترلینگ (ئەترايد-سترلینگ، ٢٠٠١) سەرەتا تیمە بنەماییەکان لە ڕێگەی دەرکێشانی خاڵە سەرەکییە پەیوەندیدارەکان لەگەڵ ئامانجەکانی توێژینەوە دەستنیشان کران؛ پاشان بە کورتکردنەوە و تێکەڵکردنی تیمە بنەماییەکان، تیمە دامەزرێنەرەکان پێکهاتن. لەئەنجامدا، تیمی گشتگیر لە تێکەڵکردنی تیمە دامەزرێنەرەکان دەرکێشراوە و تۆڕی بابەتیانە پێکهاتوو لە تیمە دامەزرێنەرەکان و تیمی گشتگیر ئاراستە کراوە. بەمەبەستی هەڵسەنگاندنی باوەڕپێکراویی پرۆسەی کۆکردنەوەی زانیارییەکان، شیکردنەوە و دەسکەوتەکان، لە تەکنیکی دوبارە بینینی لەلایەن بەشداربووان (پێداچوونەوەی بەشداربوو) و پێداچوونەوەی دەرەکی کەڵک وەرگیراوە (کرێسوێڵ و میلەر، ٢٠٠٠). لەم پەیوەندییەدا، چەندین کەس لە بەشداربووان دروستبوونی دەرەنجام و دەسکەوتەکانی توێژینەوەیان پشتڕاست کردەوە. هەروەها، توێژەرێکی دووەم کە کەسێک لە کوردە سوننەکان و پسپۆڕی شێوازەکانی توێژینەوەی چۆنایەتی بوو، وەک پێداچوونەوەکاری دەرەکی، پرۆسەی کۆددانان، شیکردەوەی زانیارییەکان و دەرکێشانی تیمەکانی توێژینەوەی بەشێوەی سەربەخۆ تاوتوێ کرد و دواجار پشتڕاستی کردەوە. تەکنیکی پێداچوونەوەی بەشداربووان لە قۆناغەکانی کۆد داناندا کرایەوە و دەرکێشانی چەمکە سەرەتاییەکان جێبەجێ کرا تا دڵنیا بینەوە کە کۆدەکان و چەمکەکان لەگەڵ گێڕانەوەی بەشداربووان بەدروستی هاوتەریبە و یەک دەگرنەوە. بەشداربووان ڕوانگەکانی خۆیان بەرامبەر بەم کۆد و چەمکانە ئاراستە کرد و کاردانەوەکانیان لە پێداچوونەوە و چاکسازیی کۆدەکان و چەمکە سەرەتاییەکاندا بەرچاو گیرا. تەکنیکی پێداچوونەوەی دەرەکیش بۆ هەڵسەنگاندنی باوەڕپێکراویی گشتیی پرۆسەی توێژینەوە کەڵکی لێ وەرگیرا. بۆ ئەم مەبەستە، پرۆسەی توێژینەوە دوکۆمێنتسازی کرا، یاداشتە توێژینەوەییەکان دابین کران (memo) و ڕاپۆرتێکی تەواو لە چالاکی و هەنگاوەکانی شیکردنەوەی زانیارییەکان ئامادە کرا. لەدرێژەدا، پێداچوونەوەکاری دەرەکی، پرۆسەی شیکردنەوە، کۆدەکان،

چەمکە سەرەتاییەکان و چوارچێوەی بابەتیانەی بریتی لە تیمە سەرەتاییەکان، تیمە دامەزرێنەرەکان و تیمی گشتگیر تاوتوێ کردەوە و بیروڕای خۆی گەڕاندەوە کە لە پێداچوونەوەی کۆتاییدا بەرچاو گیران. شیاوی باسە کە هەر چەشنە جیاوازییەکی بیر و ڕا لەگەڵ بەشداربووان یان پێداچوونەوەکەری دەرەکی، لەڕێگەی وتووێژەوە چارەسەر کراوە.

## دەسکەوتەکان

نایەکسانی و ئەو هەڵاواردنە بەرچاوانەی کە کوردە سوننەکان لەگەڵی ڕووبەڕوون، لایەنی زۆر دەگرنەوە؛ ئەم لایەنانە لەلایەن بەشداربووانی توێژینەوەکەوە بەم چەشنە شرۆڤەیان بۆ کراوە: نەبوونی پەرەسەندنی ئابووری لە ناوچە کوردنشینەکان، دانەمەزراندنی پیشەسازییە سەرەکییەکان لەم ناوچەگەلەدا، بەردەستبوونی سنووردار بە سەرچاوە و دەرفەتەکان بۆ کوردە سوننەکان، نەبوونی دەرفەت بۆ وەرگرتنی پۆستە سیاسییە باڵاکان، بێبەشبوون لە کۆمەڵێک کار و پیشەی دەوڵەتی، قەدەغەبوونی فێرکاریی زمانی کوردی لە قوتابخانەکان، و دانانی سنوور و لەمپەر بۆ بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمە کولتووری و ئایینییەکان. بەشداربووان هۆکاری ئەم نایەکسانی و هەڵاواردنانە دەگەڕێننەوە بۆ کۆمەڵێک فاکتەری وەک ئایدۆلۆژیای دەسەڵاتدار، پێکهاتەی سیاسی، بریکارانی دەوڵەتی و تەنانەت بەشێک لە فاکتەرە ناوخۆییە کوردییەکان. هەربۆیە، ئەزموونی کوردە سوننەکان لە دادپەروەریی کۆمەڵایەتی –واتە ئەو شتەی لە ژیانی تاکەکەسی و کۆمەڵایەتیی خۆیاندا لەگەڵی ڕووبەڕوو بوونە- چەمکێکە کە وەک «هەڵاواردنی فرەتوێ» ئاماژەی بۆ دەکرێ.

**خشتەی ٢**

تیمە بنەمایی، دامەزرێنەر و گشتییەکان لەسەر تێگەیشتنی ئەزموونی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی لەنێو کوردە سوننەکاندا

| نموونەی وتە | تیمە بنەماییەکان | تیمە دامەزرێنەرەکان | تیمی گشتگیر |
|---|---|---|---|
| زاڵبوونی ئایینێکی تایبەت، واتە شیعە، بووەتە هۆی بەلاوەنان و پەراوێزخستنی گرووپە ئایینییەکانی دیکە. | ئایدۆلۆژیای شیعە | هەڵاواردنی ئایدۆلۆژیک | هەڵاواردنی فرەتوێ |
| بەڕای من نایەکسانی و هەڵاواردن تا ڕادەیەکی زۆر دەگەڕێتەوە سەر ئایین. | | | |
| ڕێبەرە سیاسییەکان بۆ مانەوە، ئایین وەک ئامراز دەکار دەهێنن و ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئایینەکانی دیکە پەراوێز بخەن. | | | |
| چەمکە ئێرانییەکان هەم ئایدۆلۆژیکن و هەمیش سیاسی و ئەمەش بووەتە هۆی سەپاندنی دەسەڵات بەسەر ئێمەدا. | ئایدۆلۆژیای فارس | | |
| لە پێکهاتەی سیاسیی کۆماری ئیسلامییدا، خەڵکی فارس وەک خەڵکێکی نایاب و بەرزتر سەیر دەکرێن. | | | |
| من هەڵاواردن ئەزموون دەکەم، چونکە خەڵکی فارس دەوری سەرەکییان لە ئایدۆلۆژیای حکومەتیدا هەیە. | | | |
| دەستووری (یاسای بنەڕەتی) ئێران، ئایینزای شیعەی وەک ئایینی فەرمیی ئێران دیاری کردووە و ئەمەش واتە پەراوێزخستنی ئایینەکانی دیکە. | ئەو یاساگەلەی لەسەر بنەمای ئەتنۆ-ئایینی دانراون | هەڵاواردنی پێکهاتەیی | |
| وەختێک یاساکان ڕایانگەیاندووە کە زمانی فەرمیی وڵات فارسییە، زمانەکای دیکە پەراوێز دەخرێن. | | | |
| بەپێی دەستوور (یاسای بنەڕەتی)، تەنیا کەسێکی شیعە دەتوانێ پۆستی سەرۆکایەتی کۆمار وەرگرێ. | | | |
| سەرچاوە و دەرفەتەکان بەشێوەی ناوەندگەرایانە و لەسەر بنەمای ئایدۆلۆژیای ئەتنیکی-ئایینی دابەش دەکرێن. | ناوەندگەرایی | | |
| ناوەندگەرایی ئەتنۆ-ئایینی بووەتە هۆی پشتگوێخرانی مافی کەمینە ئەتنیکییەکانی وەک کورد. | | | |
| هەموو پیشەسازییە سەرەکییەکان لە ناوچە ناوەندییەکانی ئێراندا دامەزراون. | | | |

| | | | |
|---|---|---|---|
| زۆرێک لە سیاسەت و نەکتەکانی سیستەمی سیاسی بەرامبەر بە کەمینە ئایینی و ئەتنیکییەکان لەسەر بنەمای زۆر دانراون. | سیستەم لەسەر ناڕاستەی هێز و زۆرگەرایی | | |
| حکومەت هەوڵ دەدات چالاکیە کولتوورییەکانی خۆی لەرێگەی زۆرەوە لەنێو کەمینە ئەتنیکی و ئایینییەکان جێبەجێ بکات. | | | |
| حکومەت بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمە ئایینی و کولتوورییەکان کوردە سوننەکان سنووردار دەکاتەوە. | | | |
| دەستوور (یاسای بنەڕەتی) لەسەر مافی کەمینە ئەتنیکییەکان لێڵ و ناڕوونە. | یاسا لێڵ و ناڕوونەکان | هەڵاواردن لەسەر بنەمای بریکارێتی | |
| هەندێ لە بەند و ماددەکانی دەستوور لەسەر گرووپە ئەتنیکیە نەفارسەکان کێشە و ناڕوونییان تێدایە. | | | |
| لێڵ و ناڕوونبوون یەک لە کێشە سەرەکییەکانی یاسا پەیوەندیدارەکانە بە کەمینە ئایینییەکانەوە. | | | |
| هەندێ لە کاربەدەستان (بەرپرسان) یاساکان بەپێی بیر و ڕای تاکەکەسیی خۆیان شرۆڤە و جێبەجێ دەکەن. | ناجێگیربوونی یاساکان | | |
| کاربەدەستان پێکهاتەی سیاسیی یاسا بەجۆرێک شرۆڤە و جێبەجێ دەکەن کە نادادپەروەریی لێدەکەوێتەوە. | | | |
| یاساکان لەسەر فارس-شیعەکان و کوردە سوننەکان، بەشێوەی یەکسان جێبەجێ ناکرێن. | | | |
| هەرکە دەگاتە کوردە سوننەکان، جێبەجێکردنی یاساکان وەک ئەوەی شیاو بێ دەستەبەر ناکرێن. | | | |
| دەستوور (یاسای بنەڕەتی) ڕێگەمان پێ دەدات ئەدەبیاتی خۆمان بە زمانی ئەتنیکی خۆمان لە قوتابخانەکاندا فێر بکەین بەڵام ئەم یاسایە تا ئێستا نەڕۆیشتووەتە بواری جێبەجێ کردنەوە. | | | |
| ئەگەرچی زۆریک لە یاسا پەیوەندیدارەکان بە کەمینە ئەتنیکی-ئایینییەکان دادپەروەرانەن، بەڵام بەشێوەی گونجاو جێبەجێ ناکرێن. | | | |
| کۆمەڵێک لە کاربەدەستە حکومییەکان، بەرامبەر بە کەمینە ئەتنیکی و ئایینییەکان، بەتایبەت | چالاکی لە دەرەوەی بازنەی یاسا | | |

| | | | |
|---|---|---|---|
| کوردە سوننەکان، هەڵسوکەوتی دەرەوەی بازنەی یاسایان هەیە. | | | |
| زۆر جار، لەنێوان یاساکان و شێوازی کارکردنی جێبەجێکاران بەرامبەر بە ئێمە ناکۆکی و گرفت لەنارادایە. | | | |
| هەندێ لە کاربەدەستانی حکومی بۆ بەرژەوەندیی خۆیان و گرووپەکانیان یاساکان بەرچاو ناگرن. | | | |
| بێدەنگیی ئێمە یەک لە هۆکارەکانی بەردەوامبوونی هەڵاواردن لە دژی ئێمەیە. | بێدەنگیی بەرامبەر هەڵاواردن | هەڵاواردنی ئێتنەئێتنیکی | |
| بەشێکی بەرچاو لە کوردە سوننەکان هەڵویستێکی سستیان هەیە. | | | |
| بەشێک لە کوردە سوننەکان لەبەر ترسی سزادران لەلایەن حکومەتەوە، هەڵاواردنیان قبووڵ کردووە. | | | |
| کوردی سوننەی لایەنگری دەوڵەت سەرچاوە و دەرفەتەکانیان تا ڕادەیەکی زۆر بەردەستە. | ڕەزامەندیی لەبەر بژێوی ژیان لەلایەن بریکارە کوردەکانەوە | | |
| لە هەر ناوچەیەکی کوردنشین، کەسانێک بوونیان هەیە کە بۆ حکومەت کار دەکەن و پێچەوانەی بەرژەوەندییەکانی خەڵکی کورد دەجووڵێنەوە. | | | |
| هەندێ جار، هەڵاواردن دژی کوردە سوننەکان لەلایەن بریکارە کوردەکانی لایەنگری دەوڵەتەوە ئەنجام دەدرێت. | | | |

## هەڵاواردنی ئایدۆلۆژیک

ئەم جۆرە هەڵاواردنە، ڕەهەندی بنەمایی هەڵاواردن دژی کەمینە ئەتنیکی-ئایینییەکانە لە ئێراندا. هەڵاواردنی ئایدۆلۆژیک ئاماژەیە بۆ هەڵسوکەوتی نادادپەروەرانە و پەراوێزخستنی کوردە سوننەکان لەسەر باوەڕ، ڕوانگە یان ئایدۆلۆژیاکانیان. لە کۆماری ئیسلامیی ئێراندا، ئایدۆلۆژیا بەشێوەی ڕوون و دیاریکراو دەگەڕێتەوە بۆ دوو فاکتەری ئەتنیک و ئایین. پێناسەکردنی ئایینزای شیعەی وەک ئایینی فەرمیی وڵات لە دەستووری ئێراندا، چونکە زۆرینەی پێڕەوانی فارسەکانن، خاڵی گرنگی نایەکسانی،

هەڵاواردن و پەراوێزخرانی ئایین و ئەتنیکەکانی دیکە لە پێکهاتەی سیاسی ئێستای ئێران بووە. ئەم ئایدۆلۆژیا بەرهەمی ئەتنیکی فارس-شیعەیە و پێکهاتەی سیاسی لەسەر ئەو بنەمایە پێکهاتووە و شێوازی دابەشکردنی سەرچاوەکان، دەرفەتەکان، بەرژەوەندییەکان و دەسەڵات دەستنیشان دەکات. چونکە ئەمەش ئایدۆلۆژیای کوردە سوننەکان هەم لە باری ئەتنیکی و هەمیش لەباری ئایینییەوە لە دەرەوەی بازنەی خۆی و تەنانەت لە دژی خۆی دەبینێ، بەردەستبوونی سەرچاوەکان، دەرفەتەکان، بەرژەوەندییەکان و دەسەڵاتی بۆیان بۆ نزمترین ئاست دابەزاندووە و دەبێتە هۆی ئەوەی کە کوردە سوننەکان جۆرێک هەڵاواردنی قورستر لەچاو ئەتنیک و ئایینەکانی دیکە ئەزموون بکەن.

چاوپێکەوتوو: «ئەگەر من هەڵاواردنم بەرامبەر دەکرێت، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە تێکەڵی ناوەندێتی ئەتنیکی فارس و ئایدۆلۆژیای ئیسلامی ئێرانیی کۆماری ئیسلامیی، هەلومەرجێکی مەترسیداری ساز کردووە کە ئەزموونی ژیانی زۆر تاڵ و نالەبارتر کردووە».

چاوپێکەوتوو: « ئەگەر تاک لایەنگریی سیاسی و ئایدۆلۆژیکی تایبەتی نەبێت، لە ئێراندا تەنیا هەبوونی بەهرە و توانایی بەس نین بۆ پێشکەوتن. پێشکەوتن تا ڕادەیەکی زۆر گرێ دراوە بە ئایدۆلۆژیاوە و زاڵبوون و کۆنترۆڵ لەسەر سەرچاوەکان، تا ڕادەیەکی زۆر لەژێر کاریگەریی فاکتەرە ئایدۆلۆژیکەکانن».

## هەڵاواردنی پێکهاتەیی

هەڵاواردنی پێکهاتەیی جۆرێکە لە هەڵاواردن کە دەگەڕێتەوە بۆ پێکهاتە بنەماییەکانی کۆمەڵگە و ئەو بنکە و ڕێکخراوەگەلەی کە جەوهەری سیستەمی سیاسیی ئێستا پێکدێنن. هەڵاواردنی پێکهاتەیی ئاماژە دەداتە شێوازە سیستەماتیک و دامەزراوەییکراوەکانی هەڵسوکەوتی نایەکسان بەرامبەر بە کوردە سوننەکان. ئەم هەڵاواردنە سێ تیمی سەرەکی دەگرێتەوە: «یاساگەلی تێکەڵ هەڵاواردن، ڕوانگەی ناوەندگەرایانە و سیستەمی دامەزراو لەسەر بنەمای زۆر.

بە وتەیەکی دیکە، بنەمای ڕێکخستن و پێکهێنانی بەشێکی گەورەی ئەم پێکهاتە و دامودەزگاکانی، سنووردار کراوەتەوە بۆ ئەتنیک، ئایین و ئایدۆلۆژیایەکی تایبەت. بۆیە

کەسانی دیکە بە بیر و ڕا و ئایدۆلۆژیا و هتدی جیاوازەوە وەک «غەیری» پەراوێزخراو هەڵاواردنیان بەرامبەر کراوە. ڕەهەندێکی دیکەی هەڵاواردنی پێکهاتەیی، دابەشبوونی ناوەندگەرایانەی سەرچاوەکان، دەرفەتەکان و دەسەڵاتی سیاسی لە قەبارەیەکی جوگرافیایی کولتوورێکی تایبەت (یان لاتەبەرزەی ناوەندی) لە بەرژەوەندیی ئەتنیک یان ئایینێکی تایبەتە. دواجار کەڵک وەرگرتن لە زۆر و هێز بۆ سەپاندنی ئیرادە و ئایدۆلۆژیای حکومەتی ناوەندی لەسەر کەمینە ئەتنیکی و ئایینییەکان وەک ڕەهەندێکی دیکەی هەڵاواردنی پێکهاتەیی پێناسە دەکرێت.

چاوپێکەوتوو: «دەستووری کۆماری ئیسلامیی ئێران دادپەروەری دابین ناکات. لەم دەستوورەدا، پۆلێنبەندی ئایینی و ئەتنیکی لەئارادایە. بۆ نموونە، ئایینی فەرمی وڵات شیعەیە و تەنیا پێڕەوانی ئەم ئایینە دەتوانن ببنە سەرۆک کۆمار. هەربۆیە، گرووپەی ئایینییەکانی دیکە پەراوێز دەخرێن.»

چاوپێکەوتوو: «لە کۆمەڵگەی ئێمەدا، هەڵاواردن سیستەماتیکە و هەموو ئاستەکانی کۆمەڵگە دەگرێتەوە. ئایدۆلۆژیای سیاسی، ئەتنیک و ئایین لە پێکهێنانی ئەم هەڵاواردنەدا دەور دەگێڕن. پێکهاتەی سیاسی لە ناوەندی ئەم سیستەمەدایە کە هەڵاواردن لەگەڵ خۆی دێنێ».

## هەڵاواردن لەسەر بنەمای بریکارێتی

یەکێکی دیکە لە ڕەهەندەکانی هەڵاواردن کە بەشداربووانی ئەم توێژینەوەیە ئەزموونیان کردووە، دەگەڕێتەوە بۆ بریکارێتی کاربەدەستانی پێکهاتەی سیاسی؛ واتە ئەو کەسانەی کە توانای بڕیاردان و جێبەجێکردنیان هەیە. ئەم کەسانە هەندێک لە یاسا دادپەروەرانەکانی نێو دەستوور بە جۆرێک شرۆڤە و جێبەجێ دەکەن (یان دەبنە لەمپەر بۆ بەشە گونجاوەکانی) کە دەرەنجامی دەبێتە بارودۆخێکی نادادپەروەرانە و تێکەڵی هەڵاواردن. ئەم جۆرە هەڵاواردنە لە چوارچێوەی ڕەوتە نادادپەروەرانەکاندا خۆی دەبینێتەوە، کە دەتوانین بڵێین پەیوەندییەکیان لەگەڵ دەستوور یان یاساکانی دیکەدا نییە و یان تەنانەت نەیاری یاساکانن و لەگەڵیان یەک ناگرنەوە. لە ڕاستیدا لە بەشێکی گەورەی دەستوور یان یاسا پەیوەندیدارەکان لەگەڵ پێکهاتەی سیاسی، هیچ شوێنەوارێک لە هەڵاواردن و نادادپەروەری نابینرێت. بەڵام بەم حاڵەشەوە هەندێ

ڕەوتی نەنووسراو و شاراوە لەئارادان کە ئاڕاستەیان دەچێتەوە سەر هەڵاواردن و نادادپەروەری دژی هەندێ لە گرووپە ئەتنیکی و ئایینییەکان -وەک کوردە سوننەکان.

چاوپێکەوتوو: «لە زۆربەی حاڵەتەکاندا، من پێم وایە کێشە ناچێتەوە سەر یاسا، بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ جێبەجێکردنی ناکارامەی یاسا. بۆیە دەکرێ بڵێین کە نایەکسانی و هەڵاواردن دەگەڕێتەوە سەر کاری جێبەجێکاران و تاک و بریکارە پەیوەندیدارەکان. ڕەوتەکان نادادپەروەرانەن، چونکە بەرژەوەندیی خۆیانیان لا گرنگترە و ئەو کەسانەی کە سوود و بەرژەوەندییان بۆیان نییە، پشتگوێ دەخەن».

چاوپێکەوتوو: «ئەو بریکار و کاربەدەستانەی کە دەسەڵاتی سیاسییان هەیە، پێبەندی دەستووری خۆیان نین. دەستوور مافی شارومەندی پێناسە دەکات. لە دەستووردا، یەکەمی بۆ وەرگرتنی ئیش و کار بۆ شیعەکان دەستنیشان و یەکلایی نەکراوەتەوە. بەڵام بەم حاڵەشەوە، حاڵەتی زۆر هەبووە کە کوردە سوننەکان بۆ وەرگیران لە پۆست و کارە حکومییەکاندا ڕووبەڕووی هەڵاواردن بوونەتەوە».

## هەڵاواردنی نێوئەتنیکی

هەڵاواردنی نێوئەتنیکی یەکێکی دیکە لە ڕەهەندەکانی هەڵاواردنە کە بەشداربووانی توێژینەوەکە ئەزموونیان کردووە. ئەم جۆرە هەڵاواردنە ئاماژە دادەتە جۆرێک هەڵاواردن کە تیایدا تاکەکان یان ئەو بنگرووپانەی نێو کۆمەڵگەیەکی ئەتنیکی، ئەندامانی دیکەی هەمان کۆمەڵگە ڕووبەڕووی هەڵاواردن دەکەنەوە یان پەراوێزیان دەخەن. هەڵاواردنی نێوئەتنیکی جۆرێک هەڵاواردنە کە بە هاوکاری و هاوڕێییەتی خەڵک و کاربەدەستانی کورد جێبەجێ دەکرێت. ئەم جەمسەرەی هەڵاواردن دوو شێوازی جۆراوجۆری هەیە. شێوازی یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ بێدەنگبوون و داوانەکردنی خواستەکانی خەڵکی کورد بەرامبەر بە دابەشبوونی نادادپەروەرانەی سەرچاوە و دەرفەتەکان. بەشداربووان لەسەر ئەو باوەڕەن کە خەڵکی کوردی سوننە هەلومەرجی نادادپەروەرانەیان قبووڵ کردووە و تووشێک جۆرێک سستی و بێدەنگبوونی بەکۆمەڵ هاتوون؛ هەربۆیە، کاردانەوەی بەکۆمەڵی کاریگەریان بۆ چارەسەرکردنی نایەکسانی و هەڵاواردن نییە. شوێنهات و دەرەنجامی ئەمەش دەبێتە بەردەوامبوون و توندبوونەوەی هەڵاواردن.

چاوپێکەوتوو: «ئێمەی کوردیش لەم هەڵاواردن و نادادپەروەرییەدا بەشدارین. ئەگەر زوڵم لێکراوێک نەبێ، زاڵمێکیش نابێت. ئێمە زۆر جار بە سستی خۆمان هەڵاواردن قبووڵ دەکەین، لەحاڵێکدا دەبێ بۆ داواکارییەکانمان هەوڵ بدەین و بەرخۆدان بکەین. بۆ نموونە ئەو کاتەی بە منیان گوت ناتوانی لە زانکۆکانی ئێران ئیش بکەی، خێرا کۆچم کرد بۆ هیندستان».

چاوپێکەوتوو: «بەداخەوە ئێمە لە زۆرینەی ئاستەکاندا، بەرامبەر بە هەڵاواردن بێدەنگیمان هەڵبژاردووە. جۆرێک ترس تیاماندا چاندراوە کە دەبێتە هۆی ئەوەی کە نەمانەوێ تووڕەیی تاک یان بنکەی بەرپرسی هەڵاواردن بورووژێنین. هەربۆیە، ئەگەر لە جێگایەک هەڵاواردن یان نادادپەروەری هەبێت، پێمان باشترە لەباتی دەربڕینی ناڕەزامەندی، بێدەنگ بین».

شێوازێکی دیکەی هەڵاواردنی نێوئەتنیکی دەگەڕێتەوە سەر هاوڕێیەتی تاک یان بەکۆمەڵی بەشێک لە کاربەدەستە کوردەکان لەگەڵ پێکهاتەی نادادپەروەرانەی ئێستا. ئەم هاوڕێیەتییە کە بە ئامانجی بەردەستبوونی سەرچاوەکان، دەرفەتەکان و کۆمەڵێک ئیمتیاز دێتە ئاراوە، دەگەڕێتەوە بۆ پێکهاتەی ئێستا و بەستێنی بۆ کردەوەی تێکەڵی هەڵاواردنی ئەم کەسانە دابین کردووە. لەڕاستیدا هەندێ لە کاربەدەستانی کورد لەگەڵ خزمەتکردن بە ئامانج و ئایدۆلۆژیای پێکهاتەی سیاسی، بەمەبەستی دابینکردنی بەرژەوەندییە تاکەکەسی و بەکۆمەڵەکانی خۆیان، بەشێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ هەڵاواردن دژی خەڵکی خۆیان جێبەجێ دەکەن.

چاوپێکەوتوو: «هەندێ لە کوردە سوننەکان لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی پەیوەندییان هەیە و تێکەڵی ئەو سیستەمە بوونە. ئەم تاقمە بە شێوازێکی تایبەت سەرچاوە و دەرفەتەکانیان بەردەستە. بەردەستبوونی ناڕێکوپێکی ئەم گرووپە لە کوردان بە سەرچاوە و دەرفەتەکان بووتە هۆی هەڵاواردن دژی کوردەکانی دیکە».

چاوپێکەوتوو: «یەکێک لەو گرووپانەی کە زوڵم دژی کوردان دەکەن، خودی کوردەکانن. چونکە بەرژەوەندییە تاکەکەسی و بەکۆمەڵەکانیان لەمپەرن بۆ جێبەجێکردنی یاساکان و ئەو بنەماگەلەی کە بڕوایان پێیەتی، بۆیە پشتگوێیان دەخەن و پێشێلیان دەکەن. ئەوان یان پێویستیان بە حکومەت هەیە و پابەندن پێی یان بۆ بژێوی ژیان و تێپەڕاندنی ژیانیان ئەم ڕەوتەیان گرتووەتە پێشێ».

### هەڵاواردنی فرەتوێ

هەڵاواردنی فرەتوێ شێوازێکی ئاڵۆزی هەڵاواردنە کە بریتییە لە فاکتەرە هاوبڕ و تێکهەڵکێشەکان. بەپێی ئەو شتەی تا ئێستا باسی لێوە کراوە دەکرێ بڵێین کە بەشداربووان هەڵاواردنی فرەتوێ ئەزموون دەکەن کە زۆرێک لە بەشە سەرەکییەکان دەگرێتەوە، بۆ نموونە ئایدۆلۆژیای سیاسی (یان ئەتنیکی-ئایینی)، ئەو پێکهاتەگەلەی تێکەڵی هەڵاواردنن، هەڵاواردن لەسەر بنەمای بریکار و هەڵاواردنی نێوئەتنیکی. هەربۆیە هەڵاواردنی فرەتوێ (بەگشتی) لە لق و ئاستە جۆراجۆرەکاندا، ئەزموونی کوردە سوننەکان لە ئێراندا ئاشکرا دەکات. ئاخێزگەی ئەزموونی هەڵاواردنی بەشداربووان دەگەڕێتەوە بۆ ئایدۆلۆژیای ئەتنیکی-ئایینی؛ پێکهاتە سەرەکییەکان یاساکانی هەڵاواردن دادەڕێژن و بریکارەکانی حکومەت ڕەوتە نادادپەروەرانەکان جێبەجێ دەکەن و بەرەوپێشیان دەبەن. لەئەنجامدا، بێدەنگی و هەڵسوکەوتی تێکەڵ بە چاوپۆشیکردن لە داواکارییەکانی خەڵکی کورد بەرامبەر هەڵاواردن، لەگەڵ هەندێ لە بریکارە کوردەکان کە ئاڕاستەی حکومەت دەگرنە پێشێ، یارمەتیدەرن بۆ بەردەوامبوونی هەڵاواردن.

لەسەر پەیوەندیی نێوان ڕەهەندەکانی هەڵاواردن دژی کوردە سوننەکان، هەڵاواردنی ئایدۆلۆژیکی دەورێکی بنەمایی و سەرەکی دەگێڕێ و بنچینە و بناغەی ڕەهەندەکانی دیکەی هەڵاواردنە. بە وتەیەکی دیکە، ئایدۆلۆژیای دامەزراو لەسەر تەوەری ئەتنیک-ئایینی، خاڵی ناوەندی و ڕەهەندی سەرەکیی ئەزموونی هەڵاواردنە کە دەبێتە هۆی وەبەرهێنانەوەی دوبارە و بەردەوامبوونی هەڵاواردن لە ڕەهەندەکانی دیکەدا. ئەم ئایدۆلۆژیا، ئاخێزگە و بنەمای پێکهاتنی نایەکسانی و هەڵاواردن دژی کوردە سوننەکانە وەک کەمینەیەکی ئەتنیکی؛ چونکە زمان و ئایین، وەک دوو فاکتەری جیاوازیی ئەتنیکی و ئایینی لە ئێران، فاکتەرە سەرەکییەکانی هەڵاواردن پێکدێنن. هەروەها ئەم ئایدۆلۆژیا پێکهاتە سەرەکییەکانی نادادپەروەرانەی کۆمەڵگەی پێکهێناوە. هەربۆیە بنکە سەرەکییە سیاسی، کۆمەڵایەتی، کولتووری و ئابوورییەکان لە ئێراندا، دەکەونە ژێر کاریگەریی نایەکسانی و هەڵاواردن. شوێنهاتی ئەم هەلومەرجە، دابەشبوونی ناوەندگەرایانەی سەرچاوەکان، دەرفەتەکان و دەسەڵاتی سیاسی لە بەرژەوەندیی کۆمەڵگە تایبەت ئەتنیکی و ئایینییەکان، بەتایبەت تاقمە فارس-شیعەکانە.

سەبارەت بە ڕەهەندی دیکە، کاربەدەستە حکومییەکان بە کەڵکوەرگرتن لە ئامرازی جۆراوجۆر -بەشێوەی ئاشکرا و نهێنی- ڕەوتە نادادپەروەرانەکان لەسەر بنەمای ئایدۆلۆژیای ئەتنیک-ئایین و پێکهاتە تێکەڵ هەڵاواردنە بنەماییەکان ڕێک دەخەن. لەئەنجامدا هەڵاواردنی نێوئەتنیکی لەبەر دوو هۆکار دێتە ئاراوە: یەکەم ئەوەی کە بەشێکی زۆری کوردە سوننەکان بۆ بەرگریکردن لە خەسارە تاکەکەسی و بەکۆمەڵەکان، داواکاری دادپەروەریی کۆمەڵایەتی نابن. لەهەمانکاتدا، هەوڵی کەسانی دیکە بۆ داواکردنی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی لە زۆرینەی دۆخەکاندا لەلایەن حکومەتەوە بێوەڵام دەمێنێتەوە و تەنانەت وەڵامی توندوتیژانەی حکومەتی بەدوادا دێت. دووەم ئەوەی کە کۆمەڵێک لە کوردە سوننەکان بەرژەوەندییە تاکەکەسییەکان، پێش بەرژەوەندییە بەکۆمەڵ یان ئەتنیکییەکان دەخەن و بە کردەوە وەک بریکارانی پیکهاتەی حاکم لەنێو کۆمەڵگەی خۆیاندا دەور دەگێڕن. لەئەنجامدا، کوردە سوننەکان سەرەڕای هەڵاواردنی دەرەکی، لەگەڵ هەڵاواردنی نێوئەتنیکیش ڕووبەڕوون؛ کە ئەمەش بووەتە هۆی پێکهاتنی جۆرێک هەڵاواردنی توندتر و دووهێندە لە ئەزموونی ژیانیاندا

گرووپە ئەتنیکییە بێبەشەکان لە چوارچێوەی سیستەمی دەوڵەت-نەتەوەدا، هەروەک کە لە تیۆریی کۆلۆنیالیزمی ناوخۆیی (گۆنزالێز-کاسانۆڤا، ١٩٦٥) باسی لێوە کراوە، دەتوانن یارمەتیدەری ڕوونکردنەوەی هەڵاواردنی فرەتوێ دژی کوردە سوننەکانی ئێران بن. بە وتەیەکی دیکە، بەپێی تیۆریی کۆلۆنیالیزمی ناوخۆیی، هەڵاواردنی فرەتوێ کە دەگەڕێتەوە بۆ پەیوەندییەکانی ناوەند-پەراوێز لەنێوان حکومەتی ناوەندی (کۆماری ئیسلامیی ئێران) و گرووپە ئەتنیکییە کەمینەکان (کوردە سوننەکان)؛ ئەو پەیوەندیگەلەی کە دابەشبوونی نایەکسان و نادادپەروەرانەی سەرچاوە و دەرفەتەکانیان لێدەکەوێتەوە. لە کۆماری ئیسلامیی ئێراندا، ئایدۆلۆژیای فارس-شیعە تەوەری سەرەکیی پێکهاتنی ئەم پەیوەندییە ناوەند-پەراوێزە و شوێنهاتە تێکەڵ هەڵاواردنەکانیەتی. ئەم ئایدۆلۆژیا پێکهاتە بنەماییە نادادپەروەرانەکانی کۆمەڵگەی پێکهێناوە و کاربەدەستانیش ڕەوتە نادادپەروەرانەکانیان لەسەر بنەمای ئەم پێکهاتەگەلە جێبەجێ کردووە. سەرەڕای ئەمەش، هاوشێوەی شێوازەکانی دەسەڵاتی ئەتنیکیی ناوەند-پەراوێز (ڕۆسشیڵد، ١٩٨١)، حکومەتی ناوەندی وەک گرووپێکی ناوەندی، خۆی وەک ئافرێنەری سەمبولیک و هەژموونی شیاو دەبینێت و

ئایدۆلۆژیا ئەتنیکییەکانی دیکە بەفەرمی ناناسێت؛ هەربۆیە دابەشبوونی نایەکسانی دەسەڵات، دەرفەتە کۆمەڵایەتی-ئابوورییەکان و سەرچاوەکان توندتر دەبنەوە. لەئەنجامدا، هاوشێوەی ڕوانگەکانی محەمەدپوور و سلێمانی (٢٠٢٠) و ئەلیاسی (٢٠٢١)، هەڵاواردنی نێوئەتنیکی -وەک یەکێکی دیکە لە ڕەهەندەکانی هەڵاواردنی فرەتوێیش- هەر دەگەڕێتەوە بۆ ئەم پەیوەندییانەی ناوەند-پەراوێزی نێوان کۆماری ئیسلامیی ئێران و کوردە سوننەکان، دەسەڵاتی ناوەند لەسەر پەراوێز، و هەڵسوکەوتی توندوتیژانە لەسەر کاربەدەستانی پەراوێز لەلایەن ناوەندەوە.

## دەرەنجام

ئەم وتارە پەرژاوەتەوە سەر تێگەیشتنی کوردە سوننەکان لە ئەزموونی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی لە ئێراندا. دەرەنجامەکانی توێژینەوە، تێگەیشتنی کوردە سوننەکان وەک ئەزموونێکی فرەتوێ لە هەڵاواردن لە ڕەهەندە جۆراوجۆرەکاندا شرۆڤە دەکات. بە وتەیەکی دیکە، ئەزموونی ئەوان لە دادپەروەریی کۆمەڵایەتی بەشێوەی هەڵاواردنێکی فرەتوێ پیشاندەری پاوانخوازییەکە لە تەرخانکردنی سەرچاوەکان، دەرفەتەکان و دەسەڵاتی سیاسی کە لە بەرژەوەندیی گرووپێکی تایبەت بە بیر و بڕوای ئەتنیکی-ئایینی و لەژێر چاوەدێری و پشتڕاستکردنەوەی دەسەڵاتی سیاسی، پێکهاتووە. هەروەک باس کرا، هەڵاواردنی فرەتوێ لە چوار ڕەهەندی جیاواز، بەڵام پێکەوە تێکەڵاودا ڕووی داوە. لەدرێژەدا هەریەکە لەم ڕەهەندگەلە بەپێی چوارچێوەی چەمکیی توێژینەوەکە شرۆڤە و شیکارییان بۆ دەکرێت.

پێش ئەوەی کە بچینە سەر ئەنجامەکان بەپێی چوارچێوەی چەمکیی توێژینەوەکە، شیاوی باسە ئاماژە بەوە بدەین کە دەسکەوتەکانی ئەم توێژینەوە تا ڕادەیەک ئەنجامەکانی توێژینەوەکانی پێشوو پشتڕاست دەکەنەوە. بۆ نمونە، کۆنەپۆشی (١٣٨٣) گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە هەڵاواردن دژی کوردەکان لەلایەن حکومەتی ناوەندییەوە، لە بەرزترین ئاستەوە تا نزمترین ئاستی کۆمەڵگە بوونی هەیە. ناوبراو ئەم هەڵاواردنەی لە پلەی سێهەم، واتە هەڵاواردنی توند خەمڵاندووە. بە وتەیەکی دیکە، نایەکسانی و هەڵاواردنێک کە دەگەڕێنەوە سەر کردەوە کۆمەڵایەتییە بەئەنقەست و سیاسەتە گشتییەکان کە لەلایەن حکومەتی ناوەندییە جێبەجێ دەکرێن. نەوابەخش و گەڕاوەند (١٣٩٠ی هەتاوی) گەیشتنە

ئەو ئەنجامەی کە شارومەندانی کورد، دادپەروەریی ئابووری، سیاسی و کولتووری لە ئاستێکی نزمدا دەبینن. هەروەها ئەنجامەکانی توێژینەوەی ئەوان دەریخستووە کە ناوەندی پلەبەندیی ڕەهەندەکانی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی لە بەرزترین بۆ نزمترین بە ڕیز بریتین لە دادپەروەیی سیاسی، کولتووری و ئابووری. توێژینەوەی تاڵبی و عەلیزادە (١٣٩٧ی هەتاوی) پیشانی داوە کە خوێندکارانی کورد لەدرێژەی ئەزموونی زانکۆی خۆیاندا، چ لە ئاقارە فەرمی و چ لە ئاقارە نافەرمییەکاندا، لەگەڵ ئاستێکی بەرچاوی هەڵاواردن، نایەکسانی و پەراوێزخران و ڕەتکردنەوەی ئەتنیکی ڕووبەڕوو بوونەتەوە. ئەم خوێندکارانە بەشێوەی باو هەڵاواردن و نایەکسانییان بەپێی فاکتەری وەک زمانی کوردی و پابەندبوون بە ئاینی سوننە ئەزموون کردووە.

هەڵاواردنی ئایدۆلۆژیک، سەرەکیترین شێوازی هەڵاواردنە دژی کوردە سوننەکان لە ئێراندا کە دەگەڕێتەوە بۆ ئەتنیکی فارس و ئایینی شیعە؛ هەروەک لە دەستووری کۆماری ئیسلامییدا (بۆ نموونە ماددەکانی ١٢ و ١٥دا) ئاماژەی پێدراوە[١]. هەربۆیە پێکگەیشتنی زمانی فارسی و ئایینی شیعە خاڵی ناوەندیی پێکهاتنی کەلێنی سیاسی و کولتووریی ناوەند-پەراوێزە لە کۆماری ئیسلامیی ئێراندا. ئەم پێکگەیشتنە، خاڵی سەرەتای نایەکسانی و هەڵاواردنە دژی گرووپە ئەتنیکییە کەمینەکان، بۆ نموونە کوردە سوننەکان. گۆنزالێز-کاسانۆڤا (١٩٦٥) کۆلۆنیالیزمی ناوخۆیی وەک هەلومەرجی گرووپە ئەتنیکییەکان لە چوارچێوەی سیستەمی دەوڵەت-نەتەوەدا پێناسە دەکات و هێکتەر (١٩٧٥) لەسەر ئەو باوەڕەیە کە کۆلۆنیالیزمی ناوخۆیی تەرکیز دەخاتە سەر ناکۆکیی سیاسیی گرووپە ناوەندی و پەراوێزییەکان کە ئەم ناکۆکییەش لەڕێگەی حکومەتی ناوەندییەوە ناوەندگەری بۆ دەکرێت. بەشێوەی هاوشێوە، لە کۆماری ئیسلامیی ئێرانیشدا، جیاوازیی ناوەند-پەراوێز بەپێی ئەتنیک و ئایین ئاشکرایە. ئێمە جۆرە جیاوازەکانی نایەکسانیی ئیداری، سیاسی، کۆمەڵایەتی، کولتووری و ئابووری دەبینین کە لە درێژە کەلێنە ئەتنیکی و ئایینییەکاندا و لەنێوان ناوەند و پەراوێز پێکهاتوون. هەربۆیە کۆماری ئیسلامیی ئێران وەک حکومەتی ناوەندی، هاندەر و ناوەندی ئەم نایەکسانی و هەڵاواردنانەیە دژی گرووپە ئەتنیکییە کەمینەکان.

بەپێی پۆلێنبەندیی محەمەدپوور و سلێمانی (٢٠٢٠)، کوردە سوننەکان بەهۆی جیاوازییە ئەتنیکی و ئایینییەکان لەگەڵ کۆمەڵگەی دەسەڵاتدار (یان ناوچە

ناوەندییەکان)، وەک کۆمەڵگەی بێدەسەڵات (یان ناوچەی پەراوێزی) پۆلێنبەندی دەکرێن. بۆیە ئەوان نایەکسانی و هەڵاواردنی سیاسی، ئابووری، کولتووری و ئیداری ئەزموون دەکەن. دەوڵەتی ئایدۆلۆژیکی ناوەندی، هۆکاری سەرەکیی ئەم نایەکسانی و هەڵسوکەوتە تێکەڵ هەڵاواردنگەلەیە.

لایەنێکی دیکەی هەڵاواردن، هەڵاواردنی پێکهاتەییە کە بەشێوەی ئاشکرا و نهێنی لەدرێژەی ئامانجەکانی ئایدۆلۆژیای ئەتنیکی-ئایینیدا دەجووڵێتەوە. ئەم شێوازە لە هەڵاواردن بەشێوەیەکی قووڵ لە پێکهاتە سەرەکییەکانی کۆمەڵگەدا جێی خۆی کردووەتەوە. دەستووری کۆماری ئیسلامیی ئێران، وەک یەک لە پێکهاتە سەرەکییەکان، وەک یەک لە پێوەرە سەرەکییەکانی هەڵاواردنی پێکهاتەیی هەژمار دەکرێت. لەحاڵێکدا کە بەشێکی زۆری یاسا بنەماییەکان دەتوانن دادپەروەرانە بن، هەندێ لە ماددە سەرەتاییەکانی بوونەتە خاڵە ناوەندییەکانی نایەکسانی و هەڵاواردن دژی گرووپە ئەتنیکییەکان. بۆ نموونە: ماددەی ١٢، ئیسلام و ئایینی جەعفەریی دوازدە ئیمامی وەک ئایینی فەرمی وڵات دەستنیشان دەکات؛ ماددەی ١٥، زمانی فارسی وەک زمانی فەرمیی وڵات پێناسە دەکات؛ و ماددەی ١٥٥، دەڵێت کە سەرۆک کۆمار دەبێ یەک لە پیاوە ئایینی و سیاسییەکان بێت کە بڕوای تەواو و بەهێزی بە ئایینی فەرمی وڵات هەبێت. بەپێی ئەم ماددەگەلە، کوردە سوننەکان بۆ بەردەستبوونی سەرچاوە و دەرفەتەکان سنوور و لەمپەریان بۆ دانراوە. بۆ نموونە، سیستەم ڕێگەی ئەوەیان پێ نادات کە وەک سەرۆک کۆمار هەڵبژێردرێن یان لە پۆستە باڵا سیاسییەکاندا ئیش بکەن. هەروەها، پەروەردە و فێرکاری بە زمانی کوردی لە قوتابخانەکاندا قەدەغە کراوە و ئیشکردنیان لە هەندێ پیشەدا سنووری بۆ دانراوە. ناوەندگەرایی بۆ دابەشکردنی سەرچاوە و دەرفەتەکان یەکێکی دیکە لە فاکتەرەکانی هەڵاواردنی پێکهاتەییە. دەوڵەتی ناوەندی وەک بەرپرسی سەرەکیی دابەشکردنی سەرچاوەکان بەشێکی بەرچاویانی تەرخان کردووە بۆ لاتەبەرزەی ناوەندیی ئێران، کە خاڵی سەرەکیی ئایدۆلۆژیای کۆماری ئیسلامیی ئێرانە. هەر لەم بوارەدا، هێکتەر (١٩٧٥) دواکەوتوویی گرووپە پەراوێزییەکان دەگەڕێنێتەوە بۆ ناوەندگەرایی لە ناوەندا. هەربۆیە ئەم ناوەندگەراییە نایەکسانی، پەرەنەسەندن و تەنانەت دواکەوتوویی لە ناوچە کوردنشینەکاندا لێکەوتووەتەوە کە یەک لە گرووپە ئەتنیکییە پەراوێزییەکانن. بەکارهێنانی زۆر و هێز بەرامبەر بە کوردە

سوننەکان فاکتەرێکی دیکەی هەڵاواردنی پێکهاتەییە. هەڵبژاردنی سیاسەتی تێکەڵ بە زۆر و هێز بۆ تواندنەوەی کوردە سوننەکان، یەکێک لە نمونەکانی کۆلۆنیالیزمی ناوخۆیی لە کۆماری ئیسلامیی ئێراندایە. ئەم سیاسەتگەلە زۆر جار لەڕێگەی دامودەزگا فەرمییە دەوڵەتییەکانەوە بۆ پەرەپێدانی تواندنەوەی زمانی و ئایینی جێبەجێ دەکرێن.

لایەنێکی دیکە هەڵاواردن لەسەر تەوەری بریکارێتییە، کە جەخت لەسەر ناکۆکیی نێوان دەستوور و کردەوەی کاربەدەستانی حکومەتی دەکاتەوە. بە وتەی ییڵدز و تایسی (٢٠٠٧) ئەگەرچی دەستووری ساڵی ١٣٥٨(١٩٧٩) بەڕواڵەت مافی یەکسانی بۆ هەموو کەمینە ئەتنیکییەکان دەستەبەر کردووە (بەرامبەر بە ماددەی ١٩)[٢]، هیچ ئاماژەیەکی ڕوون و یەکلاکەرەوە بە دۆزینەوە و دەستنیشانکردنی ئەتنیکە نافارسەکانی نیشتەجێی ئێران نەکراوە. بە بڕوای سلێمانی و محەمەدپوور (٢٠١٩)، ئەگەرچی ئایینی شیعە وەک ئایینی فەرمیی وڵات پێگەیەکی بەرزتری هەیە، ئایینەکانی دیکە لە هەندێ لە ماددەکاندا وەک ماددەکانی ١٢[٣] و ١٣[٤] بەفەرمی ناسێندراون. بەڵام بەم حاڵەشەوە، ئەم ناسینەوە زیاتر سەمبولیکە و بە کردەوە کاریگەرییەکی ئەوتۆی نەبووە. هەروەها دەستوور بەشێوەی تیۆریک ڕێگەی بۆ فێرکاریی زمانەکانی دیکە بێجگە فارسی خۆش کردووە (ماددەی ١٥[٥]) بەڵام ئەم ماددەیە هیچ کات لەڕاستیدا نەچووەتە بواری جێبەجێکردنەوە. وەک حەسەنییان و ستەنفیڵد (٢٠٢٢) دەڵێن، وتار و کردەوەی کۆماری ئیسلامیی لەسەر جۆراوجۆربوونی ئەتنیکی-نەتەوەیی و زمانی پێکەوە ناکۆکن و یەک ناگرنەوە. هەربۆیە بەپێی گێڕانەوەی بەشداربووانی ئەم توێژینەوەیە، نەناسینی زمان و ئایینەکان، وەک زمانی کوردی و ئایینزای سوننە، هەروەها جێبەجێنەکرانی دەستوور، دەگەڕێنەوە بۆ سەر دوو هۆکاری سەرەکی: ١. جێبەجێکردنی ناتەواوی یاساکان، و ٢. کردەوەی نایاسایی و بەپێی خواست و مەیلی کاربەدەستانی حکومی. ئەم بابەتانە شێوازێکی دیکەی کۆلۆنیالیزمی ناوخۆیی پیشان دەدەن کە لەلایەن کاربەدەستانی سیاسییەوە و بەبێ هەبوونی یاساوڕێسای ڕوون و دەستەبەرکرانی جێبەجێکردنی دروستی یاساکان، دێتە ئاراوە.

هەڵاواردنی نێوئەتنیکی، وەک یەکێکی دیکە لە ڕەهەندەکانی هەڵاواردن دژی کوردە سوننەکان، لەڕێگەی هاوڕێیەتی کۆمەڵێک لە تاک و ئەکتەرە کوردەکان لەگەڵ پێکهاتەی ئێستا و بە دوو جۆر ڕوو دەدات: یەکەم، بەشێکی بەرچاوی کوردە سوننەکان بەرامبەر بە نایەکسانی و هەڵاواردن، هەڵسوکەوتێکی سستیان هەیە و

بەشێوەیەکی نەخوازراو یارمەتیدەری بەردەوامبوونی هەڵاواردن دژی خۆیانن. ئەلیاسی (٢٠٢١) دەڵێت کە شوناسی کوردی هەم لەڕێگەی توندوتیژیی ڕاستەوخۆوە و هەمیش لەڕێگەی تواندنەوەی کولتووری و بێبەشکردنی ئابوورییەوە سەرکوت کراوە. هەروەها محەمەدپوور و سلێمانی (٢٠٢٠) دەڵێن یەکێک لە ستراتیژەکانی حکومەتی ناوەندی بۆ پاراستنی یەکڕیزیی دەوڵەت-نەتەوە دەکارهێنانی زۆر و توندوتیژیی سیستەماتیکە. هەربۆیە هۆکاری سەرەکیی هەڵسوکەوتی سستی کوردە سوننەکان بەرامبەر بە هەڵاواردن و نایەکسانی، سەرکوتکرانی توندوتیژانەیە لەلایەن حکومەتی ناوەندییەوە. دووەم، کۆمەڵێک لە بریکار و کاربەدەستانی کورد بەشێوەی وشیارانە و لەڕێگەی هاوڕێیەتی لەگەڵ پێکهاتەی سیاسیی حکومەتی ناوەندییەوە، پەرە بە هەڵاواردن دژی خەڵکی خۆیان دەدەن. لەم دۆخەدا بە وتەی ساڵح (٢٠١٣)، پێوەری سەرەکیی بۆ دانانی بەرپرسانی کەمینە ئەتنیکییەکان لە سیستەمی سیاسیی کۆماری ئیسلامییدا وەفاداربوون بە ڕژێمە و نەک وەڵامدانەوەی داواکارییە سیاسییەکانی گرووپە ئەتنیکییەکان. ئەم کەسانە، نوێنەران و بریکارانی ڕاستەقینەی خواست و بەرژەوەندییەکانی گرووپی ئەتنیکیی خۆیان نین، بەڵکو بەشێکن لە پێکهاتەی سیاسی ستاتیک و سەرکوتکار. لەئەنجامدا، لە هەردوو دۆخی ئاماژەپێکراودا، هەڵاواردنی نێوئەتنیکی پشتڕاستکەرەوەی تیۆریی کۆلۆنیالیزمی ناوخۆییە: لە دۆخی یەکەمدا، سەرکوتکرانی توندوتیژانەی داواکارییە دادپەروەرانەکان، کوردە سوننەکانی بەرەو سستی و بیدەنگبوون بردووە، لە دۆخی دووەمدا، حکومەتی ناوەندی بە کەڵکوەرگرتن لە بریکار و کاربەدەستە کوردەکان، لەسەر هەڵاواردن دژی خەڵکی کورد بەردەوامە.

لەئەنجامدا، دەتوانین بڵێین دەسکەوتەکانی توێژینەوەکە لەسەر بنەمای چوارچێوەی چەمکیی توێژینەوە لە چەند خاڵی سەرەکیدا کورت دەبنەوە: یەکەم، شێوازی پۆلێنبەندیی ئەتنیکی لەسەر کوردە سوننەکان لە کۆماری ئیسلامیی ئێراندا، لە ئەتنیکێکی ناوەندیی دەسەڵاتدار و ئەتنیکێکی پەراوێزی و پەراوێزخراو پێکهاتووە. دووەم، پەیوەندیی ناوەند-پەراوێزی نێوان حکومەتی ناوەندی و کوردە سوننەکان، دەگەڕێتەوە بۆ فاکتەرە کولتووری و سیاسییەکان. سێهەم، کەلێنی توندی کۆمەڵایەتی-ئابووری نێوان ئەتنیکی دەسەڵاتدار لە ناوەند و ناوچە کورنشینە سوننەکان، خۆی لە دابەشبوونی نایەکسانی دەسەڵات، سەرچاوە کۆمەڵایەتی—ابوورییەکان و

جێگەوپێگەی کۆمەڵایەتی-کولتووریدا دەبینێتەوە. چوارەم، لەنێو ناوچە کوردنشینە سوننەکانیشدا، پەیوەندییە سیاسی، ئابووری و کولتوورییە نایەکسانەکان بوونیان هەیە کە دەگەڕێتەوە سەر پێکهاتنی کۆمەڵگە دەسەڵاتدارەکان (ناوەندگەرا) و کۆمەڵگە بێدەسەڵاتەکان (پەراوێزەکان). پێنجەم، نایەکسانی و هەڵاواردنی بەردەوام کە کوردە سوننەکان لەگەڵی ڕووبەڕوون، دەرەنجامی سیاسەتی تواندنەوەی حکومەتی ناوەندییە؛ سیاسەتێک کە کۆلۆنیالیزمی ناوخۆیی لێکەوتووەتەوە.

چونکە هەموو توێژینەوەیەکی ئەزموونی کۆمەڵێک سنووری دەکەوێتە سەر، وەک گرنگترین سنوورەکانی ئەم توێژینەوە کە دەچنەوە سەر ڕوانگەی چەندایەتیی توێژینەوەکە، دەتوانین ئاماژە بدەینە: ژمارەی کەمی بەشداربووان، کەڵکوەرگرتن لە چاوپێکەوتنی قووڵ وەک تەنیا ئامرازی کۆکردنەوەی داتا و زانیارییەکان، ئەستەمبوونی گشتاندنی ئەنجامەکانی توێژینەوە بۆ ئاپوورەی گەورەتر. هەروەها یەکێکی دیکە لە سنوورەکانی ئەم توێژینەوە، کەڵکوەرگرتن لە تیۆریی کۆلۆنیالیزمی ناوخۆیی وەک تاقە چوارچێوەی تیۆریک بۆ ڕوونکردنەوە و شرۆڤەی هەڵاواردنی ئەتنیکییە. هەربۆیە و بەپێی ئەم سنوورانە، ئەم پێشنیارانە دێنە ئاراوە: یەکەم، باشتر وایە توێژینەوەکانی داهاتوو لە ڕوانگە فرەشێوازییەکان یان تێکەڵ و تەکنیکەکانی سێگۆشەسازی بۆ کۆکردنەوەی داتا و زانیارییە بەنرخەکان کەڵک وەرگرن و هەموو ڕەهەندەکانی دیاردەی هەڵاواردنی ئەتنیکی تاوتوێ بکەن. دووەم، کەڵکوەرگرتن لە تیۆرییەکانی دیکە لەگەڵ کۆلۆنیالیزمی ناوخۆیی دەتوانێ تێگەیشتنێکی چەندڕەهەندیتر لە دیاردەی هەڵاواردنی ئەتنیکی ئاڕاستە بکە و ڕوونکردنەوەی تەواوترمان پێ بدات. لەئەنجامدا، بەپێی تیۆریی کۆلۆنیالیزمی ناوخۆیی، دەستێوەردانە سەرەکییەکان بۆ دابەزاندنی ئاستی هەڵاواردنی ئەتنیکی بریتین لە: نەهێشتنی کۆبوونەوەی دەسەڵات و سەرچاوەکان لە ناوەند و دابەشکردنیان لەنێو گرووپە ئەتنیکی و پەراوێزخراوەکان، تواناکردنی کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابووریی کۆمەڵگە و گرووپە ئەتنیکییە پەراوێزخراوەکان، بەفەرمیناسین و بەهادانان لەسەر فرەکولتووری لەڕێگەی برەوپێدانی فرەکولتوورگەرایی، پاڵپشتیکردن لە کەلەپووری کولتووری و پاراستنی زمان و نەریتەکانی کەمینەکان، دانان و جێبەجێکردنی یاسا و سیاسەتی دژەهەڵاواردن بەمەبەستی بەرگریکردن لە هەڵاواردنی ئەتنیکی، پەرەپێدانی یەکڕیزیی کۆمەڵایەتی و تێکەڵکردنی ئەرێنی لەڕێگەی بەهێزکردنی دانوستان و پەیوەندییەکان و هاوکاریی نێوان گرووپە ئەتنیکییە جۆراوجۆرەکان.

## پەراوێز

١. ماددەی ١٢: ئایینی فەرمیی ئێران، ئیسلام و ئایینزای جەعفەریی دوازدە ئیمامیە و ئەم ماددەیە تا هەتاهەتایە نەگۆڕە. ماددەی ١٥: زمان و خەتی فەرمیی ئێران، زمانی فارسییە؛ و وەک زمانی هاوبەشی خەڵکی ئێران هەژمار دەکرێت.

٢. ماددەی ١٩: هەموو خەڵکی ئێران لە هەر ئەتنیک و عەشیرەتێک، مافی یەکسانیان هەیە و ڕەنگ و نەژاد و زمان و هتد نابنە هۆی ئیمتیاز و نایاببوون.

٣. ماددەی ١٢: ئایینی فەرمیی ئێران، ئیسلام و ئایینزای جەعفەریی دوازدە ئیمامیە و ئەم ماددەیە بۆ هەتاهەتایە نەگۆڕە. ئایینزا ئیسلامییەکانی دیکە وەک حەنەفی، شافیعی، مالیکی، حەنبەلی و زەیدی خاوەن ڕێزی تەواون و پێڕەوانی ئەم ئایینگەلە بۆ بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمەکانی خۆیان بەپێی ئایینی خۆیان ئازادن. ئەم ئایینزاگەلە لە کاروباری پێوەندیداربە پەروەردەی ئایینی، کاروباری تاکەکەسی (زەواج، تەڵاق، میرات، وەسیەت) و کاروباری پێوەندیدار بە دەزگای داد، بە فەرمی دەناسێنرێن. لە هەر ناوچەیەکدا کە پێڕەوانی یەک لەو ئایینزا ئاماژەپێدراوانە زۆرینە بن، یاسای ناوخۆیی تا ئاستی تواناکانی شووراکان، لەگەڵ بەرچاوگرتنی مافی پێڕەوانی ئایینزاکانیدیکە، بەپێی ئەو ئایینزایە دەبن.

٤. ماددەی ١٣: ئێرانییە زەردەشتی، مەسیحی و جووەکان تەنیا کەمینە ئایینییە بەفەرمیناسێنراوەکانن کە لە سنووری یاسادا بۆ بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمە ئایینییەکانی خۆیان ئازادییان هەیە و بۆ جێبەجێکردنی کاروباری تاکەکەسی و پەروەردەی ئایینییان بەپێی ئایینی خۆیان دەجووڵێنەوە.

٥. زمان و خەتی فەرمی و هاوبەشی خەڵکی ئێران فارسییە. بەڵگەنامە و نووسین و دەقە فەرمییەکان و کتێبەکانی وانە دەبێ بەم خەت و ڕێزمانە بنووسرێن. بەڵام دەکارهێنانی زمانە ناوخۆیی و ئەتنیکییەکا لە چاپەمەنی و میدیا گشتییەکان و هەروەها فێرکارییان لەتەنیشت زمانی فارسی لە قوتابخانەکاندا ئازادە.

شرۆڤە

ئێرانناسی

# شەڕی ١٢ ڕۆژەی ئێران و ئیسرائیل؛ گواستنەوەی گۆڕەپانی شەڕ بۆ تاران



مەیسەم مورادی

خوێندکاری ماستەر لە سیاسەتی نێودەوڵەتی زانکۆی ڕۆسکیلدە-دانیمارک

هێرشی ئیسرائیل بۆ سەر ئێران، بەشێکی زۆری هاوکێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی تووشی گۆڕانکاریی بنەڕەتی کرد; شەڕێکی ١٢ ڕۆژە کە دەسەڵاتی ئێرانی تا لێواری هەڵدێران برد، بە نووسینێکی دۆناڵد ترەمپ، جێگۆڕکێی پێکرا بۆ ئاگربەستێکی سۆشیاڵ میدیایی. ئاگربەستی نێوان ئێران و ئیسرائیل، کاتێک باسی لێکرا کە دۆناڵد ترەمپ بە نووسینێک لە لاپەڕەی فەرمی خۆی لە سۆشیاڵ میدیا باسی لێوەکرد (١). ئاگربەستێک کە لە چوارچێوەی هیچ دەق و نووسینێکدا نییە و بەرپرسانی باڵای ئەو دوو دەوڵەتە واژۆی هیچ ڕێکەوتنێکیان نەکردووە، ناکرێت وەک ئاگربەستێکی فەرمی نێودەوڵەتی باسی بکرێت، بەڵکو ئەم ئاگربەستە دەتوانێت زۆر بە ئاسانی پێشێل بکرێت.

بۆ باشتر تێگەیشتن لە ئاکامی ئەم شەڕە، دەبێت ئامانج یان ستراتیژییەکانی هەر دوولایەن لەم شەڕەدا بە وردی هەڵبسەنگێنین. ئیسرائیلییەکان و بەتایبەت بنیامین ناتانیاهوو، دوای ساڵانێکی زۆر لە هەڕەشەکردن لە ئێران، لە کۆتاییدا لە ڕۆژی ١٣ی  مانگی ٦دا هێرشێکی چەند لایەنە و قوورسیان کردە سەر ئێران (٢). هێرشەکانی ئیسرائیل لە چوارچێوەی بە ئامانجگرتنی سەرکردە سەربازییەکانی ئێران و دواتر هێرش بۆ سەر دامودەزگاکانی دەوڵەتی ئێران، ئەو پەیامەی ڕوونکردەوە کە ئیسرائیلییەکان بەدوای ئەوە بوون کە دۆخی گۆڕینی ڕژیمی ئێرانیان دروست بکەن. ئامانجەکانی ئیسرائیل لەم هێرشەدا دەکرێت لە دوو بەشدا دابەش بکرێت: کورت-مەودا، بریتیبوو لە هێرشێکی قورس کە بشێوی لە نێوان دەسسەڵاتدارانی ئێران بڵاوبکاتەوە و ئێرانییەکان بخاتە دۆخێکەوە بڕیاری هەڵە بدەن، بۆ نمونە تاکتیکی Decapitation یان بەئامانجگرتنی سەری دەسەڵاتدارە سەربازییەکانی ئێران، لە پلانی کورت-مەودای ئیسرئیلدا بوو. هاوکات هێرشی ئیسرائیل بۆ سەر پێگە سەربازی، ئەتۆمی و مووشەکییەکانی ئێران، کە بەشێکیان لەڕێگەی کۆماندۆکانی سوپای ئیسرائیل لە سەر خاکی ئێران ئەنجامداربوو، بەشەکی دیکەی ئەم پلانە بوو.

بەشی دووەمی هێرشی ئیسرائیل بۆ سەر ئێران، خاوەن پلانێکی درێژ-مەودا بوو. پلانی درێژ-مەودای ئیسرائیل، گۆڕینی ڕژیمی ئێران بووە (٣). ئیسرائیلییەکان ساڵانێکی زۆرە باس لەوە دەکەن کە بەدوای گۆڕینی ڕژیمی ئێرانن و لەم ئاڕاستەیەدا پلانی جیاوازیان لەپێش گرتبوو.

لە شەڕی ١٢ ڕۆژەی ئێران و ئیسرائیل، پلانی کورت-مەودای ئیسرائیل، دوای کۆنترۆڵکردنی ئاسمانی ئێران، بەباشی چووەپێشەوە. سەرگرتنی پلانی قۆناغی کورت-مەودای ئیسرائیل بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە جێبەجێکردنی ئەم پلانە، لەسەر شانی ئیسرائیل بوو. سوپا و دەزگای هەواڵگری ئیسرائیل بە وردی هەڵسەنگاندنیان بۆ ئەم بەشە کردبوو و توانیان قۆناغ بە قۆناغ بیبەنە پێشەوە. بەڵام بۆ پلانی درێژ-مەودا، بەشێکی پلانەکە لەدەست ئیسرائیلدا نەبوو، بەڵکو ئەوە خەڵکی ئێران و ئۆپۆزسیۆنی ئێران دەبوو جێبەجێکەری بوایان. ئیسرائیلییەکان پێیان وابوو کە بە هێرشێکی لەوشێوەیە بۆ سەر دەسەڵاتی ئێران و بە کەڵکوەرگرتن

لە بۆشایی نێوان خەڵک و دەسەڵاتی ئێران، دەرفەتی ڕاپەڕین لەدژی دەسەڵاتی ئێران دەڕەخسێت. هەڵسەنگاندنی ئیسرائیلییەکان ئەوە بوو کاتێک هێرشێکی قوورس بکەنە سەر دەسەڵاتی ئێران، باڵی سەربازی ئێران بیر لەوە دەکاتەوە کە لە زووترین کاتدا خۆی کۆبکاتەوە و پێش بە هێرشەکانی ئیسرائیل بگرێت و ئەمە دەتوانێت هاندەری خەڵک بێت بۆ ئەوەی لە دژی کۆماری ئیسلامیی ئێران، خۆپێشاندان بکەن. سەرنەگرتنی پلانی درێژ-مەودای ئیسرائیل بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە: ئیسرائیلییەکان خوێندنەوەیەکی دروستیان لەسەر ئۆپۆزیسیۆنی ئێران نەبوو و هەوڵیان دەدا بە زەقکردنەوەی ڕەزا پەهلەوی، هەستی نەتەوەگەرایی ئێران بجووڵێنن لەدژی کۆماری ئیسلامیی. هاوکات هەڵسەنگاندنی ئیسرائیلییەکان لەسەر ئەوەی کە بەبێ گوێدانە کورد، بەلوچ و عەرەب، پرۆژەی گۆڕینی ڕژیمی ئێران سەردەگرێت، سەرکەوتوو نەبوو. بەپێچەوانەی خوێندنەوەی ئیسرائیلییەکان، ناسیۆنالیزمی ئێرانی توانی کە خەڵکی ناوەندی ئێران و تەنانەت بەشێک لەو کەسانەی کە خۆیان بەدژبەری کۆماری ئیسلامیی دەناسن، یەکگرتوو بکات بۆ ئەوەی لەدژی شەڕ بوەستنەوە و تەنانەت سەرکۆنەی هێرشەکانی ئیسرائیل بکەن و لە کۆتاییدا لە پشتی کۆماری ئیسلامیی ئێران بوەستن.

نەناسینی عەقڵی ئێرانی و پێگەی کەسانێک وەک ڕەزا پەهلەوی، هۆکارێک بوو کە ڕیسکی ڕاپەڕینی خەڵکی لەدژی کۆماری ئیسلامیی ئێران، بۆ ئیسرائیل بردە سەرەوە. بۆیە ئیسرائیلییەکان بیریان لەوە کردەوە کە هێرشەکانی خۆیان ڕابوەستێنن. ڕۆژی پێش "ئاگربەستی ئێران و ئیسرائیل"، هێرشەکانی ئیسرائیل لە تاران ئەوەی دەرخست کە ئیسرائیلییەکان بەدوای وەستای هێرشەکانی خۆیان بوون. بۆ نمونە هێرش بۆ سەر کاتژمێری "لەناوبردنی ئیسرائیل" لە گۆڕەپانی فەلەستین لە تاران (٤). ئەم هێرشە پەیامی ئەوەی گەیاند کە ئیسرائیلییەکان لە دوا ڕۆژەکانی هێرشەکانی خۆیاندان لە تاران; ڕیسکی ئەوەی کە فڕۆکەی شەڕکەری ئیسرائیل بچێتە سەر ئاسمانی تاران و بەتەنیا کاتژمێرێک بکاتە ئامانج، خاڵی کۆتایی هێرشەکانی ئیسرائیل بوون لە ناو تاران لەو شەڕەدا.

ئیسرائیل هاوکات توانی کە سەرکەوتنی زۆر لەم شەڕەدا بەدەست بهێنێت، لەوانە کۆنترۆڵکردنی ئاسمانی ئێران. کەسانی دەزگای هەواڵگری ئیسرائیل لە

ناو دامودەزگاکانی ئێران. کوشتنی کەسانێک لە ئاستی باڵادا. ناردنی کۆماندۆ بۆ ناو خاکی ئێران. هێرشە سایبرییەکان. لەناوبردنی بنکە ئەتۆمییەکانی ئێران. گواستنەوەی گۆڕەپانی شەڕی ئێران و ئیسرائیل لە سنوورەکانی ئیسرائیل بۆ تاران و زۆر بابەتی دیکە، خاڵی بەهێزی ئیسرائیل بوون لە شەڕی ١٢ ڕۆژەدا. بەڵام ئەمانە هەمووی لە چوارچێوەی پلانی کورت-مەودای ئیسرائیلدا خوێندنەوەی بۆ دەکرێت، ئەوەی کە دەمێنێتەوە، پلانی درێژ-مەودای ئیسرائیلە، کە ئیسرائیلییەکان ناچار دەکات بەجۆرێکی دیکە بیر لە جێبەجێکردنی بکەنەوە.

لە بەرامبەردا ئێرانییەکان توانیان لە ماوەی ١٢ ڕۆژی شەڕدا بەردەوامی بدەن بە هێرشە مووشەکییەکانیان بۆ سەر ئیسرائیل. دوای ئەوەی کە دۆناڵد ترەمپ وادەی ئاگربەستی نێوان ئێران و ئیسرائیلی ڕاگەیاند، ئێرانییەکان تا دوا ساتی دەستپێکردنی ئاگربەست، هێرشی مووشەکییان کردە سەر ئیسرائیل، کە ئەمە بە واتای ئەوەیە کە ئێران هێشتا توانای مووشەکی خۆی بەشێوەی گشتی لەدەستنەداوە و دەتوانێت تەنانەت لە ئەگەری بەریەککەوتنەکانی داهاتووی خۆیدا لەگەڵ ئیسرائیل، بەردەوامی بدات بە هێرشی مووشەکی بۆ سەر ئیسرائیل. ئەوەی کە جێگەی سەرنج بوو لەم شەڕەدا، ئەوە بوو کە ئێرانییەکان ساڵانێکی زۆر بوو باسیان لەوە دەکرد کە ئەگەر ڕۆژێک هێرش بکرێتە سەریان هەموو ناچەکە دەبێتە گۆڕەپانی شەڕ و هەموو گرووپەکانی سەر بە "محور مقاومت" بەشداری شەڕێکی لەوشێوەیە دەکەن، بەڵام لە هەڵسەنگاندنی شەڕی ١٢ ڕۆژە ئێران و ئیسرائیل، ئەوە دەردەکەوێت کە هیچ یەک لەو گرووپانە نەبوون بە لایەنێکی بەشدار لە شەڕەکەدا و تەنانەت ئێران لە تەنیاییەکی نێودەوڵەتیدا خۆی دەبینیەوە.

چوونەسەرەوەی ئاستی خەسارەکانی شەڕ، وایکرد کە ئێرانییەکانیش ئەو ئاگربەستەی کە دۆناڵد ترەمپ باسی کردبوو، قبوڵ بکەن. بەڵام هاوکات باسکردنی دۆناڵد ترەمپ لە "تەسلیمبوونی بێمەرج" بۆ ئێرانییەکان، ئەو ترسەی لایان دروست کرد کە ئەمریکا و ئیسرائیل بەدوای ئەوەن کە مێژووی وڵاتی لیبیا لە ساڵی ٢٠٠٣، ئەمجارە لە ئێران دووپات بکەنەوە (٥). واتە بەدەستدانەوەی هەموو پرۆگرامی ئەتۆمی-مووشەکی و چاودێریکردنی هەموو هەوڵەکانی ئێران لە لایەن ئەمریکاوە. گرفتی بنەڕەتی ئەمریکا لەگەڵ پیتاندنی یۆرانیۆم لە ئێران

و هاوکات لەگەڵ هێرشی بەرفراوانی ئیسرائیل، ئێرانییەکانی خستوەتە دۆخێکەوە کە دەبێت بڕیارێکی مێژوویی بدەن. بژاردەکانی بەردەم ئێرانییەکان لەم کاتەدا دەتوانن زۆر نەبن، واتە بەجۆرێک خۆیان لەنێوان هێرشی دوبارەی ئیسرائیل یان تەسلیمبوونی بێمەرج و کۆتایهێنان بە پیتاندنی یۆرانیۆم لە ئێراندا بێت.

مێژووی بەریەککەوتن و شەڕی ئێران و ئیسرائیل لە ماوی ئەو ١٢ ڕۆژەدا دەستپێنەکرد و مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ کاتی هاتنەسەر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیی ئێران. بۆیە ناکرێت باس لەوەش بکرێت ئەم شەڕە بە ئاگربەستێکی ساکار بوەستێت، بەڵکو دەتوانێت درێژەی هەبێت بۆ ماوەیەکی دوورودرێژی تر. هێرشی ئیسرائیل بۆ سەر ئێران، ئاستی بەریەککەوتنی ئەو دوو دەوڵەتەی برزکردەوە بۆ بەریەککەوتنی ڕاستەوخۆی دوو ئەکتەری دەوڵەتی دژ بە یەک. ئەم بەرزبوونەوەی ئاستی بەریەککەوتنانە، دەتوانێت تەنانەت هۆکاری سەرەکی بێت بۆ ئەوەی کە ئێرانییەکان بیر لەوە بکەنەوە بە هەمووشێوەیەک خوپارێزییەک بۆ خۆیان دروست بکەن. ئەزموونی وڵاتانی دیکە لە ناوچەکە کە هێرشی دەرەکی کراوەتە سەریان، ئەوە بە ئێرانییەکان دەڵێت کە دەبێت لە زووترین کاتی گونجاودا هەوڵ بۆ بەدەستهێنانی چەکی ناوەکی بدەن و بە بەدەستهێنانی چەکی ناوەکی، ئاستی خۆپارێزی خۆیان ببەنە سەرەوە و بەمجۆرە مانەوەی خۆیان زیاتر مسۆگەر بکەن. ئەمە هاوکاتە لەگەڵ ئەوەدا کە بەشێک لە ڕاگەیاندنەکان باس لەوە دکەن ئێران هێشتا ٤٠٠ کیلۆگەرام یۆرانیۆمی ٦٠٪ پیتێندراوی هەیە و دەتوانێت لەکاتێکی کەمدا گەشەی پێبدات بەرەو ئاڕاستەی دروستکردنی بۆمبی ئەتۆمی (٦). هاوکات ئیسرائیلییەکان هەمووکات باسیان لەوە کردووە کە ناهێڵن ئێرانییەکان دەستیان بەچەکی ناوەکی بگات و وەک مەترسییەکی بنەڕەتی بۆ خۆیان دەیبینن. ناڕوونی لە ئەنجامی هێرشەکانی ئیسرائیل بۆ سەر پرۆگرامی ئەتۆمی ئێران، هاوکات دۆخی ئێستای ئێران کە ماوەی ١٢ ڕۆژ لە ژێر هێرشی بەردەوامی فڕۆکەکانی ئیسرائیلیدا بووە، ئەوەمان پێدەڵێت کە پابەندبوونی ئیسرائیل بە ئاگربەست، دەتوانێت زۆر زەحمەت بێت و تەنانەت ئیسرائیلییەکان بیر لەوە بکەنەوە ئەمجارە بەشێوەیەکی دیکە هەڵبکوتنەوە سەر ئێران و ڕێگە بە ئێرانییەکان نەدەن جارێکی دیکە لەسەر سنوورەکانی ئیسرائیل ئاگری شەڕ بەرپا

بکات، بەڵکو جارێکی دیکە لە ناوخۆی ئێران، بەتایبەت لە تاران، بەشێوەیەکی دیکە بەرەنگاری ئێران ببنەوە. ئەوەی کە گرنگە زۆر بە وردی سەرنجی بدرێت، ئەوەیە کە ئیسرائیلییەکان توانیویانە گۆڕەپانی شەڕی خۆیان لەگەڵ ئێران، بگوازنەوە بۆ قووڵایی خاکی ئێران و لە تاران لەگەڵ ئێرانییەکان شەڕی خۆیان بکەن، جیاوازتر لە ساڵانی ڕابردوو کە ئێرانییەکان لەسەر سنوورەکانی ئیسرائیل، شەڕی خۆی لەگەڵ ئیسرائیلدا دەکرد.

## سەرچاوەکان:

1- A whirlwind 48 hours: How Trump's Israel-Iran ceasefire agreement came together, The Associated Press, https://apnews.com/article/trump-iran-israel-ceasefire-agreement-terms-b5fc5cc8a8c32b4899646130b496798a

2- Israel strikes Iran's nuclear sites and kills top generals. Iran retaliates with missile barrages. The Associated Press, https://apnews.com/article/iran-explosions-israel-tehran-00234a06e5128a8aceb406b140297299

3- Netanyahu speaks of regime change in Iran; what he means is regime destruction, Peter Beaumon,the Guardia, https://www.theguardian.com/world/2025/jun/17/netanyahu-israel-iran-regime-change-destruction

٤- در حمله اسرائیل به تهران؛ «روزشمار نابودی اسرائیل» در میدان فلسطین نابود شد، ایران اینترناشنال, https://www.iranintl.com/٢٠٢٥٠٦٢٣٠٥٢١

5- Trump calls for Iran›s ‹unconditional surrender› as Israel-Iran air war rages on, Parisa Hafezi, Jaidaa Taha and Maayan Lubell, Reuters, https://www.reuters.com/business/aerospace-defense/trump-urges-tehran-evacuation-iran-israel-conflict-enters-fifth-day-2025-06-17/

6- U.S. strikes on Iran›s nuclear sites set up «cat-and-mouse» hunt for missing uranium, Francois Murphy and John, Irish, https://www.reuters.com/world/europe/us-strikes-irans-nuclear-sites-set-up-cat-and-mouse-hunt-missing-uranium-2025-06-29/

# کاریگەرییە ئابوورییەکانی جەنگی ئیسرائیل-ئێران



فەیسەڵ عەلی

سەرۆکی مونتەدای ئابووریی کوردستان و ڕاوێژکاری وەزیری دارایی حکومەتی هەرێم

## بەرایی

جەنگی دوازدە ڕۆژەی نێوان ئیسرائیل و کۆماری ئیسلامیی ئێران، کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر هەموو ئاستە جیاوازەکان، چ لەسەر ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و چ لەسەر ئاستی جیهان بەجێهێشت، هەرچەندە هێشتا زووە کاریگەرییە هەمەجۆرەکانی بەدیار بکەون، بەڵام لەم نووسینە کورتە، بە پشت بەستن بە ڕاپۆرت و سەرچاوەکانی هەواڵی دامەزراوە هەمەجۆرەکانی ناوچەکە و جیهان، بەشێکی کاریگەرییە ئابوورییەکانی لەسەر کایە جیاوازەکانی ئابووری بخرێنەڕوو.

دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان و ناوەندەکانی توێژینەوەی ئابووری، ئەم جەنگەیان بە مەترسیدارترین پێکدادانی سەربازیی ئیقلیمی ئەم دە ساڵەی دوایی وەسف

کردووە، بە جەنگی ئێسقان شکاندنی ڕاستەقینە داناوە. کۆماری ئیسلامیی ئێران لە دامەزراندنییەوە دروشمی مەرگ بۆ ئەمریکا و ئیسرائیلی بەرزکردۆتەوە، بەردەوامیش لە هەوڵی خۆ سازداندایە، چ لەڕێی بەهێزکردنی بەرەی ناوخۆیی و بەرهەمهێنانی چەکی ستراتیجی و ڕاهێنانی سەربازی، چ دروستکردنی بەرەیەکی دەرەکی (بەرەی مقاومەت) لەناو دەوڵەتانی دەوروبەری ئیسرائیل وەک (لوبنان، سووریا، عیراق و یەمەن)، تا لەڕێی ئەوانیشەوە گوشارەکانی بۆ سەر ئیسرائیل زیاتر بکات. لە بەرامبەریشدا ئیسرائیل بە پشتیوانی ئەمریکا خۆی بۆ ڕۆژێکی ئەوها ئامادەکردبوو، تا یەکەم بەرگری لە مانەوەی خۆی بکات و بتوانێت باڵادەستی خۆی بەسەر تەواوی ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا بسەپێنێت.

لەگەڵ بەرتەسکی جوگرافیای ئەم جەنگە، بەڵام کاریگەرییە ئابوورییەکانی جوگرافیاییەکی ئێجگار فراوانی گرتەوە، باڵی بەسەر تەواوی جیهاندا کێشا، چونکە ئەم جەنگە کاریگەریی لەسەر نرخی نەوت، بازاڕی وزە، بازرگانیی جیهانی، وەبەرهێنانی دەرەکی، کەرتی گەشتیاریی، گواستنەوە، خانوبەرە و زنجیرەکانی گەیاندنی جیهانی دانا، وێڕای ئەوەی کاریگەریی نەرێنی لەسەر ڕێژەی هەڵئاوسان و گەشەی ئابووری و نرخی گۆڕینەوەی دراو و زێڕ هەبوو، بە گشتی کاریگەریی خستەسەر سەقامگیریی ئابووریی جیهانی و ئیقلیمی و ناوخۆیی.

## کاریگەرییەکانی لەسەر نەوت و وزە

نەوت بە بزوێنەری ئابووریی جیهان دادەنرێت، لەبەرئەوەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست یەکێکە لە گرنگترین سەرچاوەکانی دابینکردنی نەوت بۆ جیهان، هەر بارگرژییەک ڕاستەوخۆ کاریگەریی لەسەر نرخی نەوت دەبێت. لەبەرئەوە لەگەڵ بڵاوبوونەوەی هەواڵی دەستپێکردنی هێرشی سەربازی ئیسرائیل بۆ سەر ئێران، نرخی نەوت بە ڕێژەی ٧٪ بەرزبووەوە، وەک لە گرافیکی خوارەوەدا دیارە، نرخی یەک بەرمیل نەوتی خاوی برنت لە ٦ی حوزەیران بۆ ١٣ حوزەیران لە (٦٨,٠٢) دۆلار بۆ (٧٤,٢٣) دۆلار بەرزبووەوە، واتە نرخی تەنها ئەم جۆرەی نەوت بە ڕێژەی ٩٪ بەرزبۆتەوە، هەروەها نرخی یەک بەرمیل نەوتی خاوی ئەمریکی (WTI) لە نێوان (٧,٦٪) و (١٤٪) بەرزبووەوە و تا لە (٧٢,٩٨) دۆلار بۆ یەک بەرمیل جێگیربوو.

وێڕای ئەوەش، گواستنەوەی نەوت لە گەرووی هورمز دڵەڕاوکێیەکی زۆری بۆ هەموو دەوڵەتان دروستکرد، بەتایبەتی کە ڕۆژانە نزیکەی (٢٠) ملیۆن بەرمیل نەوتی پێدا تێپەڕ دەبێت، ئەمەش دەوڵەتانی ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، بەتایبەتی ئەوانەی هاوردەی وزە دەکەن، دووچاری هەڵئاوسان دەکات، لەگەڵ ئەوەی بەشێکی تێچوونی نرخی سوتەمەنی بەرزکردەوە، کە بە سەرچاوەی سەرەکیی بەرهەمهێنانی چەندین کاڵا دادەنرێت.

کەمن ئەو گەرووە ئابوورییانەی جیهان هێندەی گەرووی هورمز گرنگ و لەهەمانکاتیشدا لەرزۆک بن. ئەم گەرووە تەسکەی نێوان ئێران و عوممان ڕۆژانە نزیکەی ٣ ملیۆن بەرمیل نەوتی پێدا ڕەوانەی بازاڕەکانی نەوتی جیهان دەکرێت، کە دەکاتە ٢٠٪ کۆی بەکاربردنی نەوت لە جیهان. لەگەڵ زیادبوونی بزاوتی کەشتی جەنگی و درۆنەکان لە دەوروبەری، بەڕێوەبەرانی کۆمپانیاکانی وزە خۆیان بۆ ئەگەرەکانی دواخستنی کاتی هەناردن تا داخستنی تەواوی گەرووەکە ئامادە کردبوو.

داخستنی تەواوی گەرووەکە، دەشێ شۆکێکی گەورە لە جیهانی وزە دروست بکات، ئاژانسی نێودەوڵەتی وزە، بڵاوکراوەیەکی هۆشداری لەمەڕ دەرهاویشتەکانی ئەو حاڵەتە (کارەسات بۆ جیهانی وزە دەخوڵقێنێت، ئەگەر هاتوو ئەو گەرووە دەرئەنجامی کردەوە سەربازییەکان دابخرێت، پەکخستنی گەیاندن بە ڕێژەی ٣٠٪، تەنانەت ئەگەر بۆ ماوەیەکی کاتی بێت، نرخی نەوتی خاو بۆ سەروو ١٥٠ دۆلار بەرز دەکاتەوە، ئاستی گەشەی ئابووریی جیهانی بە ڕێژەی ١.٥٪ بۆ ٢.٥٪ دادەبەزێنێت.

ئێران لە دەیەکانی ڕابردوو و لەم جەنگەشدا هەڕەشەی داخستنی گەرووی هومرزی کردووە، ئەگەر هاتوو ڕووبەڕووی هەر هێرشێکی ئەمریکی یان ئیسرائیلی بێتەوە، بەڵام لەبەر چەند هۆکارێک ئەو هەنگاوە نانێت؛ یەکەم؛ ئێران بۆ هەناردنەوەی نەوت و گازی سروشتییەکەی پشتی پێ دەبەستێت. دووەم: دەوڵەتانی عەرەبی سەر کەنداو لە میانی قەیرانە جیاوازەکاندا پشتیوانی ئێرانیان کردووە، داخستنی گەرووی هورمز دەشێ هەڵوێستیان بگۆڕن. سێیەم: ئێران و عوممان بەسەر هەردوو دیوی هورمزدا زاڵن، عوممان دەوڵەتێکی بێلایەنە و دانوستانەکانی نێوان ئێران و ئەمریکا لەوێ بەڕێوەدەچوون، ئەگەر ئێران گەرووی هورمز دابخات ئەوا دەبێتە دەستوەردان لە سنووری ئاوی ئیقلیمی عوممان. چوارەم: داخستنی ئەو گەرووە ڕووبەڕووی ناڕەزایەتیی چینییەکان دەبێتەوە، بەتایبەتی کە چین گەورەترین دەوڵەتی کڕیاری

نەوتی ئێرانە، زۆربەی نەوتی ئێران و ٨٠٪ گازی شلی بەرەو چین هەناردە دەکات.

## زەرەری زنجیرەکانی هەناردە

یۆنان و ئیتالیا هۆشدارییان بە کەشتییە بازرگانییەکان دا تا بە دەریای سوور و کەنداوی عەدەن و خۆیان لە کەنداو بەدوور بگرن، هەروەها دوو کۆمپانیای پسپۆری ئیدارەدانی مەترسی و قەیرانە ئەمنییەکان، بە هەمان شێوە هۆشدارییان بە کەشتییە بازرگانییەکان داوە کە بە ناوچەکەدا تێدەپەڕن، ڕێوشوێنی خۆپاریزی زیاتر بگرنەبەر، یان بە تەواوی خۆیان لە ئاوی ناوچەکە بەدوور بگرن، هۆشدارییەکان ڕێڕەوی ئاوی بازرگانییان دووچاری شڵەژان کرد، چەندین کەشتی بازرگانی بە ناچاری ڕێڕەویان گۆڕی و هەندێکیشیان دوایان خست، ئەمەش بە ڕۆڵی خۆی کاریگەریی لەسەر قیستی دڵنیایی دەریایی کرد و گەیاندنی کاڵا و خزمەتگوزارییەکانی بۆ دەوڵەتان دواخست، بەشێوەیەک کاریگەریی لەسەر کەمبوونی خستنەڕوو و بەدوایشیدا گرانبوونی کاڵا بنەڕەتییەکانی بەدوای خۆیدا هێنا.

هەر لەم ڕووەوە، ڕەسمی جەنگ کە دەکاتە (٠,٠٥٪) بۆ (٠,٠٧٪) لە بەهای ئەو کەشتییەی ناوچەی کەنداو و گەرووی هورمز تێدەپەڕێت، بەڵام مەزندەکانی کاتی جەنگ و درێژەکێشانی گەیشتە (٠,٥٪). لە ڕووی ئەم زیادبوونی قیستانە سەدان هەزار بۆ ملیۆنەها دۆلار دەخاتەسەر تێچووی بەکارهێنانی هەر بارێکی بازرگانیی دەریایی. بۆ نموونە، ئەگەر کەشتییەک بەهاکەی (١٠٠) ملیۆن دۆلار بێت، بە گەورووی هورمزدا تێپەڕ ببێت، کاریگەرییە داراییەکەی دەکاتە (٥٠ بۆ ٧٠) هەزار دۆلاری زێدە.

جەنگم بەشێوەیەکی بەرفراوان بزاوتی فرۆکەوانی لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست پەکخست، ئاسمانی ناوچەکە بەتەواوی مەترسیدار بوو، کۆمپانیا گەورەکانی فرۆکەوانی لە ئەمریکا و ئەورووپا و کەنداو گەشتەکانیان ڕاگرت یان ئاراستەکانیان گۆڕی تا خۆیان لە ئاسمانی ئیسرائیل و ئێران و عیراق و سوریا و ئوردن و لوبنان بەدوور بگرن. ئەمەیش بووە هۆکاری هەڵوەشاندنەوەی هەزاران گەشت و زیادکردنی ماوەی سەفەرکردن و بەرزبوونی بەکاربردنی سوتەمەنی، دواکەوتنی زۆری گەشتیاران، سەدان کۆمپانیا ژمارەی گەشتەکانیان کەم کردەوە یان ئاڕاستەی گواستنەوەیان گۆڕی، بەمەیش تێچوونی گەشتی ئاسمانی نێوان ئاسیا و ئەورووپا بە ڕێژەی ١٥٪ لەماوەی ئەو دوو هەفتەی جەنگە بەرزبووەوە.

## شڵەژانی بازاڕی دارایی


ڕەفتاری وەبەرهێنەران ڕەنگدانەوەی شێوازی قەیرانە کلاسیکییەکانە، گەڕان بەدوای ناوچەی ئارامە، چوونی بنەچە داراییەکانە بەرەو کەرتی پیشەسازیی سەربازی و بەرگرییە، جیاوازرییە ئیقلیمییەکان قوڵتر دەبنەوە. لە حوزەیرانی ٢٠٢٥ ‹ئەندیکەیتەری بارگۆڕانی بۆرسەی شیکاگۆ بۆ بژاردەکان› زیاتر لە ٢٠٪ بەرزبووەوە، لە ١٨ بۆ ٢٢ خاڵ. نرخی یەک ئۆنسە زێڕ بۆ زیاتر لە ٢٤٠٠ دۆلار بەرزبووەوە، بەرلەوەی کەمێک پاشەکشێ بکات. پشکەکانی ئەمریکا لە ١٣ حوزەیران بە ڕێژەی ١.٢٪ داشکان، بەڵام دوای هەڵسەنگاندنی مەترسییە ڕاستەوخۆکانی سەربازیی ڕووی لە هەڵکشان کردەوە

جارێکیتر، چین و هیندستان، دوو گەورە هاوردەکاری نەوتی جیهانن، داواکارییەکانیان بۆ داڕشتنی چوارچێوەیەکی نوێ بۆ ئاسایشی دەریایی چڕ کردۆتەوە، تا کەمتر پشت بە کەنداو ببەسترێت. لە بەرامبەریشدا ئەمریکا دبلۆماسییەتی خۆی چڕ کردۆتەوە تا زامنی گەرووە دەریاییەکان بکرێت و دڵنیایی بە هاوپەیمانەکانی بدات. چین گرنگییەکی ئێجگار زۆر بە ئاسایشی تێپەڕبوونی کەشتییە نەوتییەکان بە گەرووی هورمز دەدات، بەتایبەتی کە ٤١٪ کۆی هاوردەی نەوتی پێدا تێپەڕ دەبێت.

جارێکیتر، پرسی هەمەڕەنگ کردنی سەرچاوەکانی وزە لە ئەورووپا دێتەوە بەرباس، دوای دوو ساڵ لە کەمکردنەوەی پشت بەستن بە گازی سروشتیی ڕووسی، ئێستا جەخت لەسەر وەبەرهێنان لە وزەی سەوز، پرۆژەی هایدرۆجین و بونیادی هاوردەکردنی گازی سروشتیی شل دەکەنەوە. ئاژانسی نێودەوڵەتی وزە، بۆچوونی وایە ئەم جەنگە گەیشتن بە خاڵی وەرچەرخان خێراتر دەکات، بەوەی هەنگاوی خێراتر بەرەو وزەی پاک بنرێت.

لەگەڵ چاودێریکردنی بەردەوامی پەرەسەندنەکانی کەنداو، حەقیقەتیکی ڕوون هەیە، ئەویش: ئاسایشی وزە گەڕایەوە تا تەوەری ئابووری و سیاسەتی جیهانی پێکبهێنێتەوە، جەنگی ئیسرائیل ئێران، تەنها خاڵێکی گرژی ئیقلیمی نییە، بەڵکو ئاوێنەیەکە لەرزۆکی ئابووریی نوێی جیهان و ئاڵۆزییەکانی دەخاتەڕوو. دەشێ ئەم جەنگە هۆکارێکی خێرا گۆڕانکاریی دوور مەودای بونیادی وزەی جیهانی بێت،

# ڕوانینی ئێران لە پرۆسەی ئاشتی نێوان پەکەکە و تورکیا



ئامادەکردن: ئێرانناسی

## بەرایی

لەم بابەتەدا، تیشک دەخەینە سەر ڕوانین و هەڵوێستی کۆماری ئیسلامی ئێران لە پرۆسەی ئاشتی نێوان تورکیا و حزبی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە). گرنگە بزانین نیگەرانی یان دڵخۆشییەکانی ئێران سەبارەت بەم پرۆسەیە چین؟ ئێران پشتیوانی دەکات یان دژی دەوەستێتەوە. ئەگەر نیگەرانە، نیگەرانییەکانی لە چیدایە؟ ئەگەر پشتیوانی دەکات بۆچی؟

## پرۆسەی ئاشتی، بۆچی؟

پرۆسەیەکی گرنگ بە ناوی پرۆسەی ئاشتی و چارەسەری کە ڕاگەیاندنی چەکدانانی پەکەکە بەڕابەرایەتی عەبدوڵڵا ئۆجەلانی بەدوادا هاتووە، لە ئارادایە. هەڵبەت پرۆسەیەك ئاڵۆز، فرە ڕەهەند و جێی مشتومڕە. ڕەخنەگر و لایەنگری زۆری هەن. لەسەر ئاستی کوردایەتی، هەندێك بە شکستی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازیی و خەباتی کورد لێی تێدەگەن و هەندێکیش کە زیاتر لایەنگرانی پەکەکەن، پاساوی بۆ دەهێننەوە. هەندێك بە پرۆسەی ئاشتی و هەندێك بە خۆبەدەستەوەدانی کوردەکان پێناسەی دەکەن. بەڵام دەنگی زاڵ ئەوەیە کە دەمودەست لەسەر ئاستی نێوخۆی تورکیا، کوردەکانی باکوور و ڕۆژئاڤا، بەرپرسانی حزبی و حکومی لە هەرێمی کوردستان، عێراق و وڵاتانی ناوچەکە و لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی پێشوازی لە دەستپێکردنی پرۆسەکە کرا. هەڵبەت ئۆردوگان و حزبەکەی لەسەرەتاوە سڵیان لەوە دەکردەوە کە خۆیان بکەن بە خاوەنی.

ئەمە یەکەمجار نییە کە تورکیا و پەکەکە ئاشت دەبنەوە. لانیکەم سێیەمجارە کە پرۆسەی ئاشتی لە نێوان کورد و تورکدا لە وڵاتی تورکیا بەڕێوە دەچێت. دوو جارەکەی پێشوو شکستیان هێنا. جاری یەکەم پاش دەستگیرکردنی ڕێبەری حزبی کرێکارانی کوردستان، ئەم گروپە ئاگربەستی یەکلایەنەی ڕاگەیاند. ساڵی ٢٠٠٢. سەرکردەکانی ئەوکاتی پەکەکە، چالاکییەکانی حزبیان کۆتایی پێهێنا و دەستبەجێ ڕێکخستێکی نوێ بەناوی کۆنگرەی ئازادی و دیموکراسی کوردستان پێکهێنرا کە بڕیار بوو بەرخودان لەسەر ئاستی سیاسی درێژە پێبدات. ساڵێکی دواتر، ناوی ڕێکخراوەکە دوبارە گۆڕدرا و ساڵی ٢٠٠٤ پەکەکە بە فەرمی شکانی ئاگربەست و دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدارانەی ڕاگەیاندەوە.

جاری دووەم ئەو کاتە بوو کە حزبی عەدالەت و گەشەپێدان لە ساڵی ٢٠٠٧ ڕێژەی دەنگی یەکلاکەرەوەی هەڵبژاردنەکانی بەدەست هێنا و بە تەنیا دەوڵەتی پێك هێنا. هەر لەو کاتەوە کۆمەڵێك ڕێکاری وەك ئازادییە ڕێژەییەکانی وەك بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامە، گۆڤار و کتێبی کوردی، دامەزراندنی کەناڵێکی تەلەفزیۆنی بە ناوی تی ئاڕتی کوردی، ڕێگەدان بە خوێندنی بە زمانی کوردی، پرۆژەگەلی وەك کرانەوەی دیموکراسییانە و چۆڵکردنی شاخ و گەڕانەوە بۆ نێو کۆمەڵگەی خستە بەرنامەی

کارەوە. گفتوگۆکان لە ئۆسلۆ لە ساڵی ٢٠٠٩ دەستیان پێکرد. بەڵام پرۆژەی یەکەمی خولی دووەمی گفتوگۆکانیش شکستی هێنا. لە دیسەمبەری ٢٠١٢ گفتوگۆی نهێنی نێوان دەوڵەت و ئۆجەلان ئاشکرا کرا. بە ڵام لە مانگی حەوتی ٢٠١٣ کوژرانی سەکینە جانسز، فیدان دۆغان و لەیلا شایلەمز، گۆمەکەی شڵەقاندەوە و پرۆسەکەی پەك خستەوە و لە ساڵی ٢٠١٥ بە تەواوەتی شکستی پرۆسەکە ڕاگەیەندرا. لە پرۆسەی دووەمدا و لە ساڵی ٢٠١١ دا پرۆفیسۆر ناسر ئینتیسار گوتی پرۆسەی ئاشتی نێوان تورکیا و پەکەکە، ئێرانی سوپرایز کردووە. ئەو گوتی: دیارە کە ئێران ئەم دۆخەی پێشبینی نەکردبوو. بۆیە دەکرێت بڵێین ئێران بە تەواوەتی دۆش داماوە.

وادیارە ئێران لە پرۆسەی ئاشتی و چارەسەریی ئەمجارەشدا تووشی دۆشدامان بووە. بەڕادەیەك کە جگە لە لێدوانێکی فەرمیی وەزارەتی دەرەوەی ئێران، هیچ هەڵوێستێکی ڕوونی ئێران لە هەمبەر پرۆسەی ئاشتی بەدی ناکرێت. پرۆسەکەی ئەمجارە جیاوازە. لە ٢٧ی کانوونی یەکەمی ٢٠٢٥دا، پەیامە گرنگەکەی ئۆجەلان خوێندرایەوە. جیاوازییەکەی تەنیا لە داخوازییەکانی پەیامەکەدا نەبوو. بەڵکو لە گۆڕانی بارودۆخەکەدا بوو. هەروەها هۆکارەکانی گۆڕانی بارودۆخەکە. دەتوانرێت گرنگترین هۆکارەکان و نیازەکانی پرۆسەی ئاشتی ئەمجارە بۆ هەردوو لا بەمشێوەیە کورت بکرێنەوە:

- لەسەر ئاستی نێوخۆی تورکیا، ترسی ئەردۆغان و حزبەکەی لە بەدەستنەهێنانی دەنگی پێویستی سەرۆکایەتی کۆماری ئەمجارە و نیازی خۆپاڵاوتنی کە بە بێ بەدەستهێنانی دەنگی کوردەکانی باکوور ناتوانێت ئەو نیازەی بهێنێتە دی. هەروەها بەم هەنگاوە دەتوانێت بەرەی ئۆپۆزسیۆن بە سەرکردایەتی جەهەپە لاواز بکات و ڕێگەی لێ بگرێت لە هاوپەیمانییەتی نوێ لەگەڵ کوردەکان.

- ترسی تورکیا لە پرۆژەی گۆڕین و کێشانەوەی نەخشەی نوێی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە سەرکردایەتی ئیسرائیل بۆ گەمارۆدانی ئەنادۆڵ(١).

- لەسەر ئاستی هەرێمی، دوابەدوای شکستی ئێران لە پاراستنی بەشار ئەسەد و ڕژێمەکەی. دەرفەت بۆ تورکیا ڕەخسا کە کۆنترۆڵی سووریا بکات. دۆخی هەنووکەیی سووریا وا دەخوازێت بەم ڕێککەوتن و پرۆسە نوێیەی ئاشتی، کوردانی ڕۆئاڤا لاوازتر بکات.

- ترسی تورکیا لە هاوکاریکردنی کوردەکان لە هەر چوار پارچەی کوردستان لە لایەن ئیسرائیلەوە.

- هەروەها نائومێدبوونی لەوەیکە کە بتوانێت کۆتایی بە ڕۆژئاڤای کوردستان بهێنێت بە بێ ڕەزامەندی ئەمریکا و ڕۆژئاوا.

- لە سەرئاستی نێودەوڵەتی، تورکیا بەم ئاشتەواییە دەتوانێت هەنگاوێك لە ئەندامبوون لە یەکیەتی ئەوروپا و نزیکبوونەوەی زیاتر لە ناتۆ نزیك ببێتەوە(٢).

- لە لایەکی ترەوە، هەروەك چۆن لە پەیامەکانی عەبدوڵڵا ئۆجەلاندا دەخوێندرێتەوە، پەکەکە لە ڕووی گوتارەوە ئیدی کۆتایی هاتووە و ناتوانێت خۆی بەرهەم بهێنێتەوە. بەتایبەت کە ئاماژە بە دەرکەوتنی نەوەیەکی تر لە چالاکانی شاری و سیاسی لە باکووری کوردستان دەکرێت کە ئەمانە کەمتر باوەڕیان بە جوداخوازی هەیە، لەوانەش سەلاحەدین دەمیرتاش.

بە لەبەرچاوگرتنی هەموو ئەم ئەگەر و هۆکارانەی سەرەوە دەکرێت بگەینە بەو ئەنجامەی کە بۆ هەردوو لا و بەتایبەت بە تورکیا ئەم پرۆسەیە، پرۆسەیەکی ناچارییە.

## ڕوانینی ئێران لە پرۆسەی ئاشتی

هەر پرۆسە و پرۆژەیەك بە تایبەت لەم چوار دەوڵەتەی کە بەشێك لە خاکی کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە، کاریگەری لەسەر دەوڵەتەکانیتر دادەنێت. بۆیە پرۆسەی ئاشتی لە تورکیا، دەتوانێت مایەی نیگەرانی یان دڵخۆشی ئێرانییەکان بێت. لە خوارەوە ئاماژە بە هەڵوێستی کۆماری ئیسلامی ئێران دەکەین لە سێ ڕوانگەوە؛ مەیدان/پرۆکسییەکانی ئێران و دیپلۆماسی، کە پرۆکسییەکانیش دەچنە بازنەی مەیدانەوە.

پێشوەختە نابێت ئەوەمان لەبیر بچێت کە سیاسەت و زمانی ڕاگەیاندن و بڕیاری ئێران تەنیا بریتی نییە لە وەزارەتی دەرەوە، بەڵکو لە مەیداندا دەکرێت بە دوای هەڵوێستی ئێراندا بگەڕێین. مەیدان واتە پانتایی چالاکییەکانی سوپای پاسداران، کە لە سەردەمی ئەحمەدی نەژادەوە تا ئەم چرکەساتە بەسەر دیپلۆماسیی ئێراندا زاڵ بووە. کەواتە هەڵوێستی ئێران بەرامبەر بە پرۆسەی ئاشتی دەبێت لە هەر دوو ڕوانگەکەوە هەڵبسەنگێنرێت.  ئێران لە تاکە هەڵوێستی فەرمیدا و بە گوێرەی ڕاپۆرتی سیاسەتی دەرەوەی ایرنا، لە زاری ئیسماعیل بەقائییەوە کە نوێنەرایەتی «دیپلۆماسی» ئێران

دەکات، ڕایگەیاند: «کۆماری ئیسلامی ئێران پشتیوانی لە هەر پرۆسەیەك دەکات کە ببێتە هۆی وەستاندنی تیرۆریزم و بەهێزکردنی ئاسایش لە وڵاتی تورکیادا و هیوادارە ئەم گۆڕانکارییە لەسەر ئاستی ناوچەکەش کاریگەری ئەرێنی دابنێت(٣) ». بەڵام لە مەیداندا هیچ هەڵوێستێکی ئێران ئاشکرا نەکراوە. بەم بێدەنگییە، دەتوانرێت نیگەرانی مەیدانی ئێران هەڵێنجان بکرێت.

ڕوانگەی سێیەم بۆ تێگەیشتن لە سیاسەتی ئێران بریتییە لە پرۆکسییەکان. ئێران لە مەیداندا، هەندێکجار لە ڕێگەی پرۆکسییەکانییەوە پەیام و هەڵوێستی خۆی سەبارەت بە ڕووداوەکان ڕادەگەیەنێت. بۆ نموونە دوا بەدوای هاتنەپێشەوەی ئەردۆغان و پشتیوانی لە پرۆسەی ئاشتی، لە جریوەیەکیدا لە تۆڕی کۆمەڵایەتی ئێکس، قەیس خەزعەلی ئەمینداری گروپی عەسائیبی ئەهلی حەق لەمەڕ چەکدادانی پەکەکە، ڕایگەیاند: چیتر پاساو بۆ مانەوەی سەربازیی تورکیا لە عێراق بوونی نییە و داوای لە عێراق و پەرلەمان کرد کە ڕێکاری بەپەلە بۆ چوونەدەرەوەی تەواوەتیی هێزە چەکدارەکانی تورکیا بگرێتە بەر(٤). عەلی ئەلبەنداوی، ئەندامی کۆمسیۆنی ئاسایش و بەرگری پەرلەمانی عێراقیش لە دوای ڕاگەیاندنی چەکدانانی پەکەکەوە گوتی: سەرەڕای چەکدانان، تورکیا هێشتا هێزەکانی نەکشاندووەتەوە و عێراق چاوەڕێی پاشەکشێی سوپاس تورکیایە چونکە ئیدی هیچ پاساوێك نەماوەتەوە(٥). لە هەڵوێستی پرۆکسییەکانییەوە دەردەکەوێت کە ئێران هیچ ئامادەکارییەکی بۆ پرۆسەی ئاشتی نەبووە و لە دوای ئاگاداربوون لە پرۆسەکە بەدوای ئەوەدا دەگەڕێت کە چۆن بتوانێت سوود لە بارودۆخە وەربگرێت بۆ ئەوەی لە ڕووی گوتارەوە قەرەبوونی ئەو ڕووداوە بکاتەوە.

## ئێران چی دەوێت؟

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە چار نییە، جگە لە گەڕان بە نێو میدیا و ڕاگەیاندنەکانی ئێراندا بۆ ئەوەی لە نیگەرانییەکان و هەڵوێستی ئێران تێبگەین. ئەو بابەت و وتارانەی کە سەبارەت بەم پرۆسەیە بڵاو کراونەتەوە سێ خاڵی سەرەکییان تێدا زەق کراوەتەوە کە ئێران لە ڕێگەیانەوە دەیەوێت بەجۆرێك گوتاری خۆی بەرهەم بهێنێتەوە یان دەستوەستان نەگەڕێتەوە:

یەکەم، فشاری هێزە عێراقییەکان بۆ کردنەدەرەوەی هێزەکانی تورکیا لە خاکی

عێراق و بەتایبەت ناوچەکانی دهۆك. ئێران ئەم ڕێککەوتنە بە دەرفەت دەزانێت بۆ فشارخستنەسەر عێراق لە ڕێگەی پرۆکسییەکانییەوە بۆ ئەوەی هێزەکانی تورکیا ناچار بکەن بە گەڕانەوە بۆ نێو سنوورەکانی خۆیان.

دووەم، زەقکردنەوەی ئەو خاڵەی کە تورکیا دواجار جێی متمانە نییە و سیاسەتی بانێك و دوو هەوا بەرامبەر بە کوردەکان پیادە دەکات. لە چەندین بابەتدا، ئاماژە بەوە کراوە کە تورکیا هیچکات جێگەی متمانە نەبووە. لە لایەك کۆمەڵکوژی کوردەکان لە ڕۆژئاڤا دەکات و تەنانەت قەیوم بۆ شارە کوردییەکانی باکووری کوردستان دادەنێت و مافە سەرەتاییەکانیان لێ زەوت دەکات، لە لایەکیش هەر ماوە جارێك پرۆسەیەك دەست پێدەکات بەناوی پرۆسەی ئاشتی(٦).

سێیەم، ئەوەی ئۆردۆگان دەیکات تەنیا پلانێکە بۆ مانەوەی خۆی و توانای خۆکاندیدکردنەوەی بۆ خولێکی دیکە لە ڕێگەی داڕشتنی دەستوورێکی نوێ، کە ئەمەش تەنیا بە بەدستهێنانی دەنگی کوردەکانی نێو پەرلەمانی تورکیا دێتە دی. هەوڵی ئێران بۆ بچووك نیشاندانی پرۆسەکە و بەبیرهێنانەوەی ئەوەیکە چەند جارێکیتر ئەم پرۆسەیە دەست پێکراوە و بێئەنجام کۆتایی هاتووە. هەر ئەوەیکە بە لێدوانی فەرمی قسەیان لەمبارەیەوە نەکردووە، جێگەی سەرنجە. یان لە ڕێگەی کەناڵە فەرمییە دەوڵەتییەکانەوە، ئاماژە بە سیاسەتی بانێك و دوو هەوای ئەردۆگان دەکەن. بۆ نموونە، سایتی باشگاه خبرنگاران دانشجوی ایران، لە بابەتێکدا کە لە پەیامنێری نێودەوڵەتیی سکای نیوزەوە وەری گرتووە، ئاماژە بە سیاسەتی دووفاقی تورکیا بەرامبەر بە کوردەکانی سووریا لە لایەك و هێرشە یەکلەدوای یەکەکانی دژ بە ئەوان لە لایەکی ترەوە دەکات و دەنووسێت کە ڕوون نییە ئەم گۆڕانکارییە لە تێڕوانینی تورکیادا تا چەند واقعی یان بە مەرامی بەدەستهێنانی دەستکەوتەکانە(٧). یەکێك لە دەستکەوتەکان دەرفەتی خۆکاندیکردنەوەی ئۆردۆگانە بۆ هەڵبژاردنی سەرۆك کۆماریی لە ساڵی ٢٠٢٨ کە بە گوێرەی دەستووری ئێستا مەحاڵە. چونکە پێویستی بە ٤٥ کورسییەکەی کوردەکان بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پێشوەختە هەیە.

چوارەم. زەقکردنەوەی بێسوودبوونی چوار دەیە جەنگی خوێناوی نێوان پەکەکە و تورکیا و شکستی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد. باشترین بەڵگە، داننانی ئۆجەلانە بەوەیکە پەکەکە واتای خۆی لە دەستداوە و دەبێت هەڵبوەشێتەوە. جەختکردنەوەی

خبرگزاری تسنیم لەسەر ئەوەیکە ئۆجەلان چیتر نە فیدراسیۆنی دەوێت، نە ئۆتۆنۆمی، نە سەربەخۆیی و تەنانەت سەربەخۆیی ئیداری و داننان بەوەی کە ئەم داواکارییانە ئەنجامی بێ ئەملاوئەولای بزوتنەوەیەکی نەتەوەگەرایانەی توندڕەون و ئەم جۆرە بونیادانە وەڵامگۆی پرسیارەکانی ئێستا نین(٨).




پێنجەم، جەختکردنەوە لەسەر باڵ باڵێن و دووبەرەکی بەردەوامی نێوان سەرکردایەتی پەکەکە لە نێو خۆیان و کوردەکان بە شێوەیەکی گشتی. هەروەها ئەوەیکە خەباتی کوردەکان بە ئۆجەلان دەستی پێنەکردووە تا بە خۆبەستەوەدانی ئەو کۆتایی بێت(٩). هەروەها گەورەکردنی جیاوازیی بیروڕا و بڕیاری سێکوچکەی کورد کە بریتییە لە عەبدوڵڵا ئۆجەلان، هێزە سیاسییەکانی باکوور و قەندیل. بۆ نموونە زەقکردنەوەی لێدوانەکانی بەرپرسانی وەك جەمیل بایك کاتێك ئاماژە بە داخوازییەکانی قەندیل دەکات دەکات لە بەرامبەر پابەندبوونی ئەوان بە بڕیارەکان و داواکارییەکانی ڕێبەری پەکەکە(١٠). هەروەها مەرج نییە ئەوەیکە ئۆجەلان دەیڵێت قەندیل ناچار بە پابەندی بکات.

ئەم گومان دروستکردنانە هەڵبەت لە ڕابردوودا وای لە تورکیا کردووە کە ئێران بە یەکێك لە هۆکارەکانی شکستهێنانی پرۆسە یەك لە دوای یەکەکەکانی ئاشتی لە تورکیا بزانێت. بۆیە هەندێك جار کار دەگەشتە شەڕ و بەیاننامەی ڕاگەیاندن دژ بە یەکتر و تورکیا ئێرانی تاوانبار دەکرد(١١) و ئێرانیش بە هەموو شێوەیەك ڕەتی کردووەتەوە. تەنانەت تۆمەتبارکردنی تورکیا بەوەی کە پەکەکە بەکار دەهێنێت بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆی و سیاسەتی فراوانخوازی لە ناوچەکەدا(١٢). تورکیاش ئاماژە بە کەینوبەینی نێوان ئێران و پەکەکە(١٣) دەکات(١٤). بۆ نموونە هەر ئەم ماوەیەی

پێشوو، هاکان فیدان لە لێدوانێکیدا ڕەخنە لە کۆبوونەوەی بەرپرسانی سەربازی ئێران و مەزڵوم کۆبانی دەگرێت و داوا لە ئێران دەکات کە پشتیوانی لە کوردانی سوریا و بەتایبەت (ی.پ.گ) نەکات(١٥).

شەشەم و کۆتا خاڵ کە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە نیگەرانییەکانی ئێرانەوە هەیە، گومانی ئێرانە لە پەیوەندیکردنی ئەندامای پەکەکە بە پژاکەوە و یەکگرتنیان و دواتر هاندانیان(١٦) بۆ دژایەتی کۆماری ئیسلامی ئێران(١٧).

## ئەنجام

بە گوێرەی ئەو ئاماژانەی کە لەسەرەوە باس کران، کۆماری ئیسلامی ئێران تەنیا یەك جار بە شێوەیەکی فەرمی پشتیوانی و پێشوازی لە ڕاگەیاندنی نوێیی ئاشتی نێوان پەکەکە و تورکیا کردووە. وادیارە وەك دووەم پرۆسەی ئاشتی، ئەمجارەش لە دەرەوەی بازنە بووە و بە دۆشدامانەوە سەیری دۆخەکە دەکات. بۆیە تەنیا لە ڕێگەی میدیاکانی نزیك لە بناژوخوازەکانەوە یان هەڵوێستی پرۆکسییەکانەوە دەتوانین پەی بە هەڵوێستی شاراوەی ئێران ببەین. ئێران، لەم ڕێککەوتنەدا تەنیا دەیەوێت بە تەواوەتی دەستخاڵی نەگەڕێتەوە و جۆرێك لە دەستکەوتی لە ئەنجامەکانی ڕێککەوتنەدا هەبێت. دەتوانین بڵێین گرنگترین ئەو خاڵانەی کە ئێران جەختیان لەسەر دەکاتەوە بریتین: لەڕێگەی پرۆکسییەکانەوە فشار دەخاتەسەر عێراق بۆ دەرکردنی هێزەکانی تورکیا لە وڵاتەکەیان، چونکە بیانوو بۆ مانەوەیان نەماوەتەوە. جۆرێك لە گومانخستنەسەر نیازپاکی ئەردۆغان وتورکیا لە هەمبەر کوردەکان بە گشتی و بەکارهێنانیان بۆ درێژکردنەوەی سەرۆکایەتییەکەی و بوون بە ئەندام لە یەکیەتی ئەوروپا، و ڕەنگدانەوەی جۆرێك لە نیگەرانی ئێرانییەکان سەبارەت بە پەیوەندیکردنی هێزەکانی پەکەکە بە هێزە کوردییەکانی ڕۆژهەڵاتەوە. هەروەها ترسی ئێران لە بەهێزبوونی زیاتری تورکیا، چونکە یەکێك لە دەرەنجامەکانی ئەم ڕێککەوتنانە، کردنەوەی دەرگای زیاترە بەڕووی تورکیادا کە بەهێزتر لە جاران بتوانێت لە ناوچەکەدا تەراتێن بکات بە بێ ئەوەی هیچ هێزێکی کوردی بێزاری بکات. لە دواجاریشدا تورکیا بەم هەنگاوانە ڕەنگە بتوانێت خۆی لەبەردەم باهۆزی گۆڕانکارییەکانی ناوچەکە و نەخشەی نوێی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ڕابگرێت.

## سەرچاوەکان:


١- باخچەلی: ئامانجی ئیسرائیل دەورەدانی ئەنادۆڵ و تێکدانی پرۆسەی تورکیای بێتیرۆرە، سایتی کەناڵ 8 https://channel8.com/kurdish/news/129560 ڕێککەوتی داسەردان ٢٠٢٥/٦/١٨.

٢- تحولات کردستان و ترکیه: نگاهی به بیانیه اوجالان، عوامل و نتایج آن،فواد کیخسروی، ٨٤٩٩٨٦/https://www.radiozamaneh.com ڕێککەوتی دواسەردان (٢٠٢٥/٦/١٨)

٣- https://shorturl.at/P٠Prb استقبال ایران از فراخوان کنار گذاشتن سلاح توسط پ.ک.ک ، خبرگزاری جمهوری اسلامی ایران، ڕێککەوتی دوا سەردان (٢٠٢٥/٦/١٠)

4- https://x.com/Qais_alkhazali/status/1921911353230385371/photo/1

٥- کمیسیون امنیت پارلمان عراق: «با وجود اعلام انحلال پ.ک.ک نظامیان ترکیه از اراضی عراق عقب‌نشینی نکرده‌اند، شفقنا، https://fa.shafaqna.com/news/٢٠٤٥٢٦٦/ ڕێککەوتی دوا سەردان ٢٠٢٥/٦/١١

٦- از درخواست انحلال پ.ک.ک. تا ابهامات و پیامدهای منطقه‌ای .https://shorturl.at/٣٤sww دوا سەردان (٢٠٢٥/٦/١٧)

٧- یک بام و دو هوای دولت ترکیه / تلاش اردوغان برای آشتی با کردها، باشگاه خبرنگاران دانشجوی ایران، https://shorturl.at/TGvbfڕێککەوتی دوا سەردان (٢٠٢٥/٦/١١)

٨- نگاهی به ابعاد توافق ترکیه و اوجالان درباره پ.ک.ک، خبرگزاری تسنیم، https://shorturl.at/kSepM ڕێککەوتی دوا سەردان (٢٠٢٥/٦/١٠)

٩- پیام اوجالان برای خلع سلاح «پ.ک.ک» و پاسخ به ٥ سوال کلیدی، خبرگزاری مهر، ڕێککەوتی دواسەردان (٢٠٢٥/٠٦/١٢) https://shorturl.at/gz٤te

١٠- آشتی با اوجالان، سایتی روزنامه صبح ایران، https://vatanemrooz.ir/fa/news/402394/%D8%A2%D8%B4%D8%AA%DB%8C-%D8%A8%D8%A7-%D8%A7%D9%88%D8%AC%D8%A7%D9%84%D8%A7%D9%86 ڕێککەوتی دواسەردان (٢٠٢٥/٦/١٠)

١١- واکنش ایران به اتهام کارشکنی در روند صلح ترکیه با کردها، .https://shorturl

at/VFW31

١٢- روایتی از طرح ترکیه برای ایجاد تفرقه کردی - آذری در ایران / اردوغان چگونه از پ‌ک‌ک برای پیشبرد توسعه طلبی خود استفاده می کند؟ https://shorturl.at/ZQ٦iA

١٣- https://iramcenter.org/fa/٪D٨٪A٧٪DB٪D٨٪٨C٪B١٪D٨٪A٧٪D٩٪٨٦-
٪D٩٪-٨٨٪D٩٪٨٥٪D٨٪B٣٪D٨٪A٦٪D٩٪٨٤٪D٩٪-٨٧٪D٩٪A٩٪DA٪BE٪A٩٪DA٪-DA
١٣٦٦،مرکزمطالعات ایرانی آنکارا (ایرام) ایران و مسئله پ.ک.ک.، حقی اویغور

١٤- پشت پرده خلع سلاح پ.ک.ک، روزنامەی هم میهن https://shorturl.at/Kg٧qM

١٥- وزیر خارجه ترکیه: ایران از گروەهای تروریستی حمایت نکند، سایت DW فارسی، https://shorturl.at/٦tTVQ ڕێککەوتی دوا سەردان (٢٠٢٥/٠٦/١٩)

١٦- شاید پ ک ک را علیه ایران تحریک کنند، دیپلماسی ایرانی، ڕێککەوتی دوایین سەردان (٢٠٢٥/٦/١٨) https://shorturl.at/٦QwpI

١٧- آیا ایران نگران توافق ترکیه و پ‌ک‌ک است؟ https://www.bbc.com/persian/world/٢٠١٣/٠٥/١٣٠٥١٥_an_turkey_pkk_iran_syria گونی یلدیز، سایت بی بی سی فارسی ڕێککەوتی دواسەردان (٢٠٢٥/٦/٢٠)

# ڕووبەڕووبوونەوەی ئیسرائیل و ئێران؛

## گۆڕانی ڕێساکانی ڕووبەڕووبوونەوە و هاوسەنگیی خۆپاراستنی نوێ[١]



نورە ئەلبورەیکی

وەرگێڕانی: بارام سوبحی

### خاڵە سەرەکییەکان

■ خاڵی جیاکەرەوەی پێکدادانەکانی حوزەیرانی (٢٠٢٥) لەنێوان ئیسرائیل و ئێراندا ئەوەیە، کە ڕێسا نەریتییەکانی پێکدادانی تێپەڕاندووە. پێشتر ڕووبەڕووبوونەوەکە لەڕێگەی پرۆکسییەکان یان ئۆپەراسیۆنی سنووردارەوە دەکرا، بەڵام ئەمجارەیان گۆڕاوە بۆ ململانێیەکی ڕاستەوخۆ لەنێوان دوو زلهێزی ناوچەکە، بە بەکارهێنانی چەکی هێرشبەری ورد و یەکخستنی ئامرازە ئاسایی و ناتەقلیدیەکان لە بەڕێوەبردنی ململانێکاندا.

(١) ئەم بابەتە لە ماڵپەڕی مرکز الإمارات للسياسات بە ناونیشانی المواجهة بين إسرائيل وإيران: قواعد اشتباك متغيرة وموازين ردع جديدة نورە البريكي بڵاوکراوەتەوە.

■ یەکێک لە گۆڕاوە گرنگەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازی ئیسرائیل و ئێران، هاتنە ناوەوەی ئەمریکا بوو بۆ ناو شەڕەکە لەڕێگەی ئەنجامدانی بۆردومانێکی دیاریکراو کە کۆمەڵگە و دامەزراوە ستراتیژییە/ئەتۆمییەکانی لەناوخۆی ئێراندا بە ئامانج گرت، ئەمەش پێشهاتێکی سەرنجڕاکێشە و هاوسەنگییەکانی خۆپاراستن دەگۆڕێت.

■ ڕووبەڕووبوونەوەکەی ئەم دواییە دەریخست کە گرژییەکانی نێوان ئیسرائیل و ئێران، سەرەڕای مەترسییەکانی، هێشتا لە ڕێگەی ڕێکاری سیاسی و سەربازییەوە دەتوانرێت کۆنترۆڵ بکرێت و ڕێگری لێ بکرێت کە بەرەو شەڕێکی سەرتاسەری وەربچەرخێت. لەو سۆنگەیەوە دەرفەتی گەڕانەوە بۆ سەر ڕێچکەی دیبلۆماتی بەتایبەتی لە پرسی ئەتۆمی ئێران و چالاکییە هەرێمایەتییەکانی ئێراندا بەهێزە.

■ بە ئەگەرێکی زۆرەوە ڕووبەڕووبوونەوەی ناڕاستەوخۆی نێوان ئیسرائیل و ئێران لە داهاتوویەکی نزیکدا بەردەوام دەبێت، بەڵام سەرەڕای ئەوەش بۆ دانوستانی فراوانتر لەنێوان ئێران و زلهێزەکانی ڕۆژئاوادا بە سەرۆکایەتی ئەمریکا، دەرگاکە هەر بە کراوەیی دەمێنێتەوە، کە ئەنجامەکانی دەتوانێت هاوکێشەی ئاسایشی ناوچەکە بە تەواوی دابڕێژێتەوە.

لە ماوەی نیوەی دووەمی مانگی حوزەیرانی (٢٠٢٥)دا ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێکدادانێکی سەربازی بێوێنەی بەخۆیەوە بینی، کە خۆی لە ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆی نێوان ئێران و ئیسرائیلدا دەبینێتەوە، کە لەماوەی دەیان ساڵدا گەورەترین و توندوتیژترین ڕووبەڕووبوونەوەیان بوو. ئەم پێکدادانە لەنێو کەشوهەوای نائارامی ناوچەکەدا، لوتکەی ساڵانێک لە گرژی و پێکدادانی بەوەکالەت بوو، ئاماژەکانی تەقینەوەی بەهۆی پەککەوتنی دانوستانە ئەتۆمییەکانی نێوان ئێران و هێزەکانی ڕۆژئاوا بە سەرۆکایەتی ئەمریکا، هەروەها بەهۆی بەردەوامبوونی دەرکەوتەکانی پێکدادان لەگەڵ هەژمونی ناوچەیی ئێراندا کە لەم دواییانەدا بەرەو پاشەکشە دەڕۆیشت، بەرەو زیادبوون چوو. سەرباری گەڕانەوەی دۆناڵد ترەمپ بۆ دەسەڵات، ئەو کەسەی لە خولی یەکەمی سەرۆکایەتییەکەیدا ڕێکەوتنی ئەتۆمی ئێرانی ساڵی (٢٠١٥)ی دڕاند.

## گرژییەکانی نێوان ئیسرائیل و ئێران و گۆڕانی ڕێیاساکانی ڕووبەڕووبوونەوە

ئیسرائیل لە (١٣)ی حوزەیراندا ئۆپەراسیۆنێکی سەربازی بەرفراوانی بەناوی «گەلێک وەک شێر» دەستپێکرد، بۆردومانی دامەزراوە سەربازی و ئەتۆمییەکانی لەناو ئێراندا کرد. لەڕێگەی جێگیرکردنی یەکەکانی کۆماندۆ و فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی پڕ لە تەقەمەنی بۆ لێدانی ئامانجە دیاریکراوەکان لەناو خودی ئێراندا، بە دەرئەنجامی پلاندانانێکی بەرفراوان وەسفی کرد. هەروەها شێوازی تیرۆرکردنی ڕاستەوخۆی بەکارهێنا، وەک چاندنی بۆمبی لکێنراو لەناو ئۆتۆمبێلی بەرپرسەکاندا. لە ئۆپەراسیۆنەکەدا چەندین فەرماندەی باڵای سوپای پاسداران کوژران، لەوانە حوسێن سەلامی و محەمەد باقری، هەروەها چەندین زانای ئەتۆمی کوژران، کە دواهەمینیان محەمەد ڕەزا سدیقی بوو کە ناوی لە لیستی سزاکانی ئەمریکادایە. بنیامین ناتانیاهۆی سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل ڕایگەیاند، ئامانجی ئۆپەراسیۆنەکە نەهێشتنی «هەڕەشەی ئەتۆمی و مووشەکیی ئێران» و «ڕەنگە هاندانی گۆڕینی ڕژێم»یش بێت.

تاران بە ئۆپەراسیۆنێکی بەرپەرچدانەوە، کە ناوی لێنرا «بەڵێنی ڕاستەقینە ٣» وەڵامی هێرشە بەرفراوانەکەی ئیسرائیلی دایەوە، لەو ماوەیەدا سەدان مووشەک و فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی ئاراستەی دامەزراوە ستراتیژییەکانی ئیسرائیل کرد، وەکو: بارەگای فەرماندەیی لە تەلئەبیب، بنکەی ئاسمانی نیڤاتیم، بەندەری حەیفا و پەیمانگای وایزمان، جگە لە بۆردومانکردنی شارەکان و دامەزراوە مەدەنییەکان. هەرچەندە ئیسرائیل زیانەکانی بەفەرمی ڕانەگەیاند، بەڵام ژمارەیەک زیانی گیانی و ماددی لێکەوتەوە. ئیسرائیل لەڕێگەی لەکارخستنی سەکۆی هەڵدانی موشەکەکان لەناو ئێران و چالاککردنی سیستەمێکی بەرگری پێشکەوتووەوە، توانی بەشێکی زۆری هێرشەکانی ئێران پووچەڵ بکاتەوە.

ئەوەی گرژییەکانی حوزەیرانی (٢٠٢٥) لەنێوان ئیسرائیل و ئێراندا جیادەکاتەوە ئەوەیە ڕێسا نەریتیەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی گۆڕی. چون جاران ڕووبەڕووبوونەوەکە لەڕێگەی پرۆکسیەکان یان هەندێک ئۆپەراسیۆنی سنوردارەوە دەکرا، بەڵام ئەمجارەیان گۆڕا بۆ ململانێیەکی ڕاستەوخۆ و کراوە لەنێوان دوو زلهێزی ناوچەکەدا، لەگەڵ بەکارهێنانی چەکی هێرشبەرانەی پێشکەوتوو، هەروەها بە تێکەڵکردنی ئامرازە نەریتی و پێشکەوتووەکان (تیرۆرکردن، فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان، هێرشی ئەلیکترۆنی).

گرژییەکانی ئەمجارە هێڵە سوورەکانی پێشووی لەناوبرد، وەکو خۆبەدوورگرتن لە هێرشکردن لە قووڵایی یان بە ئامانجگرتنی سەرکردە باڵاکاندا. پێدەچێت ئەم وەرچەرخانە لە پەیوەندییەکانی هەردوولادا سەرەتای قۆناغێکی نوێ بێت، کە لەسەر بنەمای ڕێگریکردنە لە یەکتر لەگەڵ ئەگەری پەنابردنە بەر ململانێی ئاشکرا.

یەکێک لە گۆڕانکارییە هەرە بەرچاوەکانی ئەم ڕووبەڕووبوونەوەیە، هاتنە ناوەوەی ئەمریکا بوو بۆ ناو شەڕەکە لەڕێگەی ئەنجامدانی بۆردومانێکی دیاریکراو کە کۆمەڵگە و دامەزراوە ستراتیژییە/ ئەتۆمییەکانی لەناوخۆی ئێراندا کردە ئامانج، ئەمەش پێشهاتێکی سەرنجڕاکێشە و هاوسەنگییەکانی خۆپاراستن دەگۆڕێت.

لە (٢١ی حوزەیران)، سوپای ئەمریکا هێرشێکی ورد و چڕی بە بەکارهێنانی پێشکەوتوترین فڕۆکە بۆ سەر سێ دامەزراوەی ئەتۆمی ئێران ئەنجامدا کە بریتی بوون: لە بنکەی فۆردۆی پارێزراو لەژێرزەمیندا، دامەزراوەی پیتاندنی یۆرانیۆم لە نەتەنز و ناوەندێکی پەرەپێدانی سەنتەرفیوج لە دەوروبەری ئەسفەهان. دۆناڵد ترەمپی سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دووپاتی کردەوە، کە «ئەم لێدانە پێویست بوو بۆ ئەوەی ئێران نەگاتە بەربەستی ئەتۆمی»، هەروەها بە «هێرشێکی ئامانجدار لە دژی تواناکان، نەک دژی گەل یان ڕژێم» وەسفی کرد و دووپاتی کردەوە کە «هەتا من لە کۆشکی سپی بم، ئێران نابێتە خاوەنی بۆمبی ئەتۆمی».

سەرەڕای کاریگەریی هێرشی ئەمریکا بۆ سەر دامەزراوە ستراتیژییە هەستیارەکان، بەڵام بەهۆی بەتاڵکردنەوەی پێشوەختەی شوێنەکانەوە، توانرا بەشێک لە زیانەکان کۆنترۆڵ بکرێن. ماوەیەکی کەم بەر لە هێرشەکان، ئێران بڕێکی زۆر لە ماددە پیتێنراوەکانی بۆ شوێنی دیکە گواستەوە، دامەزراوە ناوەندییەکانی لە گازی فلۆریدی شەشەمی یۆرانیۆمی زۆر پیتێنراو بەتاڵکردەوە. ئەمەش کاریگەری تێکدەرانەی هێرشەکانی ئەمریکای کەمکردەوە و ڕێگەی لە دزەکردنی گەورەی تیشکدانەوە گرت.

بەپێی ڕاگەیەندراوێکی ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەی ئەتۆمی، هیچ دزەکردنێکی تیشکدانەوە لە ناوچەکانی دەوروبەری بنکەکان تۆمار نەکراوە. هەرچەندە ڕاپۆرتەکان باسیان لەوە دەکرد کە تاران لە ڕێگەی کەناڵە دیپلۆماسییە ناڕاستەوخۆکانەوە ئاگاداری هێرشەکە بووە، ئەوەش یارمەتیی داوە زیانە تەکنیکیەکان سنووردار بکات، بەڵام هێرشی ڕاستەوخۆی ئەمریکا پێشینەیەکی مەترسیداری بۆ بە ئامانجگرتنی دامەزراوە

ئەتۆمییەکانی دەوڵەتێکی نائەتۆمی دانا، مشتومڕەکانیشی لەسەر «شەرعییەتی هێز» و «پیرۆزیی دامەزراوە مەدەنییەکان لە شەڕدا» هەڵگیرساندەوە.

ئەم پەلامارە و شکستی بەشێکی پێشووی ئیسرائیل بۆ تێکدانی تەواوەتی بەرنامە ئەتۆمییەکەی ئێران، ڕادەی کەلێنی توانای تەکنیکی بەتایبەتی لە مامەڵەکردن لەگەڵ دامەزراوە ژێرزەمینییەکاندا ئاشکرا کرد. هەربۆیە ئەمریکا بۆمبی لەناوبەری ژێرزەمینی (GBU-٥٧)ی بەکارهێنا، کە ئیسرائیل ژمارەیەکی کەمی هەیە.

لەڕووی ستراتیژییەوە، هێرشی ئەمریکا سێ پەیامی هاوکاتی ئاشکرا کرد: یەکەم، واشنتۆن سەرەڕای خۆدوورگرتنی لە بەشداریکردن لە شەڕێکی هەمەلایەنەدا، بەڵام ڕێگە نادات ئێران ببێتە خاوەنی چەکی ئەتۆمی. دووەم: ئیدارەی ترەمپ ئامادەیە هێزی سنووردار وەک ئامرازێکی فشاری سیاسی و ستراتیژی بەکاربهێنێت. سێیەم: هەماهەنگی ئەمریکا و ئیسرائیل بوونی هەیە، بەڵام لە چوارچێوەیەکی سنوورداری وردی لەبەرچاو گیراودایە کە ڕەچاوی ترازان بەرەو ڕووبەڕووبوونەوەیەکی ناوچەیی کراوە بەهەند وەردەگرێت.

ئێران لە سەرەتادا خۆی لە وەڵامدانەوەی ڕاستەوخۆی هێرشەکەی ئەمریکا بەدوور گرت، وەڵامدانەوەی ڕاستەوخۆی خۆی تەنها لەسەر ئیسرائیل چڕکردەوە. ئەمەش وەک هەوڵێک بۆ کۆنترۆڵکردنی پەرەسەندن و ڕێگریکردن لە تێوەگلانی زیاتری واشنتۆن سەیرکرا. بەڵام سێ ڕۆژ دواتر و بە تایبەتی لە شەوی (٢٣ی حوزەیران)دا، لە ئۆپەراسیۆنێکدا بەناوی «مژدەی سەرکەوتن» تاران مووشەکی بالیستی مەودا کورت و مامناوەندی ئاراستەی بنکەی ئەلعودەیدی ئەمریکی لە قەتەر کرد. جێگای سەرنجە، ئێران وریایانە هۆشداری پێشوەختەی سەبارەت بە هێرشە پلان بۆ داڕێژراوەکەی لە ڕێگەی کەناڵە دیپلۆماسییەکانەوە نارد. ئەمەش وایکرد زۆربەی مووشەکەکان هیچ زیانێکی گیانی لێ نەکەوێتەوە، ئەوەش ڕەنگدانەوەی خواستی ئێران بوو بۆ ناردنی پەیامێکی بەرپەرچدانەوەی سنووردار، بەبێ ئەوەی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەمریکادا بەرەو ڕووبەڕووبوونەوەیەکی ئاشکرا پەرەپێبدات.

ڕەنگدانەوەی ئابووری و کۆمەڵایەتی ململانێکە لەسەر هەردوو لایەنی ململانێکار

پەرەسەندنی گرژییەکانی نێوان ئیسرائیل و ئێران، گوشارەکانی سەر ئابووری

ئێرانی گەورەتر کرد. بۆرسەی تاران بەڕێژەی (٧,٢٪) دابەزینی بەخۆیەوە بینی، هەروەها نرخی ڕیاڵ لە بازاڕی هاوتەریبدا بۆ (٩٣٧) هەزار بەرامبەر دۆلار دابەزی، جیاوازییەکەی لەگەڵ ڕێژەی فەرمیدا فراوانتر کرد. هەڵاوسانی مانگانە گەیشتە (٢,٧٪)، پێشبینیش دەکرێت بگاتە (٣,٥٪). گواستنەوەی سەرمایە بۆ دەرەوەی وڵات زیادی کرد، ئەمەش گوزارشتە لە دۆخی ترس و دڵەڕاوکێی دارایی و لەدەستدانی متمانە بە سیستمی بانکی ئێران. هەروەها نرخی زێڕ لەناوخۆدا بۆ زیاتر لە (١٠٪) بەرزبووەتەوە، چونکە سەروەت و سامانی وەبەرهێنەران ڕوو لە پەناگەیەکی سەلامەت دەکات.

لە ئیسرائیل سەرەڕای بۆردومانەکانی ئێران، بۆرسەی تەلئەبیب تەنها بەڕێژەی (٤٪) دابەزی، هەروەها نرخی شیکل بەرامبەر دۆلار بەڕێژەی (٣,١٪) دابەزی. بۆ پاڵپشتی ئابووری ئیسرائیل حکومەت (٦.٥) ملیار شیکلی خستە بازاڕەوە، پشکەکانی پیشەسازی بەرگری بەرزبوونەوە. بەڵام شرۆڤەکاران هۆشدارییان دا لەوەی ئەم گەشەسەندنە ڕەنگە «بڵقێکی دارایی» بێت و ڕەنگدانەوەی هێزی ڕاستەقینەی ئابووری نەبێت، بەڵکو دەرئەنجامی پشتیوانی حکومەتە لەناو کەشوهەوای سەردەمی جەنگدا.

سەرەڕای قەیرانی ئابووری و دارایی دراو، کۆمەڵگەی ئێران یەکگرتوویییەکی بەرچاوی نیشاندا. تیرۆرکردنی سەرکردە سەربازییەکان و زانایانی ئەتۆمی هاوسۆزییەکی بەربڵاوی لێکەوتەوە، تەنانەت لەناو ناوەندەکانی ئۆپۆزسیۆنیشدا. نیشانەکانی خۆڕاگریی جەماوەری و دروشمی نیشتمانپەروەرانە و دەستپێشخەرییەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دەرکەوتن، کە لەلایەن میدیای فەرمییەوە بۆ بەهێزکردنی یەکڕیزی ناوخۆیی بەکارهێنرا. بەڵام هێرشەکانی ئیسرائیل بۆ سەر ئێران بووەتە هۆی بەرزبوونەوەی نیگەرانی جەماوەر، بەتایبەتی لە تاران و تەورێز. بەهۆی زیادبوونی شەپۆلی ئاوارەبوون بەرەو باکوور (مازەندەران) لە ترسی بەردەوامی هێرشەکان یان دزەکردنی تیشکدانەوە، زۆرێک لە دامەزراوە گشتیەکان لەکارکەوتن و هەندێک لە خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان پەکیان کەوت.

لای خۆیەوە ئیسرائیل ڕووبەڕووی پەککەوتنی بەرفراوانی ژیانی گشتی بووەوە، قوتابخانەکان داخران و دانیشتووانیش بانگهێشتی پەناگەکان کران، بەتایبەتی

دوای ئەوەی بەهۆی گەیشتنی مووشەکەکانی ئێران بە یەکێک لە پەناگەکان، ژمارەیەک خەڵکی مەدەنی کوژران، ئەمەش گومانی لەسەر کاریگەری سیستەمی بەرگری دروستکرد. ڕاپۆرتەکان ئاشکرایان کرد کە زیاتر لە (٦٠٪)ی ماڵەکان لە ئیسرائیل ژووری پەناگەیان نییە، ئەمەش ترسی خەڵکی قووڵتر دەکاتەوە، لەنێوان دەستەبژێری سیاسی و سەربازی، لەسەر توانای دەوڵەت بۆ پاراستنی هاووڵاتیان، دابەشبوون ڕوویدا.

لەڕووی میدیاییەوە، میدیاکانی هەردوو وڵات بەدرێژایی ڕۆژانی ڕووبەڕووبوونەوەکە گوتاری جۆشدانیان چڕکردەوە، ئێران جەختیدەکردەوە سەر «وەڵامدانەوەی ڕەوا» و نیشاندانی خۆڕاگری بەرگرییەکانی، سەرەڕای پەرەسەندنی ڕەخنە ناوخۆییەکان، بەڵام پەیامی دڵنیاکەرەوەی سەبارەت بە هێزە سەربازییەکان دەنارد.

## هەڵوێستی زلهێزە نێودەوڵەتی و ناوچەییە کاریگەرەکان و ئاماژەکانیان

چین و ڕووسیا: پەکین خۆی لە دەستوەردانی ڕاستەوخۆ لە قەیرانەکەدا بەدوور گرت، بەڵام چاودێری پەرەسەندنی گرژییەکانی لەنێوان ئیسرائیل و ئێراندا دەکرد، بەو پێیەی دەرفەتێکە بۆ بەهێزکردنی پێگەی دانوستانکارانەی خۆی لەبارەی پرسە ستراتیژییەکانی (تایوان، وزە)وە. هەرچی مۆسکۆیە هەڵوێستێکی ڕوونتری پیشاندا. سەرۆک ڤلادیمێر پوتین هۆشداری دا لە «کارەساتێکی جیۆپۆلەتیکی» کە لە ئەنجامی ململانێکانەوە سەرهەڵدەدات، پشتیوانی سیاسی بۆ ئێران دووپاتکردەوە و تیرۆرکردنی ڕێبەری مەزنی ڕەتکردەوە و جەختی لەسەر هاوبەشی ئەتۆمی مەدەنی کردەوە. بەم کارە ڕووسیا هەوڵیدا خۆی وەک نێوەندگیرێکی گریمانەکراو پیشانبدات، بەبێ ئەوەی هاوپەیمانییەکانی لەدەست بدات یان گرژییەکانی لەگەڵ ڕۆژئاوادا پەرەپێبدات.

ئەورووپا: هەڵوێستی ئەورووپییەکان لەنێوان هۆشداری و داوای گەڕانەوە بۆ دانوستانەکان دابەشبوو، بەبێ ئەوەی هیچ کاریگەرییەکی بەرجەستەی لەسەر پەرەسەندنی گرژییەکانی نێوان ئیسرائیل و ئێران هەبێت. بەڵام پێشهاتێکی بەرچاو

لە ڕێگەی دەستپێشخەرییەکی ئەوروپییەوە سەریهەڵدا کە لە (٢٠/ حوزەیران) کۆبوونەوەیەک لە ژنێڤ بەڕێوەچوو، لەنێوان وەزیری دەرەوەی ئێران و وەزیرانی دەرەوەی ئەڵمانیا، فەرەنسا، بەریتانیا و یەکێتی ئەوروپا. ئامانجی ئەم کۆبوونەوەیە کردنەوەی کەناڵێکی وتووێژ بوو سەبارەت بە بەرنامەی ئەتۆمی ئێران. ئەوروپا لە ڕێگەی ئەم هەنگاوەوە هەوڵیدا دەستپێشخەری دانوستانەکان بگرێتەوە دەست و پەرەسەندنی سەربازی بێلایەن بکات و کاریگەریی ڕووسیا لە دۆسیەی ئێراندا سنووردار بکات.

دەوڵەتانی کەنداو: دەوڵەتانی کەنداوی عەرەبی لەسەرووی هەموویانەوە ئیمارات و سعودییە و قەتەر، داوای هێمنی و دان بەخۆداگرتنیان کرد، ڕەتیانکردەوە بەشداری هیچ هاوپەیمانییەکی سەربازیی ڕاستەوخۆ بکەن. ئیمارات هەڵوێستێکی هێمنانەی ستراتیژی هەبوو، هاوکات جەختی لە گرنگی سەقامگیری ناوچەکە و پاراستنی پەیوەندییەکی هاوسەنگ لەگەڵ ئێران و ئیسرائیلدا کردەوە، هاوتەریب لەگەڵ ڕێبازە نوێیەکەی بۆ گێڕانی ڕۆڵێکی هێورکەرەوە و کەمکردنەوەی گرژییەکان، لەبری ئەوەی لایەنگری یەکتر بکەن.

### دەرەنجامەکان: سنووری ڕووبەڕووبوونەوە و دەرفەتەکانی هێمنکردنەوە

ڕووبەڕووبوونەوەکەی ئەم دواییە دەریخست کە گرژییەکانی نێوان ئیسرائیل و ئێران، سەرەڕای مەترسییەکانی، هێشتا لە ڕێگەی ڕێکاری سیاسی و سەربازییەوە دەتوانرێت کۆنترۆڵ بکرێت و ڕێگری لێ بکرێت کە بەرەو شەڕێکی سەرتاسەری وەربچەرخێت. هەرچەندە هێرشی وردی ئەمریکا بۆ سەر دامەزراوە ئەتۆمییەکانی ئێران بە شێوەیەکی کاریگەر پشتڕاستی کردەوە کە واشنتۆن ڕێگە بە ئێران نادات ببێتە خاوەنی چەکی ئەتۆمی، بەڵام لەهەمانکاتدا خواستی واشنتۆنی دەرخست بۆ تێوەنەگلان لە ململانێیەکی فراوانتری ناوچەییدا. لەو سۆنگەیەوە تاران بە هێرشێکی مووشەکی وەڵامی دایەوە و بنکەی ئەلعودەیدی ئەمەریکی لە قەتەر کردە ئامانج، کە وا دیاربوو هەماهەنگی پێشوەختە هەبووبێت، بۆیە لە ئەنجامدا هیچ زیانێکی گیانی

لێنەکەوتەوە. ئەم هێرشە بووە هۆی ئەوەی هەردوولایەنی ئێرانی و ئیسرائیلی لە بەرەبەیانی (٢٤)ی حوزەیراندا لەسەر ئاگربەستی نێوانیان ڕێکبکەون.

لەبەر ڕۆشنایی ئەم پێشهاتانە، چانسی گەڕانەوە بۆ سەر ڕێڕەوی دیپلۆماسی بەهێز بووە، بەتایبەتی سەبارەت بە پرسی ئەتۆمی و چالاکییە ناوچەییەکانی ئێران. بەڵام ئەم دەرفەتە پەیوەستە بە ڕەفتارەکانی هەردوولا و ڕادەی پابەندبوونیان، لەسەر بنەمای هاوسەنگییەکی نوێی ڕێگریکردن. هەروەها قەیرانەکە گرنگی کەنداوی عەرەبی لە سیاسەتی ناوچەکەدا دەرخست، کە توانییان لە گۆڕەپانێکەوە بۆ توندکردنی گرژییەکان خۆیان بەرەو ئەکتەرێکی کاریگەر لە کۆنترۆڵکردنی قەیرانەکە و لێکەوتەکانی بگۆڕن. لەکاتێکدا کە بە ئەگەرێکی زۆرەوە ڕووبەڕووبوونەوەی ناڕاستەوخۆی نێوان ئیسرائیل و ئێران بەردەوام دەبێت، بەڵام دەرگا لەبەردەم دانوستانێکی فراوانتردا هەر بە کراوەیی دەمێنێتەوە، کە دەتوانێت هاوکێشە ئەمنییەکانی ناوچەکە دوبارە دابڕێژێتەوە.

* توێژەر لە کاروباری ئێران و پرسە ناوچەییەکان، وەک بەشێک لە تیمی یەکەی ئێران لە ناوەندی سیاسەتی ئیمارات کاردەکات.

# کارەساتی ئێران[1]



نووسینی: مایکڵ ڕۆبەرتز

وەرگێڕانی: ئارام مەحمود ئەحمەد

پاش هێرشی بەرفراوانی هەفتەی پێشووی ئیسرائیل بۆ سەر ئێران، لە کاتێکدا کە هەر دوو وڵات سەرقاڵی هێرشی موشەکی بەرامبەرکێن، دۆناڵد ترەمپ، سەرۆك کۆماری ئەمریکا، پێشنیازی وەستانێکی دوو هەفتەیی کردووە بۆ ئەوەی یان لەسەر «خۆبەدەستەوەدان» دانووستان بکەن، یان بە شێوەی سەربەخۆیانە دژی ئێران بێنە جەنگەوە. خەڵکی ئێران بەهۆی بۆمبارانەکانەوە زیانێکی زۆریان بەرکەوتووە، بەڵام جەنگ ڕەهەندێکی ترسناکی دیکەی بۆ سەر قەیرانی ئابووریی خودی ئێران و زەحمەتی درێژخایەنی خەڵکەکەی زیاد کردووە.

---

ناونیشانی ئەم پۆڵەسییە بە زمانی فارسی: مصیبت ایران / مایکل رابرتز
https://pecritique.com/2025/06/22/%D9%85%D8%B5%DB%8C% D8% A8%D8%A A-%D8%A7 % DB%8C%D8%B1%D8%A7%D9%86-%D9%85%D8%A7%DB%8C%DA%A9%D9%84-%D8%B1%D8%A7%D8%A8%D8%B1%D8%AA%D8%B2/

## بێکاریی و هەڵاوسان لە ئێران

چالاکی ئابووری ئێران لە دوو دەیەی ڕابردوودا ئاماژەی ڕوونی ڕوو لە خواری هەیە. بەپێی ڕاپۆرتی (Global Economic Outlook) کە سندوقی دراوی نێودەوڵەتی لە مانگی ئۆکتۆبەر ٢٠٢٤دا بڵاوی کردەوە، بەرهەمی ناوخۆیی ئێران بە نزیکەی ٤٣٤ ملیار دۆلار خەمڵێنراوە، بەراورد بە ژمارەی دانیشتوانی ٩٠ ملیۆنی ئێران، داهاتی تاک زۆر نزمە و لە پلەی ١١٧ی جیهاندایە.

بە هۆی هەڵاوسانی ساڵانەی ٤٠٪ لەگەڵ نرخی بەرزی خواردەمەنی و کەمی کاڵا سەرەکییەکان. نزیکەی ٣٣٪ ئێرانییەکان لە ژێر هێڵی هەژاریدا دەژین، ڕێژەی بێکاری گەنجان نزیکەی ٢٠٪ و نیوەی پیاوانی ٢٥ تا ٤٠ ساڵ بێکارن و نائومێدن لە بەدەستهێنانی کار.(١) لە دوو دەیەی ڕابردوودا یەکێک لە بابەتە هەنووکەییەکانی ئێران بێ توانایی لە ڕەخساندنی هەلی کار بووە بۆ گەنجان و ملیۆنان دەرچووی زانکۆکان بە هۆی نەبوونی کارەوە لە ڕیزی ژمارەی دانیشتوانی چالاک هەژمار ناکرێن.

لە ساڵی ڕابردوودا وڵاتێک کە لەسەر زەریایەک لە سەرچاوەی سروشتییە، ڕووبەڕووی قەیرانی قووڵی وزە و کەمی ٥٠٪ بەرهەمهێنانی کارەبا بووەتەوە،(٢) کە بووەتە هۆی کەمبوونەوەی ٣٠٪ تا ٤٠٪ی بەرهەمهێنان.(٣) هەروەها کەمبوونەوەی سەرچاوەکانی ئاو بە ڕێژەیەکە، کە بەنداوەکانی دابینکردنی ئاو بۆ تاران ڕووبەڕووی قەیران بوونەوە و ٧٪ کەمتر لە پێویستییەکانە.

## هۆکارەکانی قەیرانی ئابووری لە ئێران

چۆن ئابووری ئێران لەگەڵ بوونی سەرچاوەی سروشتی فراوان و هێزی کاری تا ڕێژەیەک خوێندەوار بەو ئاستە خراپە گەیشتووە؟ ئەم پرسیارە لە دوو ڕوانگەوە وەڵام دەدرێتەوە. سەرەتا ئەمە دەرەنجامی شکستی حکومەتە گەندەڵە یەک لە دوای یەکەکانی ئەو وڵاتەیە، کە بە کودەتای ١٩٥٣ی دەزگای هەواڵگری ئەمەریکا (CIA) دژی محەمەد موسەدەق سەرۆک وەزیرانی هەڵبژێردراوی ئێران دەستیپێکرد، دواتر جێگیربوونی پەهلەوییەکانی لایەنگری ئیمپریالیزم بە سەرۆکایەتی محەمەد ڕەزا شا، کە دوو دەیە دەسەڵاتداری ڕەهای وڵاتەکە بوو. دوای ئەویش شۆڕشی ساڵی ١٩٧٩،

کە بووە هۆی حوکمێکی ئۆتۆکراسی مەزهەبی لەلایەن نوخبە سەربازییەکانەوە، کە تا ئێستاش بەشێکی زۆری سیستەمی ئابووری وڵاتەکەیان قۆرخ کردووە.

هۆکاری دووەم هەوڵە بەردەوامەکانی ئەو هێزە ئیمپریالیستییانەیە کە سەردەمانێک حوکمی ئێرانیان کردووە و جەخت دەکەنەوە لەسەر لاوازکردن و لەناوبردنی ئابووری سەربەخۆ: سەرەتا لە ڕێگەی کودەتای ١٩٥٣ و دواتر گەمارۆ خستنەسەر ئێران و ڕێگری لە هەر جۆرێک وەگەڕخستنی سەرمایە و هاوردەکردنی کاڵای دەرەکی.

## گەمارۆکانی سەر ئێران

ڕۆژئاواییەکان بە پاساوی پشتیوانی ئێران لە میلیشیاکانی وەک حەماس لە فەلەستین و حیزبوڵڵا لە لوبنان و دەوڵەتی شیعەی ئەسەد (کە ئێستا ڕووخاوە)، هەر چییەکیان لە توانادا بووبێت بۆ لەناوبردن و لاوازکردنی ئاستی ژیانی خەڵکی ئێران ئەنجامیان داوە. زیانی داهات بە هۆی گەمارۆکانەوە لە ١٢ ساڵی ڕابردوودا بە نزیکەی ١٢ هەزار ملیار دۆلار خەمڵێنراوە.


لەگەڵ ئەوەی ئێران خاوەنی ١٠٪ یەدەگی نەوت(٤) و ١٥٪ یەدەگی نەوتی جیهانییە،(٥) بەڵام دەوڵەتێکی سەرمایەداری چەقبەستووە، لە کاتێکدا دەیتوانی زلهێزێکی وزەی(٦) وەک عەرەبستانی سعودی بێت، بەڵام بە هۆی ئەوەی حکومەتێکی نەیاری ئیسرائیل، شێخە سوننەکان و ڕۆژئاوایە، ڕێگەی گەشەی پێ نەدراوە.





قەیرانی ئابووری دەیەی ١٩٧٠ کەمبوونەوەی سوودی لەگەڵ خۆیدا هێنا و بووە هۆی شکست و ڕووخانی پەهلەوییەکان.

## پیاوانی ئایینی شیعە و قەیرانی ئابووری ئێران

دوای ڕووخانی دەسەڵاتی پەهلەوی، پیاوانی ئایینی شیعە تا بەرزبوونەوەی لەناکاوی نرخی نەوت لە کۆتاییەکانی دەیەی ١٩٩٠ نەیانتوانی بە تەواوی دۆخەکە ئاسایی بکەنەوە، بەڵام ئەمەش لە دەیەی ٢٠١٠دا کۆتایی هات و دوبارە سوود کەم بووەوە.




ئابووری ئێران لە قۆناغی ئاڵتوونی گەشەدا لە دەیەی ١٩٦٠وە دەستی بە گەشە کرد، بەڵام لە کۆتاییەکانی دەیەی ١٩٧٠دا قەیران دەستییێکرد و لە دەیەی پڕ لە ئاڵۆزی ١٩٨٠دا بە سەرۆکایەتی دەسەڵاتی نوێی ئێران بە هۆی نزمبوونەوەی نرخی نەوت دۆخەکە خراپتر بوو. لە دەیەی ٢٠٠٠دا لەگەڵ بەرزبوونەوەی نرخی نەوت، ئابووری کەمێک گەشەی کرد، بەڵام لە ساڵی ٢٠١٠وە لەگەڵ کەمبوونەوەی نرخی نەوت و توندتربوونی گەمارۆکان، قەیرانەکان قووڵتر بوونەوە.



دەرامەتە نەوتییەکان نزیکەی ١٨٪ بەرهەمی ناخاڵصی نێوخۆیی پێکدەهێنێت هایدرۆکاربۆن ٦٠٪ داهاتی دەوڵەت و ٨٠٪ تێکڕای هەناردە و داهات دابین دەکات. لەبەر ئەوە هەموو شتێک بە نرخی نەوتەوە گرێی خواردووە و گۆڕانێکی یەک دۆلاری لە نرخی نەوتدا ملیارێک دۆلار لە داهاتی نەوتی ئێران دەگۆڕێت. ئێران لەگەڵ بوونی گەمارۆکان و کەمی وەگەڕخستنی سەرمایە، ڕۆژانە نزیکەی ١،٥ ملیۆن بەرمیل نەوت و ملیۆنێک بەرمیل بەرهەمی پێترۆکیمیایی هەناردە دەکات.

بەڵام ئەم داهاتانە بە تەواوی لەلایەن پیاوانی ئایینی شیعە (ئاخوند) و هێزە چەکدارەکانەوە قوت دەدرێت. بودجەی تایبەتی ناوەندە مەزهەبییەکانی ناسراو بە (بوونیادەکان)(٧) ٣٠٪ تێکڕای خەرجییەکانی حکومەت پێکدەهێنن. سوپای پاسداران(٨) نزیکەی یەک لەسەر سێی ئابووری ئێرانی(٩) لە ڕێگەی کۆمپانیاکانییەوە کۆنترۆڵ و قۆرخ کردووە. سوپای پاسداران زیاتر لە ١٠٠ کۆمپانیای بە داهاتی ساڵانەی ١٢ ملیار دۆلار هەیە و جێبەجێکاری زۆربەی پرۆژە گەورەکانی ژێرخانی ئێرانە. ساڵی ٢٠٢٤ سوپا ١٢ ملیار یۆرۆ، ٥١٪ی تێکڕای داهاتی نەوت و گازی بۆ خۆی بردووە.

ئێران ناچارە بودجەیەکی زەبەلاح بۆ لایەنی سەربازی تەرخان بکات. بەشێکی بۆ بەرگری دژی ڕۆژئاوا و ئیسرائیل، بەشێکی تری بۆ پاراستنی نوخبە سەربازییەکان بۆ ئەوەی پیاوانی ئایینی شیعە لە دەسەڵاتدا بهێڵنەوە و بپارێزن. تێچووی زۆری ئێران بۆ بەرگری و بەرنامە ناوەکییەکەیەتی، کە تا ئێستا نزیکەی ٥٠٠ ملیار دۆلاری تێچووە، کە دەتوانرا بۆ بەرەوپێشبردنی تەکنەلۆژیا و زیادکردنی مووچە تەرخان بکرێت. لە ئەنجامدا ئەو بەرنامە ناوەکییە کە وەک ڕێگری بەرامبەر هێرشی ئیسرائیل و ڕۆژئاوا دیزاین کرابوو، بووە هۆی وەستانی وەگەڕخستنی سەرمایەی دەرەکی بۆ هاوردەکردنی گەشەپێدانی ئابووری.

### سەرمایەی ئێران لە کوێیە؟

دەوڵەتی ئێران لە هەوڵێکی نائومێدانەدا بۆ بەهێزکردنی بەشەکانی بەرهەمهێنان، ناوبەناو لە نێوان کۆنترۆڵی دەوڵەت و بازاڕی ئازاددا ناجێگیر بووە. ساڵی ٢٠٠٥


سەرمایەی حکومەت بە ١٢٠ ملیار دۆلار خەمڵێنرا، بەڵام لەو کاتەوە نیوەی ئەو سەرمایەیە بووە بە کەرتی تایبەت، لە ئەنجامدا ئابووری وڵاتەکە لەلایەن پیاوانی ئایینی شیعە و هێزە چەکدارەکانەوە کۆنترۆڵ کراوە و وەگەڕخستنی سەرمایە لە پیشەسازیدا زۆر کەمە، یان هەر نییە.

مەحمود ئەحمەدی نەژاد(١٠) سەرۆک کۆماری پێشووتری ئێران دەڵێت، ٦٠٪ سەرمایەی نیشتمانی تەنیا لەلایەن ٣٠٠ کەسەوە کۆنترۆڵ دەکرێت و زۆربەی سەرمایەی خۆیان دەنێرنە دەرەوەی وڵات بۆ ئەوەی موڵکی پێ بکڕن، یان لە هەژمارە بانکییە نهێنییەکاندا دەیشارنەوە. بەپێی ڕاپۆرتی (Global Inequality Database) ١٪ی دەوڵەمەندترینی ئێرانییەکان، ٣٠٪ تێکڕای سەرمایەی نیشتمانی و ١٠٪ دەوڵەمەندەکان نزیکەی دوو لەسەر سێی سەرمایەی نیشتمانییان کۆنترۆڵ کردووە، لە کاتێکدا کە ٥٠٪ چینی خوارەوە تەنیا خاوەنی ٣,٥٪ی سەرمایەی نیشتمانین.

بە کەرتی تایبەت کردن و نایەکسانییەکانی سەرمایە، چینێکی دەسەڵاتداریان دروستکردووە، کە لە نێوان ئەو بوونیادگەرا مەزهەبییانەی لەلایەن هێزە چەکدارەکانەوە پشتیوانی دەکرێن و چینی کاسبی لایەنگری ڕێکەوتن لەگەڵ ڕۆژئاوا دابەشبووە. ڕیفۆرمخوازانی گرووپی دووەم بازارگەران و دەیانەوێت بە هەر نرخێک بووە گەمارۆکان هەڵبوەشێنرێنەوە. ئەگەر پیاوانی ئایینی شیعە بڕوخێن، ئەوان بە خێرایی دەچنە ناو کەمپی ئیمپریالیستییەوە و بەپێی مەرجەکان بە دوای ڕێکەوتنەوەن لەگەڵ ئیسرائیل، وەک چۆن شێخە عەرەبەکان ئەنجامیان داوە.

## ژیانی چینی هەژار

هیچ یەکێک لە لایەنە نوخبەکان مەیلیان بۆ باشترکردنی هەلومەرجی ژیانی چینی کرێکاری ئێران نییە. ناوەندی حەقدەستی کرێکارێک نزیکەی ١٥٠ تا ٢٠٠ دۆلارە و زۆرێکیان شارە بچووکەکان کە هەژاری تێیاندا لە بەرزترین ئاستدایە، جێ دەهێڵن و ڕوو دەکەنە شارەکان و بە دوای کاردا دەگەڕێن. ڕاستییەکە ئەوەیە ناوەندی داهاتی تاک لە دەیەی ١٩٨٠وە گۆڕانکاری بەسەردا نەهاتووە.




بەر لە شەڕ و ئاڵۆزییەکان، نارازیبوونی کرێکاران زیادی کردبوو، چونکە کرێکاران خوازیاری حەقدەستی زیاتر بوون کە هاوئاست بێت لەگەڵ هەڵاوسان. ئەنجومەنی باڵای کار پێشنیاری ٢٣،٤ ملیۆن تمەن (٢٦٠ دۆلار)ی کرد. بەڵام کرێکاران ڕایانگەیاند، کە تێچووی ڕاستەقینەی ژیان بە لایەنی کەمەوە زیاتر لە ٢٩ ملیۆن تمەن (٣٢٠) دۆلارە. پێشنیاری کەمترین حەقدەستی ١٤ ملیۆن تمەن (نزیکەی ١٥٠ دۆلار) لەلایەن حکومەتەوە تووڕەیی خەڵکی لێکەوتەوە، چونکە ئەو بڕە زۆر کەمترە لە هێڵی هەژاری. بەپێی ڕاپۆرتی ئاژانسی هەواڵی (ئیلنا)ی حکومەت(١١)، ئەو تۆمارەی داوای زیادکردنی ٧٠٪ی حەقدستی دەکرد، زیاتر لە ٢٥ هەزار کرێکار واژۆیان لەسەر کردبوو. (علی مقدسی زادە)(١٢) سەرۆکی ئەنجومەنی ئیسلامی کاری خوراسانی باشوور لە مانگی شوباتی ئەمساڵدا هۆشداری دا کە «بە بەراوردکردنی تێچووی ژیانی ٢٣ ملیۆن تمەنی، کرێکاران پەراوێز دەخرێن و بێ ماڵ دەبن. ساڵی داهاتوو ساڵی هەڵاوسان و قەیران دەبێت، مەگەر حکومەت کارێک بکات».

قەیرانی شوێنی نیشتەجێبوون گرفتەکانی زیاتر کردووە، بە شێوەیەک کە ٤٥٪ی داهاتی خێزانەکان بۆ کرێ خانوو دەبێت. کرێکاران ڕایدەگەیەنن، ئیتر ناتوانن کرێی ژوورێکیش بدەن و لەگەڵ زیاتر بوونی هەڵاوسان دابینکردنی پێویستییە سەرەتاییەکانی ژیانیش دژوار بووە. نرخی مریشک زۆرێک لە هاوڵاتییانی ناچار

کردووە لە ڕیزی دوور و درێژی کڕینی مریشکی حکومی بوەستن. هەڵاوسانی نرخی مادە خۆراکییەکان گەیشتووەتە زیاتر لە ٣٥٪ و ڕاگەیاندنەکانی حکومەتی ئێران باسیان لە ڕیزی درێژ بۆ کڕینی نان لە شارە گەورەکان کردووە، وێنەیەک کە ئاماژەیە بۆ سەردەمی قەیران. زۆرێک لە نانەواخانەکان بە هۆی بەرزبوونەوەی نرخی ئارد و مادە سەرەتاییەکان دایانخستووە.

لە نیوەی یەکەمی ساڵی ٢٠٢٥دا هێشتا ئابووری ئێران لە قەیراندایە و بەشی وزەش دۆخەکەی باشتر نییە، بەهای دراوی وڵاتەکە ڕووی لە نزمی کردووە و هەڵاوسان گەیشتووەتە زیاتر لە ٤٠٪ و بووەتە هۆی کەمبوونەوەی توانای کڕین.

ئێستا ئیدی بۆمبەکان ئاڕاستەی ئێران کراون.



کەسایەتی

# ئێرانناسی

# عەلی شەمخانی؛

## لە نێوان ئایدۆلۆجیا و پراگماتیزمدا

توێژەر: ژیلوان لطيف يارأحمد

دکتۆرا لە بواری مێژوو




### ژیان و کاری سیاسی

عەلی شەمخانی لە ٢٩/ ئەیلوولی/١٩٥٥ لە شاری ئەهوازی سەر بە خوزستان لەدایکبووە. پاش تەواوکردنی خوێندنی بنەڕەتی، لە زانکۆی جوندیشاپور لە پارێزگای خوزستان کشتوکاڵی خوێندووە، دواتر بڕوانامەی ماستەری لە بەڕێوەبردن بەدەستهێناوە و خولی سەرکردایەتی لە زانکۆی داڤۆسی سوپای ئێران تەواو کردووە. بڕوانامەی ئەندازیاری لە زانکۆی جەندیشاپوور و کۆلێجی فەرماندەیی و ستادی سوپا (دافۆس) و زانکۆی بەرزی بەرگری نیشتمانیی بۆ فێربوونی ستراتیجی سەربازیی تەواوکردووە، و دواتر وەك کەسایەتییەکی سیاسی و سەربازیی لە بواری ئاسایشی نیشتمانی ئێراندا دەردەکەوێت. شەمخانی بەر لە ساڵی ١٩٧٩ وەك کەسایەتییەکی بەرهەڵستکاری ڕژێمی شاهانشاهیی خۆی ناساندووە، لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا

دەستی بە چالاکیی سیاسی کردووە، لە ئەنجامی ئەو چالاکییانەدا، لەلایەن ساواکەوە دەستگیرکراوە. لە زینداندا دۆستایەتی لەگەڵ موحسین ڕەزایی پەیداکردووە، دواتر لە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامیی ساڵی ١٩٧٩ بووە فەرماندەی گشتی سپای پاسدارانی ئێران. (١) بەڵام ژیانی سیاسی و سەربازیی و ڕێکخراوەیی لە وادەی شۆڕشی ئێران لە ساڵی ١٩٧٩، ئەم ڕۆڵە لەگەڵ پەرەسەندنە سیاسییەکانی جەنگی ئێران - عێراق لە چوارچێوەی زیاتر هێزەکانی بەرگریی نیشتمانی ئێراندا زیاتر بەدیاردەکەوێت، تاکو ئەو کاتەی دەبێتە فەرماندەی سوپای پاسداران لە خووزستان. لەم ماوەیەدا نامەیەکی وەك پەیامێك بۆ سەرکردەی وڵاتانی جیهان نووسیوە، کە دواتر بە «نامەی مێژوویی» ناوبانگی پەیداکردووە.(٢)

شەمخانی لە نەریتی سیاسیدا بەردەوام جەخت لەوە دەکاتەوە، کە کارەکانی لەسەر پەیڕەوی سەربەخۆیی نیشتمانییە، بەگشتی، ڕەوتە سیاسییەکەی دەکەوێتە نێو بازنەی ڕێڕەوی ئایدۆلۆجی شۆڕشی ئیسلامی ئێران، و تێکەڵەیەک لە نەتەوەپەرستی و ئیسلامی شیعە «ئیسلامی-ئێرانی»، واتە لایەنگری شیعەی سیاسییە، و باوەڕی بە ویلایەتی فەقیهە، بڕوای وایە، کە ئێران ببێتە جەمسەرێکی سەربەخۆ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، و نابێت ملکەچی بێگانە بێت. لە ڕوانگەی نێودەوڵەتییەوە شیکەرەوە و سیاسەتکارێکی مامەڵەکارە، و خوازیاری دارشتنی هاوکاریی دیبلۆماسی و پەیوەندییە هەرێمییەکانە،(٣) بڕوای وایە کە دانوستان دەبێت یەکەم بژاردە بێت، لەم ڕوانگەیەوە پەیوەندییەکی ئەرێنی لەگەڵ کەنداو هەیە، و وەك ڕاوێژکارێك دۆسییەکانی پەیوەست بە وڵاتانی عەرەبییەوە خۆی نیشاندەدات، زۆرجاریش ڕەخنەی لە پان عەرەبیزمی سوننەگرا وەک (سعوودیە) گرتووە.(٤)

## پەرتووك و دانراوەکان

شەمخانی چەند کتێبێکی لەسەر بابەتە سەربازی و ستراتیجییەکان بە میتۆدێکی شیکاریی نووسیوە، و زۆریان لەسەر پرسی ئاسایش و ستراتیجی نیشتمانییە. لەم بوارەدا چەندین وتاری لە گۆڤارە تایبەتمەندەکاندا بڵاوکردووەتەوە، تەنانەت نووسەری یەکەم ڕێبازی ستراتیجی دەریایی کۆماری ئیسلامی ئێرانە، و هەروەها پەیڕەوی بەراوردکردنی ستراتیجی ئەمریکا و سۆڤیەتی دارشتووە. هاوکات چەند کتێبێکی لە

بواری بەڕێوەبردن و ستراتیجدا نووسیوە. یەکێک لە دانراوەکانی لەسەر ئەزموونی ڕابردووی سەربازی و ستراتیجی ئێران نووسراوە. هەروەها نامەی مێژوویی لە کاتی جەنگی ئێران – عێراقدا بە ناونیشانی «بە داد ما بەرسید» نووسیوە، ئەم کتێبە لەسەر نامێکی مێژوویی نووسراوە کە شەمخانی لەکاتی فرماندەی سوپا لە خوزستاندا ئەرکی سەربازی گێڕاوە، و لەلایەن ئەحەد گودەرزیانییەوە بڵاوکراوەتەوە. هەروەها پەرتووکی «پێشەنگییانە» (١٩٩٦)، دەربارەی شەڕی ئێران - عێراق، «ئەمنییەتی نیشتمانی» (٢٠٠٥) و «ڕاستییە ڕەنگاوڕەنگەکان» (٢٠١٢) بڵاوکردووەتەوە. (٥)

## بیردۆزی ئەمنییەتی؛ بەرگریی چوار ڕەگەزیی

شەمخانی لە هەڵسوکەوتی سیاسیدا پەیڕەوی بۆچوونەکانی دژ بە دیموکراسی ئایەتوڵڵا خامنەیی دەکات، هەروەها قاسم سولەیمانیش بە پێشڕەویی بیردۆزی «بەرگریی دوور» دەزانێت، و بیروڕای سەنتەرگرایی نێو هێزە چەکدارەکانە، لە وتارێکیدا بە ناونیشانی «دەوڵەت-ئۆمە» (٢٠٢٠)، ڕایگەیاندووە: «سوپا لە دەوڵەت جیاناکرێتەوە؛ سوپا خۆی دەوڵەتە»، هەروەها باوەڕی بە دۆسیەی «پارانۆیای دوژمن» هەیە، کە پێیوایە هەر ڕووداوێکی ناوخۆیی کارێکی نهێنیی ڕۆژئاوایە، تەنانەت پشتگیری لە بیرۆکەی «کەموکوڕیی دیموکراسی» دەکات، کە بەو واتایەی لە نێو کایەی دەسەڵاتدا پشتیوانی شارەزایانە نەك دەنگدان. (٦)

شەمخانی پشتگیری لە یەکگرتنەوەی وڵاتانی ئیسلامی دەکات، لەو ساڵانەی لە نێو سوپاشدا کاریکردووە، یەکەمین پەیڕەوی ستراتیجی دەریایی - سەربازیی ئێرانی لە نامیلکەیەکدا داڕشتووە، تێیدا وەها نیشانیداوە، کە بە توندی دژ بە دەستێوەردانی بێگانەیە، لە پاش ئەوەیش بە بڵاوکردنەوەی چەند دانراوێك، پشتیوانی لە بیرۆکەکانی «بیردۆزی ئەمنییەت» و «بەرگریی چوار ڕەگەز» کردووە، کە پێکدێت لە: (هێز+ئابووری+فەرهەنگ+سیاسی). (٧)

لەلایەکی ترەوە، ڕەخنەکانی شەمخانی بەناوی «ستراتیجیی دوژمن» لە ڕۆژئاوا، واینیشانداوە کە ڕۆژئاوا لە سێ ئاڕاستەوە دژ بە ئێران کاردەکات، ئەوانیش: «شۆڕشی ڕەنگین واتە لە ڕێگەی (زیرەکی دەستکرد و ئێکس ڕابەری دەکات)، یان سزای ئابووری، (کەمکردنەوەی داهاتی نەوت)، و هێزو لایەنی ڕامیاریی، (دەستوەردانی لە

پەیوەندییەکانی ئێران لەگەڵ کوردستان و عێراق) «، ئەمانە لە کاتێکدایە کە بەردەوام جەختی لەوە کردووەتەوە دژ بە هەر چەشنە سازشێکە لەگەڵ ئەمریکادا، چونکە پێیوایە هاوسەنگی لەگەڵ ڕۆژئاوا «خەیاڵ»ە، بگرە هەر چەشنە ڕێککەوتنێکی ئەمریکا و ئیسرائیل پێش جەنگی ١٣ حوزەیران بە مەکر و فێڵ ناو دەبات. (٨)

لە نێو تیۆری ململانێ و بەرەنگاربوونەوەدا بیردۆزی «بەرگریی چوارەم»ی کردووەتە ڕێبازێکی سیاسی – سەربازی، لەسەر ئەم بنەمایە بڕوای بە ڕووبەڕووبونەوەیە لە (ئاسمان، زەریا، وشکانی و جەنگی ئەلکترۆنی و فەزای سایبەری)، هەروەها پشتگیریی پاراستنی کەرتی خەرجییەکان دەکات، واتە دژی هاوبەشی سەربازییە لەگەڵ دەرەوەدا بە نمونە (ڕووسیا)، هەروەها پشتگیری لە کۆمپانیاکانی سەربە سوپا کردووە (خاتمول ئەنبیا). (٩)

## عەلی شەمخانی وەك پیاوێکی پراگماتی

ئەزموونی شەمخانی لە کایەی سیاسی و سەربازی و داکۆکیکردن لە هەڵوێست و بادانەوە لە ناکاوەکانی وایکردووە بۆ ڕای گشتی هەنگاوە سیاسییەکانی لە چەندین بۆنەدا ڕوونبکاتەوە، لەم نێوەندەدا هەوڵیداوە وای نیشان بدات، کە گونجاندێك لە نێوان بەرەوپێشبردنی پراگماتیزمی حکومی و هەڵسوکەوتی ئیسلامییانە بێنێتەکایەوە ئەویش لەسەر چەند بنەمایەك لەوانە:

١- ڕەوشنی ئیسلامی و جیهانی ڕۆژئاوا

باوەڕیەکی وایە ئێران دەبێت هەڵسوکەوتێکی دەروونی و ئایدۆلۆجی جیاواز لە بەرانبەر ڕۆژئاوا بگرێتەبەر، و نابێت خۆیان لە جیهان دابڕن.

٢- ئامادەکارییە سەربازیی و دیپلۆماسییەکان

بڕیاری سیاسی لەسەر بنەمای زانستی و ڕەوشی ڕاستەقینە بدرێت، نەك لەسەر ئایدۆلۆجیایەکی سەختگیر، ئەمەش بە واتای ڕووکردنە دیالۆگ لەگەڵ وڵاتانی ناوچە یان ڕۆژئاوا، هەروەها بڕوای بە چاککردنی توانای سەربازی سوپای پاسداران هەیە، چونکە پێیوایە ئێران بێ توانای سەربازی بەهێز و کاریگەر نابێت.

٣- یەکگرتوویی

شەمخانی لە وتارەکانیدا بەردەوام جەخت لە یەکگرتوویی نیشتمانیی دەکاتەوە، و پێیوایە بێ یەکگرتووی نیشتمانی و بەکارهێنانی هێزە نێوخۆییەکان، ئێران بە سەرووەری

و سەقامگیریی ناوچەیی و جیهانی ناگات.

٤- یەکگرتنەوەی هێزە نێوخۆییەکان

بڕوابوون بەوەی هێزە سیاسییەکان و ڕەخنەکارانی نێو سیستەم، نابێت بە شەڕ و ململانێ ڕووبەڕوو ببنەوە، بەڵکو دەبێت بە ڕەچاوکردنی هەڵوێستی نێوانیان ڕێککەوتن بکرێت.

٥- دیالۆگ بەجێگەی چاودێریی:

هەوڵدان بۆ دیالۆگ و گەیاندنی بڕیار لە ڕێگەی وتوێژی چالاك، بڕوابوون بە کەمکردنەوەی پێکدادانی ڕاستەوخۆی سەربازیی، و بەرەوپێشبردنی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لەسەر بنەمای دیبلۆماسییەتی ئاست بەرز. (١٠)

## ڕۆڵی شەمخانی لە ئەنجوومەنی ئاسایشی نیشتمانی ئێراندا

عەلی شەمخانی لە ئەندامانی دامەزرێنەری سوپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامییە، لە ساڵی ١٩٨٩دا بۆ هێزی دەریایی کۆماری ئیسلامیی ئێران گواستراوەتەوە، دواتر لە سێ دامەزراوەی یەکلاکەرەوەی سیستەمی سیاسی ئێراندا ڕۆڵی سەرەکی بینیوە ئەوانیش:

- ئەنجوومەنی ئاسایشی نیشتمانیی: لە ساڵی ٢٠٠٩ (دوای دەستنیشانکردنی وەک سەرۆکی هێزە چەکدارەکان) تاکو ١٠ی تەممووزی ٢٠٢٤، پاشان ئەندامی داڕێژەری ئەنجوومەن بووە، و سەرپەرشتی پەیڕەوی ڕەهبەر لە سیاسەتی دەرەوە و ئەمنییەتی کردووە، و بەشدار بووە لە پشتگیری لە دۆسیەی باشووری لوبنان و حزبوڵڵا، و یارمەتیی سەربازی بۆ بەشار ئەسەد لە سووریا.

- دامەزراوەی ڕێبەر: یەکێک لە نزیکترین کەسانی سەر بە ڕێبەر بووە، وەک سەرۆکی هێزە چەکدارەکان، ڕاستەوخۆ لەلایەن ڕێبەرەوە بێ ئاگاداریی سەرۆککۆمار بانگهێشت دەکرا. لەم ئەرکەدا ڕۆڵی هەبوو لە پاراستنی دەسەڵاتی ڕێبەر، دامرکانەوەی خۆنیشاندان و ناڕەزاییەکانی ٢٠٠٩ و ٢٠١٩، لەگەڵ دروستکردنی پلانی «فەزای نەتەوەیی» بۆ بەرگری مووشەک (٢٠٢١)، دواتر بێ ڕوونکردنەوەیەك بۆ ڕای گشتی لەم ئەرکە دوورخراوەتەوە.

- پەرلەمان (مەجلیس): ئەندامی دەورەی حەوتەمی پەرلەمان (٢٠٠٠–٢٠٠٤) وەک نوێنەری تاران بووە، هاوکات سەرۆکی کۆمیسیۆنی ئاسایشی نیشتمانی و دەرەوەی پەرلەمان بووە. (١١)

## پۆست و بەرپرسیاریەتییە حکومییەکان

-وەزیری بەرگریی: ئەندامی حیزبی ڕاسترەوی «جامەعەی ڕوحانییەتی مۆبارەز» بووە، لە ماوەی نێوان (١٩٩٧ – ٢٠٠٥) بۆ ماوەی (٨ ساڵ)، بووەتە وەزیری بەرگریی.

-هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی: لە هەشتەمین خولی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی کۆماردا جمهووری بەشداریکرد، بەڵام لە دژی سەید محەمەد خاتەمی شکستی هێنا.

-سەرۆکایەتی هێزە چەکدارەکان: لە (٢٠٠٩-٢٠١٩) بۆ ماوەی (١٠ ساڵ) سەرۆکی گشتی هێزە چەکدارەکانی ئێران بووە. (١١)

-ئەنجوومەنی ئاسایشی نیشتمانی: لە ماوەی نێوان (٢٠١٣-٢٠٣٢) نووسەری ئەنجوومەنی بەرزی ئاسایشی نیشتمانی بووە، ئەم دامەزراوەیە بەرپرسیارێتی ڕێکخستنی سیاسەتەکانی ئاسایشی نیشتمانی هەیە. لەم پێگەیەدا، ئەو ڕۆڵی سەرەکی هەبوو لە دانانی ستراتیجی بەرگری و ئاسایشی وڵات.

-لە ئێستادا، شەمخانی وەک ڕاوێژکاری سیاسی ڕەهبەری شۆڕش کار دەکات. ئەم پێگەیە وای لێکردووە ببێتە یەکێک لە نزیکترین ڕاوێژکارەکانی ڕەهبەری ئێران لە بواری سیاسەتی دەرەوە و ئاسایش. هەروەها ئەو ئەندامی ئەنجوومەنی (تەشخیصی مەسڵەحەتی نیزامە). (١٢)

## پەراوێزەکان:

١- صابر غل عنبری: من هو علي شمخاني مهندس الاتفاق الإيراني مع السعودية، العربى جديد، ٢٠٢٥/٧/٥، https://tinyurl.com/y3dfec77

دریابان علی شمخانی کیست؟ + بیوگرافی و سوابق، نمناك، ٢٠٢٥/٧/١، https://shorturl.at/xDfaU

٢- به داد ما برسید، ناگفته‌های نامه تاریخی علی شمخانی فرمانده سپاه خوزستان، شبکه جامعة کتاب گسوم (free)، ٢٠٢٥/٧/٢. https://shorturl.at/ZOeih

٣- علي شمخاني قيادي إيراني بين ساحات القتال ومراكز القرار السياسي، الجزيرة نيت، ٢٠٢٥/٧/٥، https://shorturl.at/gEFiC

٤- هادى فولادكار: علي شمخاني.. عرّاب التقارب بين إيران والدول العربية، جاده ايران، ٢٠٢٥/٧/٢، https://shorturl.at/ggGWr

٥- زندگی‌نامه سردار شهید دریابان علی شمخانی ـ بیوگرافی و سوابق تا شهادت،

ژورنال، ٢٠٢٥/٧/١، https://shorturl.at/nUxPI
٦- انتقادات به مصاحبه علی شمخانی، متهم در جایگاه شاکی، DW، ٢٠٢٥/٧/٢،
https://tinyurl.com/4cj2cpat
٧- نگاه ويژه اعراب به دبیر شورای عالی امنیت ملی ایران، لیران دبلوماسی، ٢٠٢٥/٧/٢
https://tinyurl.com/yskr7j2p
٨- شمخانی: آمریکا ارادهای برای توافق قوی و قابل دفاع برای طرفین ندارد، جوانآنلاین، ٢٠٢٥/٧/٤،
https://tinyurl.com/4u6kzp7z
٩- دیدگاه شمخانی درباره لازمه ایجاد توازن در مذاکرات، مشرق، ٢٠٢٥/٧/٤،
https://tinyurl.com/mt63zd3s
10- ran's Security Chief Ali Shamkhani: Profile and Role, Al English Jazeera, 2/7/2025,
https://www.aljazeera.com/tag/ali-shamkhani , Key Iranian official Ali Shamkhani in context, Reuters, 2/7/2025,
https://www.reuters.com/search/news?blob=Ali+Shamkhani
١١- علي شمخاني ودوره في السياسة الإيرانية، قناة الميادين، ٢٠٢٥/٧/١،
https://www.almayadeen.net/tags
١٢- علی شمخانی و نقش او در امنیت ملی ایران، خبرگزاری تسنیم، ٢٠٢٥/٧/١،
https://www.tasnimnews.com/fa/keyword/436

## سەرچاوەکان

- بە زمانی فارسی:
١- دریابان علی شمخانی کیست؟ + بیوگرافی و سوابق، نمناك، ٢٠٢٥/٧/١،
https://shorturl.at/xDfaU
٢- به داد ما برسید، ناگفتههای نامه تاریخی علی شمخانی فرمانده سپاه خوزستان، شبکه جامعة کتاب گسوم (free)، ٢٠٢٥/٧/٢.
https://shorturl.at/ZOeih
٣- علي شمخاني قيادي إيراني بين ساحات القتال ومراكز القرار السياسي، الجزيرة نيت، ٢٠٢٥/٧/٥،

٤- زندگی‌نامه سردار شهید دریابان علی شمخانی _ بیوگرافی و سوابق تا شهادت، ژورنال، ٢٠٢٥/٧/١، https://shorturl.at/nUxPI

٥- انتقادات به مصاحبه علی شمخانی، متهم در جایگاه شاکی، DW، ٢٠٢٥/٧/٢، ٤cj٢cpat/https://tinyurl.com

٦- نگاه ویژه اعراب به دبیر شورای عالی امنیت ملی ایران، لیران دبلوماسی، ٢٠٢٥/٧/٢ https://tinyurl.com/yskr٧j٢p

٧- شمخانی: آمریکا اراده‌ای برای توافق قوی و قابل دفاع برای طرفین ندارد، جواناآنلاین، ٢٠٢٥/٧/٤، ٤u٦kzp٧z/https://tinyurl.com

٨- دیدگاه شمخانی درباره لازمه ایجاد توازن در مذاکرات، مشرق، ٢٠٢٥/٧/٤، https://tinyurl.com/mt٦٣zd٣s

**- به زمانی ئینگلیزی:**

1- ran's Security Chief Ali Shamkhani: Profile and Role, Al English Jazeera, 2/7/2025,
https://www.aljazeera.com/tag/ali-shamkhani

2- Key Iranian official Ali Shamkhani in context, Reuters, 2/7/2025,
https://www.reuters.com/search/news?blob=Ali+Shamkhani

**به زمانی عەرەبی:**

١- صابر غل عنبری: من هو علي شمخاني مهندس الاتفاق الإيراني مع السعودية، العربی جدید، ٢٠٢٥/٧/٥،
https://tinyurl.com/y٣dfec٧٧

٢- هادی فولادکار: علي شمخاني.. عرّاب التقارب بين إيران والدول العربية، جاده ایران، ٢٠٢٥/٧/٢، https://shorturl.at/gEFiC


٣- علي شمخاني ودوره في السياسة الإيرانية، قناة الميادين، ٢٠٢٥/٧/١،
https://www.almayadeen.net/tags

٤- علی شمخانی و نقش او در امنیت ملی ایران، خبرگزاری تسنیم، ٢٠٢٥/٧/١،
https://www.tasnimnews.com/fa/keyword/436


کتێبناسی

ئێرانناسی

# ئێران و ئاسیای ناوەڕاست[1]: مێژوو، کولتوور و سیاسەت



ئامادەکردنی: تەحسین وسو عەبدوڵڵا




ئەم کتێبە لە نووسینی توێژەر و مامۆستای زانکۆ د. دینموحەمەد ئامێدبەک کە لە بنەڕەتدا بە زمانی تورکی لەژێر ناونیشانی (İran ve Orta Asya: Tarih, Kültür ve Politika) لەساڵی ٢٠١٧ لەلایەن ناوەندی ئەنقەرە بۆ قەیرانەکان و توێژینەوەی سیاسی «ANKASAM) «Ankara Kriz ve Siyaset Araştırmaları Merkezi)) بڵاوکراوەتەوە لە دوو توێی (٩٨) لاپەڕەدا بە قەبارەی ١٦-٢١ سم.

---

مەبەست لە چەمکی ئاسیای ناوەڕاست گوزارشتە لەو دەوڵەتانەی کە لە یەکێتی سۆڤییەتی پێشوو جیابوونەتەوە، کە دەوڵەتەکانی کازاخستان، قیرقیزستان، ئۆزبەکستان، تاجیکسان و تورکمانستان لە خۆدەگرێت.

د. دینموحەمەد ئامێدبەک لە ٢٢ی حوزەیرانی ١٩٨٠ لە باشوری کازاخستان لەدایکبووە. لە دوای تەواوکردنی خوێندنی سەرەتای و ناوەندی و ئامادەیی لە وڵاتی خۆی، لە ساڵی ١٩٩٩ لە بەشی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی زانکۆی نیشتیمانی فارابی - کازاخ لە شاری ئەلماتی لە ماستەر وەرگیراوە و لە ساڵی ٢٠٠٤ لەژێر ناونیشانی (کازاخستانییەکان و پرسی گەڕانەوەی کۆچبەری) بە سەرکەوتووی ماستەرنامەکەی تەواوکردووە. لە ساڵی ٢٠٠٥ لە زانکۆی خینژیانگ (XİNJİANG) ی چینی دوای تەواوکردنی خولی زمانی چینی دەستی بە کارکارکردن کردووە لە فەرمانگەی کۆچبەران و دیموگرافیای سەربە وەزارەتی کار و ئاسایشی کۆمەڵایەتی، کە ئەم فەرمانگەیە تایبەتمەندە بە گەڕانەوەی ئەو کۆچبەرانەی کە لە دەرەوەی کازاخستان دەژین و گەراونەتەوە. لە نێوان ساڵانی ٢٠٠٦ - ٢٠٠٨ وەک بەڕێوەبەری پەیوەندییەکانی دەرەوەی زانکۆی ئۆراسیای نیشتیمانی لیڤ گومیلۆڤی (LEV GUMİLYOV AVRASYA ULUSAL ÜNİVERSİTESİ) کاری کردووە. ناوبراو لە ساڵی ٢٠٠٨ لە پەیمانگای توێژینەوەی دونیای تورکی سەربە زانکۆی ئیجە دوای وەرگرتنی کۆرسیکی یەک ساڵەی زمانی تورکی خوێندنی دکتۆرای لە بەشی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی زانکۆی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست (MIDDLE EAST) دەستپێکرد و لە ساڵی ٢٠١٥ لەژێر ناونیشانی (دیاریکردنی شوێنی تورکیا لە چوارچێوەی ناسنامەی ئۆراسی کازاخستانی) (Kazakistan'ın Avrasya Kimliğindeki Türkiye'nin Konumu) دکتۆرانامەکەی بەسەرکەوتووی تەواو کرد و نازناوی دکتۆرای وەرگرت. د. ئامێدبەک تایبەتمەندە لە بوارەکانی «سیاسەتی دەرەوەی کازاخستان، دونیای تورکی، بابەتی ناسنامە و کولتوور، ئۆرسیایی و دید و ڕوانگەی نوێی تیۆرەکانی پەیوەندی نێودەوڵەتی». نوسەر وەک سەرۆکی بەشی توێژینەوەی ئۆراسی لە ناوەندی ئەنقەرە بۆ قەیرانەکان و توێژینەوەی سیاسی «Ankara Kriz ve Siyaset Araştırmaları Merkezi» (ANKASAM) کاری کردووە. هەروەها وەک یاریدەدەری سەرنوسەر لە گۆڤارەکانی (Bölgesel Araştırmalar) لێکۆلینەوەی هەرێمی و (Uluslararası Kriz ve Siyaset Araştırmalar) قەیرانە نێودەوڵەتییەکان و لێکۆلینەوە سیاسیەکان لە ئەنکاسام کاریکردوو. ئامێدبەک جگە لە زمانی ڕەسمی خۆی کە زمانی کازاخستانییە، زمانەکانی تورکی، ئینگلیزی، ڕوسی و چینی دەزانی.

ناوەڕۆکی کتێبەکە لە چوارچێوەی پێشەکییەک و چوار بەشێ سەرەکی و دەرەنجامێکدا خراوەتە ڕوو. نووسەر لە پێشەکی کتێبەکەدا لە دەڵێت ئێران وەک وڵاتێکی گرنگ، ئاسیای ناوەڕاست بە ڕۆژئاوای ئاسیا و کەنداوی فارسی (کەنداوی بەسرە - کەنداوی فارسی) دەبەستێتەوە. لەڕوانگەی تارانەوە ئاسیای ناوەڕاست ئەو ناوچەیەیە کە ئێران بە ناوەوەی ئۆراسیا دەبەستێتەوە. ئەو ناوچەیە لە مێژوو و یادەوەری ئێراندا گرنگییەکی تایبەتی هەیە. نووسەر لە میانی پێشەکیەکەدا لە ڕوانگەیەکی مێژووییەوە تیشکی خستۆتە سەر ناوچەی ئاسیای ناوەڕاست لە چورچێوەی ململانێیەکانی نێوان هێزەکانی ناوچەکەدا بە تایبەتی ڕووسیای قەیسەری. لێرەدا بە درێژیی باس لە هەژموونی ڕوسیای قەیسەری/ یەکێتی سۆڤییەت لە ناوچەکەدا کراوە بەپێی قۆناغە مێژووییەکان، کە لە سەدەکانی حەڤدە و هەژدەوە دەستپێدەکات تا دەگات هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤییەت لە سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو، لەم چوارچێوەیەشدا باس لە کار و کاردانەوەکان کراوە لە نێوان ئێران و دەوڵەتانی ئاسیای ناوەڕاست.

بەشی یەکەم لە کتێبەدا تەرخانکراوە بۆ خستنەڕووی چوارچێوەی تیۆریی بابەتی لێکۆڵینەوەکە، لە میانی ئەم بەشەدا نووسەر بە خستنەڕووی تیۆرەکانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی وەک ڕیالیزم بەتایبەتی ڕیالیزمی نوێ بە ڕیالیزمی پێکهاتەیی ناسراوە، ئەمە بۆ ڕووداوەکانی ناوچەکە لەسەردەمی جەنگی سارددا بەکارهاتووە. بەڵام داوی هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەت و نەمانی جەنگی سارد دۆخی ناوچەکە گۆڕانکاری گەورەی بەسەرداهات ئەمەش وایکرد جارێکی دیکە لە چوارچێوەیەکی دیکەدا سیاسەتی ئێران لە ناوچەکە خوێندنەوەی بۆ بکرێت، ئەمە هاوکات لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییانەی لەسەر ئاستی تیۆرەکانی پەیوەندی نێودەوڵەتیدا هاتە کایەوە. کۆمەڵێک قوتابخانە و تیۆری دیکە دەرکەوتن وەک کاردانەوەیەک بەرامبەر قوتابخانە کلاسیکییەکان کە تەنها جەختیان لەسەر فاکتەرە ماددییەکان دەکردەوە، بەڵام قوتابخانە نوێیەکانی وەک ئینگیز، کۆپنهاگن، کۆنستراکتیڤیزم، لقەکانی ڕیالیزم) بەدەر لە فاکتەرە ماددییەکان بە چڕی پڕژانە سەر فاکتەرە نا ماددییەکان (پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، شوناس، کولتوور و شارستانییەت)، ئەم بابەتانە بوونە بابەتی سەرەکی لە شیکردنەوەی پەیوەندیی نێوان ئەکتەرە نێودەوڵەتییەکان. لە ڕوانگەیەوە نووسەر باگکراوەندی ئەم قوتابخانەی خستۆتەڕوو.

بەشی دووەمی کتێبەکەدا تەرخانکراوە بۆ شیکردنەوەی شوناسی ئێران و کار و کاردانەوەی ئێران و ئاسیای ناوەڕاست. لەم چوارچێوەیەشدا سەرەتا شوناسی دەوڵەتی ئێران و هاوکات لەگەڵ کاریگەرییەکانی دونیای تورکی لەسەر شوناسی ئێران و چۆنیەتی دابڕینی ئێران لە جیهانی تورکیدا بە وردی خراوەتەڕوو. پاشان کاریگەری ئێران لەسەر ناوچەی ئاسیای ناوەڕاست لە ڕوانگەیەکی ئایینییەوە لێکدانەوەی بۆ کراوە.

لە بەشی سێیەمدا ئاسیای ناوەڕاست لە سیاسەتی دەرەوەی ئێران بە وردی گەنگەشەکراوە، بۆ ئەم مەبەستە چوارچێوەی گشتی سیاسەتی دەرەوەی ئێران بەرامبەر ناوچەکەدا ڕوونکراوەتەوە لە ڕوانگەی هەردوو باڵی پراگماتیسەتەکان/ میانڕەوەکان و دۆگماتیستەکان/توندئاژۆکاندا. دواتر کارلێک و ململانێی ئێران لەگەڵ هێزە ئەژموونخوازەکانی ناوچەکە وەک ڕووسیا و چین لەلایەک و ململانێی کولتووری لەگەڵ عەرەبستانی سعودیە و تورکیا لەلایەکی دیکەوە خوێندنەوەی بۆ کراوە.

لە میانی بەشی چوارەمی پەرتووکەکەدا نووسەر ئەولەویان (مەرجە پێشینییەکانی) ی ئێرانی لەسەر ئاستی ناوچەکەدا خستۆتە بەرباس، کە خۆی دەبینێتەوە لە پارێزگاری کردن لە هاوسەنگییە هەرێمی وجیهانییەکان، پاڵپشتی لە ئاشتی و سەقامگیری سیاسی ناوچەکە، پشتیوانی لە سەربەخۆیی دەوڵەتانی ناوچەکە و هەناردەکردنی پرەنسیپەکانی شۆڕش (ئیسلامی سیاسی) بۆ ناوچەکە. پاشان پەیوەندیی دوولایەنی دەوڵەتانی ناوچەکە لەگەڵ ئێران هەڵسەنگاندنی بۆ کراوە، کە دەوڵەتانی (کازاخستان، قیرقیزستان، ئۆزبەکستان، تورکمانستان و تاجیکستان) لەخۆدەگرێت.

لە کۆتاییدا دەرەنجامی پەڕتووکەکە (لێکۆڵینەوەکەی) خراوەتە ڕوو لە چوارچێوەی چەند خاڵێکدا، لەوانە؛

- ئێران لە دێر زەمانەوە لەگەڵ ناوچەی ئاسیای ناوەڕاست لە ژێر کاریگەری و کارلێککردندا بووە. لەمیانەی پرۆسەی ئەم کاریگەرییەش لەلایەکەوە ئەگەر بە تورک کرابێت، ئەوا لەلایەکی دیکەشەوە گەلانی ناوچەی ئاسیای ناوەڕاست بەشێوەیەکی بەهێز کەوتوونەتە ژێر کاریگەری کولتوور و زمانی ئێرانی لەڕێگەی فاکتەری ئایینییەوە لە چوارچێوەی هەمان شارستانییەت جێیان کراوەتەوە.
- پەیڕەوکردنی ناسنامەی شیعەگەرێتی لەسەدەکانی ڕابردوو لەلایەن ئێران و

بوونی ئاسیای ناوەڕاست وەک ناوچەیەکی مەرکەزی بیروباوەڕ و تێگەیشتنی ئیسلامی سوننە هۆکارێک بوو بۆ پچڕان و داتەپینی پەیوەندییەکانی ئێران لەگەڵ ئاسیای ناوەڕاست. لە سەدەی بیستەمیشدا ناسیۆنالیست و نەتەوە پەرپەرستەکان، ئیران و ناوچەی ئاسیای ناوەڕاستی زیاتر لە یەکتر دوورکردەوە. لێکهەڵوەشانەوە و دابەش بوونی یەکێتی سۆڤیەتی جاران و دەرکەوتنی دەوڵەتانی سەربەخۆ لە ناوچەی ئاسیای ناوەڕاست، لەنێوان ئەو دەوڵەتانەی کە تازە سەریانهەڵدا تەنها تاجیکستان متمانەی هەیە بۆ ئەوەی بەها هاوبەشەکانی خۆی لەگەڵ ئێراندا بەش بکات. لەبەر ئەمە پەیوەندی ئێران لەگەڵ هەریەک لە دەوڵەتەکانی ئاسیای ناوەڕاست لە ئاستێکی جیاوازدا دەمێنێتەوە.

• پەیوەندییە ئابوورییەکانی ئێران زۆرترینی لەگەڵ ناوچەی ئاسیای ناوەڕاستە، کە دێننە سەر دەوڵەتەکانیش زیاتر مەبەست وڵاتی کازاخستانە. لە ڕووی کولتوورییەوە لە ناوچەی ئاسیای ناوەڕاست تاجیکستان نزیکترین هاوبەش و هاوپەیمانی ئێرانە. کاتێک سەیر دەکەین دەبینین  پەیوەندییەکانی ئێران لەگەڵ تورکمانستان لە ئاستی هاوسەنگدایە، بەڵام تاران پەیوەندییەکانی لەگەڵ قیرقیزستان خەریکە تازە بەرەو بارودۆخی باش دەڕوات، لەگەڵ ئۆزبەکستانیش پەیوەندییەکانی بە قۆناغی هەڵکشان تێپەڕ دەبێت.


• ئێران ئامانجییەتی زیاتر پەیوەندییەکانی لە بوارەکانی ئاسایش و ئابوورییەوە لە ناوچەکەدا پەرە پێبدات، لەم چوارچێوەیەشدا جەخت لەسەر دوو خاڵی گرنگ دەکاتەوە ئەوانیش؛ ترس و نیگەرانییە ئەمنییەکان و هەڵگرتنی گۆشەگیرییەکانی کە بەسەریدا سەپێنراون.

• بۆ بەرگرتن لە بڵاوبوونەوەی سیاسەتی شیعەگەرێتی ئێران لە ناوچەکە چەند بژاردە و ڕێگەیەک گفتوگۆیان لەبارەوە بکرێت، لەوانە: یەکەمیان؛ حکومەتە دەسەڵاتخوازەکان کە ماف و ئازادییە ئایینییەکانی خەڵک سنووردار دەکەن، بژاردەی دووەم؛ بۆ ڕێگەگرتن لە هەناردەکردنی سیاسەتی شیعەگەرێتی ئێران، پێویستە دەوڵەتەکانی ئاسیای ناوەڕاست ستراتیژییەتی بەرگریکردن لە پێش بگرن. ستراتیژییەتی بەرگریکردن بەو واتایەی لە دەوڵەتەکانی ئاسیای ناوەڕاستدا شوناسی ئایینی خۆیان لە بەرامبەر ئێران بەهێز بکەن.

چەمکناسی

ئێرانناسی

# وزەی ناوەکی



هەورامان فەریق

## وزەی ناوەکی و ڕێککەوتننامەی بەرجام

وزەی ناوەکی کۆماری ئیسلامیی ئێران زیاتر بە ڕێککەوتننامەی بەرجامدا دەناسرێتەوە. پلانی گشتگیری هاوبەشی کردەیی کە بە فارسی پێ دەگوترێت برنامەی جامع اقدام مشترك (برجام) یان ڕێککەوتنی وزەی ناوەکی، ڕێککەوتنێکی نێودەوڵەتی بوو کە لە نێوان وڵاتانی گروپی ٥+١ (ئەمریکا، ڕووسیا، چین، فەڕەنسا، بەریتانیا و ئەڵمانیا) و ئێران لە ڕێککەوتی ٢٠١٥/٧/١٤ و لە شاری ڤییەننای نەمسا ئەنجام کرا. ڕێککەوتنەکە لەسەر بنەمای بڕیاری ٢٢٣١ی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتووەکان دەنگی لەسەر درا. ئەم دانووستانانە بە یەکێك لە دوورودرێژترین دانووستانە نێودەوڵەتییەکان هەژمار دەکرێت کە لە ساڵی ٢٠١٣ دەستیان پێکرد و تا ٢٠١٥ درێژەی کێشا.

بـە گوێـرەی دەقـی ڕێککەوتنەکـە کـە وەزارەتـی دەرەوەی کۆمـاری ئیسلامـی ئێـران لـە دووتوێـی ١٢٣ لاپـەڕەدا بـە زمانـی فارسـی بڵاوی کردووەتـەوە. ئێـران گەرەنتـی دەدا کـە پرۆگرامـە ناوەکییەکـەی ئاشـتیخوازانەیە. لایەنەکانـی بەرامبـەر چاوەڕوانـی ئـەوەن کـە جێبەجێکردنـی ئـەم پرۆگرامـە بـە ئاڕاسـتەی ئەرێنـی ئاشـتی و ئاسایشـی ناوچەیـی و نێودەوڵەتـی هەنـگاو دەنێـت و ئێـران جەخـت دەکاتـەوە کـە لـە ژێـر هیـچ دۆخێکـدا بـە دوا گـەڕان، پەرەپێـدان یـان بەدەسـتهێنانی چەکـە ناوەکییەکانەوە نابێـت

## کورتەیەك سەبارەت بە دۆسیەی وزەی ناوەکیی ئێران

گرنگـە سـەرەتا بزانیـن، بەهـۆی ململانـێ و ناکۆکـی لـە مێژینـەوەی وڵاتانـی ڕۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت و مەترسـی بڵاوبوونـەوەی چەکـی کۆکـوژ، پێـش بەرجـام، ڕێککەوتنێکـی دیکـە بەنـاوی زۆن لـە ئارادابـووە. ئـەو ڕێککەوتنە نـاوی زۆن (Zone) یـان ناوچـە بـوو؛ کـە بریتـی بـوو لـە ڕێککەوتنێـك لـە ژێـر نـاوی «ڕۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت، ناوچەیـەك خاڵـی لـە چەکە کۆکـوژەکان). بیرۆکـەی دامەزراندنـی ئـەم زۆنـە دەگەڕێتـەوە بـۆ سـاڵی ١٩٧٤ و گرووپـی ئاسایشـی ناوچەیـی و کۆنترۆڵـی چـەك (ACRS) لـە دەیـەی ٩٠ی زایینـی و هەنـگاوە نافەرمییەکانـی جنیـڤ لـە دەیـەی ٢٠١٠ (1). بـەڵام ئـەو ڕێککەوتنـە شکسـتی هێنـا و مایـەوە بەرجـام کـە ئامانـج لێـی بریتـی بـوو لـە کەمکردنـەوەی توانـای ئێـران لـە دروسـتکردنی چەکـی ناوەکـی و درێژکردنـەوەی کاتـی خۆدەربازکـردن - واتـە ئـەو کاتـەی کـە ئێـران پێویسـتییەتی بـۆ کۆکردنـەوەی مـادەی لەتکردنـی پێویسـت بـۆ چەکـی ناوەکـی ـ بـۆ سـاڵێك لـە بـری کەمکردنـەوەی گەمـارۆکان و هاوکاریـی ئاشـتیخوازانەی نێودەوڵەتـی ناوەکیـی لەگـەڵ ئێرانـدا. بـەڵام ئامانجـی زۆن (ناوچـە) ڕزگاربوونـی تەواوەتـی ڕۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت بـوو لـە چەکـی کۆکـژ کـە ٢٢ دەوڵەتـی دەگرتـەوە بـە ئیسرائیلیشـەوە

سـەرەتای نیگەرانییەکانـی وڵاتانـی ڕۆژئـاوا لـە پرۆگرامـی ناوەکیـی ئێـران دەگەڕێتـەوە بـۆ سـاڵی ٢٠٠٣. ڕێگاچارەیـەك لەسـەر بنەمـای دانووسـتان لـە لایـەن فەڕەنسـا، ئەڵمانیـا، بەریتانیـا لەگـەڵ نوێنـەری بـاڵای کاروبـاری نێودەوڵەتـی و سیاسـەترێژیی ئاسایشـی یەکێتـی ئەوروپـا پێشـنیاز کـرا. پرۆسـەکانی بەرجـام و

زۆن شانبەشانی یەکتر لە ماوەی کۆنفرانسی پێداچوونەوەی ڕێککەوتننامەی بڵاونەبوونە (٢٠١٠) بەرەو پێشەوە دەبران. دواجار لە دوای دوانزە ساڵ لە مانگی حەوتدا وڵاتانی چین، فەرەنسا، ئەڵمانیا، کۆنفدراسۆنی ڕووسیا، ئەمریکا و بەریتانیا (E3/EU+3) لەگەڵ ئێراندا لەسەر بەرجام ڕێککەوتن[٢]. بەڵام هەر ئەو ساڵە کۆنفرانسی پێداچوونەوە لەسەر پرسی (ناوچە) شکستی هێنا.

لە ڕووی مێژووییەوە یەکەم پرۆگرامی ناوەکیی ئێران لە ساڵی 1957 بە پشتیوانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ژێر ناوی (ناوەکی بۆ ئاشتی) دامەزرا[٣]. بە ڕوودانی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٩ کە لەگەڵ خۆیدا پەیامی دژە ڕۆژئاوایی هەڵگرتبوو، مشتومڕی پرسی وزەی ناوەکیش دەستی پێکرد. لە سەردەمی کابینەی موحەمەدی خاتەمیدا (٢٠٠٥-١٩٩٧)، ڕوانینی چاکسازیخوازەکان بە ئاڕاستەی گفتوگۆ بوو لەگەڵ ڕۆژئاوا. دەوڵەتی خاتەمی لە ساڵی ٢٠٠٣ لە ژێر ڕێککەوتننامەی پارسیدا و بەئامانجی کەمکردنەوەی بەریەککەوتنەکان و گەرەنتی بەرژەوەندییە ئابوورییەکان، پیتاندنی یۆرانیۆمی هەڵپەسارد. لە بەرامبەردا، باڵە بناژووخوازەکان بەتایبەت ئەنجومەنی پاسەوانی و پیاوانی ئایینی دژی وەستانەوە. بۆیە هەرجۆرە گفتوگۆیەك بەتایبەت بەرجام جگە لە لایەنە تەکنیکییە ورد و زانستی و هەستیارییەکەی، لەڕووی سیاسییەوە بەردەوام یەکێك لە خاڵە جێی ناکۆکەکانی نێوان بناژووخوازەکان و چاکسازیخوازەکانی ئێران بووە و بناژووخوازەکان تا ئەم چرکەساتەی دوای جەنگی ١٢ ڕۆژە لەگەڵ ئیسرائیل بەتوندی دژی ئەم ڕێککەوتنە وەستاونەتەوە و هەرچی سەرکزی و شکستی کۆماری ئیسلامییە دەدەنە پاڵ ئەو ڕێککەوتنە و لایەنگرەکانی.

لە لایەکیترەوە، خۆبەدوورگرتنی ئەمریکا لە بەفەرمیناساندنی مافی پیتاندن لە ژێر ڕێککەوتننامەی ڕێگریکردنی پەرەسەندنی چەکە ناوەکییەکان (NPT)، گفتوگۆکانی پەك خست و پەرچەکرداری زیاتری بناژووخوازەکانی بەدوادا هات. ئەم ڕووداوانە ڕیگەیان بۆ سەرۆکایەتی مەحمود ئەحمەدی نەژاد (٢٠١٣-٢٠٠٥)، واڵا کرد کە بە سیاسەتێکی توند دەناسرێتەوە. ناوبراو دەستی بە پیتاندنی یۆرانیۆم کردەوە و پێشنیازەکانی ڕۆژئاوای ڕەتکردەوە و دەستی

بـە کێشـانی هوتافـی هێرشـبەرانە و دژە ئیسرائیلـی کـرد. ڕێبازەکـەی ئـەو لەگـەڵ بـاوەڕ و گوتـاری بناژووخوازەکانـی بەتایبـەت سـوپای پازدارانـدا یەکـی دەگرتـەوە و سـەربەخۆیی ناوەکـی وەك هـێمای بەرگـری خسـتە ئەولەوییەتـەوە. تـا سـاڵی ٢٠١٣، گەمـارۆکان ئێرانیـان لـە پەلوپـۆ خسـت. گەمارۆکانـی نەتـەوە یەکگرتـووەکان، ئەمریـکا و ئەوروپـا هەنـاردەی نەوتـی ئێرانیـان بـۆ نیـوە کـەم کـردەوە، ١٠٠ ملیـار دۆلاری ئێـران دەسـتی بەسـەردا گیـرا و هەڵاوسـانی سـەدا ٦٠ و دابەزینـی سـەدا ٤٠ بەهـای تمـەن. ئـەم ڕووداوانـە بوونـە هـۆی هەڵبژاردنـی حەسـەنی ڕۆحانـی وەك سـەرۆك کۆمـاری چاکسـازیخواز. گفتوگـۆکان لـە ژێـر کاریگـەری حەزەرەکانـی ڕێبـەری ئێرانـدا دەسـتی پێکـرد. دانووسـتانەکان بەرجامـی لێکەوتـەوە. لـە مانگـی دووی سـاڵی ٢٠١٦ گەمارۆکانـی سـەر ئێـران لابـران. بـەڵام ئاسـتەنگە نێوخۆیـی و دەرەکییەکانـی ئێـران سـەبارەت بـە وزەی ناوەکـی ئێـران کـەم نەبـوون. ئاژانسـی وزەی ئەتـۆم ناوبەنـاو ئێرانـی بـە پابەندنەبـوون بـە بڕگەکانـی ڕێککەوتـن تۆمەتبـار دەکـرد. هوتـاف و هەڕەشـەکان و گۆڕانـکاری و ئاڵۆزییەکانیـش ناوچەکـەش بێکاریگـەر نەبـوون. بەتایبـەت کێشـە و ململانێکانـی ئێـران لەگـەڵ ئیسرائیـل

بـە لای ئەمریکییـەکان و بەتایبـەت ترەمپـەوە، بەدەسـتهێنانی چەکـی ناوەکـی لـە لایـەن ئێرانـەوە هێڵـی سـوورە و یەکێکـە لـە هەسـتیارترین و گرنگتریـن پرسـەکانی جێـی مشـتومڕی کۆماریخـواز و دیموکراتـەکان بەتایبـەت لـە کاتـی بانگەشـەکانی هەڵبژاردنـدا. ترەمـپ بەرجـام بە یەکێـك لە خراپتریـن و بێواتاتریـن ڕێککەوتنەکانی دەزانێـت کـە بەسـەر ئەمریـکادا تێپەڕیـوە و بۆیـە لـە نزیکتریـن کاتـدا لێـی هاتـە دەرەوە. لـە بەرامبـەردا دیموکراتـەکان بـە ڕێککەوتنێکـی کاریگەریـان بـۆ سـەر سـەقامگیری ناوچەکـە و جیهـان لێـك داوەتـەوە و هـەر لـەم هەفتەیـەدا بـوو کـە جـۆن کێـری ئامـاژەی بـەوە کـرد کـە چوونـەدەرەوەی ئەمریـکا لـە ڕێککەوتنـی بەرجـام هـۆکاری سـەرەکی ئـەو جەنگـەی نێـوان ئیسرائیـل و ئێرانـە[٤]

سـاڵی ٢٠١٨ دۆناڵـد ترەمـپ لـە ڕێککەوتنەکـە هاتـە دەرەوە و بەرجـام شکسـتی هێنـا. شکسـتەکە واتایەکـی زۆری هەبـوو. یەکێـك لـە واتاکانـی، نائومێدبوونـی ئـەو کەسـانە بـوو کـە باوەڕیـان وابـوو پابەندبوونـی بـاراك ئۆبامـا بـە دیپلۆماسـی

و زاڵبوونی حەسەن ڕۆحانی بەسەر توندڕەوەکاندا، یەکەم هەنگاو بوو بە ئاڕاستەی ئاشتییەکی پایەداری نێوان ئێران و ئەمریکا. کە تەنانەت ترەمپ لە خولی یەکەمی سەرۆکایەتییەکەیدا نەیتوانی بەری پێ بگرێت. دوای ڕۆحانی، ئیبراهیم ڕەئیسی دەستی بە درێژەدان بە سیاسەتی بناژووخوازەکان کردەوە و دۆخەکە خراپتر لە جارانی لێهاتەوە. بە مردنی ڕەئیسی، مەسعود پزشکیان سەرۆك کۆماری نوێ ملی بە دانووستانی نوێ دایەوە، چونکە چاکسازیخوازەکان پشتیوانی لە زیندوکردنەوەی دانووستانەکان دەکەن. هەڵبەت بناژووخوازەکان بە هیچ جۆرێك لە هەڵوێستی خۆیان پاشەکشێیان نەکردووە و گفتوگۆ لەسەر توانا بەرگرییەکانی وڵات بەلایانەوە هێڵی سووره[٥]. دوابەدوای جەنگەکە هەم سەرۆکایەتی کۆماری ئێران و هەم ئەنجومەنی شورای ئیسلامی بڕیاری ڕاگرتنی هەرجۆرە پەیوەندی و هاوکارییەکی ئێرانیان لەگەڵ ئاژانسی وزەی ناوەکی دا

**هەڵوێستی بناژووخوازەکان سەبارەت بە گفتوگۆ لەسەر وزەی ناوەکی**

سەرانی شۆڕش بە دروشمی (نە ڕۆژهەڵات، نە ڕۆژئاوا، کۆماری ئیسلامی)، لە دوای چوار دەیە لە گرتنەدەستی دەسەڵات، نەیانتوانی خۆیان سەبارەت بە پەیوەندییەکانیان و مامەڵەیان لەگەڵ ڕۆژئاوا یەکلایی بکەنەوە. بناژووخوازەکان و بەتایبەت ڕێبەری باڵا هیچکات متمانەی تەواوەتیان بە ئەمریکا و ڕۆژئاوا نەبووە و هەمیشە بەچاوی گومانەوە سەیری هەرجۆرە ڕێککەوتنێکیان کردووە لەگەڵ ئەمریکادا و دانووستانیان لەگەڵیدا بە هێڵی سوور زانیوە. بۆیە (جگە لەم دانووستانانەی چەند مانگی ڕابردوو)، هەمیشە دانووستانەکان ناڕاستەوخۆ و لە ڕێگەی نوێنەرایەتی بەرژەوەندییەکانی ئێران و ئەمریکاوە لە وڵاتی سێیەم ئەنجام دراون. ئەوە جگە لە لایەنێکی دیکەی پشتی پەردەی ڕێککەوتنەکان کە ئیسرائیلە و ئێران تەنیا وەکو قەوارەیەکی ناشەرعی دەیناسێت و ئامادە نەبووە دان بە هەبوونیدا بنێت و لەگەڵیدا دابنیشێت

بەم هەموو تەمومژەوە، ئاسۆی ڕێککەوتنەکەش لێڵ و ناڕوون بووە. تەنانەت ئەوکاتەی کە کابینەی حەسەنی ڕۆحانی سەرپەرشتی دانووستانەکان دەکەن و پرۆسەکە دەگەیەننە ئەنجام، ڕێبەری باڵای کۆماری ئیسلامی لە نامەیەکدا،

ســەرۆك كۆمــار لــە مەترســییەكانی ئــەم ڕێككەوتنــە ئــاگادار دەكاتــەوە. لــە دەقــی نامەكــەدا كــە ناونیشــانەكەی بریتییــە لــە (دانپێدانانــی مەرجــدار) و هەشــت خاڵی تێدا خراوەتــەڕوو، چەنــدە سوپاســی لیژنەكانــی دانووســتانەكانی بەرجــام دەكات، هێنــدە سوپاســی ڕەخنەگرەكانــی. ئــەو، جەخــت لەســەر دوژمنایەتــی بەردەوامــی ئەمریــكا و نیازخراپییەكــەی دەكاتــەوە و هــاوكات مێــژووی پــڕ لــە دووبەرەكینانــەوە و پشــتیوانی ئــەو وڵاتــە لــە دیكتاتۆرەكانــی ســەردەم و ڕژیمــی تاوانبــاری زایۆنــی بەبیــر دەهێنێتەوە. ناوبــراو هەروەهــا ڕەفتــاری ئەمریــكا لــە دانووســتانەكاندا بــە درێژەپێــدەری زنجیــرەی فێڵبازانــە و دوژمنكارانــەی ئــەو وڵاتــە دژ بــە ئێــران پێناســە دەكات.



هەروەهــا ئامــاژە بــە وریایــی ئێرانییــەكان دەكات لــە پاراســتنی بەرژەوەندییەكان و جێبەجێكردنــی داواكارییەكانــی ئێــران و جەخــت لەســەر لایەنــە تەكنییەكانییەكانی وەك پیتاندنــی یۆرانیــۆم و هەڵگرتنــی ســزاكان و گەمــارۆكان دەكاتــەوە. ناوبــراون، دان بــە دوو لایەنــی دەقــی دانووســتانەكاندا دەنێــت. یەكێكیــان ناڕوونییــە لــە خاڵەكانــی ڕێككەوتــن كــە لــە خاڵــە تەمومژاوییەكانــدا، ڕاڤــەی لایەنــی بەرامبــەر ڕێگەپێــدراو نییــە و هەمــوو ئــەم ئاڵــۆزی و تەمومژانــە لــە دەقــی بەرجــام، گومانــی بــەردەوام لــە بێبەڵێنــی، لادان و فێڵبــازی لایەنەكانــی بەرامبــەر بەتایبــەت ئەمریــكا، وەهــا دەخوازێــت كــە لیژنەیەكــی بەهێــز، بەئــاگاو و زیــرەك، بــۆ بەدواداچوونــی پێشــكەوتی كارەكان و بەڵێنەكانــی لایەنــی بەرامبــەر و بەرجەســتەبوونی خاڵەكانــی ڕێككەوتــن، پێــك بهێنرێــت(٦).

## خاڵە گرنگەکانی ڕێککەوتننامەی بەرجام

ئەوەی لە دانووستانەکان بەرهەم هات ڕێککەوتنێکی دوور و درێژی ورد و پڕ لە تەمومژ بوو کە زیاتر لە ٥٠٠ خاڵی لەخۆ دەگرت. ڕێککەوتنەکە، بە دیباجە و دەروازەیەك دەست پێدەکات کە ١٦ خاڵە. بەشی دووەم، ورد و درشتی پرسی ناوەکی و سەنترفیوژەکان ڕوون دەکاتەوە. بەشی سێیەم، باسی بنکەی ئەراك و ئاوی قورسە. بەشی چوارەم، تایبەتە بە شەفافیەت و هەنگاوی متمانەساز. بەشی پێنجەم، لە ٣٣ لقی سەرەکی و خاڵی لاوەکیدا، جەخت لەسەر گەمارۆ و سزاکان دەکاتەوە کە بە گوێرەی بڕیارەکانی ئەنجومەنی ئاسایش لە ساڵانی ٢٠٠٦ تا ٢٠١٥ دەرکراون. بەشی کۆتایی بەرنامەی جێبەجێکاری بەرجام و ڕێکارەکانی چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان ڕوون دەکاتەوە. ئەمە جگە لە هاوپێچەکانی ڕێککەوتنەکە کە تیایاندا بۆ نمونە سەرجەم ئەو کەس و کۆمپانیایانەی کە دەبێت لە لیستی گەمارۆکاندا بهێنرێنە دەرەوە؛ لەگەڵ هەندێك بابەتی دیکەی وەك هاوکارییەکانی نێوانیان، کۆمسیۆنی هاوبەش و بەرنامەی جێبەجێکردن خراونەتەڕوو

پرسی بنەڕەتی گفتوگۆکان هەر لەسەرەتاوە پیتاندنی یۆرانیۆم، دەستڕاگەیشتنی تیمەکانی چاودێری ئاژانس، لابردنی گەمارۆکانی سەر ئێران بوون. بەڵام بەرزکردنەوەی تا لەسەدا ٢٠ و هەڵگرتنی ١٠٠٠٠ کیلۆ یۆرانیۆم بە ڕێژەی نزم، ڕۆژئاوای نیگەران کرد. بەرجام ئەو نیگەرانییانەی ڕەواندەوە کە ئێران بۆ بەدەستهێنانی ڕەوایەتی بەرنامە ناوەکییەکەی لە ژیر (NPT) دا پێ ڕازی بوو. ئێران هەڵگرتنی یۆرانیۆمی پیتێنراوی بۆ ٩٧٪ (بۆ ٣٠٠کیلۆ) دابەزاند وپیتاندنی بۆ ماوەی ١٥ ساڵ لە ٣,٦٧٪ سنووردار کرد کە بۆ راکتۆرە ناسەربازییەکانی بەکاربهێنرێت[٧]. هەروەها سەنترفیوژە کردارەکییەکانی لە نەتەنز تا ساڵی ٢٠٢٦ بۆ ٥٠٦٠ کەم کردووە کە نزیکەی ٢٠٠٠٠ کەم بوویەوە و توانای پیتاندن خاو دەکردەوە. هەر بە گوێرەی ڕێککەوتنەکە، ئاژانس دەستڕاگەیشتنێکی بێوێنەی بۆ بنکە ناوەکییەکانی وەك نەتەنز و فۆردۆ بۆ ڕەخسا، کامێرەکانی ئاژانیس جێگیر کران و پرۆتۆکۆلی هاوپێچی بۆ سەردانی لەپڕی تیمەکانی جێبەجێ کرد. ئێران هەروەها ڕاکتۆی ئەراکی بۆ ڕێگری لە بەرهەمهێنانی پلۆتۆنیۆم

دیـزان کـردەوە.

لـە بەرامبـەردا، ئـەوەی ئێـران بەدەسـتی هێنا، کەمکردنـی بەرچـاوی گەمارۆکانی نەتـەوە یەکگرتـووەکان، یەکیەتـی ئەوروپـا و ئەمریکا بـوو. ئێـران هەناردەکردنەوەی نەوتـی دەسـت پێکـردەوە و ٥٠ تـا ١٠٠ ملیـار دۆلاری پـارە بلۆککراوەکانـی ئـازاد کـران و بەسترایـەوە بـە سیسـتمە داراییـە جیهانییەکانـی وەك سـویفتەوە. لـە هەمـووی گرنـگتر، بەرجـام مافـی ئێرانـی بـۆ هەبوونـی بەرنامەیەکـی ناوەکیـی ناسـەربازیی لـە ژێـر NPT بـە فەرمـی ناسـاند کـە سـەرکەوتنێکی دیپلۆماسـی بـوو. هەروەهـا لـە مـاوەی سـەرۆکایەتی یەکەمی ترەمپـدا نەتوانـرا پشـتیوانی ئەنجومەنی ئاسایشـی ڕێکخـراوی نەتـەوە یەکگرتـووەکان بـۆ گەڕاندنـەوەی گەمـارۆکان لەسـەر بنەمـای «ڕێکارەکانـی ماشـە» بەدەسـت بهێنێـت و هەندێـك لـەو دەسـتکەوتانە بـۆ ئێـران بـە پارێـزراوی مانـەوە. هـەر ئـەوەی کـە ترەمـپ و لایەنگرانـی نەیانتوانـی ئـەو ڕێکارانـە چـالاك بکەنـەوە، خـۆی دەسـتکەوتێکی گەلێـك گرنـگ بـوو. ماشـە کـە لـە دەقـی ڕێککەوتنەکـەدا بـە «ڕێکارەکانـی چارەسـەری ناکۆکـی» هاتـووە، ئامرازێکـە کـە ڕێگـە بـە وڵاتانـی ئەندامـی ڕێککەوتنەکـە دەدات کـە لـە حاڵەتـی سـەرپێچی پابەندییەکانـی ئێرانـەوە، ڕێـڕەوی فەرمـی بـۆ گەڕاندنـەوەی گەمـارۆ نێودەوڵەتییـەکان دەسـت پێبکەنـەوە. ڕێـڕەوە لـە بڕگەکانـی ٣٦ و ٣٧ بەرجامـدا ڕوون کراوەتـەوە.[٨]

## ئەنجامی بەرجام

ئاڵۆزبوونـی دۆخەکـە و تێکچوونـی پەیوەندییەکانـی ئێـران و ڕۆژئـاوا لـە لایـەك و ئێـران و ئاژانـس لـە لایەکـیترەوە بـۆ پێـش سـەرۆکایەتی پزشـکیان دەگەڕێتـەوە. کێشـەکان لەوکاتـەوە زیاتـر بـوون کـە ئاژانسـی وزەی ئەتـۆم لـە سـاڵی ٢٠١٩ بـە دواوە گومانـی خستەسـەر پابەندییەکانـی ئێـران بـە بەڵێنەکانـی و سـەرهەڵدانی پرسـی موشـەکە بالیسـتییەکانی ئێـران و جەختکردنـەوەی ترەمـپ لەسـەر دانووسـتانی نـوێ. ئاژانسـی نێودەوڵەتـی وزەی ناوەکـی بـە بەردەوامـی ڕاپۆرتەکانـی خـۆی سـەبارەت بـە پیتاندنـی زیاتـری یۆرانیـۆم[٩]، ڕێگریـی

ئێـران لـە دەستڕاگەیشـتنی تیمەکانـی ئاژانـس[١٠]، نەبوونـی چاودێـری ئاژانـس بەسـەر چالاکییـە ناوەکییەکانـی ئێـران، لێکردنـەوەی کامێراکانـی چاودێـری[١١]، بەرزکردنـەوەی ئاسـتی پیتانـدن[١٢] و کۆگاکردنـی یۆرانیـۆم بـۆ ٨ هێنـدەی ئاسـتی ڕێککەوتـن[١٣] لەسـەرکراوی بڵاو دەکـردەوە و ڕۆژئـاواش بـە نیگەرانییـەوە چاودێـری دۆخەکەیـان دەکـرد. تـا کار گەیشـتە ملدانـی ئێـران بـە دەسـتکردنەوە بـە دانووسـتانی نـوێ. دانووسـتانەکانی ئـەم دوواییـە هەنـگاوی باشـیان بـڕی. بـەڵام لـە کۆتـا قۆناغەکانیـدا، گومانـەکان بەسـەر متمانـەدا زاڵ بوویـەوە. تـا ئـەم چەنـد مانگـەی کۆتایـی و بەدیاریکـراوی لـە کۆتایـی مانگـی ئایـاردا کـە گرۆسـی بـە ئاشـکرا پابەندنەبوونـی ئێرانـی بـە خاڵەکانـی ڕێککەوتننامەکـە ڕاگەیانـد و ئیسرائیـل و هەندێـك لـە سـەرچاوەکانی وڵاتانـی ڕۆژئـاوا باسـیان لـە نزیکبوونـەوەی ئێـران دەکـرد لـە دروسـتکردنی بۆمبـی ناوەکـی[١٤] و بەمشـێوەیە ناکۆکییـەکان ئاگـری شـەڕیان خـۆش دەکـرد. ئێرانیـش ڕاپۆرتـی ئاژانسـی نێودەوڵەتـی وزەی ناوەکـی ڕەت کـردەوە کـە لـە ڕێککەوتـی ٢٠٢٥/٥/٣١ ڕایگەیانـد کـە ئێـران ڕێـژەی پیتاندنـی یۆرانیۆمـی بـەرز کردووەتـەوە[١٥].

لـە نێـو کۆبوونەکانـی ئەمجـارەدا، دۆناڵـد ترەمـپ ڕۆڵـی یەکلاکـەرەوەی دەبینـی. ئـەو بـە ئومێـدەوە سـەیری ڕێـڕەوی گفتوگۆکانـی دەکـرد. بـەڵام ڕووداوەکانـی جەنگـی غـەزە و هێرشـی ئیسرائیـل بـۆ سـەر پرۆکسـییەکانی ئێـران لـە ناوچەکـە کاریگەرییەکەییـان لەسـەر ڕێـڕەوی گفتوگـۆکان هەبـوو. ئەوەبـوو لـە دوای چاوپێکەوتنـی پێـش هێرشـی ئیسرائیلـدا بێهیوابوونـی خـۆی ئاشـکرا کـرد و زەنگـی سـەرەتای هەڵگیرسـانی جەنـگ لێـدرا. ئێسـتا کـە جەنگـی ١٢ ڕۆژە کۆتایـی هاتـووە، دیسـانەوە ڕۆژئـاوا و ترەمـپ داوای دەسـتپێکردنەوەی بێمەرجـی گفتوگـۆکان دەکەنـەوە و ئێرانییـەکان لەم سـاتەدا هـەم گفتوگـۆکان ڕەت دەکەنەوە، هـەم دەستڕاگەیشـتی چاودێرانـی ئاژانـس بـە پێگـە ناوەکییـەکان. وادیـارە «حکایت همچنـان باقـی اسـت!».

## پەراوێز

1.https://app.unidir.org/fa/timeline/2010s/rayznyhay-ghyrrsmy-2013-2014-dr-glywn-w-zhnw The United Nations Institute for Disarmament Research (UNIDIR) ، ڕێککەوتی دوا سەردان 28/6/2025

2 Chen Zak Kane and Farzan Sabet [eds] (2021) “From the Iran nuclear deal to a Middle East Zone? Lessons from the JCPOA for an ME WMDFZ”, UNIDIR, Geneva, Switzerland. https://doi.org/10.37559/WMDFZ/2021/JCPOA1 . P.2.

3 - Nuclear Power in Iran, World Nuclear Association, https://world-nuclear.org/information-library/country-profiles/countries-g-n/iran 1/7/2025 ڕێککەوتی دواسەردان

٤ - جان کری به ترامپ تاخت/ همه‌چیز از خروج ترامپ از برجام شروع شد، ایسنا، https://shorturl.at/pwDC٤ ، ڕێککەوتی دوا سەردان ٢٠٢٥/٧/١.

5 Iran’s Revolutionary Guards Draw Line Ahead of US Talks: Military Capabilities ‘Not Up for Negotiation’, Kurdistan24, https://www.kurdistan24.net/en/story/835112, ڕێککەوتی دواسەردان 1/7/2025

٦ نامه رهبر انقلاب به رئیس‌جمهور درباره الزامات اجرای برجام، دفتر حفظ و نشر آثار حضرت آیت‌الله‌العظمی سیدعلی خامنه‌ای (مدظله‌العالی) - مؤسسه پژوهشی فرهنگی انقلاب اسلامی، https://farsi.khamenei.ir/message-content?id=٣١١٦٨

7 ISIS Analysis of JCPOA (LEU Cap, Civil Nuclear Benefits, JCPOA Fundamental Goal), By Institute for Science and International Security, https://isis-online.org/isis-reports/isis-analysis-of-jcpoa 1/7/2025 ڕێککەوتی دواسەردان

٨ - رضا سپهری، مکانیسم ماشه چیست و اگر فعال شود چه سرنوشتی در انتظار ایران است؟، بی بی سی فارسی، https://www.bbc.com/persian/articles/cn٠qrn٨٠dv٧wo ڕێککەوتی دواسەردان ٢٠٢٥/٧/٦

9 Iran tells UN it will boost uranium enrichment capacity, DW, https://www.dw.com/en/iran-tells-un-it-will-boost-uranium-enrichment-capacity/a-44078775 1/7/2025 ڕێککەوتی دواسەردان

10 Iran cuts UN nuclear monitor›s access, DW, https://www.dw.com/en/nuclear-program-iran-cuts-un-watchdogs-access/a-56645358, 1/7/2025 ڕێککەوتی دواسەردان

11 Iran removes nuclear site monitoring cameras: UN, DW, https://www.dw.com/en/iran-removes-nuclear-site-monitoring-cameras-says-un-watchdog/a-62082574, ڕێککەوتی دواسەردان 1/7/2025

12 Iran ramps up uranium enrichment, DW, https://www.dw.com/en/iran-ramps-up-uranium-enrichment-in-latest-nuclear-breach/a-50336501 2/7/2025 ڕێککەوتی دوا سەردان

13 Iran stockpiled uranium at nearly 8 times the limit — UN, DW, https://www.dw.com/en/iran-stockpiled-enriched-uranium-at-nearly-8-times-the-limit-un/a-53701845, ڕێککەوتی دواسەردان 1/7/2025

14 How close is Iran to getting a nuclear bomb? Andreas Illmer, DW, https://www.dw.com/en/iran-nuclear-bomb-uranium-natanz-israel-attacks-donald-trump-iaea-v3/a-72918689, ڕێککەوتی دواسەردان 1/7/2025

15 IAEA warns Iran has upped enriched uranium production, DW, https://www.dw.com/en/iaea-warns-iran-has-upped-enriched-uranium-production/a-٧٢٧٤٤٥٠٤ ڕێککەوتی دواسەردان ٢٠٢٥/٧/١

CFS

Center for Future Studies

هەندێک لە بڵاوکراوەکانی

سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی

CFS

Center for Future Studies

# هەندێک لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی































CFS

Center for Future Studies

# هەندێک لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی



CFS

Center for Future Studies

# هـەندێک لە بڵاوکراوەکانی
# سەنتەری لێکـۆڵیـنـەوەی ئایندەیی



















CFS

Center for Future Studies

Center for Future Studies

گۆڤارێکە گرنگی بە توێژینەوەی ستراتیجی و ئایندەیی سەبارەت
بە ئێران دەدات، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی دەریدەکات



ژمارە (١٥) ساڵی چوارەم، تەمووزی ٢٠٢٥